# یادەوەری و هەڵسەنگاندن

شانۆ٠٠٠٠٠

# یادەوەری و هەڵسەنگاندن


نووسینی

**جەمال گردەسۆری**

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاْوکردنەوە**

● **یادەوەری و هەڵسەنگاندن**

● نووسینی: جەمال گردەسۆری

● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی

● بەرگ: هۆگر سدیق

● نرخ: (٥٠٠٠) دینار

● تیراژ: ٥٠٠ دانە

● چاپی: ٢٠٢٠

● چاپخانە: تاران

● لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (٨٩٦) لەساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (٨٧٧)

**ماڵپەڕ**: www.mukiryani.com

**ئیمەیل**: info@mukiryani.com

# پێرست


* پێشەکی ........................................................ ٩
* بۆرژوای خانەدان .................................................. ١٠
* شاعیرە شێتەکە .................................................. ١١
* چیرۆکی پیاوێکی ساکار ............................................ ١٣
* خوێندنەوەیەکی کورت لەبارەی یۆلیۆس سیزەر ........................ ١٥
* زەردەشت میوانی هەولێر بوو ........................................ ١٧
* هونەرمەند، پێشمەرگە، شەهید جەوهەر باپیر و نەوزاد مستەفا ............ ١٩
* میوانی ئەم ئێوارەیەی گەزیزە لەهەولێر بوو ............................ ٢١
* بەختی کوڕە دارکەنەکە چەپکێ پەند .................................. ٢٣
* پەیڤێکی وەفاداری لەیادی دوو هونەرمەندی شەهید دا .................. ٢٤
* لەچاوەڕوانی گۆدۆدا چەندین چاوەڕوانی کوردی خستە ڕوو ............... ٢٦
* بۆ یەکەمجار لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گروپی شانۆی سروشتی دوو شانۆی ......... ٢٨
* بەچاودێری بینەر شانۆگەری پەپوو، کێ بردی، کێ کوشتی .................... ٣٠
* پەناهەندەکان دەقێکی زیندوو بەنمایشێکی شیاو .......................... ٣٢
* هەولێر لەڕۆژی جیهانی شانۆی ئەمساڵدا ئاستێکی بەرزی نواند ................ ٣٤
* ئەو هونەمەندەی شوورەیی پۆلاینی ڕماند ................................ ٣٧
* کۆمیدیاییەکی کۆن ................................................ ٣٩
* ببورە هەڵەبووم ................................................... ٤١
* بەڵێ کورسی دانپێنان کۆمیدی بوو ؟! ................................. ٤٣
* ئیمپراتۆر ........................................................ ٤٥
* دواین ڕۆژەکانی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا ................................. ٤٧
* هاوارەکانی کەرکوک لەهەولێر ....................................... ٤٩
* کۆتایی گەمە لەیەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر ..................... ٥٠

* سیزیف و مەرگ و موژدەیەکی نوێ ........................... ٥٢
* کورسیەکان ........................................... ٥٤
* سڵاو لەگیانی بووکی شانۆی هەولێر ........................... ٥٦
* تەنیا یەك شەو ........................................ ٥٨
* بەهادین عەبدوڵڵا کۆچی دوایی کرد ........................... ٦٠
* تارمایی ژنێك .......................................... ٦٢
* پێنج نەتەوە لەچاوەڕوانی باران بوون ........................... ٦٤
* حوسێن میسریشماڵئاوایی کرد .............................. ٦٦
* تەلار هیرانی ڕاستگۆیانە دوا ................................ ٦٨
* شالێر هیوایەك بۆ بەرەو پێشچونی شانۆی کوردی ................... ٧٠
* وێستگەی چاوەڕوانی مەرگەساتی جەنگ بوو ....................... ٧٢
* دادگا ململانێ لەنێوان قەڵەم و دەسەڵات ........................ ٧٤
* شانۆی فێرکردنی منداڵان ................................. ٧٦
* جەوهەر باپیر شەهید، هونەرمەند، پێشمەرگە ...................... ٧٨
* منیش گریام ........................................... ٨٠
* خوێندنەوەی دوو کورتە فیلمی کوردی ........................... ٨١
* خوێندنەوەیەك بۆ قڕنیس .................................. ٨٣
* توند و تیژی دژ بەئافرەتان شەوی لەدایکبوونی نەختە خۆشی ............ ٨٥
* تاکەی چاوەڕوانی ........................................ ٨٧
* گرنگی نیشاندانی شانۆگەری و کورتە فیلمی کوردی لە کەناڵەکاندا .......... ٨٩
* ئەرێ بۆچی زنجیرە درامای تەلەفزیۆنیمان بەگوێرەی پێویست نییە ............ ٩١
* لەناوچە دابڕاوەکاندا هونەریش کەوتۆتە دوو بەرداش ..................... ٩٣
* بەڵێ بەیەکەوە جوانن ...................................... ٩٥
* وەسیەتێکی شیاو .......................................... ٩٧
* تێکستی شانۆیی ترێ و ڕێوی ................................. ٩٩
* خوێندنەوەی زانستی دەنگ و ئاخاوتن ............................ ١٠١
* عەلی فەندی ڕێزی لێنرا .................................... ١٠٣

* خەونە ترسناکەکانی یوسف بەئاستێکی باش نمایشکرا .................. ١٠٥
* تاریکستانی کارۆخ ئیبراهیم ...................................... ١٠٧
* لەیادی کۆڕەودا سلاو لەگیانی پاکی جەوهەر باپیرو نەوزاد مستەفا ......... ١٠٩
* ماڵئاوایی جیهاد دڵپاك ............................................ ١١١
* ڕەشۆ ماڵئاوایی کرد .............................................. ١١٢
* بۆچی خاوەن هونەرێکی کۆمیدی نین ................................. ١١٣
* قەل و ڕووتە دوو تێکستی شانۆیی .................................. ١١٤
* فیستیڤاڵی شانۆی مندالان ئومێدێك بۆ دواڕۆژی شانۆی کوردی ............ ١١٦
* هاوارێك بۆ ڕەخنەگرانی شانۆی کوردی ................................ ١١٨
* تەها خەلیل ماڵئاوایی کرد .......................................... ١٢٠
* هونەرمەندی کۆچکردوو خاتوو گەلاوێژ ناسراو بەدایکی تارا .............. ١٢٣
* بەیادی کۆچی دوایی حەسکۆ .......................................... ١٢٥
* سێوەکەی خۆم پەنجەدانان لەسەر گرفتە کۆمەلایەتیەکان ................. ١٢٧
* شا هەر شایە ئەوەی سەلماند بینەر هەیە ............................. ١٢٩
* دەرچوانی گەنج لەهۆڵی گەل بوون .................................... ١٣١
* خەپان و خرپن ..................................................... ١٣٣
* جەوهەر باپیر: من هەولێر جێ ناهێلم .................................. ١٣٦
* درامای دۆبلاژکراو ................................................. ١٣٧
* پەیڤێکی وەفاداری بۆ جەلال بەیار ..................................... ١٣٩
* شەلەو کوێر دەقێکی کۆمیدی گونجاو .................................... ١٤١
* شانۆگەرییەك بەزمانی ئینگلیزی ....................................... ١٤٣
* ئەوان گەمە بەهونەر ناکەن ........................................... ١٤٥
* ئیبراهیم تەنهایی بەخەمناکی سەری نایەوە .............................. ١٤٧
* دوورە پەرێزی ئافرەتی کورد لەشانۆ .................................... ١٤٩
* ئازارەکانی ئافرەتێك ئومێدێکی گەورەی پێبەخشین ........................ ١٥١
* کەرنەڤاڵی یادی ١٤ ساڵەی تیپی هونەری ڕۆژ و شانۆگەرییەك ............... ١٥٣
* ئەوانەی توونی بەباچوون دەقێکی خۆماڵی بەلام....! ....................... ١٥٥

* مخابن نەوزاد ڕەمەزان ماڵئاوایی کرد ........................ ١٥٧
* هونەرمەندان جەوهەر باپیر و نەوزاد مستەفا خاوەن ناسنامەو ........... ١٥٨
* دۆڕاوەکان لەشانەدەر ......................................... ١٥٩
* شەوێ لەوێ پڕ لەعیشق بوو ................................ ١٦١
* بەچاپکردنی دەقە شانۆیەکان .................................... ١٦٣
* سیڤی هونەرمەندان ........................................... ١٦٥
* فیلمی ئەمڕۆی دوبلاژکراوی کوردی ............................. ١٦٧
* دەنگی ئەکتەر .................................................. ١٦٩
* جل و بەرگی ئەکتەر ........................................... ١٧١
* ئەکتەر لەڕەنگ و ڕوودا ...................................... ١٧٣
* کۆمیدیا ....................................................... ١٧٥
* جولەی شانۆیی .................................................. ١٧٧
* بوون بەئەکتەر سانا نییە ..................................... ١٧٩
* دەقی شانۆی کوردی ........................................... ١٨١
* گرفتی ئافرەتی شانۆکاری کورد لەنێو کۆمەڵگەدا .................. ١٨٣
* دەقی شانۆی منداڵان ........................................... ١٨٥
* ئافرەتی کوردو شانۆ ........................................... ١٨٧
* ڕەخنەی شانۆیی ................................................ ١٨٩
* شانۆی منداڵان ................................................. ١٩١
* ڕامانێك لەمۆنۆدرامای کوردی ............................... ١٩٣
* لەیادی نۆ ساڵەی کۆچی دوایی بوکی شانۆی هەولێر ................ ١٩٥
* هونەرمەند جەوهەر باپیر....شەهید لەکۆڕەودا بەرگریی ................ ١٩٧
* هونەرمەندی گەورەی میللەتەکەمان حاجی مەکی ناسراو ................ ١٩٩
* بولبولی هونەرمەندیش بۆ دواجار لەشەقەی باڵیداو بەیەکجاری ماڵی....... ٢٠١
* لەهەولێر گەرمتر لەساڵان یادی ڕۆژی شانۆی جیهان کرایەوە .............. ٢٠٢
* هونەرمەند واحێد مەرجان تەمەنێك لەخزمەت هونەر .................... ٢٠٣
* عەبا دەڵێ دوور بن لە جەنگ .................................. ٢٠٥
* دەرچوانی گەنج لە هۆڵی گەل بوو ................................ ٢٠٧

## پێشەکی:

دەربڕینی هەر بۆ چوونێك دەربارەی بوارێـك گرنگیەکـەی خزمــەت گەیاندنــە، بــەو بــوارە چونکە بۆ چوونەکە دەکەوێتە نێو بێژینگەك و لەوێ لەبێژینگ بدەی ئەوە بێگومان ئامانجێکی مرۆڤایەتی دەگەیەنێ و کەواتە لاپەڕەیەکی مێژوویی بەشاناز بوون تۆمار دەکەی، ئەو کـارەی بەندەش لەوە بەدوور نییە، بەو بۆ چوونانەم دەبارەی ئەو چەند شانۆیەو یادەوری دەربارەی ئــەو هونەرمەندە کۆچ کردوانەو دواندنەم دەربارەی شانۆ هەمـوویم بەمرازی ئــەوەی لــەم ڕێگەیــەوە بتوانم خزمەتێك بگەیەنم بەو ئومێدەی ببێتە دڵگیری زۆرینەی خوێنــەران، ئەمــە بــۆ چــوونمەو لەگەڵ بۆ چوونی کەسانی دیکە جیاوازە، بەڵام زۆر بەگرنگی دەزانم ئەو بۆ چوونانەی دەربــارەی هەر بوارێك هەمبێت دەری ببڕم، ئەوەی لە ئێوەم دەوێ ئەو ڕاستیەم لێ وەرگرن، سەرچاوەکانی لەقوڵایی ناخم دەرچووەو ئومێدم تەنیا خزمەتێکە بۆ ئێوەی خۆشەویست و بەس، ئێوەش چۆنم لێ وەردەگرن و تاچەند لێم ڕازین ئەوەش بۆ چــوونی خۆتانــەو ئــازادن، بــەڵام تێمبگــەن ئێــوە هەردەم خۆشەویستمن، ئەوەی هەمە لە بۆچوون بەو بۆ چوونەی تا ڕادەیــەك خزمەتێکــە دەری دەبڕم و دەیخەمە بەرچاوی ئێوە، ئێوەش ئــازادن چــۆنی بــۆ دەچــن، بــەهیوای ژیــانی ئــازاد و سەربەستی و خۆشگوزەرانی بۆ کوردستان دەخوازم و بەزوویی بەسەرجەم مافە ڕەواکانی خۆمان بگەین و بەدوور بین لەمەرگەسات و ژێر دەستەیی و ژیانی نا ئاسوودە، بگەین بەوڵاتە ئازاد و سەربەخۆکان و پێشکەوتووەکان .

نووسەر

شەوی ١٦ ی نیسانی ٢٠١٥

# بۆر ژوای خانەدان

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر بەبەشداری کردنی بەشی زمانی فەرەنسی لەزانکۆی سەلاحەدین، کاتژمێر ٦ ی ئێوارەی ٢٠٠٦/٥/٢٥ شانۆی بـۆرژوای خانەدان لەنووسینی مـۆلێرو دەرهێنـانی د- کـەریم کامـار بەبەشـداری قوتابیـانی هـەردوو قۆناغی یەکەم و دووەمی بەشی فەرەنسی لەزانکۆی سـەلاحەدین کـەبریتی بـوون لـە کـەمال تۆفیق، پەروین محەمەد، سەفین محەمەد، ئالان عەبدوللا، زەکـەریا محەمـەد، فاتیمـە ئەحمـەد، هاجەر ئیبراهیم ، بەرۆژ شەوکەت، سولێمان حوسێن ئەم شـانۆگەرییەیان بـەزمانی فەرەنسـی لەهۆلی رۆشنبیری هەولێر نمایش کرا.

بەبینینی نمایشی شانۆیەکە خوێندنەوەیەك لەلام دروست بوو، ئەم شانۆیە هونەرییە تاچەند توانی سەرنجی بینەر ڕابکێشێت، ئایا ئەم جۆرە شانۆیانە تاچەند زەرورەتە بۆ بینـەر و بەشـدار بوو، بەتایبەتی قوتابی لەڕووی هونەرییەوە، جوولەی لەیەك چووی و دووبارەی زۆر بوو، پەلەیی گفتوگۆیەکان بۆ ترسی لەبیر چوونەوەی زۆرینەیان دەگەڕایەوە نەوەك لەبیریان بچێ لەمەوە دەر دەکەوێت ماوەی پرۆڤەکەیان کەم بووە، چونکە هێشتا ترس بەریانی نەدابوو لە سـەرکەوتوویی یا پێچەوانەی ئەمەش تا ڕادەیەك بۆ ئەکتەرەکان دەگەڕایەوە، چونکە بەڕاستی هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەم ناسکە و هێشتا لەقێربوونی زمانەکە قایم نەبوونەو هـەمیش بـۆ یەکـەم جـارە بێنە سەر تەختەی شانۆو شانۆیەکەش بەزمانی بێگانە نمایش بکرێت.

*لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٢١٦٤) یەك شەممە ٢٠٠٦/٦/٤ بلاۆم کردۆتەوە

## شاعیرە شێتەکە

لەڕوانگەی پشتیوانی کردنی شانۆی گەنجان بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، بەشی شانۆی گەنجان، کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/٤ شانۆی شاعیرە شێتەکە لەنووسینی جیمس دیت ، ئامادەکردنی شێرکۆ مەحمود سەعید، دەرهێنانی فریاد عەبدوللاّ، لەنواندنی چۆمان نەورۆڵی، نەرمین عەبدولکەریم، دڵدار حەمید، بوار دوکانی، عەبدولستار سەعدی، هێمن زراری، کارزان فەرحان، ئارام حوسێن، خەندە محەمەد، ڕێباس محەمەد، بنار کەمال، بڕیار کەمال، ئارام تەنیا، سابات بەشیر لەهۆڵی ڕۆشنبیری هەولێر نمایش کرا، دەرهێنەر دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر، کارەکەری بابەتی ئەم نووسینەیە، لەکاتێکدا کەدەستخۆشی لەم ئاوڕدانەوەی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر دەکەین، بەپێویستم زانی لەسەر بابەت و لایەنی هونەری نمایشەکە هەڵوێستەیەك بکەم٠

شانۆگەریەکە سەبارەت بەکاردانەوەی جەنگ لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەر کۆمەڵگایەك دەدوا کەچۆن بەدڕەوشتی دەرئەنجامی کارەساتی جەنگە، هەروەها پرسی چینایەتیشی لەخۆ دەگرت، ڕەنگە بابەتێکی لەم جۆرە هەڵبژاردنێکی خراپ نەبێت، لەکۆمەڵگایەکی شەڕ و شۆڕ بەلاّم قسە لەسەر لایەنی هونەرییەکە سادەیی و لاوازییەکی ئێجگار زۆری پێوە دیار بوو بەتایبەتی لەڕووی دەرهێنانەوە، لەبەر ئەوەش ئەم گلەییە دەکەم لەم سەردەمەی ئەمڕۆی ئازادی و هێندە پشتگیرییەی هونەرمەندانی ئەکادیمی و لاو دەبێ گۆڕانکارییەکی بەرچاوانە بخەنە دنیای هونەر بە هەموو بەشەکانیەوە، بەلاّم ئەوەی جەماوەر بەئومێدی بوون وانییە، شاعیرە شێتەکە دەقێکی بیانی درێژە لەڕووی ئامادەکردن کورتکردنەوەیەکی لەیەك بەستووی نەبوو، ئەویش بەتایبەت لەگفتوگۆی شاعیرە شێتەکە و کاترینا پێوەی دیار بوو، هەروەها شاعیرە شێتەکە لەجووڵە زۆر بەپەلەو خێراو دەرچوونی زێدەیی دەنگ بەرزی هەبوو، بەڕێوەبەر زۆر بەساردی تەمسیلی دەکرد،منداڵە بۆیاغ چییەکان

تەنیا ئەم پێڵاوەی بەدەستیان بوو بەس ،دەبوایە کەسێکی دیکە پێڵاوەکانی لەلایان بۆیە بکردایە یاخود لەبەر دەمیان هاتوو چۆیەك هەبایە، هەروەها چۆن یەکسەر پۆلیس هات و شاعیرە شێتەکەیان برد، کاترینا چۆن یەکسەر ئەم فیڵەی دیتەوەو سەری گرت، بەڵام لەڕووی دیکۆر شتێکی زۆر جوان بوو ، ئەم هۆکارانەش دەگەڕێنمەوە بۆ پەلەیی زوو نمایش کردن و چەند ڕۆژێکی پرۆڤەیی، ئەم ڕایانەشم بۆئەوەیە گۆڕان خێرایە و شانۆی کوردیش لەسەرەتای دروست بوونیەوە ئازادی نەبینیوە، ئەمڕۆ ئەرکی سەرشانی هونەرمەندانە بە تایبەت گەنج لەبەرەو هەڵکشانی بەرن، ولاتە پێشگەوتووەکانیش لەسەردەمی ژێردەستەیی چاو سوورکردنەوەیان بینیوەو ئەمڕۆش لەملمانێی یەکترن بۆ زێتر هەڵکشان، دەبا ئێمەش ئەو ڕێگایەی ئەوان بگرین.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٢١٦٨) پێنج شەممە ٢٠٠٦/٦/٨ بلاۆم کردۆتەوە٠

## چیرۆکی پیاوێکی ساکار

کاتژمێر ٨ ی ئێوارەی ڕۆژانی ١٥-٢٠٠٦/٦/١٦ بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، شانۆی چیرۆکی پیاوێکی ساکار لەنووسین و دەرهێنانی هونەرمەند د- راجی عەبدوڵلاّ، وەرگێڕانی ئەحمەد سالار، لەنواندنی هونەرمەندان ئەحمەد سالار, یوسف عوسمان, ئۆسکار ئیسماعیل, وەلید مەعروف, تروسك نزار بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان و هونەردۆستان لەهۆڵی ڕۆشنبیری لەهەولێرنمایش کرا. شانۆی چیرۆکی پیاوێکی ساکار دەقێکی واقیعی خۆماڵی بوو، لەگەڵ بارو دۆخی ئەمڕۆی میللەتەکەمان دەگونجا، بۆیە جەماوەر هەستی خۆی بەتەواوی لەدنیایەکی ئاسوودەیی خستە ناو گفتوگۆو چاوەکانی لەگەڵ جوولەی ئەکتەر لەجوولە دابوو، پیاوێکی ساکار باسی لەئەشکەنجەو ئاوارەکانی مرۆڤێك دەکردو ئێمەشی ئاگادار دەکرد هۆشیار بین، چونکە ڕووداوەکە لەنێوجەرگەی ئێمە هێناویانە دایك بوون، بەتایبەت لەکۆمەڵگای کوردەواری ئێمە زۆر مرۆڤی ساکار هەن خاوەنی ئەم چیرۆکەن لەژیانی پڕ لەئازارو ئەشکەنجە ژیاوە بە هۆکاری ئەو کۆسپانەی بەناچاری هاتونەتە بەردەم ڕێگەی سەدان مرۆڤ، چیرۆکی ئەم مرۆڤە ساکارە نموونەیەکە لەسەر تەختەی شانۆ بەجەماوەر ڕادەگەیەنێت، ئەم مرۆڤە دەروازەکانی ژیانی بەروویدادادەخرێت، بەلاّم لەئەنجام مرۆڤەکە بەرامبەر بەم پاڵە پەستۆیە بەجورئەت دەبێت و دانامێنێت و ورە بەرنادات، بەڵکو بەرامبەری دەوەستیّ و بەرگری دەکات لەدژی کردەوەکە تا بەسەریدا زاڵ دەبێت، ئەوەی ڕاستی بێت، دەقێکی گونجاو بوو بەلاّم هۆکاری گونجاو کردن و بەتام و چێژی دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕەکەی کەتوانیبووی بەزمانێکی پاك و پاراو گۆڕینی بۆ شێوە پەخشانێك بەوشە ناسکەکانی،

ئەکتەرەکانیش سەرکەوتووی خۆیان سەلماند کە لەشانۆیەکی نزیکەی دوو کاتژمێری بەبێ دەرکەوتنی هیلاکی هەر لەئاخاوتنی یەکەم تا دوا ئاخاوتنی بەچوار ئەکتەر ئەمەش نیشانەیەکە کەداهێنانیان دەرخست، ئەوەشیان بۆ جەماوەر ڕوونکردەوە دەقی باش لەنواندنی هونەرمەندی بەئەزموون و ئەکادیمی لەنێو شانۆی کوردی بەرە و هەڵکشانە جەماوەر دوورە پەرێز نییە لەشانۆی کوردی و شانۆش پاشەکشەی نەهێناوە، بە هیواین بۆ ئەم جۆرە هونەرمەندانە درێغی نەکرێ، ئەم کات گلەیی جەماوەریش نامێنێ٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٢١٨٥) ڕۆژی یەك شەممە ٢٠٠٦/٦/٢٥ بلاۆم کردۆتەوە

# خوێندنەوەیەکی کورت لەبارەی یۆلیۆس سیزەر

شانۆی یۆلیۆس سیزەر شاکارێکە لەشاکارەکانی تراژیدیای ولیەم شکسپیرو چەندەها ساڵە لە وڵاتی جیهانی پێشکەش دەکرێت و بەهاوگرنگی خۆی لەدەستداوە، بەردەوامی و گرنگی پێدان بەم دەقە مەزنی و نەمری بەرجەستە دەکەن، ئەم شاکارە رەنگدانەوەی فەلسەفە و بۆ چوونەکانی ڕۆژانی- ئەلیزابیس- ی و ڕووداوێکی مێژووی ئیمپراتۆریەکەی ڕۆما ئیلهام بەخشییەو بەرجەستە کردنی ئەم دوو ڕووداوەیە لەپانزەی مارسی ساڵی چلی پێش لەدایک بوونی حەزرەتی عیسا- یە، کاتێ لەسەر پلینەکانی کابیتۆڵ لەڕۆما یۆلیۆس سیزەر لەلایەن یاوەرە نزیکەکانییەوە کوژارو پرۆتس پاساوی کوشتنەکە بەخزمەتی بەرژەوەندی گەل و نیشتمان دەهێنێتەوە، ئەم شاکارە درامییە گرنگە لەم وەرزو ڕۆژەداو لەهەولێری پایتەخت بنوێنرێ وەك لەڕۆژانی ٣-٢٠٠٥/٧/٤ یۆلیۆس قەیسەری شکسپیر بووە میوانی چەندین ئەکتەری دیارو لێهاتوو کەسایەتییەکانیان بەرجەستە کردو هونەرمەند هیوا سوعاد بەرتمێکی جوان و سەلیقەیەکی هونەری وەك دەرهێنەرێکی خودان ڕوئیا نمایشێکی جوان و هونەریان لەهۆڵی ڕۆشنبیری شاری هەولێر پێشکەش کرد.

ئاشکرایە خستنە سەر تەختی شانۆ کارەکانی شکسپیر کارێکی سانا نییەو پێویستی بەبەهرەو ماندوو بوون و جورئەت هەیە، هونەرمەند دووەم جارە دووپاتی جورئەت و بەهرەکەی دەکاتەوە و شاکارە مەزنەکانی نیشان دەدات، سەرەتا بە ئۆتیلۆ دەستی پێکرد، ئینجا یۆلیۆس قەیسەر، نمایشێکی بەم جۆرە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر کەپڕیەتی لەتراژیدیاو لەناو چوون کەچی بینەر هێشتا بەتاسەوە بەدوای ڕووداوەکان کەوتبوون و دوو کاتژمێر ورتەیەك لەهۆڵەکە نەهات و جەماوەر خەریکی چێژ وەرگرتن بوون و ئەمەش گەواهی ئەوەن کارەکە سەرکەوتوو بوو، هەستیان بەوە دەکرد ئەکتەرەکان گەورەن ئەم کەسایەتیە ئاڵۆزانە بەرجەستە دەکەن و دڵنیاش بوون لە پشتیانەوە دەرهێنەرێکی بەتوانا وەستاوەو سەرۆکایەتی نمایشەکە دەکات و ڕتمێکی جوانی بۆ داناون ئەویش دەرخستنی توانای خۆیەتی بۆ جەماوەر، ئەو زانسییەی بۆ ئێمە دەرخست و کردییە هەواڵێکی بەرچاوو مووژدە بەخش بۆ زێتر بەرەو پێش چوونی کاری هونەری و دەوڵەمەند کردنی شایی کوردی جگە لەمەش بۆ پاڵپشتی ڕاستی دەرهێنەر توانیویەتی لەهەردوو دەقی خۆماڵی شاکارە جیهانییەکانی وەك ئۆتیلۆ ویۆلیۆس سیزەر بیسەلمێنێ

سەرکەوتووەو ئاسبەرزی و هەگبەی پڕ لەبەخششەو هەر لەسەرەتای کاری هونەری لەهەشتایەکان بەرەو هەڵکشان دەڕواو ئومێدی گەورەی دیکەی لەپشتە و نەفس درێژەو وەك پڕۆڤەی یۆلیۆس سیزەر چەند مانگێگ خەریکی پرۆڤە بوو تاوەکو تەواو ئاسوودە بوو بەمەبەست نەوەك خوانە خواستە بە دڵی زۆرینەی هونەرمەندو جەماوەری هونەر دۆست نەبێت.

یۆلیۆس سیزەر ئەمڕۆ گونجاوە بۆ ئەوە پێویست دەکات جاروبار ئەو شاکارە جیهانییانە بنوێنرێ، یەکەم بۆ بەرز کردنەوەی چێژی هونەری لەلای بینەران و بەخشینی چێژە مەعریفەکە و پاشان دابڕانە بوون لەڕەوت و بزاڤی شانۆی گەلان و توانای پەروەردە کردن و مەشقی لەسەر کاری ئەو کارە گرنگانەی لەبالآییدا ئاماژەیان بۆ دەکرێ، پرسیارێ ڕاست دەبێتەوە ئایا تا چەند توانرا بەمەبەست بگات ؟

دەڵێم ئایا چەند بینینەوەی نوێ هاتە ئاراوە؟ بەر لەمانەی باسکرا هونەرمەند هیوا سوعاد توانیبووی جۆرە هارمۆنیەك بخولقێنێ و تارادەیەکیش ئەو کەلێنەی نەبوونی کەرەسە پێداویستییەکانی شانۆ وەك لایەنی تەکنیکی و تەکنۆلۆجی و...هتد، نابوویەوەو شانۆ ڕووتەڵە لەو لایەنەوە پڕبکاتەوە، گرنگترین شتی یەکانگیری و نزیکخستنەوەی تەواوکارەکان، واتە توخمە سەرەکیەکان و پێکهێنەرە گەوهەرینەکان، هەموو جۆرە تەمەن و توانا، بۆن و بەرامەی دڵسۆزی لێوە دەهات، ئەوەی وەڵامی سەرجەم پرسیارەکان دەداتەوە ئەوەی، مەبەستە شکسپیرییەکەی پێکا، یان نە؟ دوو بارە دەیان پرسمەوە ؟ ئایا ئەو دەمەی بینەران شانۆکەیان جێهێشت، زانیان ئەو نادادییە ڕاست کرایەوە هاوتایی بەگیانی پاڵەوانە تراژییدەکانی بەخشی ؟ هەر چۆن لەسەرەتاوە دەرووی بۆ کرایەوە بەهەمان شێوەش دەبوو دەرووی داخرێ، لەلایەکی دیکە گەر سەیری ڕووی هەر ئەکتەرێکی بەشدار بوو بکرایە خۆشحاڵییێکی بەرچاو لەڕوویان دەگەشایەوەو ئەوەیان دەسەلماند خۆشحاڵییێکی لەڕادەبەدەر بوون و ئەوەیان دەرخست سەرکەوتنیان لەدەقێکی وا گەورە بەدەست هێناوەو بەها بۆ دەرهێنەر دەگێڕێتەوە ئەوەش دڵنیا بوون لەئاست بەرزی بەخێرایی بەرەو هەڵکشان دەڕۆن و بۆ شانبەشانی هونەرمەندە بەرچاوە جیهانییەکان، بەتایبەت ئەمڕۆکە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردەم پاڵپشتی هونەری کوردییە لەڕووی مادی و مەعنەوی.

* لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٨٦٣) ڕۆژی شەممە ٢٠٠٥/٧/٢٣ بلاّوم کردۆتەوە

# زەردەشت میوانی هەولێر بوو

تیپی شانۆی سالار بەیارمەتی بەرێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/٤ شانۆی زەردەشت لەهۆڵی ڕۆشنبیری لەهەولێر نمایش کرا، بەرێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لەماوەی مانگێکدا پێنج شانۆگەری لەهەولێری پایتەخت و لەهۆڵەکەی خۆیداو لەهۆڵی ڕۆشنبیری نمایش کرد، دیارە ئەم نمایشانە هەوڵێکی زۆری بۆ درابوو تازەمینەی پێشکەش کردنیان بۆ مەیسەر بکرێت، بەتایبەتی لەکاتێکدا کەبایەخ دان بە هونەری شانۆ لەبەرامبەر بایەخ دان گرنگ وەرگرتنی کاری سینەما و درامای تەلەفزیۆنی هونەرەکانی دیکە لەپاشەکشێ دابووە بەبەڵگەی ئەوەی کە لەماوەی هەشت مانگدا لەهەولێری پایتەخت تەنها دە نمایشی شانۆیی پێشکەش کراوە، کەچی ئەگەر لەهەر پایتەختێکی وڵاتانی دەوروبەر تەماشاکەی لەتەنها مانگێکدا ئەوەندە نمایشە پێشکێش دەکرێت، بەڵام تەقەلاکانی ئەم بەرێوەبەرایەتیەو هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش لەکۆکردنەوەی ئەو وزەو توانابییەی کەهەیەو جۆشدانی بزاوتە شانۆییەکە کاریگەری پۆزەتیڤی خۆی بۆ گێڕانەوەی جەماوەری شانۆ دۆست و شانۆ کاران بۆ هەولەکانی شانۆ لەهەولێری پایتەختدا بەدیار خستووە، ئەوەتا لەدوای نمایشی یۆلیۆس سیزەرو نمایشی کوشتن و پاشان نمایشی میوانی ئەم ئێوارەیە لەمانگی ڕابردوودا بەسەرکەوتوانە پێشکەش کران، دواتریش شانۆگەرییە پڕ داهێنانەکەی هونەرمەند ئەحمەد سالار تاجە گوڵینەی ئەفراندنی خستە سەر ئەو هەوڵ و کۆششانەی بەرێوەبەرایەتی هونەری داویەتی بەپێشکەشکردنی گرەوی بەختی کوڕە دارکەنەکە کەبۆ یەکەمین جار دوای زیاد لەساڵێك هۆڵێکی گەورەی وەك هۆڵی ڕۆشنبیری هەولێر پڕ لەجەماوەری شانۆ بینرایەوە، تازەترین نمایشی ئەم بەرێوەبەرایەتیە شانۆی زەردەشت بوو پێشنیار دەکەم و زۆر بەپێویستی دەزانم گرنگی تەواو بدرێت بەناسینی ئەو مرۆڤە مەزنەو بخرێتە نێو میتۆدی وانەکانی قوتابخانەکان تاکو ئاشنا بین بەگەورەیی و مەزنی مرۆڤ بەسوود وەرگرتنی لەهەموو شتە پیرۆزە سروشتیەکانی ژیان و دووركەوتنەوە لەكارە دژوارە شەڕانگیزییە باوەکان و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی چەوسێنەر.

شانۆی زەردەشت لەنووسینی د- وەهبیە شـەوکەت و دەرهێنـانی هونەرمەنـد بەدیعـە دار تاش دەڵێم دەستخۆشی بۆ سەرجەم کارئەکتەرەکان و هونەرمەندی دیاری بەرچاو و بەئـەزموون بەدیعە دارتاش بۆ هەڵبژاردنی لەم جۆرە دەقانە بـۆ ئـەمڕۆ زەروورییـە چـونکە ئێمـەی کـورد لەدەقی خۆماڵی زیندوو ئێجگار دەوڵەمەندین لەبەر ئەوەی خاوەن مێژوویەکی کۆنین و هەزاران سارد و گەرمیمان چێشتووەو سەدان ناودارمان تیا هەڵکەوتووەو بەڵگەش ئەم سەدان داسـتانە مێژووییانە لەگێڕانەوەی هەقایەت بێژان و گۆڕین بۆ لاوك کەدەیان لاوك بێژی دەنگ خۆشمان بە دەنگەکانیان هاوار دەکەن و سەربردە پڕ بەهاییە لەئازایەتی و ئاقڵمەندیان بۆ ئێمە دەگێڕنەوە، کورد هەردەم بەگژ دوژمنان چووەو بەقوربانی گیانی بەرەنگاری ناحەزان و دوژمنەکانی بۆتەوە، شایەدمانیش مێژوومان دیاروو بەرچـاوە بـەملیۆن خـوێنی ڕشـتوەو بۆتـە شـەهیدی خـاك و کەرامەت و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە جگـە لـەوەی بەسـەدان ناودارمـان تیـا هەڵکـەوتووە سەربردەی ژیانی هەر یەکەی ڕۆمانێکی بێ کۆتاییە و دەیان دەقی درامـای شـانۆیی و فیلمـی سینەمایی تیایدا دروست دەبێ و هەریەکەمان شانازی پێوە بکەین، هەر ڕوو داوێك لە ڕووداوە تراژیدییەکان دەکرێت بەدەقی فیلمی سینەمایی و درامـایی و شـانۆیی هەریەکـەی خۆمـان و بیانییەکان بەبینین لەکاریگەری تـف و لەعنـەت لـەدوژمنانی کـورد دەکـات، ئەمانـە ئـەی هەمووی سەرچاوە نین، هونەرمەندی کورد دەست لەنێو دەست کاریان تیادا بکـات و نیشـانی دۆست و دوژمنانی بدات و پێیان بڵێ ئەمە مێژووی ئێمەیە ٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە (١٩٠٥) ڕۆژی شەممە ٢٠٠٥/٩/٣ بلاّوم کردۆتەوە

## هونەرمەند, پێشمەرگە ،شەهید جەوهەر باپیر و نەوزاد مستەفا

کە دەڵێن هونەر ئاوێنەی ژیانە، ئەی دەبێ هونەرمەند چی ژیان بێت؟ هونەرمەند ئەو مرۆڤەیە بەڕوح لەگەڵ گەلەکەی دەژی، هونەرمەند ڕێگا نیشاندەری گەلەو کەم و کورییەکانی نێو کۆمەڵگاو پشت و پەنای جەماوەرو هەردەم لایەنە باش و خراپەکانی جەماوەرو حکومەت دەخاتەوە بەرچاو، ئینجا کە هونەرمەند هونەرمەندێکی هەربوارێك بێت شانۆکار، شێوەکار، گۆرانیبێژو.....هتد.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ لێی بدوێم هەردوو هونەرمەندی شانۆکار جەوهەر باپیر و نەوزاد مستەفا کە لەرۆژێکی وەك ئەمرۆ بوونە ئەکتەرێکی سەرەکی لەهەولێری خۆشەویست بەدەور بینینی پاڵەوانی فلیمێکی واقیعی بەرامبەر بەدڕندەترین ڕژێم کەدەوری خۆیان بینی لەم دەورە سەرەکیانە جەنگان تاوەکو خوێنی خۆیان کردە قوربانی گەلەکەیان، گەرچی لێرەدا دەڵێم بە هیوام ئەم دوو هونەرمەندو شەهیدو پێشمەرگە لەڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، ئەمرۆش کەچۆن لەم سەردەمەدا ئەم هەموو ڕێزە لەهونەرمەندان دەگیرێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی ئەم دوو شەهیدە لەیاد نەکرێت، ڕێزگرتنی ئەمانەش دەگەرێتەوە بۆ ڕێزگرتنی خانەوادەیان، بەپاداشت و ناونانی هۆڵی هونەری بەم ناوانە و ڤیستیڤاڵ بە ناویان ، هەروەها کۆڕ و سیمینار لەڕۆژی شەهید بوونیان، لەبەر ئەوەی ئەم دوو هونەرمەندە بەجەرگە لەنزیکەوە دەمناسین بەهۆی ئەندام بوونمان لەتیپی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لقی هەولێر، هەروەها دراوسێ بووین لەگەڵ هونەرمەند جەوهەر باپیرو جگە لەمانەش هەرسێکمان پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووین، بەراستی هونەرمەند جەوهەر ئێجگار لێم نزیك بوو، ئەگەر چالاکیەکانی وەك پێشمەرگەیەك کەکردی بۆ کورد وەك بەشدار بوون لەرزگار کردنی زۆرینەی شارو شارۆچکەکان تاوەکو کەرکووکی دڵی کوردستان و کەلەنێو ئەو دڵە هونەرمەندم بینی و لێم پرسی ڕات دەربارەی ئەمرۆ چۆنە کە لەنێو کەرکووك دای ؟

بەخەندەیەکی خۆشەوە پێ گوتم:

کوڕی باش لەم شارە ژیاوم و بارزانیی نەمر ناوی ناوە دڵی کوردستان، یەکەم سوێند بەخوای گەورەو بەگۆڕی بارزانیی نەمرو بەم کەرکوکە کە بەهەزاران شەهید خوێنیان لەپێناو ڕزگار کردنی لەچنگ دوژمنانمان ڕژاوە، ئەمرۆ بەتایبەت ئێستا خۆشترین ڕۆژمە، ئینجا پێی

فەرمووم دەبا پیاسەیەك بكەین گەلێك قسەی دەربارەی ژیانی ئەو كاتی كەركووك و دڕندایەتی بەعسی بۆ گێڕامەوە، هەروەها گوتی:

گەر لەڕزگاری كەركووك شەهیدیش بم كەواتە نەمردووم هەردەم لەژیان ماوم،چونكە شەهید نامرێ.

لێرەدا دەڵێم بەداخەوە تاوەكو ئێستا نەمبینیوە كارێكی وابكرێت بۆ ئەم جووتە هونەرمەندە بە قەت دڵۆپێك لەخوێنە پیرۆزەكەیان بێت كەبۆ ئێمەیان ڕشت گەرچی دەبینین چەندین هۆڵ بە ناوی هونەرمەندانی دیكە دەكرێت، ڕێزو یادو سیمینار بۆ كەسانی دیكە ئەنجام دەدرێت، ناڵێم نەكرێت، بەلاَم لێرەدا لەبەرپرسانی هونەری دەپرسم ئایا ئەوانە لەشەهید پیرۆزترن ؟

ئەوەی ماوە بیڵێم هەزاران هەزار سلاَو لە گیانی پاكی هەردوو هونەرمەندی ڕۆژی بەرەنگار بوونەوەو پێشمەرگەو شەهیدو هونەرمەند كاكە جەوهەر باپیرو نەوزاد مستەفا، دەزانم ڕوحتان شادەو لەبەهەشتی بەرینن ٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٠٩٩ ڕۆژی هەینی ٢٠٠٦/٣/٣١ بلاَوم كردۆتەوە

## میوانی ئەم ئێوارەیەی گەزیزە لەهەولێر بوو

لەمیانەی چالاکییە بەردەوام و کاریگەرەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/٢٥ نمایشی شانۆیی میوانی ئەم ئێوارەیە، لەهۆڵی ڕۆشنبیری نمایشکرا.

شانۆیەکە لەنووسین و دەرهێنانی خاتوو گەزیزەو نواندنی هونەرمەندان یاسین قادر بەرزنجی و دیاری عومەرو خەندە جەزاو بەڕێوەبەری شانۆ خاتوو بەیان مەحموود، ئەم شانۆیە لەبەر ئەوەی گەزیزەی هونەرمەند لەنێو خێزانێکی هونەرمەند لەدایك بووە بەهونەرمەندانە پەروەردە کراوە ، هەردەم لەدوای بیرۆکەی جوان و سەردەمیانە دایە، هۆی سەرکەوتنیشی هەم نووسەرو هەم دەرهێنەر تەواوکاری یەکترن توانویەتی بەشێوەیەکی زۆر جوان و ناسك بیکاتە دیاری جەماوەر. میوانی ئەم ئێوارەیەش دیاریەکی دیکەی گەزیزەی بەئەزموون بوو، توانی هۆڵ کپ بکات و خەیاڵی هەریەکێ لەبینەر بخزێنێتە نێو گۆڕەپانی شانۆیەکەو لەگەڵیدا هاتوچۆ بکات بۆ هەر ڕایەکی بڵێ ئەشهەدو وایە چونکە لەنێو ئەم شانۆیەدا لەجیاتی چەندین ئافرەتی کورد دەدواو گرفتەکانی خستبووە ڕوو، بەئاشکراو جەریئانە قسەیان دەکردو دەیانگوت ئەمە ململانێی ئێمەیە لەمێژووی ژیانمان هەر لەزووەوە تاوەکو ئێستا بۆ دەبێت ئافرەت هەر بەنێو گێژاوی مەینەتیەکانی ژیان خول بخواتەوەو چارەسەری نەبێت، هەروەها داوای لەئافرەت دەکرد ڕابن چیدیکە لەنێو مەینەتی بەردەوام بێدەنگ نەبن، چونکە ئەوانیش مرۆڤن مرۆڤ تاکەی هەروا بن ، ئەوەی بێدەنگ بێت بەبێدەنگی لەنێو دەریایەك مەینەت دەژی و لەخۆشییەکانی ژیان بێبەش دەبێت و تا ئەو ڕۆژەی بەگرفتی مەینەتێك سەر دەنێتەوەو لەخۆڕایی ژیاو هیچی لەدوای خۆی بەجێ نەهێشت، بۆ دەرهێنەر دەرفەت بڕەخسێ دەیان ڕای بۆ ژنن و جوانکردنی ئافرەت هەیە چونکە هەقی ئافرەتی کوردی بەخەمی خۆی دەزانێ، بۆیە لەجیاتی گشت ئەمانە دەدوێت وەك لە میوانی ئەم ئێوارەیەدا دوا، ئەکتەرەکانیش چووبوونە ئەو قالبەی مەینەتی ئەوانی گرتۆتەوەو بۆ مافیان و ڕزگار بوون هاوار دەکەن بەبێ ئەوەی بیرلەوە بکەنەوە لەوان دوورە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لەدەق و دەرهێنەر گەیشتوون و پڕ بەپێست سەرکەوتن بەدەست

بێنن، وا لەجەماوەر بکەن بیرێك لەگوزارشتی شانۆیەکە بکەن لەدوای تەواو بوون هەر ئافرەتی تەواو لەهونەرمەند گەزیزە گەیشتبێ و ماچ بـارانی کـردو لەوانەیـە گـەر بەئاشـکراش داوای ئەوەیان نەکردبێ بەردەوام بێت ئەوا لەحەزی دابوونـە، چـونکە ئـەو هونەرمەندانـە دەگمـەنن خۆیان لەشانی گەزیزە بدەن و بە ئاشکراو جەریئانە بڵێتە ئافرەتی کورد هۆشیار بن و هـەنگاو بەرەو پێشچوونی بەختیاری خۆیان بنێن و ئەوانیش تا ئازادانە لەگەڵ خێـزان لـەنێو نیشـتمان بژین و دووربن لەنیگەرانی و دڵەڕاوکێ چونکە هونەرمەنـد بـاش دەزانـێ پێشـکەوتنی وڵات بەهاوبەشی ئافرەت هەنگاو دەنێ بەختیاری دروست دەکات و گرفت هێندە بـەربڵاو نابێـت و کۆسپ دروست نابێت بۆ بەرەو پێشچوون و پێشـکەوتنی وڵاتەکـە ئـەمڕۆ بـۆ ئێمـە ئێجگـار زەروورەتە هەموومان بەهەموو چین و توێژەك لە کوردستان دەست لەنێو دەست بنێین بەدڵێکی ساف و بێگەرد تا بگەین بەسەرجەم ئاواتەکانمان٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ١٨٧٣ ڕۆژی سێ شەممە ٢٠٠٥/٨/٢ بڵاوم کردۆتەوە

# بەختی کوڕە دارکەنەکە چەپکێ پەند

لەچوار چێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، تیپی شانۆی سالار لەڕۆژی ٢٠٠٥/٧/٢٨ شانۆیی گرەوی کوڕە دارکەنەکە لەنووسین و دەرهێنانی هونەرمەند ئەحمەد سالار لە هۆڵی ڕۆشنبیری نمایشکرا.

ئەکتەرەکان هونەرمەندان جوانە سەعید و چێنەر ئەحمەدو ڕزگار مەحموود و بەهمەن حاجی لە سەرەتاوە دەڵێم هونەرمەند ئەحمەد سالار تەمەنی بەفیڕۆ نەچووان لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی هۆشیارو هەرزوو خۆی دۆزییەوە لەچ ڕێگایەك دەتوانی خزمەت بەمیللەتەکەی بکات، بۆیە ئێمەی کورد لەهونەرمەندان و هونەردۆستان بەشی هەرە زۆرمان قەرزاری ئەوین و جێگای شانازییە بۆ ئێمەی کورد ئەمجۆرە هونەرمەندانەمان تیا هەڵکەوێ، هونەرمەند چ وەك ئەکتەر، یاخود کاری دەرهێنان و هەم نووسین، هەردەم ئاستێکی زۆر بەرزی بەدەست هێناوە توانیویەتی تێنووی هونەردۆستان بشکێنێ و ڕێگەش بەزۆربەی هونەرمەندان ڕووناك بکاتەوە، تاوەکو بەسانایی و ئاسوودەیی تیادا بڕۆن، لەنووسینی دەقیش لەگەڵ داب و نەریت و سەربردە ئەفسانەییەکان کەوتۆتە ئازاد بوونیان لەڕێگەی لەناو چوون و بەرگێکی پاك و تازەیان دەخاتە بەرو ئامۆژگارییە بەسوودەکان زێتر بۆمان ڕوون دەکاتەوە، گرفتەکانیش هێڵێکی سوور بەسەردا دەخشێنێ، بۆیە لەشانۆی گرەوی بەختی کوڕە دارکەنەکە زۆر ئامۆژگاری بۆ سەرجەم چین و توێژێکی تیادا بەدی دەکرێ، لەلایەکی دیکە ئەمە ڕوون دەکاتەوە ئێمەی کورد خاوەن کولتورێکی دەوڵەمەندین گەر لەهەر بوارێك دا بۆی بچین خزمەتێکی گەورە بەئەمڕۆو سبەی دەکات و هەزاران پەندی تیادایە لەبارەی هۆشیاریمان و ئازایەتی، بەڵام دوژمن و ناحەزەکانمان هەردەم لە بەرامبەرمان وەستاون دژایەتیان لەبارەی هەقە ڕەواکانمانیان کردووە، بەڵام ئێمەش نەوەستاوین و ئەوەی پێمان کرابێت بەئەنجامان گەیاندووە، دەبا لەمەودوا زێتە ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە کەخاوەن سەدان داستان و ڕووداو و پەندی سەرنج ڕاکێشین بۆ بەختیاریمان بیکەین بەدراماو شانۆو فیلمی سینەمایی.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ١٨٩٢ ڕۆژی یەك شەممە ٢٠٠٥/٨/٢١ بلاۆم کردۆتەوە

## پەیڤێکی وەفا داری لەیادی دوو هونەرمەندی شەهید دا

کەس لەمردن ڕزگاری نابێت، هەرچەندە کەسیش حەزی لێ ناکات، بەلاّم تەنیا یەك جۆرە مردن نەبێت، ئەویش شەهید بوونە، کەهەمیشە هەر هەمووماں شانازی پێوە دەکەین، بەتایبەت شەهید بوونێك کەبەرگری کردن بێت لەخاك و نیشتیمان و کەرامەتی مرۆڤ، ئێمەی کورد خاوەنی گەلێك لەم جۆرە شەهیدانەین، ئەمڕۆکەش یادی ١٤ ساڵەی کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١ دەکەینەوە، ئەو ڕۆژەی کەزۆرینەی کورد بەئاشکراو لەبەر چاوی ولاّتانی جیهان بەمنداڵ و پیرو ئافرەت و گەنجیشەوە بەنەخۆش و پەککەوتە گوتیان مەحاڵە چیتر بژین لەژێر دەسەلاّتی ڕژێمی بەعس بۆیە کۆڕەو بەرپا بوو، بەرەو ڕێگایەکی نادیارو ناچارە نووسساز، بەلاّم گەلێك کوردی خوێن گەرم گیانی خۆیان خستە سەر دەست و بەرامبەر بەبەعس وەستان و شەهید بوون، لەوانە هەردوو هونەرمەندی بەئەزموون جەوهەر باپیرو نەوزاد مستەفا، کەهەردوو هونەرمەندی شەهید پێشمەرگە بوون لەڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوان هەولێریان جێ نەهێشت و سوێندیان بەخوای گەورەو خاکی کوردستان و ڕوحی نەتەوەیی کورد بارزانیی نەمر خوارد کە بەرگری لەهەولێر بکەن ئەوە بوو کەوتنە بەرگری کردن تا دوا گوللە، لەبەر ئەوەی هەردوو هونەرمەند ئەندامی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کورد بوون، منیش هەمان ئەندام بووم و هەروەها لەگەڵ هونەرمەند جەوهەر باپیر دراوسێ و ئەندامێتی حزب بەزوویی لەگەڵ هەردوو هونەرمەند بەیەك دەگەیشتین، بۆیە لەم یادەدا دەمەوێ ئەو ڕاستیە بێژم، ئەم دوو زاتە سێ بڕوانامەی بەرزیان خستە سەر لاپەڕەی مێژوویان کەهەردەم جێگەی شانازین و بریتی بوون لە هونەرمەندیەتی و پێشمەرگەیەتی و شەهید بوون، ئەم دوو زاتە جگە لەوەی هونەرمەند بوون کاسبکاریش بوون، جەوهەر باپیر بەکاری فیتەری و نەوزاد بەنانەوا لەپاڵ ئەمەش هونەر ببووە عەشقێك لێیان جیا نەدەبۆوە، جەوهەر باپیر لەساڵی ١٩٥٢ لەشارەکەی دڵی کوردستان کەرکوك لەدایك بووەو تا قۆناغی دووەمی ناوەندی لەقوتابخانەی سەیداوە خوێندوویەتی بە هۆی ژیانی تایبەتی کارکردنیەوە لەقوتابخانە دەرچووەو کارە هونەرییەکانی

لەسەر شانۆ وەك ئەكتەر ١٧ كار دەوری بینیوە، بەرهەمی تەلەفزیۆنی ٩ بەرهەم، تەمسیلی ڕادیۆیی پێنج تەمسیل و هەروەها نۆ زنجیرەی ڕەمەزانی وەك یاریدەدەری دەرهێنەر بەشداری تۆمارکردنی ٨ گۆرانی کردووە، جگە لەمانەش لەچەندین کاردا یاریدەدەری دەرهێنەری دیوە، لەساڵی ١٩٩٠ وەك دەرهێنەرێکی سەرکەوتوو لەشانۆگەری شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە تواناو هونەرمەندی خۆی زێتر سەلماند، لەبواری خێزانیش سێ کچی بەناوی نادیەو میدیاو مهاباد لەگەڵ دوو ژن بەناوی شادیە نامیق و وەهبیە عەباس هەیە، هونەرمەند نەوزاد مستەفاش لەساڵی ١٩٦٤ لەهەولێر لەدایك بووەو لەبەر بژێوی ژیانی خێزانی بەمنداڵی نەچۆتە قوتابخانە، بەڵکو بەهیمەتی خۆی لە تەمەنی ١٨ساڵی دەچێتە قوتابخانەی (الیافحین)ی شەو دواتر دەچێتە ناوەندی شەوو تا دووی ناوەندی دەخوێنێت، لەساڵی ١٩٨٥ ژیانی خێزانی پێك هێناوەو باوکی سێ کوڕ بەناوی ڕەنجدەر و تێکۆشەرو ڕەهبەر، کاری هونەری چوار شانۆگەری منداڵان و دوو شانۆگەری دیکەی بەناوی ئیمپراتۆر جۆنس و شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە وەك ئەکتەر بەشدار بووە٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ١٧٤٩ ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٣١ بلاۆم کردۆتەوە .

## له چاوەڕوانی گۆدۆدا چەندین چاوەڕوانی میللەتی کوردی خستە ڕوو

لەچوار چێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ کاتژمێر ٧ ی ئێوارەی ڕۆژانی ٤-٥/٨/٢٠٠٨ بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەرمەند و هونەردۆستان شانۆگەری چاوەڕوانی لە نووسینی سموئیل بیکت ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند کامەران ڕەئوف، نواندنی هونەرمەندان سۆران ئیسماعیل، کامەران ڕەئوف لەهۆڵی رۆشنبیری هەولێر نمایش کرا. شانۆگەرییەکە هەرچەند دەقێکی بیانی بوو، بەلآم هونەرمەند کامەران ڕەئوف وەك دەرهێنەرو ئامادەکردنی دەقەکە توانیبووی نزیکی بکاتەوە لەدەقێکی خۆماڵی و بەگوزارشت بیگونجێنێ باس لەڕۆژگاری ئەمڕۆی کوردستان بکەن، ئەمیش بەتێکەڵ کردنی هەندێ گفتوگۆ کەچۆن ئەمڕۆ زۆربەی لەچاوەڕوانی چەندین بواری جیاجیاین لەوانە کەس و کاری ئەنفالکراو تا بەئەمڕۆ دەگات کورد لەچاوەڕوانیدایە، بەڵکو تا ئەو ڕۆژەی سەردەنێتەوە لەچاوەڕوانی کەسی ئەنفال کراوەکەن ئەو ڕۆژە بێت بگەڕێنەوە بەروح یاخود بەجەستە یان ئێسك و پروسك، هەروەها کورد لەچاوەڕوانی ئەوەیە ئاسۆیەکی گەش هەڵبێو لەژیانێکی ئاسوودەو بەختیار بژین، کورد لە چاوەڕوانی ئەوەیە بەنیگەرانیەوە ڕۆژگاری تاڵ سەر هەڵبداتەوە، کورد لەچاوەڕوانی ئەوەیە تەواو بەمافە ڕەواکانی خۆی بگات، ئەمانەو چەندین بواری دیکەی جۆراوجۆر لەدنیای چاوەڕوانی کەئەمڕۆ کورد لەچاوەڕوانیدایە، دەبێ پێی بگات یاخود لەڕوویەکی دیکە هەر چەندە دەقەکە دەقێکی درێژ بوو، بەلآم هەردوو هونەرمەند توانیان هەست بەماندوویان نەکرێت، بەڵکو لەگەڵیدا بەردەوام بن و ئەنجامی کۆتایی بزانیت، بینەر بینی سەرجەم چاوەڕوانیەکان لەنێو دەقەکە بوو، دەقە سەرەکیەکەی بیکیت لەچاوەڕوانی گۆدۆیە، هونەرمەند کامەران بە ئامادەکردنێکی زیرەکانە توانیبووی تەواو بیگونجێنی بۆ ئەمڕۆی کورد کەچۆن چاوەڕوانەو چی بکات باشە تاوەکو ڕزگاری بێت لەچاوەڕوانی، چاوەڕوانیەکان زۆرن کورد هەر لەزووەوە تاوەکو ئەمڕۆ هەر چاوەڕوانە.

لەڕووی هونەری نمایشەکە بەڕاستی ئاستێکی گەلێك بەرزیان نواند بەبێ ئـەوەی هـەر دوو هونەرمەند هەست بەهیلاکیان بکرێت، یاخود بێزاری بەڕوویان دیار بێت لەگەڵ ئەو ماوە زۆرەو ئەم هەموو جولە جوانەیەوە و لەگەڵ ئەم وەرزە گەرمەش، بەلاّم ئەوان تەواو خۆیان گونجاند بوو بەدەوری کەسایەتییەکان، هەمیشە لەلایەکی دیکە هونەرمەنـدی بەئـەزموونن و تـەواو حـەز لەهونەرو دەقەکە دەکەن بۆیە ئەنجامیان هێندە بەسەرکەوتوویی کۆتاییان بەنمایشەکە هێنا، بـۆ ئەمڕۆش دەقی سەردەمی زیاتر لەحەزی بینەرانە، هەرچـەندە نوانـدن و دیکـۆڕ و ڕوونـاکی و مۆسیقا بەشێکن لەسەرکەوتوویی کاری شانۆیی، ئەمەش لەهەردوو ڕووی دیکۆر و ڕوونـاکی و مۆسیقا تەواو گونجاو و کارەکانیان سەرکەوتووانە بوو، ئەوەی پێویستە بگوترێ بەهیوای کاری لەم جۆرە لەبرەو دابێت تاوەکو گلەیی بینەر بەرەو سسـتی و نـەمان بچـێت و ئاسـتی شـانۆی کـوردی بـەرەو هەڵکشـان هـەنگاو بهاوێـژێت و ئـەو ڕۆژە بێـت بگاتـە ئاسـتی ولاّتـە پێشکەوتووەکان، هەرچەندە کورد هەنگاوەکانی بـەگوێرەی ئـەم هـەموو گرفتانـەی لـەڕێگای دوژمن و ناحەزانی هاتوونەتە پێش هەنگاوی باشی هاوێشتوەو ئومێـدی گەشـیش بەڕێوەیـەو ئەشقی هونەرمەنـدان و پاڵپشـتی حکومـەتی هـەرێم بەردەوامـەو کەواتـە بـەرەو هەڵکشـان هەنگاوەکانی خۆی دەهاوێژی و بەردەوام بەڕێگەوە دەڕوات٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٢٩٣٧) ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/١١ بلاّوم کردۆتەوە٠

## بۆ یەکەم جار لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گروپی شانۆی سروشەیی دوو شانۆی لەهەولێر نمایش کرد

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٨/٨/١٤ بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەرمەندو هونەردۆستان، بۆ یەکەم جار لەڕۆژهەلاتی ناوەراست بەشێوازێکی کۆمیدی ئامێز گروپی شانۆیی سروشەیی (ارتجالی) سویدی دوو نمایشی شانۆیی لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لەهەولێرنمایش کرا.

نمایشی یەکەم بەکوردی لەنواندنی تەلار هیرانی، کارۆخ ئیبراهیم، ئۆسکار ئیسماعیل، غازی شیینە، لاڤان ڕەفعەت،پەیوەند ئیسماعیل، نمایشی دووەم بەسویدی لەنواندنی ڕۆبرت فاسیت ، کامیلە پارشۆن، بەهاوکاری میوزك ژەن ماریا ئۆلف سۆن، بەڕێوەبەری بەرهەم هیوا سوعاد، وەك بینەرێك کەزۆر تام و چێژم وەرگرت هەم زۆریش بەختەوەر بووم بەهۆکاری سەرکەوتنەکە و هەم یەکەم جاریشە بەشانۆیی سروشەیی شاد بم ئەو هۆکارانە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە ماوەیەکە شانۆی کوردی بەرەو قەیران دەڕوات جەماوەریش لەکارێکی شانۆیی هێندە بەرەو هۆڵی شانۆ نەدەچوون، نەچوونی جەماوەریش بێگومان هۆکارە سەرەکیەکە بۆ کارە هونەرییەکەیە، هەم دەق و هەروەها ئەکتەرەکان دەگەڕێنمەوە،چونکە ئەوەی بینیومە لەچەند شانۆیەك جەماوەر بەرە و هۆڵ چوونە و گەر بەردەوام کاری لەو جۆرە هەبوایە ئەوا شانۆی کوردی ئێجگار وا بەرەو کزی جەماوەر نەدەچوو،لەمەودوا کارە شانۆییەکان وەك جاران هۆڵ جمەی دەهات لەجەماوەرو بەبلیت دەچوونە ژوورو لەبەر قەرەباڵغی جامی پەنجەرەکان دەشکا، وای بۆ دەچم گەر ئەمەش سەر هەڵنەداتەوە ، ئەوا بێگومان تاکە کورسیەکی بەتاڵ لەهۆڵدا نابینن، بەتایبەت زێتر گرینگی دان بەکاری شانۆیی سروشەیی کەلەگەڵ سەرجەم چین و توێژێکە،هەم پشوویەك بەبینەر دەبەخشێ کۆمیدی ئامێز بێت، ئەوا هەست بەحەسانەوەیەك

دەكات و خۆشی كاتێكی خۆش بەسەر دەبات، كوردیش لەبەر ئەوەی مرۆڤێكی بەزەوقە و هەم بۆ ئەو تازەیەو هونەرمەندی كۆمیدیشمان زۆر هەن بەلاّم لەڕووی پشتگیری روحی و مەعنەوی بۆ هۆكاری گرفتەكانی كوردستان نەتواندراوە تەواو گرنگی بەهونەر و هونەرمەندان بدرێت بەگوێرەی پێویست هەرچەندە درێخی نەكراوە، لەڕوووییەكی دیكە بەهۆكاری خزانە نێو كاری شانۆیی سروشەیی بێگومان جەماوەر زێدە بەرەو زۆر بوون دەچن چونكە ئەم شانۆیە تێكەڵ بەجەماوەر و هەم كۆمیدی، بینەر لێی بێزار نابن چونكە كۆمیدی دواندنە لەسەردەم بۆیە جەماوەر لەگەڵی دا كەیف ساز دەبێت، بەهیوام لەمەودوا گرنگی بەم كارە تازەیە بدرێت

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ( ٢٩٤٤) ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/١٨ بلاّوكردۆتەوە

## بەچاودێری بینەر شانۆگەری پەپوو, کێ بردی؟ کێ کوشتی ؟

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر کاتژمێر پێنج و نیوی ئێوارەی ڕۆژانی ١٠-١١-١٢/٤/٢٠٠٨ بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان و هونەر دۆستان شانۆگەری پەپوو، کێ بردی ؟ کێ کوشتی؟ کێ شاردی لەنووسینی کەمال ئۆرگەن وەرگێرانی هاوار گابار ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند سەباح عەبدولرەحمان، لە نواندنی تارا عەبدولرەحمان، ئارا مەجید، مەجید کەمال، تەها ئاغاجان، ئەیام ئەکرەم، شێرزاد پۆلیس، موئەیەد فەقێ، نەوزاد ڕەمەزان، نەوزاد شوشە، هۆگر ئەحمەد، ئەحمەد قەلآدزەیی ، ڕزگار سدیق, عەلی ئەحمەد، گۆڤار ئەنوەر، هێمن حەمەرەشید، کاروان شەمسەدین، عەبدال شەوکەت، هەدار ئەنوەر، سەلاح موحەمەد عەلی، غازی شینە، دارا ئەحمەد ئەمین، تەحسین ئیسماعیل، ئیدرس ئەحمەد، ئەحمەد عەدۆ لەهۆڵی گەل نمایش کرا.

لەبینین وەك هونەردۆستێك خوێندنەوەیەك لەلام دروست بوو لەمانە ئەگەر چی دەقەکە دەقێکی کوردی نەبوو بەلآم دەرهێنەر لەڕێگەی ئامادەکردن توانیبووی بیگونجێنی لەدەقی کوردی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دیارە لەخوێندنەوەی دەقەکە بەگونجانی زانییە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆی کورد گونجاوەو بەتەواو کردنی ئامادەی کردووە، واتە گونجاوەکانی هەڵبژاردووە لەگەڵ دەستکاریش ، بەلآم ئەوەی بەندەی سەرسام کرد هەندێ جووڵەی تیابوو نەدەبا هەبوایە لەوانە بادان و ، هەروەها شیرکێشان و بەوەی و ئەمانە ئەگەرچی لەوانەیە دەرهێنەر لەڕووی هەڵچوونی دەروونی خۆی بۆ ئەم گرفت و گەندەڵییەی کەئەمڕۆ لەکوردستان دەیبینن ببێتە هۆکار بۆ زیاد کردنی، دەرهێنەر جگە لەمانە توانیبووی بیکاتە دەقێکی کوردی و سەردەمی و دابەشی بکاتە سەر ئەم هەموو هونەرمەندانەو سەرکەوتنەکەشی بەدیار خست بەلآم ئەگەر دەرهێنەر ئەم چەند وتە و جولانە باس کراوەی تیانەبوایە لەجێی چەند هونەرمەندێکی کەخاو

بوون، هونەرمەندی دیکەی بەئەزموون و ئاست بەرز بەشداری تیا کردبا، ئەوە ئاستی سەرکەوتنەکەی زیّتر دەبوو، چونکە ئەمڕۆ جەماوەر تێنووی بینینی شانۆیە بەتایبەت گونجانی سەردەمیانە کەباس لەگیرو گرفتەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانەکە بکات و پێناسەی خۆی بسەلمێنێ شانۆ قوتابخانەی گەلە، ئەمڕۆش ئێمە پێویستیەکی ئێجگار زۆرمان بەشانۆیی خۆماڵی سەرکەوتوو هەیە بۆ ئەوەی جەماوەرە دڵشکاوەکە بگەڕێتەوە نێو هۆڵی شانۆو ئەمەش بەهۆکاری کاری ئاست بەرزو بەتایبەت خۆمالی دەبێت٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ( ٢٨٢٠) ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/١٦ بلاّوم کردۆتەوە

# پەنا هەندەکان، دەقێکی زیندوو، بەنمایشێکی شیاو

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی تیپی هونەری ڕۆژ بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژانی چوارشەممەو پێنج شەممە ڕێککەوتی ١٠ و ١١-٦-٢٠٠٩ بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەرمەندو هونەردۆستان شانۆی پەنا هەندەکان لەنووسینی سلاڤۆمێر مرۆیژك، وەرگێرانی خەبات عارف، دەرهێنانی مەسعود عوسمان، نواندنی کرمانج مستەفا، هاوار حەمید، چاودێری نمایش یوسف عوسمان، سینۆگرافیا مەهدی حەسەن، بەڕێوەبەری شانۆ فەرحان حەسەن، بارزان حوسێن، ڕووناکی فورات محەمەد، مۆسیقا و میکساژ بارزان سنجاوی، دیکۆر ئاری محەمەد، یونس عوسمان، بارزان حوسێن، بارزان سنجاوی، جلوبەرگ تاڤگە حوسێن، مهاباد ئەمین، ئارایشت تەنکە مستەفا, موژگان فارووق، لەهۆڵی گەل نمایشکرا.

چیرۆکی شانۆیەکە هەرچەندە بیانی بوو، بەلاّم لەناوەڕۆك زۆر شیاوی ڕووداوی کوردستان بوو، باسی لەدوو کەسایەتی جیاواز دەکات، کەلە پەناهەندەیی ژیان بەسەر دەبەن، یەکەمیان لە بیرکردنەوەی زانست و زانیارییە بۆ خۆ دەوڵەمەنکردن تاوەکو لەپێناویا بتوانێ خزمەت بە میللەتەکەی بکات، دووەمیان بەدوای حەزی دەروونی خۆیدا دەگەڕێ وەك خواردن و هەوەسی جنسی، بەو جیاوازیە ململانێ لەنێوانیاندا دروستبووە، هەروەها شوێنی ژیان بەسەر بردنیان جیاوازە لەگەڵ کەسانی دیکە ئەوان لەژێر سەرداب دەژین کەم کەس لەژیاندا لەم جێگایە دەژین، گەر ورد بینانە بچینە نێو دنیای شانۆیەکە بەڕاستی لەدەقێکی زیندوو نواندنێکی شیاو دەتخوێندەوە، ڕای گفتوگۆی جیاواز هەڵدەگرێ، بەمەش واتای سەرکەوتنی نووسەر و وەرگێرو دەرهێنەر دەردەخات، وای بۆ دەچم نووسەر ڕووداوی ولاّتەکەی خۆی بێت ئەوانیش لەولاّتی پەناهەندەیی بژین، سەرکەوتنی وەرگێر لەڕووداوی کوردستان نزیکەو بەزمانێکی پاراو کردوویەتی بەکوردی زیرەکی و سەرکەوتنی دەرهێنەریش لەوەیە دەقێکی گونجاوی ڕووداوی ئەمڕۆی کوردستانیەو زۆر گونجاوە، بەزیرەکی خۆی بۆ هونەرو دەقەکە توانی سەرکەوتنێکی ئاست بەرز بەدەست بهێنی، لەئەنجامی ململانێیەکە کەسی ڕۆشنبیرەکە بەکەسی سەرلێشێواوی بەرامبەری دەڵێ تۆ کەسێکی کۆیلەی حەزدەکەی بەکۆیلایەتی بژی، هەروەها لەدەقەکە هاتووە

بەکۆیلەکە دەڵێ شتی گرنگ هەیە دەبێ بیریان لێبکەمەوە، من مرۆڤم سەرم هەیە مرۆڤیش دەبێ سەری بەبەرزی ڕابگرێ،هەروەها دەیگوتە بەرامبەری تۆ بەکرێگیراوی- پیاو وڵات جێناهێڵێ لێی هەڵبێ، لەشوێنێکی دیکە هەڵی دەتەکاند دەیگوت:

بۆ ئەوەی ڕات دەتەکێنم تا دەتکەم بەئینسان.

جارێکی دیکە دەیگوت:

دەسەڵات کردەیەکی شێتانەیە.

ئەویش لەکۆتاییدا دەڵێ کە گەڕامەوە وڵات پشوویەکی درێژ دەدەم، هەروەها بەئومێدی ئەوەیە کەگەڕایەوە وڵات تەنیا بەخۆگۆڕینی جل و بەرگ بێت، کەواتە ئەو کەسە هیچی نەکردووە چونکە تەنها لەدوای هەوەسی خۆی بوو وەك کاری سێکسی و خواردن کەواتە ئەو حەزدەکات بەکۆیلایەتی بژی دوور لەوەی بیربکاتەوە شتێك بکات سوودی گشتی هەبێت واتە ئەو لەدوو شتە سادەکانە کەسی دووەم کۆمەڵێك ئاواتی هەیە کەئاواتەکانی ئەفکاری گەورەی لەپشتە بۆ نموونە دەرباز بوونی مرۆڤایەتی لەو پەشۆکاوییەی کەبەرۆکی مرۆڤی گرتووە، ئەو تەوژمە کولتووری و سیاسی و ئابووری کەدەیەوێ و خەریکە مرۆڤایەتی تووشی هەرەس هێنان دەکات، خەریکە شارستانیەت لەناو دەبات کەواتە بیرکردنەوەکانیان ئێجگار جیاوازە لەگەڵ ئەمەش بەیەکەوە دەژین تاوای لێدێت وەك ئەنجام کەسی دووەم بەکەسە سادەکە دەڵێ تۆ کۆیلەی حەزدەکەی بەکۆیلایەتی بژی ،خاوەن بیرکردنەوەیەکی سادەی خۆت ناتەوێ لێی دەرباز بیت، ئەوەی ماوە بڵێم بەڕاستی هەر سێکەسی لەهەردوو ئەکتەرو دەرهێنەر توانیان شانۆیەکی ئێجگار سەرکەوتوو پێشکەش بەبینەر بکەن، ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە لەکاری دیکە شانۆیەکی سەرکەوتووتر دەهێنێتە بەرهەم، بەو مەرجەی پشتگیریان بکرێ، شانۆی کوردی زیندووە لای کەسانی زیندوو.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ( ٣١٩٩) ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١٥ بلاّوم کردۆتەوە.

## هەولێر لە ڕۆژی جیهانی شانۆی ئەمساڵدا ئاستێکی بەرزی نواند

هەمووکات ئەو ڕاستیە دەزانین لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ گۆڕانکاریەکی فراوان و بەگوڕ بەسەر کوردستانی باشوور داهات، ئەم گۆڕانکاریەش لەهەر ڕوویەکەوە کاری پاك و دڵسۆزانە بۆ بکەین بەهەماهەنگی و یەکریزی ئەوە گومان نییە هەڵکشانێکی ئاست بەرزانە دەهاوێژین و دەگەین بەئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان و دوورنیە لەزۆربەی ئەوانیش بەرەو پێشتر بچین.

ئەوەی زیاتر لێرەدا مەبەستمە بیورژێنم و قسەی بەدڵخۆشیەوە لەبارەی بکەین بەرێکردنی ڕۆژی شانۆی جیهانی ئەمساڵ بوو لەهەولێری پایتەخت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لە هەولێر ئەمساڵ پێشوازییەکی گەرمی لێکرا بەئاستێکی بەرزی کاری هونەری پیرۆزکردنی ئەم ڕۆژە بەرامبەر هونەرمەندان و هونەردۆستان، کەبەڕاستی تواندرا ئاستەکان بەرەو جەماوەر ئاشکرا بێت لەم یادە چەند ڕاستیەك چەکەرەی کرد بەرامبەر وەڵام دانەوەی پڕوپاگەندەی نابەجێ کەچەند ساڵێك بوو دروست ببوو، یەکێك لەمانە دەگوترا جەماوەری شانۆ نەماوە کەواتە جەماوەر بەبێ ئەوەی لەوە بگەن جەماوەر بۆ نەماوەو بزانن جەماوەر چی دەوێت لێرەدا جەماوەر لە شانۆگەری فێڵەکانی جەمۆ لەئامادەکردنی و دەرهێنانی هیوا سوعاد وەڵامی ئەمانەی دایەوە کەبۆ ماوەی سێ ڕۆژان بەردەوام بوو، دانیشتین لەسەر زەوی جێگەی جەماوەر نەبوو دابنیشی لێرەدا بەندەو جەماوەر دەڵێین بۆ ؟ بۆ ئەم کارە جەماوەر هێندە زۆر بەنیشتنی سەر زەوی قبوڵی بوو تەنیا شانۆیەکە ببینێت ؟ لێرەدا وەڵامەکە سانایەو هەموومان دەزانین کاری باش خاوەن جەماوەری زۆر زۆر دەبێت بەتایبەت کۆمیدی چونکە ئەمڕۆ هەر یەکەمان لەکوردستانێکی ئازاد دەژین و کارەکانی خۆمان ئازادانە بەئەنجام دەگەیەنین و زێتر دڵمان بەکاری کۆمیدی ئاودەخواتەوە پێی دڵخۆشین و چێژی لێ وەردەگرین چونکە تاوەکو ئێستا نەتوانراوە کاری وا ئاست بەرز بەویستی جەماوەر پێشکەش بکرێن بۆیە جەماوەر لەکاری شانۆ

دووره پەرێز وەستاوە ، لێرەدا دەڵێین یەکێ نەبوو بیتوانیایە کارێك ئەنجام بدات  ئیبداعی تێدا بێت، بەڵام ئەمڕۆ کەحکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی مادەو مەعنەوی لەپشت سەرجەم کاری باشدایە  لەبواری هونەری و ئەدەبی و زانستی و سەرجەم بوارە جیاجیایەکانی دیکە هەروەها زۆرجار دەگوترا ساڵانی هەشتایەکان سەردەمی زێڕینی کاری  هونەری بوو بەتایبەت شانۆ  لێرەدا دەڵێم لەڕووی  ڕوحی و پشتگیری یەکتر هونەرمەندان لەگەڵ یەکتر بەڵێ هونەرمەندان زۆرینەی بۆ خزمەت بە شانۆ کاریان دەکرد دوور لەمادی دەڵێم بەڵێ، بەڵام ئەمڕۆ گەر وەك جاران لەڕووی خۆشەویستی یەکترو کاری شانۆ بکەی ئەوە ئەمڕۆ لەو کەش و هەوا ئازادییە دەتوانن کاری گەلێك ئاست بەرزترنمایش بکەن و جەماوەر لەگەڵ خۆیاندا ئاشت بکەنەوە، چۆن لەهەشتایەکان جەماوەر هێندە بەرەو ڕووی هۆڵ دەهاتن و زۆرجار بۆ ئەم شانۆگەریانە کەبۆن و هەستی نەتەوایەتی و سیاسیانەیان لەخۆ دەگرت لەبەر هێندە زۆر جەماوەر کەهەبوو ڕقی هەڵدەستا گەر بەبینینی شانۆیەکە شاد نەبێت جامی پەنجەرەی دەشکاند، بەڵام ئێستا بۆ کاری ئاست بەرز دێتە ژوورەوە و هێمنانە لەسەر زەوی دادەنیشێ بەبێ گلەیی بەڵکو زۆر لەلای ئاسوودەیەو کەیف سازە، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکە هونەرمەندان پشتی یەکدی بگرن و بەدوای بەدوای دەقی ئاست بەرزی سەردەمیانەو ئەکتەری گونجاوو شیاوی دەورەکە بگەڕێن و دەرهێنەرانیش قۆڵی خۆیان  هەڵکەن و ئەو ڕاستیەش لەبەر چاوانە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی مادی و مەعنەوی پشگیری هونەرمەندانە، جەماوەریش لەگەڵ شانۆ شاد بۆوەو لەفێڵەکانی جەمۆ ڕاستیەکە خرایەڕوو.

لێرەدا دەمەوێ لەڕۆژی شانۆی جیهانی ئەمساڵ ئەو دڵخۆشییەی خۆم دەربڕم بەبەرنامە جوان و سەرکەوتوویەکەی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لەهەولێر کەڕێکی خستبوو بەڕاستی سەرکەوتوو بوو کەوەك ڕێزلێنانی چەندین هونەرمەند لەوانە ئەو هونەرمەندانەی لەڕۆژانێك دەوری ئافرەتیان دەبینی لەبەر ئەوەی ئافرەتی هونەرمەند دەگمەن بوو لەبەر شەرمە و تەواو تێنەگەشتوویی لەپیرۆزی کاری هونەری شانۆ، ئەم کات چەند هونەرمەندێکی پیاو نەیانهێشت کەلێن بکەوێتە ناو شانۆی کوردی لەهەولێر، هەروەها چەندین هونەرمەند خەڵات کران، ئەوانەی لەم ساڵانەی دوایی دا دریغیان نەکردووە لەنواندن و دەرهێنان، هەروەها ئەو چەند ئافرەتەی کەئەمڕۆ لەکاری هونەری شانۆ چالاکن و بەردەوام دەوری خۆیان بەسەرکەوتووانە دەبینن، دواتر ئەو چەند ڕەخنەگرو نووسەرانەی لەنووسینی دەق بەردەوامن، هەروەها ئەم چەند ڕۆژنامەنووسانەی زیرەکانە هەواڵی شانۆیی دەگوازنەوە ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ لەسەر نووسینیان

وەك ڕایەك لەهەردوو لای سیلبی و ئیجابی دەردەبڕن خەلآت کران، ئەم بەرنامەیە بۆ دنیای خەلآت بەخشین بەچەند لایەنەی ئەوە دەگەیەنیٚ لەمەودوا زێتر کاری شانۆیی بەسەرکەوتووانە نمایش دەکرێت، چونکە خەلآت بەخشین و ورەبەرزی و ئەشق دەبەخشیٚ و بەڵێن دەدات کەچۆن لە پێناو پاکی و ڕاستگۆیی و ئاست بەرزی خەلآت کراوە، دەبیٚ خەلآتەکەی لەپێناو چی پێبەخشراوە مەبدەئیەکەی بۆ بەڵێنەکەی و ڕێزگرتنەکەی لەبەر چاوبێت و هەوڵی بەهێزتر بهاوێژیٚ بۆ ئاسوودەیی دەروونی خۆی ئەوەی ماوە بێژم هیوام ئەو چەند کارە هونەرییەی ئەمساڵ لەڕۆژی شانۆیی جیهانی لەهەولێرنمایشکرا بەراستی زۆرینەی سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێنا، ئەگەر بەم جۆرە کاربکرێت ئەوە لەدنیای هونەری شانۆ زیتر بەرەو هەڵکشان دەچین و بە تایبەت کاری کۆمیدی بەڕاستی هەموو دڵسۆزانی دنیای هونەری کەیفساز کرد، بەهیوام ئەوانەی ئەمساڵ بەم یادەوە ڕێزیان لێنرا بتوانن ڕێزی ئەم ڕێزگرتنە بگرن و بزانن بۆچی ڕێزیان لێندراوە، ئەوانەی ئەم ساڵیش ڕێزیان لێنەنراوە ئەوە نییە کەئاستیان بەرز نییە، بەلاّم بەگوێرەی توانا بووەو دوور نییە لەساڵی دابێت ڕێزگرتنێکی گەورەتر لەوان بگیرێت بەهیوای بەردەوام و یەکگرتوویی سەرجەم هونەرمەندان بۆ بەرەو پێشچوونی هونەری شانۆ بەرە و ئاستی هەڵکشان.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣١٥١ ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٠ بلاّوم کردۆتەوە .

# ئەو هونەرمەندەی شوورەیەکی پۆلاینی ڕماند

ئەو ناسنامەی شاژنی شانۆی کوردی لەهەولێر بەهونەرمەندی خوالێیخۆش بوو سەمیرە عەبدۆك بەخشرا، ئەو ئافرەتە هزرە پیرۆزییەکەی خۆی دەرخست و دەنگی خستە پاڵ هاوسەرەکەی، هونەرمەند سەعدون یونس خۆی کەهەستی بەوەی کرد گرفت هەیە لەئافرەت بۆ کاری شانۆیی و هاوسەرەکەشی لەنێو ئەو گرفتە دەژی ئەمەی پێ قبوڵ نەکراو فەرمووی من ئامادەم بەمە خۆشەویستی هاوسەرەکی و هونەری تێکەڵ بەیەك کردو دەری خست بەرامبەر بەهاوسەرو جەماوەر، ئەگەر چی لەسەرەتا بەبێ گومان بەباوەشی ترس و نیگەران شەقاوی خستۆتە سەر تەختەی شانۆو دواتر کامێراو قسەی کەس و کاری ئەم و ئەو، بەلاّم هەمووی خستۆتە ژێر پێ و هونەری نەکردە قوربانی ئەمانە بەجورئەت و ململانێ و ورەیەکی بەرزو باوەر بەخۆشەویستی هونەرو هاوسەری و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە گەورەیە, ئەو بەرنامەیەی هەلّڕشت توانی بەو پاڵ پشتانەو هاوسەرەکەی پیرۆزی هونەری سەلماند کەدەبێ ئافرەتیش لەتەك پیاو خزمەت بە هونەر بکات, ئەو سەرکەوت, سەرکەوتنێکی وا کەبە هێند گەورەو پیرۆزی نەدەگوترێ, بە سەلماندنەکەی منداڵکانیشی لەتەك پەروەردەیی لەبەخێوکردنی کەزۆرینەی کەلەسەر پشتی لانك بوون, ئەو بەلانکەوە دەیبردنە سەر تەختەی شانۆ، بەشیرە پاکەکەی تێری خۆراکی دەکردو بەچاویشیان لەئارەزووی ئەوە بوو سەیری دایکیان بکەن خزمەت بەهونەری کوردی دەکات, زۆریشیان لەسەر تەختەی شانۆ گاگۆلەیان کردووە، بۆیە گەورەترین ئەشقیان شانۆ بوو، ئەم ڕاستیەش لەبەر چاوی جەماوەرە, گەر چی لێرە کە بەیادی کۆچی دوایی شاژنی شانۆی هەولێر هاتینە سەر باسی ئەو گرفتە گەورەیەی کە کەلێنەکی گەورە پڕ کردنەوەی ئەستەمێکی گەورە بوو ئەو خزمەتی خۆی کرد, بەهۆی ئەو باردۆخەی نا لەبارەی کەدروست بوو, خاتوو سەمیرە بەرەو هاندەران بەڕێکەوت، کەلێنەکە دروست بۆوە گەرچی خاوەن چەند پەیمانگایەکی هونەری بووین، بەڕێزی لاشەی لەوێ و دڵی لەهەولێر بوو, ڕۆژێك دابێت بگەڕێتەوە کوردستان لەجاران بەگوڕ تر بچێتەوە سەر تەختەی شانۆ بەرامبەر کامێرا بوەستێ لەکاری درامایی, بەم دواییە ئەوەشی لا ڕوون, نەخۆشیەکی کوشندە پاڵی خستۆتە سەری,

بەلاّم خاوەن ئومێد بوو، جارێکی دیکـە بگەڕێتـەوە هۆکـاریش دلّـی لەهـەولێر بـوو, حـەزی لەخزمەتی شانۆ دەکرد, دەیزانی کەسی وەك خۆی دەگمەنەو ناتوانن جێگای ئەو بگرنەوە, هەر لەبەرئەوەش بوو چەند هونەرمەندێکی دیکە هاوسەرەکانی خۆیان هانـدا وەك خـاتوو سـەمیرە خزمەت بەهونەر بکەن, بەلاّم تەمەنی ئەوان کورت بوو، نیگەرانی و شەرم لەدلّیانەوە بەشـدار دەبوون، دیسان دەلّێم شاژنی شانۆی هەولێرت سەلماند, بەلاّم زوو بوو هەولێر جێ بهێلّـی, چـی دەکەی چارەنووسێ بێت بەری ناگیرێ و گرنگە بەڕێزت خزمەتی خۆت کرد، دلّی نەوەکانت پـڕ لەئەشقی شانۆ کرد, تا دلّەکانیان لێ بدات خزمەت بەهونەر بکەن, نەمری خۆت تۆمار کـرد, هەریەکەی لەئێمـە کوردسـتان و شـانۆی خـۆش بوێـت, تـۆ لـەبیر ناکات،چـونکە خزمـەتت بەکوردستان کردووەو ئەو شورەیەت ڕماند کە بەرامبەر ئافرەتی کورد پۆلاّ بوو، ڕمانی هێنـدە ئاسان نەبوو, بەم جۆرە برِمێ و پیرۆزی هونەر ڕوون بێت، زۆریـش پاشـگەز بوونـەوەی خۆیـان لەبەرامبەر بەبەشداری ئافرەت لەشانۆ ڕەواییە ڕاگەیەنن ئەوان هەلّە بـوون و وا پـەروەردە کـرا بوون، ئەوەی ماوە بلّێم بنوو یـادت بـەخێر شـاژنی شـانۆی هـەولێرو ئافرەتـە کـوردە حـەلیم گرانەکەی هەولێر, دەبا ئافرەتانی ئارەزووی هونەر بـە تایبـەت دەرچـووانی کۆلیـژی هونـەرو پەیمانگای هونەرە جوانەکان دوای دەرچوونیان دوو دلّی بەرامبەر بەشانۆ نەکەن و بزانن هێشـتا گرفتمان هەن لەبەشداری ئافرەت و بەرنامە دارِێژی بۆ ڕێگەی هەلّکشانی ئاستی هونەر بـەرەو لووتکە, چونکە ئاشکرایە ئازادی سەرتاسەری کوردستان ماوەو پێویستمان بەئافرەتـە تـاوەکو لەتەك پیاو کاری هونەر بکەن, ئەو هونەرە ساوایە ئازادییەی دوای بـەهاری (١٩٩١) هاتۆتـە ئاراوەو گەرچی بەچەندین کەلێنی پڕ گرفت گەیشـتۆتە ئـەمڕۆ, بـا هەریـەکێ بـەو لایەنـەی دەتوانێ خزمەت بکات, درێخی نەیگرێتەوە, چونکە ژێردەسـتەییمان دیـوە کەچـەندین شـانۆ بەتاکە وشەیەك لەلایەن ڕژێمی بـەعس قبـوولّ نـەدەکرا نمـایش بکـرێ, بۆیـە تـاوەکو ئێسـتا جەماوەر تێنـووی شـانۆیە, کۆلیـژی هونـەر و چـەندین پـەیمانگای هونـەرە جوانـەکان هـەن، مەبەستی هەموویان بۆ بەئەنجام گەیانـدنی بـەرە و پـێش چـوونی شـانۆی کوردیـەو ئومێـدی شەهیدە هونەرمەندەکان خوالێیخۆش بووان بووە, کەئەوان بە کەسەرەوە سەریان ناوەتـەوە بـۆ ئومێدی ئەمڕۆ ٠

* لە گۆڤاری هونەری نوێ ژمارە (٢١) بلاّوم کردۆتەوە

# کۆمیدیاییەکی کۆن

لەچوار چێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، کاتژمێر ٤ ی ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٧/١٠/٨ بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان و هونەردۆستان شانۆگەری کۆمیدیاییەکی کۆن لەنواندنی مەولان حەمەد ئەمین و خاتوو ئاریان عومەر مەولود، وەرگێڕان و دەرهێنانی هیوا سوعاد، کارە هونەرییەکان بەڕێوەبەری بەرهەم سەباح عەبدولرەحمان، لیژنەی بەرهەم شوعلە قاسم، ئەنوەر عەزیز، بێزار سلێمان، یاریدەدەری دەرهێنەر یونس عوسمان، بەڕێوەبەری شانۆ ئەنوەر عەزیز، نەخشەی دیکۆر دەرهێنەر، جێبەجێ کردنی دیکۆر هیوا عەلی، نەورۆز محەمەد، زریان کەریم، ڕۆناکی هیوا عەلی ، ئێکسوارو میکیاج سۆزی فازل، جل و بەرگ بەشداران، کرێکارانی شانۆ زریان کەریم، سرود فازل، سانا ئەنوەر، پۆستەر یەحیا ڕەزا، دەلیل و داوەت نامە سازگار فازل، فۆتۆگراف جیهانگیر گەردی، مۆسیقا سرود فوئاد لەهۆڵی ڕۆشنبیری هەولێر نمایش کرا ۰

دەقەکە دەقێکی بیانی بوو بەڵام وەرگێر وەك ئامادەکردنێك کاری تیاکردبوو دەقەکە کردبوویە دەقێکی گونجاوی زروفی سیاسی کورد بوو، واتا گوزارشتی لەسەردەمێکی چەند ساڵەی ڕابردووی کورد دەکرد کەپیاوێك بەپیشەی دکتۆر بەشداری لەچەندین بەرەی جەنگی کردبوو، هەروەها ژنەکەی بەهۆی شەڕی ناوخۆ شەهید کرابوو، ئافرەتەکەش کەکوڕێکی شەهید بووە، لەئەنجامی لەیەك نزیك بووی نەهامەتی و هاوتەمەنی و جەرگ بڕی و خۆشەویستی نیشتمانەکەیان بووە هۆکاری گوێ لەیەکتر ڕابگرن و زێتر لەیەك بگەن، ڕووداوەکان لەیەکتر نزیکن، ئینجا بەمانە خۆشەویستی لەنێوانیان دروست بوو، بەردەوامی کێشاو گەیشتە ئەو بڕواییەی بۆ یەکتر بن ئاسوودەیی باڵیان بەسەردا دەکێشێ و لەژێری دا دەحەسێنەوە، بۆیە هەرچەندە ئافرەتەکە بە نیازی سەفەرکردن بوو بۆ لای مێردەکەی کەژنێکی دیکەی هێنا بوو بەڵام بەو ئافرەتەی ڕاگەیاند کەیەکێکی دیکەی خۆش دەوێ بێ ئەوەی لێی بشارێتەوە کارەکتەرە ئافرەتەکە لەسەفەرەکەی پەشیمان بۆوەو گەڕایەوە لای ئەو پیاوەی

کەمارگەساتەکانیان هاوشێوەیەو ئەو لەیەك نزیك بوونە خۆشەویستیەکی پاکی لەنێوان هەردووکیان دروست کردبوو، نەیتوانی جێی بهێڵێ بۆیە بە گۆرانی گوتن گەڕایەوە سەریان لەسەر سەری یەکتر دانا بۆیەك بن و بەئاسوودەیی بەیەکەوە بژین، ژیانی ڕابردوو بەبا بدەن.

لەڕووی نواندنی کارێکتەرەکان هیلاکیەك و خاویان پێوە دیار بوو هەرچەند دەرهێنەر لەڕووی هەڵبژاردنیان کەهەردوو کارەکتەر هاوسەری یەکترین دەبوایە زیاتر بچووبونایە نێو گونجاندنی دەقەکە، بەلاّم بەو ئامانجە نەگەیشتبوون.

لەڕووی دیکۆر زۆر فراوان بوو گەر بچوکتر ببوایە زێتر تێر بوونی جەماوەر بۆ چوونە نێو دونیای ڕووداوەکان دەردەخست هەروەها دەرخستی ماف خوراوی ئاواتێك لەچەند دیمەنێك ئەم ڕاستییەی دەردەخست، بەلاّم بەگشتی هونەرمەند هیوا سوعاد وەك ئامادەکردنی دەقێکی بیانی بە گونجاندنی زرووفی کورد تیا سەرکەوتوو بوو، لەڕووی دەرهێنانیش ڕاستی سەرکەوتوویی دەرخستبوو بەلاّم نواندنی کارەکتەرەکان نەیانتوانی بوو دڵی هونەرمەندو هونەردۆستان لە سەرکەوتوویان ئاسوودە بێت.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٦٤٣ ڕۆژی ٢٠٠٧/١٠/١٠ بلاّوم کردۆتەوە.

# ببوره هەڵە بووم

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی تیپی هونەری منداڵان- لەسلێمانی بەئامادەبوونی ژمارەیەك لە هونەرمەندو هونەر دۆست و منداڵان کاتژمێر ٤ ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٠/٢٩ شانۆی ببورە هەڵە بووم، لەداڕشتن و دەرهێنانی هونەرمەند موەفەق عارف لهۆنی نواندنی ڕەهێڵ سابیر، نامۆ موەفەق، ئاودێر ئاشتی، شایی رەزا، ڕێژنە ڕزگار، هۆزان کاوە، تارا موەفەق، ڕاژان ڕزگار، سانا کەریم، کاشیا عەلی، لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لە هەولێر نمایش کرا.

کارگێری و هونەرییەکان لێژنەی بەرهەم فەرهاد عەبدوڵڵا، بارزان ئەحمەد، نەسرین فەتاح، بەڕێوەبەری شانۆ توانا فەرهاد، هۆنراوەی گۆرانیەکان عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی، ئاواز و موزیك سەفین خەراجیانی، تۆمارو ماسترینگ ستۆدیۆ سەفین ساوند، کارە هونەریەکان بەشداران ، ئەوەی ڕاستی بێت زۆرینەی هونەرمەندان و منداڵان بەنمایشەکە دڵخۆش بوون، چونکە توانیان هۆڵەکە کپ بکەن، شانۆییەکە لەچەند بەشێکی ئۆپەرێتی ئامۆژگاری بەدەقی کۆمیدی و جولەو دەنگی هونەریانە پێکهاتبوو، لەلایەکی دیکە بەداخەوە لەدونیای شانۆی منداڵان زۆر هەژارین دەتوانم بێژم زۆرینەی منداڵان ئەوە بۆ چەند جارێکە بەبینینی شانۆی منداڵان شادبن ، لێرەدا ئەو گلەییە دەخەمە ئەستۆی هونەرمەندان، چونکە حکومەتی کوردستان لەڕووی پشتگیری و روحی و ماددی هەردەم ئامادەیە، هەروەها دەبێ ئەوە بزانین ئەو منداڵانەی دەچنە سەر تەختەی شانۆ خۆشەویستی دەخەنە دڵی منداڵان، بەبینینی شانۆییەکە ئەمانە زۆربەیان دەبن بە هونەرمەندو دوارۆژ خزمەت بەهونەر دەکەن و تەواو لەپیرۆزی هونەر دەگەن، وەك نموونەی نەمامێك ئینجا جوان پەروەردە کرا ئەوە هونەرمەندێکی سەرکەوتووی ئاست بەرزی لێ دەردەچێت وەك زۆرینەی ئەو هونەرمەندانەی ئەمڕۆ لەگۆڕەپانی هونەری دیارو بەرچاون زۆرینەی لە منداڵیەوە ئەشقی هونەر بوونەو بەهۆیەوە چوونەتە نێو دنیای هونەر، کورد لەئەمڕۆی ئازادی دەبێ لەدوای ئەو کەموکوڕیانەو دنیای هەژاری بوارەکان

بچێته نێو بنج و بنەوانی تاوەکو ڕێگا چارەکانیان بەزوویی بۆ دەدۆزینەوەو چارەسەریان بۆ بکەین، لەهەموو ڕوویەك لەخزمەت گەلەکەمان بەردەوام بین، بۆیە لەدونیای شانۆ ئەمڕۆ کورد هەنگاوی باشی هاویشتووە، بەلاّم لە شانۆی منداڵان زۆر هەژارین، بەپێویست دەزانرێ بەدوای چارەسەری هۆکاری ئەو هەژاریە دابچین و چارە بکرێت، ئەمە ئەرکێکی پیرۆزو زەروورەتەو لەبەرچاوی هەموو لایەکمان ئەوەمان لەو شانۆیەدا بۆ دەرکەوت کەمنداڵانی ئامادەبوو چەند بەختیار بوون، گومانیش لەوە دانییە ئەو کاتە خۆشە بەسەربردنەی بۆ ئەم شانۆیە کەهێندە بەختیار بوون لای هاوڕێیەکانیان باسی لێوە دەکەن، ئەوانیش لەخۆزی ئەوە دەبن کاری ئاوا ببینن، چونکە ئەمڕۆ منداڵان لەم دونیایەی خۆیان بێبەشن، زۆر هەن حەز لەبینینی شانۆ دەکەن، کەواتە بەتەنیا تیپێك و دووان ناتوانن تێنوەتی ئەم هەموو منداڵانە بشکێنن، ئەوەش ڕوونە ئەوەی ئاگادارم لەسەرجەم کوردستانی ئازاد چەند تیپێك هەیە، خۆزگە زیاتر بەپشتگیریەکی دەوڵەمەند تیپی هونەری لەسەرجەم بەشەکانی منداڵان دەکرایەوە، هەروەها بۆ چالاکی قوتابخانەکان زیاتر هونەرمەندی بە ئەزموون لەوێ دادەمەزرا تاوەکو ئەم کەلێنە گەورەییەی ئەم دونیایە پیرۆزەیان پڕ دەکردەوە بە کاری جوانی دەوڵەمەند لەدونیای پەروەردەو ئامۆژگاری دەچنە نێو حەزی هونەری شانۆو دوارۆژیان دەبووە سەرچاوەیەك بۆ سوودی گشتی کوردستان و دەیانتوانی سود لەو ئامۆژگاریانەی نێو دونیای هونەری شانۆ وەرگرن و بیکەنە سەرچاوە بۆ پیشەی ڕۆژانەیان و لە دوارۆژ خزمەتیان بەگەلەکەمان دەکرد۰

* لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٣٢٥ ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١١/١٣ بلاّوم کردۆتەوە ۰

## بەڵێ کورسی دانپێنان کۆمیدی بوو ؟!

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، کاتژمێر ٣:٣٠ ی ئێوارەی ٢٤- ٢٥- ٢٠٠٨/١١/٢٦ بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان و هونەردۆستان شانۆگەری کورسی دانپێنان، لەنووسینی شێرزاد پۆلیس، دەرهێنانی هونەرمەند کامەران حاجی ئەلیاس، لەنواندنی ئەنوەر عەزیز، نەوزاد رەمەزان، ئەیام ئەکرەم، گۆڤار ئەنوەر، کاروان شەمسەدین، هێمن حەمە رەشید، غازی شینە، عەبدال ئاکرەیی، سیروان شێرە، لەهۆڵی گەل لەهەولێر نمایشکرا.

شانۆگەریەکە ئەوەی سەلماندو ئاشکرای کرد بەڕوونی کەبەڵێ ئەو ئاستبەرزەو ئەو توانایەمان هەیە شانۆی کۆمیدی بەناوەرۆکێکی دەوڵەمەند پێشکەش بەجەماوەر بکەین و تێنویەتیان بشکێنین، جەماوەر بهێنێتە جۆش، بەلاّم ئەمەش بەپشتگیری مەعنەوی و بەجێگەیاندنی دەرهێنەرێکی ئەکادیمی و خۆشەویستی شانۆ و میللەت و هەم دەق کەگونجاوی سەردەمیانەو لە چوارچێوەی دەرنەچووی کولتووری میللەت بێت، کورسی دانپێنان پڕ بەپێست شانۆگەریەکی کۆمیدی و ئەکادیمیانە و ئاست بەرزێکی ڕەها هاتە نمایش کردن، تەواو ببوە جێگای ڕەزامەندی ئامادەبووان، ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە باسی لەکۆمەڵێ بازرگان دەکرد چۆن لەپێناو مەرامە گلاّوەکانیان هەموو ڕێگایەکی ناشەرعی دەگرنە بەر بەبێ گوێدانە هیچ بەهایەکی کۆمەلاّیەتی و ئابووری دوای بەدەست هێنانی مادەیەکی زۆر بەدەستیان هێناوە لەسەر حیسابی گەل بووە.

ئەوەی ڕاستی بێت دەتوانم بڵێم شانۆیەکم بەو جۆرە نەبینیوە چونکە لەڕووی وەك دەق، دەرهێنەر ، نواندن، ڕووناکی، دیکۆر، مۆسیقا، جولە، دەنگ سەرکەوتوو بوون، خۆزگە ئەوانەی خاوەن ویژدانن و لەحەزی خزمەتی بواری دنیای ڕەخنە گری شانۆ دەدوێن ئاوڕێکی بەقەد ئاستی شانۆیەکە لێی بدەنەوەو ڕاستی ئاستەکە بخەنە ڕوو بۆئەوەی لەمەودوا هونەرمەندانی دیکە بە هەمان ئاست کاربکەن و جەماوەر لەخۆ ڕازی بکەن، چی دیکە شانۆی کرچ و کاڵ و بەپەلە بەناوی شانۆی کۆمیدی نمایش نەکرێ و جەماوەریش گازاندە بکەن و

لەشانۆ بتۆرێت، کورسی دانپێنان لە دنیای دیکۆر بریتی بوو لەپەردەیەکی سپی و هەموو تەختەی شانۆی سپی بوو، ئەوەش گوزارشت پاکی و بێگەردی ئەم دونیایە دەکات کەزۆر پاکە بەلاّم مرۆڤ پیسی دەکات، مۆسیقا بەجوانی گوزارشتی لەدیالۆژەکانی دەکرا، بەتایبەتی حالّەتی شەڕو ترسەوە لەبواری دەرهێنان شانۆگەریەکە بەشێوەیەکی کۆمیدی ئامۆژگاری بۆ کرابوو، ئەکتەرەکان بەشێوەیەکی زۆر جوان توانیان ڕۆڵی خۆیان بەرجەستەبکەن.

لەکۆتایدا هیوادارم لەمەودوا کاری وا ئاست بەرزو ئەکادیمیانە کۆمیدی ببینین بۆ ئەوەی بوژانەوەی شانۆ سەر هەڵبداتەوەو بەرەو هەڵکشان هەنگاو بهاوێژی و ببنە خاوەن شانۆیەك لە ڕەزامەندی جەماوەر بێت٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٠٣٧ ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/١ بلاّوم کردۆتەوە

# ئیمپراتۆر

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، کاتژمێر٣:٣٠ ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١١ بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەرمەندان و هونەردۆستان شانۆگەری ئیمپراتۆر لەنووسینی نەوزاد ڕەمەزان، دەرهێنانی موئەیەد فەقێ، بەشداری ئەکتەران نەوزاد رەمەزان، تەها ئاغاجان، گۆڤار ئەنوەر، عەبدال ئاکرەیی، هێمن حەمە رەشید، هەدار ئەنوەر، غازی ئەحمەد شینە، ئەحمەد جەوهەر عەدۆ، بورهان سەعید فەرەج، بیلال یونس محەمەد، لەهۆڵی ڕۆشنبیری هەولێر نمایش کرا٠

کارەهونەرییەکان بەڕێوەبەری بەرهەم سەباح عەبدولرەحمان، نەخشەی دیکۆر دەرهێنەر یارمەتیدەری دەرهێنەر گۆڤار ئەنوەر، نەوزاد رەمەزان، دیکۆرو ڕووناکی بێزار سلێمان، هیوا عەلی، هۆڵی مەشق غازی شینە، بێزار سلێمان، جل و بەرگ سەردار دیبەگەیی، ئارایشت ئەکتەرەکان، پرۆگنامەو داوەتنامە یەحیا ڕەزا، شانۆگەریەکە لەڕووی ئاستی دەق و نواندن و دیکۆر گەر قسەی لەسەر بکەین وەك ڕایەك لەڕووی دەق دەتوانین بڵێین تارادەیەکی باش لە واقیعی ئەمڕۆ نزیك بوو کەزۆربەی ڕووی داوەو هەمووومان ئەو ڕاستیە دەزانین، ئەمەش ئەوە دەردەخا هاولاتی هۆشیارەو راستیەکان دەزانێ، ڕاستە ئێمە لەڕۆژگارێکی ئازادی دەژین، لەگەڵ ئەمەش زۆر هەن لەپرۆگرامی ئازادی ناگەن، ئەم جۆرە دەقانە سەردەمین و ئەوانەی لێی دووان ئەمڕۆ هەن، ئەمەش لەڕووی دەرخستن ئەرکی هونەرمەندو ڕۆژنامەنووسانە بۆ هاولاتیان، بەلام لەڕوویەکی دیکە هەندێ لەگلەییەکان ئەوەی ڕاست بێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدواوەیە و گەلێك کاری پیرۆزی لەبواری پرۆژەو دامەزراندن و یارمەتیدان لەئەستۆ گرتووەو بەردەوامیشە ،ئەگەرچی لەنێو دەیان پیلانەو هێشتا دڵە ڕەشەکەی کۆنە بەعسیەکان پاك نەکراوەتەوە، ئەو وانەی ئەوان تێیدا خوێندیانەو لێی فێر بوون چەندین ساڵی دیکەی دەوێ پاکەکان بەسەریدا زاڵ بن، بەلام ئەم دەقانە خزمەتی خۆی دەکات، بەتایبەتی ڕەخنەگرتن بەشێوەیەکی کۆمیدی ، ئەمڕۆ بینەری شانۆی کوردیمان تینووی شانۆیە بەتایبەت لەبواری دەقی کۆمیدی، لەڕووی نواندن بەڕاستی ئەکتەرەکان بەگشتی سەرکەوت و بوون، بەتایبەتی

نەوزاد ڕەمەزان، گۆڤار ئەنوەر، تەها ئاغاجان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم سێ هونەرمەندە زیاتر خۆیان لە کاری کۆمیدی نزیك خستۆتەوەو حەزێکی بەردەوامیشیان هەیە، لەڕووی دیکۆرو ڕووناکی تا ڕادەیەکی باش تیایدا سەرکەوتوو گونجاو بوو، ئەوەی ماوە بلێین بەهیواین دەقی کۆمیدی لە برەو دابێت بەلاّم بەویژدانەوە ئەو گلەییانەی دەری دەخەن بەشێوەك بێت ناحەزان پێی کەیفساز نەبن، چونکە هێشتا کوردستان پاك نەکراوەتەوە لەوانەی چەندین ساڵە کەقوتابی قوتابخانەی بەعس بوون و لەڕێچکەی پەیڕەوو پڕۆگرامی بەعس کاریان کردووەو دوژمنە گەورەیان کورد بوو، لەپێناوییا دژی نەتەوەی خۆیان بوون، بەزمانی دایکی خۆیان نەدەدوان و ئەمڕۆش لەگۆڕەپانە ئازادەکەی کوردستان ئازادانە دەژین و لایان نەبایە و نەباران٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٦٧٥ ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١٤ بلاّوم کردۆتەوە

# دواین ڕۆژەکانی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، کاتژمێر ٣:٣٠ ی ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٧/١١/١٤ بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان و هونەردۆستان مۆنۆ درامای دواین ڕۆژەکانی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا، لەنووسینی د- فەرهاد پیربال، دەرهێنانی ڕۆژگار کەریم، نواندنی بەهمەن حاجی لەهۆڵی گەل نمایشکرا.

کارەهونەریەکانی بەڕێوەبەری بەرهەم سەباح عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری شانۆ کاردۆ بەهادین ، سینۆگرافیا ڕۆژگار کەریم، جێبەجێ کردنی ڕووناکی کاردۆ بەهادین، بارزان حوسێن، مۆسیقا تابان سیزارۆ، فۆتۆگراف جیهانگیر گەردی، میتاج بەهمەن حاجی،پۆستەر هاوکاران هاوار حەمید، ماجد ئەبوبەکر، وەك هونەردۆستێك، کەسەیری دواین ڕۆژەکانی ژەنەڕاڵ شەریف پاشام کرد، ئەم خوێندنەوەیە لەلام دروست بوو بەهەردوو لایەنی ئاستی باشی هەندێ کەم و کورتی، لەلایەنی دەق دەقێکی گونجاو چونکە ڕاستیەکانی چەند لاپەڕەیەکی مێژووی کوردی هەڵ دەدایەوە کەئەویش مێژووی خودی ژەنەڕاڵ شەربف پاشاو ئەو سەردەمەی کەئەو تێیدا ژیاوە، شەریف لەدوایین ڕۆژەکانی ئەو ڕاستیانە دەدرکێنێ کەشتێکی شایانی بۆ گەلەکەی نەکردووە، لەو کاتەی کەتەمەنی لەبار بوو خزمەت بەنەتەوەکەی خۆی بکات کەکوردە، لەدوایین تەمەنی پەشیمان دەبێتەوە کەبۆچی خزمەتی نەتەوەکەی خۆی نەکرد تازەش تەمەنی بەسەرچوو ڕۆیی، ئەم دەقە هەم هۆشیارییەکە بۆ ئەوانەی کەهاوشێوەی ئەون، هەست بەخزمەتی گەلەکەیان ناکەن یاخود نەیانکردووەو ئێستاش وەك ئەو پەشیمانی و هەست بەشەرمەزاری دەکەن، ئەوەی ڕاستی بێت لەم جۆرە کەسانە ئێجگار گرنگ و پیرۆزە دەق نووس بیر لەمێژووی کەسانی لەم جۆرە بکاتەوە کەهەردوو لایەنی پەشیمانی یاخود ئەوەی تامردن خزمەتیان بەکورد کردووە یان لە پێناوی شەهید بوونە، کورد لەم جۆرە بوارانە دەوڵەمەندەو لەخوێندنەوەی مێژووی زۆری لەم جۆرە دەخوێنیەوە چونکە چەند ساڵە لەگەڵ دوژمن و ناحەزانی لەململانێ و شەڕو کوشتنە ئەوان لەپێناو زەوت کردنی خاکە بەپیت و بەرەکەتەکەی و کوردیش لەپێناو بەرگری کردن لەخاك و شەڕەفی بەتایبەت لەڕۆژی دابەش کردنی کوردستان تاوەکو ئەمڕۆ، لەڕووی دیکۆر نەینۆکێك و کاتژمێرێك هەڵواسرابوو، قەرەوێڵیەك و کورسیەك

دانرابوو، زۆر جار شەریف پاشا کەسەیری خۆی دەکرد دیارە مەبەست لەبینین ڕووی خۆی کەتاچەند تەمەن کاریگەری لەسەر کردووە، کە لەیەکەم دیمەن چۆن هەڵساو چی لەبەرو لەپێ بوو دواتر بەهەمان شێوە خەوتەوە ئەو کورسیەی کە دانرابوو دەتوانرا زێتر جوولەی لەگەڵ دابکا یاخود لەسەری دابنشێو بەجوولە هەندێ لایەنی دیکە بەگوزارشت دەست نیشان بکات، بەهمەن هونەرمەندێکی سەرکەووتووە چونکە لەزۆر کاری دیکەم بینیوە بەلاّم لەو کارە زۆر کەم گۆڕانکاری بەدەنگیەوە دەکرا، ئەگەرچی لەگێڕانەوەی ژیانی خۆی دەبووا گۆڕانکاری هەبێت لەهەڵ چوون و نزمی دەگونجا زۆر کزی پێوە دیار بوو تا دەگەیشتە گریانیش چونکە شەریف پاشا پەشیمانە لەو تەمەنەی بێ سوود بەڕێ کردووە دوور بووە لەخزمەتی نەتەوەکەی، کاتژمێرێکی وەستاو هەڵواسرابوو بۆچی شەریف هێندە بەلایدا تێنەدەپەڕی لەڕوویا بڵێ کاتم بەفیڕۆ چوو، لەبواری ڕووناکی ئێجگار تاریك، زۆر دەگمەن هەندێ ڕووی شەریف پاشا دەبینرا، گەر دیمەنەکە لەشەو بوایە گونجاوە یاخود بگوترا شەوێك لەژیانی شەریف پاشا ئەمە ڕاستی دەردەخست، هەروەها مۆسیقا لەگەڵ تێکستەکە زۆر لێی نزیك نەبوو، بەلاّم ئەم کەم و کوڕیانە دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی لەوانەیە کاتێکی زۆریان بۆ پرۆڤە تەرخان نەکردبێت بەڵکو پەلەیان لەزوویی نمایشکردن بووبێت، ئەگەر نا هەڵبژاردنی دەقێکی لەم جۆرە لەڕۆژگاری ئەمرۆو دەرخستنی چەند لاپەڕەیەکی مێژووی کوردو کەسایەتیەکی کورد کەپەشیمانی خۆی دەردەبڕی کەتەمەنی بێ سوود بەڕێ کردووە زۆر گرنگ و لەجێگای خۆیەتی بۆ ئەمرۆ نمایش بکرێت، هەم هەڵبژاردنی هونەرمەند بەهمەن حاجی بۆ نواندنی دەقی لەم جۆرە کەبەڕاستی دەنگ و لەشی گونجاوەو زێتر لەپرۆڤە بەردەوام بوونایە، خۆماندوو کردنی زێتر تێدابوایە ئێجگار سەرکەوتوو دەبوو، لەجلو بەرگ گونجاو بوو.

لەکۆتایشدا دەبێ ئەوەش بڵێین هیچ کارێ بێ کەم و کوڕی نابێت و هیوای بەردەوامی بۆ دەرهێنەرو کارێکی دیکەی سەرکەوتوو تری بۆ دەخوازم لەهەڵبژاردنی لەم جۆرە دەقە گونجاوی سەردەمیانە ٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٦٧٩ ڕۆژی یەك شەممە ٢٠٠٧/١١/١٨ بلاّوم کردۆتەوە.

# هاوارەکانی کەرکووك لە هەولێر

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان- ناوەندی کەرکووك کاتژمێر ١١ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٩/١٠/٢٨ بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەرمەندان و هونەردۆستان مینی درامای هاوارەکانم لەنووسین و دەرهێنانی سیروان بێلانە، نواندنی ئاسۆ حەمە غەریب، مەهدی شۆراوی، سیروان بێلانە لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لەهەولێر نمایش کرا.

هاوارەکانم شانۆی بێهودەیی بوو کەکارێکی شانۆی سەر شەقامە،لەڕووی ناوەڕۆکی دەق گوزارشت لەم گێروگرفتانەی دەکرد کەتاوەکو ئێستا بەرۆکی کوردستانی بەرنەداوە بەتایبەتی گەڕانەوەی کەرکووك بۆ ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، لەڕووی نواندن لەجولەو دەنگ توانیبوویان تەواو لەگەڵ گوزارشت بێ ئەوەی ڕاستی بێت ئێمەی کورد لەم جۆرە شانۆیانە هێشتا هەژارین جێگای خۆشحاڵیە کاری لەم جۆرەش هەبێت، بتوانین لەهۆڵ دەربچن و لەنێو یاریگاو شەقام و گۆڕەپانی قوتابخانەکان بەرهەمەکانی خۆیان نمایش بکەن بێگومان کاریگەریەکی زۆری دەبێت و زیاتر تێکەڵیەکە بۆ چینی جۆراو جۆر بەمەش ئەو جۆرە جەماوەر خۆشحاڵە، چونکە دەقی لەم جۆرەِ زیاتر کاریگەری دەخاتە دەروونیان و بەزوویی وەریدەگرن، بەمە جەماوەری شانۆ پێی دەوڵەمەند دەبێت، چونکە شانۆیەکە لەنێو جەماوەری جۆراوجۆر کاری خۆی دەکات کەواتە ئەم جۆرە شانۆیانە پێویستە هاوکاری بکرێت لەڕووی رۆحی و مەعنەوی تاوەکو زیاتر پەرە بسێنێت و بتوانن کاری جیددی ترو پڕ بە گوزارشت بهێننە بەرهەم و پێشکەشی جەماوەری بکەن، دەقەکەش چەند سادە بێت لەڕووی زمان کاریگەرترە، بەڵام پڕ بەمەعناو گوزارشت لەکردەی جۆراو جۆر بکات لەپێناو هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو بەرژەوەندی گشتی و بەرەو پێشچوونی بێت.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٣١٥ ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٢ بلاۆم کردۆتەوە.

# کۆتایی گەمە لە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لەهەولێر، گروپی شانۆڤانی کورد، کاتژمێر ٥:٣٠ ی ئێوارەی ڕۆژانی ٢٦-٢٧-٢٨/١٠/٢٠٠٩ بەئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیری و ژمارەیەك لەهونەرمەندو هونەردۆستان شانۆی کۆتایی گەمە لەنووسینی سامۆ بێلێ بیکێت، وەرگێڕانی مستەفا قاسم ئامادەکردن و دەرهێنانی ژیلوان تاهیر، بەرجەستەکردنی کرمانج مستەفا، ڕێباز حوسێن، سازان خدر، سلێمان گەلاڵی لەهۆڵی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد نمایش کرا.

کارەهونەریەکان بەرێوەبەری بەرهەم هیوا سوعاد، لیژنەی بەرهەم حەمەسەعید ئیبراهیم، غازی شینە، کامەران ئەکرەم، دراما تورك سەلاح حەسەن، بەڕێوەبەری شانۆ سلێمان گەلاڵی ئەندازەی فەزای شانۆی دەرهێنەر، جیٚ بەجێکردنی دیکۆری ئێکسسوار هێمن ڕەشاد، بارزان عومەر ، جێبەجێکردنی سازان تاهیر، کۆتایی گەمە وەك دەق باش بوو هەرچەندە دوور نییە دەرهێنەر لەڕووی ئامادەکردن زێتر گونجاوتری کردبێت کەباس لەژیانی گەنجێك دەکات لەبەرئەوەی پەککەوتەیە لەژیان بێزارە ناتوانێت بچێتەدەر لەنێو ژیانێکە بازنەییە لەشوێنی خۆی دەخولێتەوە هەرچەندە خزمەت کارێکی هەیە، خزمەت کارەکەش لەژیانی خۆی بێزارە بۆیە زۆر جار دەیەویٚ بەجێی بهێلیٚ، گەنجە بەخزمەتکارەکە دەڵیٚ منت خۆش دەویٚ ئەویش دەڵیٚ نا، ئیٚ بۆ جاران منت خۆش دەویست دەڵیٚ جاران جیا بوو، لەدەقەکە ڕستەی گوزارشت هەیە وەك ئەمە کۆتایی ڕۆژەکە وە ڕۆژەکانی دیکە، چونکە بۆ ئەوان هەموو ڕۆژێك یەکە گۆڕانی تیا نییە، بۆ دەڵیٚ سروشت ئێمەی لەبیر کردووە یاخود دەڵیٚ سەعات هەروەکو خۆیەتی مەبەست لەوەی کات لای ئەوان ناڕوا، هەوەها هاتووە گوایە باران بباریبایە خزمەت کارەکە لەوەلاٚم دەڵیٚ باران ناباریٚ لەوەش بیٚ ئومێدی نیشان دەدا کەخۆشی بۆ ئەوان نایە، هەروەها گەنجەکە زۆر خەون دەبینیٚ بەلاٚم خەونەکان زۆربەی ناخۆشن، ترسناك هەر لەبەر ئەوەی لەمێژە خۆیان نەشۆریە ئەسپێیان کەوتیتیٚ، خزمەتکارەکە ئەسپێیەك لەخۆی دەگریٚ و دەڵی ئەمە ئەسپێیە گەنجەکە ئەسپێیە کوشتت،خزمەتکارەکە دەڵیٚ ئەسپیٚ بەس خوا بکا زاوزیٚ نەکا،

زاوزێ واتە جووت بوون، دایك و باوكی گەنجەش ماون و هەریەكێك لەسوچێك گەنجەكە لەبەر نەهامەتی خۆی دەڵێ ئەی نا پاك بۆچی منت دروست كرد، دایكەو باوكەشی لەگفتو گۆیەكە چ باسە خزمەت كارەكە وەڵامی دەداتەوە دنیا ئێستا خەریكی شەڕە، لەسەر كورسی ماچ كردن زۆر جار گەنجەكە بەخزمەت كارەكە دەڵێ نەمردوون مەبەستی دایك و باوكیەتی لەوە لەحەزی ئەوەیە بمرن.

لەرووی نواندن هەر چواریان تا ڕادەیەكی باش تێایدا سەركەوتو بوون، چووبوونە نێو ڕووداوەكە هەرچەندە باوك و دایكەكە حیواریان كەمبوو بەڵام جوان بەرجەستەیان كردبوو، جێگای خۆشحاڵیشە لەشێوەی بازنەیی بوو هەرچەندە دەقەكە خۆی ئەمەی دەخواست، هەم لەم شوێنەش گۆڕانكاریەكە بۆ كاری شانۆیی و دوور نییە ئەم جارە لەگۆڕەپانێك یاخود لەسەر شۆستەیەك كاری شانۆیی نمایش بكرێت، ئەوەی بەپێویستی دەزانم بیلێم خۆزگە هێندە كاری مەرگەساتی و گرفتی كۆمەڵایەتیە نەبێت هەرچەندە ڕێگا چارەیەكە، بەڵام بەداخەوە بەشی هەرە زۆری دەقەكان گلەیی و گازاندەو گرفتی كۆمەڵایەتی گەرچی لەئەمڕۆی ئازادی زۆر دەقی دیكەش شیاوە كاری لەسەر بكرێت بۆ ئەوەی تەنها لەم جۆرە دەقێك دەربچین، بەهیوای كاری زێترو سەركەوتوو٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٣١٣ ڕێكەوتی ٢٠٠٩/١٠/٣٠ بلاۆم كردۆتەوە

## سیزیف و مەرگ و موژدەیەکی نوێ

کاتژمێر ٦ ی ئێوارەی ڕۆژانی ١٧-١٨-١٩/٤/٢٠٠٧ بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندو هونەردۆستان و مامۆستا و قوتابیانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر شانۆگەری سیزیف و مەرگ لەنووسینی ڕۆبێر میرەل دەرهێنانی هونەرمەند یوسف عوسمان لەنواندنی ڕێکان ئەحمەد، بارزان ئەحمەد، سازان خدر، ژیار ئیسماعیل،هەژار یاسین، ڕەزا عوسمان، زەردەشت جەلال، لاڤان رەفعەت، لە هۆڵی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لەهەولێر نمایش کرا.

کارەهونەریەکان یاریدەدەری دەرهێنەر محەمەد جەمیل، بەڕێوەبەری شانۆ دارا مەحموود بەڕێوەبەری بەرهەم ئەرسەلان دەروێش، مۆسیقا نیاز محەمەد، جێبەجێکردنی پەیوەند ئیسماعیل، ڕووناکی محەمەد جەمیل، جێبەجێکردنی زاهیر ئیبراهیم و سۆران عادل، ئارایشت ئەمەل حەسەن، دیکۆر دەرهێنەر جێبەجێ کردنی دیکۆر، مەحموود عومەر، نیاز حەیدەر ، هۆشەنگ عادل، شانۆ ئەکرەم سەرپەرشتی هۆل بێزار سلێمان، هیوا عەلی، ڕۆژ محەمەد، کامەران صالح، گیڤارا حوسێن، جل و بەرگ بەختیار عوسمان، ڕاگەیاندن وەلید نانەکەلی، ڕێبوار عەبدوڵلاّ، دانا بۆتانی، پۆستەر ئارام ناسر، نمایشەکە پێشکەش کرا بوو بەرۆحی شاژنی درامای کوردی سەمیرە عەبدۆك، هەروەها ئەم شانۆگەرییە لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر بەهاوکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر بوو، ئەوەی ماوە منیش وەك بینەرێك بیڵێم ئەم شانۆگەرییە سەرکەوتنەکەی بەتایبەت بۆ دەرهێنەر دەگەڕێتەوە و گەرچی ئەو ڕاستییەی دەزانین ئەکتەرو ڕووناکی و مۆسیقا گەر شوێن خۆی نەگرێ لە کاتی نمایش کارەکە لێڵ دەکات، ئەوەی دەخوێندرێتەوە دەقەکە گومان لەوەی نییە دەست نیشانەکەو گونجاندنی پڕبەپیستی ڕۆژگاری ئەمڕۆی کوردستانە، ئەمە کاری دەرهێنەر

بوو ، چوست و چالاکی جولەکانی ئەکتەرو دابەش بوونیان و خوێندنەوەی خۆشەویستیان بۆ کارەکە لەڕەنگ و ڕووی ئەکتەرەکان دەبریقایەوە، هەوڵی دەرهێنەر بوو، دیکۆر کەخۆی نەخشەی کێشا بوو ئەمیش هەر خۆیەتی، ژیان شانۆیە ئەی بەپێچەوانەوە بیری لیٚ بکەینەوە دەبیٚ شانۆی هەر وڵاتێك بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەی بێت بەگشتی بەتایبەت بەسوودی بەرەو پێش چوون ، دوورخستنی کەم و کوڕییەکانی هاووڵاتی بەهەموو چین و توێژێکەوە هونەرمەندی دڵسۆزو بە ئەمەکی وڵات لەدوورەوە دەیبینی ئەمەش هۆکاری سەرکەوتنەکەی نیشان دەربوو، جگە لەمانە واقع گوزارشت و ڕەمزو هتد .. بەسەرکەوتووی تێکەڵ بەیەکدی کردبوو، هەروەها دەخوێندرایەوە کەدەسەڵاتدار شەڕی بسێندرێتەوە ناتوانن شەڕبکەن، بەڵام گەر گەورەکان و کۆت و پێوەندەکان هیچیان پیٚ نەکریٚ، دەبیٚ خەڵکە ئاساییەکە پێی هەڵسیٚ بەفرت و فیٚڵ ئیشەکە بکەن، بۆیە گەر ئێمەی کورد دەست لەناو دەستی یەکتر بنێین خۆمان فیٚڵ لەیەکتر نەکەین کەس ناتوانیٚ فیٚڵمان لیٚ بکات و بەسەرمان زاڵ بێت٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٤٧٣ ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٤/٢٣ بڵاوکردۆتەوە .

# كورسيەكان

لەچوارچێوەی چالاكیەكانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر بەهاوكاری ناوەندی داهێنان كاتژمێر ٤ ی ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممەو هەینی ٥-٦/١١/٢٠٠٩ بەئامادەبوونی ژمارەیەكی زۆر لەهونەرمەندو هونەردۆستان شانۆگەری كورسیەكان لەنووسینی یۆژین یوسنكۆ، وەرگێڕانی هەورامان وریا قانیع، ئامادەكردن و دەرهێنانی ڕۆژگار كەریم، نواندنی د- فەرهاد پیربال، هێرۆ مەولودی، كۆسرەت عەبدولرەحمان، هاوكارو ناوەند جۆڤان جەمال، نەوزاد نوری ،جوان بەهادین، بارزان ئیبراهیم، عاید ئیبراهیم، دیڤان مەزن، بێكەس تاهیر، سینۆگرافیا دەرهێنەر، جێبەجێكردنی بارزان حوسێن، كاردۆ بەهادین، دیڤان مەزن، كارەهونەرییەكان بەڕێوەبەری بەرهەم هیوا سوعاد، ب٠ ناوەندی داهێنان سەعد هەمەوەندی،یاریدەدەری دەرهێنەر ئیمان عیزەدین، بەڕێوەبەری شانۆ هونەری بارزان حوسێن، بەڕێوەبەری شانۆ كارگێری كاردۆ بەهادین، ڕووناكی زاهیر ئیبراهیم، جل و بەرگ دەرهێنەر، مكیاژ جوان بەهادین، مۆسیقا ڕێباز بەكلارنێت، عەبدولقادر بەچەلۆ، وێنەگری فۆتۆ جیهانگیر گەردی، ئێكسسوار دەرهێنەر، پۆستەر ئەیوب یوسف، بەرپرسی ڕاگەیاندن مەسعود مەلا هەمزە، پێشوازی بەهمەن حاجی، دیڤان مەزن، محەمەد مەحموود، وێنەگری ڕێكلام ئارام عوسمان، مونتاژی ڕێكلام كاروان زامدار، لێژنەی جێبەجێكردن یەحیا ڕەزا قادر، سەردار بەكر، هەڵۆ محەمەد مەجید، شانۆگەرییەكە پێشكەش بە هونەرمەندی كۆچ كردو ئەردەلان بەكر كرابوو كەهەر لەتەمەنی لاویدا گوڵی باخی ژیانی هەڵوەری، دەرهێنەریش لەوتەیەكدا دەڵێ:

كورسی بەواتا شیكارییەكەی دەسەڵاتە، ئەمرۆش لەهەموو دنیا كێشەی دەسەڵات هەیە، ئەو دەسەڵاتەش؟! وەك بینەرێك ئەوەی لەشانۆیەكە تێگەیشتبم وەك دەق دەقێكی زۆر گونجاوی سەردەمی خۆی و ئەمڕۆو تا ئەو كاتەی ژیان كۆتایی دێت گونجاوە چونكە ئەو دەقەیە باس لە كورسی دەكات واتە دەسەڵات وەرگرتن ئەمەش تموحی هەموو مرۆڤێكی ئەو دنیایەیە وەك حەزێكی سروشتی كەهەریەكەمان حەزمان لەمادەو گەورەیی و خۆ بەزل زانینە ئەمەش بەئاسانی نایەتە دەستمان دەبێ بچینە مەیدانی ململانێ و قوربانیدان، لەپێناو بەدیهێنان لەو دونیایە٠

گونجاوی ئەو دەقە ئەوەیە سەرتاپای  دونیا لەهەنگاوی  ئەوەن بەرەو زێتر وەرگرتنی بەدەست هێنانی دەسەلاّت واتە کورسی بۆ ئەوەی لەپێشەوەی زۆر کەسان بن لەدەوڵەمەندی ماددی و گەورەیی و خۆبەزل زانین و ئەمر دەرکردن لەسەر کەسانی ژێر دەسەلاّتان، قبوڵ نەکردنی  کەسی شیاو بۆ وەرگرتنی دەسەلاّتی گونجاوی خۆی لەهەر بوارێك کەگرفتی سەرەکییە بەتایبەت دەسەلاّت بۆیە ململانێی گەورەو پڕ مەرگەسات دونیای داگیر کردووە، بۆیە لەم دەقە خێزانێك کە ژن و پیاوێك بەیەکەوە دەژین لەگەڵ ئەمەش لەگەڵ یەکدا کۆك نین و بەئومێدی ئەوەی وتاربێژێك بێت وتارێك بدات بۆ بەرگری و گەیاندنی  ڕایەکانی جەماوەر بەرامبەر بەخاوەن شکۆ واتە دەسەلاّتداری یەکەمی ولاّت، بەلاّم کەئەویش دێت ناتوانێ وتارەکەی بدات زمانی لال دەبێت بەلاّم هەر چۆنێك بێت بەلاریەکەش جەماوەر تێی دەگەن.

لەڕووی نواندنەوە ئەو پەڕی جێگای خۆشحاڵی جەماوەر بوو کە د- فەرهاد پیربال  بەشدار بوو هەم توانی  سەرکەوتوو بەدەست بهێنێت، ئەو سەرکەوتنەش خاڵی سەرەکی  بۆ باوەڕ بەخۆ بوونی دەگەڕێتەوە کەهەم دەقەکەی بەشیاو دەزانی بۆ ئەمڕۆی سەردەم هەروەها هەردوو هونەرمەند کۆسرەت عەبدولرەحمان و هێرۆ مەولودی  بێ دوو دڵی و لەخەیاڵی بەرامبەر بەجەماوەر کە ئەمە گەڕانەوەیەکە بەپێویست زانین و زەروورەتە دەبێ باسی لێوەبکەن ئاوا تەمسیلیان کرد، کەواتە هەرسێ هونەرمەند توانیان ئەوەی مەبەستە لەدەقەکە بەئامادەبووان بگەیەنن دەرهێنەرو  کارەکانی  دیکەی هونەریش  ئەرکی خۆیان بەسەرکەوتوویی بەجێ گەیاند، خۆشحاڵی  ئەم کارە هونەرییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دەقێکی بیانی جیهانییە واتە تەنها باس لەژیان و کولتووری دەوڵەتێك  ناکات  ئەو ئەوە دەگەیەنێت ململانێی جیهان زۆرینەی بەهۆکاری بۆ بەدەست هێنانی کورسیە  بەدەقێکی شیاو گونجاوی دەزانم  کەلەسەر تەختەی شانۆی کوردیش  ئەم جۆرە دەقانە نمایش بکرێت، بەهیوای سەرکەوتنی و بەردەوامی بۆ ئەو جولەییەی کەکەوتۆتە ناو شانۆیی کوردی بەتایبەتی چینی گەنج بەپشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کەگەلێك کاری سەرکەوتوو بەم دوایە هاتۆتە نمایش کردن، بەنمایشێکی سەرکەوتوو کە توانراوە  جەماوەری شانۆ دەوڵەمەندتر بێت لەسالاّنی ڕابردوو٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٣٢١ ڕۆژی دوو شەممە ٢٠٠٩/١١/٩ بلاّوم کردۆتەوە

# سلاو له گیانی بووکی شانۆی هەولێر

ڕۆژانە چەندین هەواڵ دەبیستین ئەوەی خوێندنەوەی بۆ دەکەین هەواڵەخۆشەکان و دڵتەزێنەکانە بەتایبەت کەبەقازانج و زیانی گشتی دەبێت، لەبەرژەوەندی و دژە بەرژەوەندی کارەسات کەلایەنی میللەت دەگرێتەوە، ئەگەر چی بەتاکیش زیان حسێبە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە هەواڵی کۆچی هونەرمەندی بووکی شانۆی هەولێر سەمیرە عەبدۆك کەلەکاتژمێر ٩:٣٥ دەقیقەی بەیانی بەکاتی کوردستان ڕۆژی ٦/٤/٢٠٠٧ بەنەخۆشیەکی کوشندە لەئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد، ئەو لاشەی ڕۆیی بەلام بڕواناکەم هونەرمەندو هونەردۆستانی کورد لەیادی بکەن چونکە ئەو بەئاستو بەڕەوشت بەرزییەکی هونەریانەو خۆشەویستی نیشتمان و هونەرەکەی هاتە مەیدان، ئەو خاوەن هزرێکی وابوو هەرزوو هەستی بەگرفتی شانۆی کوردی کرد لەبواری کارەکتەری ئافرەت بۆیە بەڵێنی خۆشەویستەکانی بۆ کوردستان و هونەرەکەی بەجێ گەیاندو جگە لەلایەنێکی دیکەش هەرزوو منداڵەکانی بەکوڕو کچەوە لەفامیەوە پیرۆزی هونەری کردە عەشقێکی گەورە و لەدڵی هەریەکەی لەنەوەکانی ڕواند، بەڵگەش سەرجەم هونەرمەندو هونەر دۆست شایەدمانی ئەو ڕاستیەن، هونەرمەند بووە سەرقافڵەی ئافرەتانی هەولێر لەبواری خزمەت کردن بەهونەر، هونەرمەند بووە دایك، پەروەردەکاری هونەر، ڕاپەڕاندنی کاروباری ماڵەوەو ئامۆژگاری ئەم و ئەو لەئافرەتانی کوردستان هونەرەکەیان خۆشبووێ، بەڵێ بووکی شانۆی هەولێری سەلماند، لەتەك هاوسەرەکەی هونەرمەند سەعدون یونس، هاوتەریب بووی بەرەو ئامانجی هەڵکشان و پشتگرتنی هاوسەرەکەت بۆ بەرزکردنەوەی ئالآی شانۆی کوردی بۆ سەر لوتکەی هاوار بکەی کورد زیندووەو شانۆی هەیە، شانۆی بەرز وەك قەلاو منارە، ئاست و عەشقی هونەرین لەیەکەم هەنگاو گوتت هونەرمەندم و خزمەت دەکەم چونکە بووی بەخاوەن جەماوەر و هەر زوو بەحەسرەتی بینینت و خواستی بەردەوامیت بوون، هەر زوو دڵی جەماوەرو هونەرمەندت دڵشاد کرد کەهەی و دەتوانی خزمەت بەشانۆ بکەی، بەڵێ خزمەتت کرد، ئەوەتە چۆن ڕەونەقیت لەچاوی کورد

دەتروسکێتەوە لەهەبوو نەبوو، گەڕەکەکەمان، ئاسکەو هتد.بوویە هونەرمەندێکی کارامەو سەلماندت ئافرەتی کورد ڕۆشنفکرەو هیچی کەمتر نییە لەئافرەتە پێشکەوتووەکانی جیهان لەبوارە جیاجیاکان گەرپشت و پەنای هەبێ و ئازادانە بیر بکاتەوەو هەنگاوەکانی خۆی لەبواری حەزەکان دەسەلمێنێ ئەی ئەوەتۆی نەمر ئەم نموونەیە نێت، ئەی بووکی شانۆی هەولێر ، بەهەوالّی کۆچت هەولێر غەمبارە، هۆلّەکان زێتر، چونکە تۆ جوانت کردبوون، هونەرمەندان فرمێسك دەرژێنن، چونکە خەندە باران بووی بۆیان، بیریان لەگرفتی ئافرەت نەبوو تۆو پەروەردە کارەکانت دەستە وەستانی نەمری دەرهێنەر بوون، سلاّو لەگیانت بەقەد بەردی بەستان ، ئەستێرەی ئاسمان، ڕوحت شادە تەمەنت بەفیڕۆ نەچوو لەخزمەتی شانۆی کوردی بەڕێتکرد، بەلاّم زووبوو میللەت تازە،تازە فەریك گرتووی ئازادییە، هێشتا خەون بەزۆر شت دەبینێ، هێشتا گرفتی نەبوونی ئافرەتی شانۆکار نەبڕاوەتەوە، تۆ ڕۆیشتی نەتدەزانی گرفتی شانۆ هەیە، کەی هەولێرەکەت یەکێدی دیکەی وەك تۆ لەئاست و بەلّێن دروست دەبێ بۆ خزمەتکردنی شانۆی کوردی لەکوردستان، ئەمە جارێ مەحالّە، ئەی بووکی شانۆی هەولێر ئۆغرت خێر٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٤٥٨ ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٨ بلاّوم کردۆتەوە.

# تەنیا یەك شەو

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی هونەری شانۆی هەولێر بەهاوکاری گروپی گەنج بۆ شانۆ، کاتژمێر ٦ ی ئێوارەی ٥-٦-٢٠٠٨/٥/٧ بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندو هونەردۆستان شانۆگەری تەنیا یەك شەو لەنووسین و دەرهێنانی هونەرمەند کارۆخ ئیبراهیم لەنواندنی هونەرمەندان گۆران محەمەد فەقێ، ڕووبار ئیسماعیل بەشدار بووان موکریان ئەبو بەکر، شانۆ ئەکرەم، پەیوەند ئیسماعیل، گەیلان مەولود، هاوکار ئەکرەم، بژار سەعدی، ئەژی محەمەد ، ڕەنجدەر ئیبراهیم لەهۆڵی گەل نمایش کرا.

کارەهونەریەکان بەرێوەبەری بەرهەم هیوا سوعاد، لێژنەی بەرهەم نەورۆز محەمەد، هیوا عەلی ، عەبدولرەحمان نەخشەکێشی ڕووناکی کاریان شێرکۆ جێبەجێ کاری ڕووناکی مەزهەر ئیبراهیم ، کاریان شێرکۆ نەخشەکێشی دیکۆر ڕەنجدەر عەبدوڵلا جێبەجێ کارانی دیکۆر ڕەنجدەر ئیبراهیم ، شانۆ ئەکرەم، بژار سەعدی، هاوکار ئەکرەم، شێرکۆ، ستافی بەشدار بووان، دیزاینەرو پۆستەرو مۆنتاژی ڕیکلام کاروان زامدار، وێنەگری ڕێکلام، سامان عەدنان، ڤۆڵدەر هەژار سلێمان ، ئاوازو دابەشکاری موزیك بەهجەت نەجات، ژەنیاران شیاو کەمال، گۆران جەمال، ڕێباز وشیار ، ئومێد باڵەبان، هۆگر عەزیز، زیرەك محەمەدەمین، ئەنجامدانی مۆسیقا ستۆدیۆی کەنارە .

وەك هونەردۆستێك بەڕاستی زۆر خۆشحاڵبووم بەبینینی نمایشەکە، ئەویش بەهۆکاری چەندین هۆ لەوانە کەدەقێکی خۆماڵی سەردەمی بوو، بەشێوەیەکی جوان و ئاست بەرزی لەداڕشتن و بە خۆماندوو کردنێکی زۆر بەبناغەی ئەشقێکی پتەوەو بەباوەڕەوە لەگەڵ حەزی گەشی هزرێکی دەوڵەمەندو شیاوی خزمەت کردنی بۆ بواری هونەری دەگەڕێتەوە، دواتر گەنجێك کەهێندە بەم ئەشقە لەهەولێ بەردەوام بێت بۆ ئەو خزمەتە، بۆ گەل ئەوە جێگای دڵخۆشییەو دواڕۆژێکی ڕووناکە کەبەم ئاستە کار دەکات لەهەولێ بەردەوامیشە بۆ زیاتر بەرەو پێشچوون، شانۆگەرییەکە لەڕووی دیکۆر شتێکی تازەو بەماندوو بوون هاتبووە ئارا، ڕووناکی تازە، مەلەوانگە خستنە ناو شانۆ بەڕاستی تازەیەو هزرێکی جوان و ئاست بەرزییە، مۆسیقا زۆر تازە و گونجاو بوو نواندن بەئەشقێکی گەورە خۆ هیلاکی دەردەخست کەزیرەکانەو

سەرکەووتوانە بوو، لەدەق هەندێ ڕستەی کەتێدا بوو بەڕاستی سنووری شکاندوو گەیاندییە گۆڕەپانێکی وا گونجاو تازە کەئاستی شانۆ بۆ قۆناغی دیکە بەرێ دەکەوێ بەرەو هەڵکشان بەئاست بەرزی، ناوەڕۆك کە ئەمڕۆ گەلێك ململانێ و کێشەی وا بەدی کراوەو ڕوویداوە، دەبێ چارەسەری بۆ بکرێ چیتر تەشەنە نەستێنێ چونکە بەزەرەرمەندی میللەت دەگەڕێتەوە دەبێ هەریەکەیان خەمی بۆ بخۆین، لەڕووی کاری شانۆیی و بەخۆدا چوونەوە، ڕاگەیاندن، هەر بوارێکی شیاو بۆ ڕاست کردنەوەی ئەو گۆڕانکارییەی کەسەری هەڵداوەو بۆتە کێشەك وەك ئەو دەقە کەباسی لەکێشەی ژن و پیاوی هاوسەری یەکتر دەکەن، کەچۆن لێك تێناگەن و بەر لەهاوسەر بوون کەهەریەکەی لەڕۆژگارێکی جیاو تایبەت بەخۆی و بەو باوەڕەی کەلای پەسەند بووەو ئەنجامی داوە، لەدوای پێکهێنانی هاوسەر بوون، بەوتەیەك دواندن لەڕابردووی یەکێك لەکچە یاخود کوڕەکە گرفتێك سەر هەڵدەدا زۆرجار هێندە گەورە کراوە کەبەکوشتن یاخود جیابوونەوە بەکۆتا هاتووە، تێدا خێزانێك زەرەرمەند بووە، بۆیە کاری ئاوا جێگای دەست خۆشییە، هەروەها لەجوولە بەڕاستی جورئەتی تێدا بوو کەکچێك و کوڕێك هێندە سەرکەوتوانە ئەنجام بدەن و وەك واقیعێك لەسەر شانۆ، ناوی تەنیا شەوێکیش ئەوە دەگەیەنێ کەتەنیا شەوێك لەخۆشی دابوون و دواتر گرفت سەری هەڵدا ٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٨٤٦ ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٥/١٢ بلاّوم کردۆتەوە

# هونەرمەند بەهادین عەبدوڵڵا كۆچی دوایی كرد

یەكێ لەو هەواڵانەی پێی غەمگینین كۆچی دوایی ڕۆشنبیرانە، كەدەبیستین بەڕاستی گەلێك بە زەرەر دەزانرێ هەرچەندە قەدەر دێت و بەكەس ناگەڕێتەوە.

لەم ڕۆژانەدا بەهەواڵی كۆچی دوایی هونەرمەندێكی شانۆكاری دیكە تووشی تاسان بووین كە ئەویش هونەرمەند بەهادین عەبدوڵڵایە كەبەهەق بەئاستبەرزی خۆی ئەستێرەیەكی گەشی دونیای هونەری كوردی بوو لەهەردوو بواری دراماو فلیمی كوردی لە ٢٠٠٩/٩/٢١ كەدەكاتە دووەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانماڵئاوایی لەهونەرو دونیا كرد.

ئەم هونەرمەندە وەك ئەكتەرێكی سەركەوتوو لەچەند درامایەك و فلیمێكدا بەشدار بووە لەوانە سندووقەچا، لەگوڵی كاڵتر، گەردەلول و چەندان كورتە فیلمی دیكە، زۆربەمان لەبەر سەركەوتوویی ڕۆڵی لەنێو دراماو فیلمەكان دەیناسین ئەگەر سەركەوتوویی ئەو هونەرمەندە بزانین ئەوە سەرچاوەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كەبۆ هونەر كاری كردووە، هەرچەندە لەهیچ پەیمانگاو ئەكادیمیاییەكی هونەری نەیخوێندووە، بەڵام سەرچاوەی ئەو حەزە گەورەییەی وای لێكردووە بۆ هونەری هێناوەتە ئاراوە خزمەت بكات، بۆیە لەبواری نواندندا هێندە تیادا سەركەوتوو بوو، ئەمڕۆ سەرجەم هونەرمەندان و هونەردۆستانی كورد غەمبارن بەزیانێكی گەورەی دەزانن، چونكە دروست بوونی حەزی هونەری لەدڵی هەریەكێكدا هێندە بەئاسانی نابێتە عەشق و كاری بۆ بكرێت بەتایبەت لەسەردەمی ئەمڕۆمان كەپێویستیمان بەكەسانی هەڵكەوتوو هەیە لەدنیای خزمەتی مرۆڤایەتی بەعەشقێكی گەورەو پاكەوە كار بكات.

ئەم هونەرمەندە لەبەر ئەوەی چەندین ساڵ پێشمەرگە بووە، هەر لەساڵانی هەشتایەكاندا كاری هونەری بۆ ماددەو خۆ دەرخستن نەبووە، ئەو بەهونەر بۆ هونەر كاری دەكرد، بۆیە

سەرجەم ئەو هونەرمەندانەی لەدونیای دەرهێنان کاریان دەکرد بەبەشداری ئەو دڵخۆش بوون لەبەر ئەوەی هونەرمەندێکی بەسەلیقە بوو دەوری خۆی دەگێڕا، هەوڵی ئەو بۆ ئەو مەبەستە بوو کارەکەی بە سەرکەووتوویی ئەنجام بدات، کەواتە هونەرمەندیٚ بەهونەر بۆ هونەر کار بکات دوور لە بیرکردنەوەی مادده ئەوا گومان نییە سەرکەوتووە، ئەوەی لێرە پێویست دەکات دەربارەی ژیانی ئەو زاتە لەساڵی ١٩٥٣ لە گەڕەکی کانیٚ ئاسکان (کانی سکان) ی ئێستا لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، تەمەنی بەخەباتی سیاسی هەر لەهەشتایەکان و دوای ڕاپەڕینیش بەردەوام بووە، لە دونیای هونەری کوردی توانی ببێتە خۆشەویستی زۆربەی هونەرمەندان و هونەردۆستان بە هۆکاری سەرکەوتوویی لەکاری نواندنی دراماو فیلمی کوردی دا ٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٣٢٨٩) ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٠/٢ بلاۆم کردۆتەوە

# تارمایی ژنێك

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر کاتژمێر ١١ ی بەیانی و ٦ ی ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٠/٢١ بەئامادەبونی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری و ژمارەیەك لەهونەرمەندو هونەردۆستان شانۆگەری تارمایی ژنێك لە نووسینی ئیبراهیم ئەلبەحر، ئامادەکردن و نواندن و دەرهێنانی فرمێسك مستەفا لەهوڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ نمایش کرا .

کارە هونەرییەکان بەڕێوەبەری بەرهەم هیوا سوعاد، بەڕێوەبەری شانۆ محەمەد تاریق، جێبەجێ کاری ڕووناکی هیوا عەلی، لێژنەی گەیاندن سەلام باپیر، یەحیا ڕەزا، مۆسیقا سروود فازل، پۆستەرو ڤۆلدەر یەحیا ڕەزا.

تارمایی ژنێك دەقێکی زیندوو بوو، نواندنێکی بەتوانا، کارە هونەرییەکان بەگشتی تارادەیەکی باش سەرکەوتوو بوو، هۆڵەکەی کپ کردبوو سەرەنجی سەرجەم بینەرانی ڕادەکێشا کاریگەری لە ویژدان دەکردوو دەچووە نێو چیرۆکی ئەو چەندین ئافرەتە ڕۆشنبیرەی بەهۆکاری پیاوی نا ڕۆشنبیر لەدونیایەکی پڕ مەرگەسات ژیان بەسەر دەبات، بەڵێ ئافرەت هەیە ڕازییە لەگەڵ ئەو پیاوە ژین بەسەر بەرێت هەرچەند بەهۆکاری ئەو نابێتە دایك بەلاّم پیاوان پێچەوانەن بڕوایان بەوە نایەت بۆ تاقیکردنەوە پەنا بۆ ئافرەتی دیکە دەبات تا لەئەنجام بێ سوود دەبێت چونکە نەبوونی بەباوك خۆی هۆکارە، لەم دەقە کەپێگومان خاتوو فرمێسك بەهۆی ئامادەکردنی هێندە کردبووی بەکاریگەر چونکە ئەو زاتە هونەرمەندێکی بەرزە خەم لەم دیاردە نەشیاوانە دەخوات کە لەنێو کورد هەن، دەقەکەی زێتر شیاو کردبوو بەوەی خۆی نواندن و دەرهێنانی لەئەستۆ گرتبوو، چونکە ئەو لەو بڕوایە مسۆگەر بوو کەهێندە سەرکەوتوو دەبێت، ئەوەی لەڕەنگ و ڕوو ، دەق، ئاستی دەنگ، جوولە، زیرەکانە تێکەڵکێشی کردبوو وەك یەکێك لەو ئافرەتانە کەتەواو لەژیانی شارەزا بووین و قسەی خۆی بۆمان بکات وەك لەدەقەکە هاتووە .

ئافرەتێك هەرچەند بەخۆشەویستی شووی کردووە کەمنداڵی نابێت بەهۆی پیاوەکەی بەلاّم پیاوەکە بەهۆی خۆی نازانێ خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەتێك دروست دەکات ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێك دەهێنێ، ئەو ئافرەتە بەتەنیا دەمێنێ هەرچەندە ئەو دەزانێ بەهۆی پیاوەکەی نابێتە دایك لەگەڵ ئەمەش هاوسەرەکەی خۆش دەوێ ڕێزی دەگرێ، بەلاّم پیاوەکە لەسەرەتا ئەوی خۆش دەویست، بەنەبوونی باوك بەتەنیا جێی دەهێلێ بەدوای ئافرەتێکی دیکە دەکەوێ، ئەو ڕۆژانەشی دێتەوە یاد کەچۆن لەبوونیەوە خۆشی نەبینیوە هەرچەند تاقانەی دایکی بووە ئەو کە لەدایك بووە باوکی لەدایکی داوەو دواتر هەربەهۆی ئەشکەنجەدان دایکی کۆچی دوایی کردووە، تاوەکو بەشوو دراوە چەندین جار باوکی ئازاری داوە بەجەستە، ئەوەی ڕاستی بێت نموونەی لەو جۆرە هەیە بۆیە لەبەر زیندووی دەقەکەو ئاستی زیرەکی نواندنەکە کەهونەرمەند زۆر باوەڕی بەخۆی هەبوو تەواو چوو بووە نێو دەورەکە و وەك خۆی ڕووداوەکە بێت وابوو ئەوەش جێگای دڵخۆشییە ئافرەتێك هێندە زیرەکان نواندن بکات لەئامادەکردن و دەرهێنان خاوەن ئەو ئاستە بەرزە بێت چونکە ئافرەتی کورد تەواو نەیتوانیوە گرفتی ژیانی خۆیان لەم چەندە دیاردە  نارەوایە کەهەن هێندە بچنە نێو بنج و بنەوانی و کاری تیابکەن و لەسەر تەختەی شانۆ وا بە سەرکەوتوانە نیشانی جەماوەری بدات و بڵێن ئەوە گرفتی ئێمەیە تاوانەکەشی لەئەستۆی پیاوانە هەرچەندە ئێمە سەرچاوەی گرفتەکە نین ئێوەی پیاو خۆتان تاوەنبارن وەك ئەو دیاردەیە کەهەرچەندە نەبوونی ئافرەت بۆ دایك پیاوەکە خۆی هۆکارە ئافرەتەکە خۆی دوور دەخات لەگرژی و نارەزایی بەرامبەر پیاوەکەو نەبوون بەدایك قبوڵ دەکات لەگەڵ هاوسەرەکەی دەژی بەلاّم هەرگیز پیاو بەمە رازی نیەو گرفتەکەی دەخاتە ئەستۆی ژنەکەی تاوەکو خۆی تاقی دەکاتەوە بەئافرەتی دیکە ئینجاپەنجەی پەشیمانی دەگەزێت .

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٣٣٠٩) ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٠/٢٦ بلاّوم کردۆتەوە

## پێنج نەتەوە لەچاوەڕوانی باران دابوون

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، بەئامادەبوونی ژمارەیکی زۆر لەهونەرمەندو هونەردۆستان کاتژمێر ٤ ی ئێواری ڕۆژی دووشەمە ٢٠٠٨/١٢/١٥ لەمیوانداری ماڵی شانۆی ئەڵمانی، شانۆی لەچاوەڕوانی باراندا لەتێکستی سامۆ ئیلبێکت و میسال غازی لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند ئیحسان عوسمان، لەنواندنی د- هەیسەم عەبدولرەزاق ، موەفەق ڕوشدی، ئەنیتا تیلا، کورنیلیا ڤێنرا، کەمال سدقی لەهۆڵی ڕۆشنبیری نمایش کرا ٠

کارە هونەرییەکان بەڕێوەبەری بەرهەم هیوا سوعاد، بەڕێوەبەری شانۆ لوقمان مەجید، فۆتۆ میشائیل زاید، ڕووناکی هیوا عەلی، نەورۆز محەمەد محێدین، لیژنەی ڕاگەیاندن هەڵۆ عەبدولمەجید، هیوا عەلی، عەزیز جاسم، دیزاین عەزیز سەفا.

لەچاوەڕوانی باران بەزمانی هاوبەشی کوردی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، عەرەبی، فارسی نمایش کرا ئەوەی لەشانۆکە خوێندیەوە ناوەڕۆکی دەقەکە گوزارشت بوو لەهەریەکەی بەزمانی خۆی و لە ولاٚتی خۆی ئینگلیزی بۆ ئەمەریکا، ئەڵمانی بۆ ئەڵمانیاو عەرەبی بۆعێراق، کوردی بۆ کوردستان، هەریەکەی لەئەکتەرەکان هونەرمەندانی هەمان دەوڵەت بوون، شوێنەکە بریتی بوو لەبیابانێك هەردوو ئەکتەری ئەمەریکاو ئەڵمانی سەربازی هاوپەیمان بوون بەهۆکاری بزربوونی نەخشە ون ببوون، هەردوو ئەکتەری عەرەب و کورد لەبەندیخانەی ئیبن سەلمان هەلاٚتبوون لەبیابان ون بوون لەوێدا هەرچوار بەیەك دەگەن، هەریەکەی لەئەکتەرەکان لە مەعاناتی نەتەوەکەیان و خۆیان دەدوان، بەمەوە ئەوەیان دەردەخست کەهەریەکەیان مەعاناتیان چیە.

لەبواری نواندن ئەوە دەرکەوت کەهەریەکەی لەهونەرمەندانی ئەو ولاٚتانە چۆن تەمسیل دەکەن و ئاستی نواندنیان چۆنە، هەم کولتوری دەوڵەتەکەیان دەردەخست بەمە هەم شارەزای کاری نواندنی ئەو دەوڵەتانە دەبین، جگە لەشارەزایش لەبواری ئاستی کاری شانۆی ئەم ولاٚتەو سوود وەرگرتن لەکولتوری یەکترو ڕاوەرگرتن و ڕاگۆڕینەوە بەمەش لەمەودوا زیتر تێکەڵ

بەیەکتر دەبن و لەکولتوری یەکدی شارەزا دەبن، ئەمەش سوودێکی گرنگە لەزۆر بواری دیکـە وەك دەق، نواندن، کولتور، ئاستی شانۆ، بەسەرجەم لقەکانیەوە، ئەم جۆرە کارانە بۆ ئێمە وەك یەکێ تازە سەرقاڵی هەڵمژینی ئازادی و ڕزگاربوونی ژێر دەسـتەی ئێجگـار بەنرخـە، چـونکە تاوەکو ئێستا وەك ولاّتانی سەربەخۆ ئازادانە نەچـووبینە نێـو بـنج و بنـەوانی ژیـانی ولاّتـە پێشکەووتوەکان لە بوارە ئاست بەرزەکان، گرنگی هونەر لەوە سەرچاوە دەگرێت بەشـی هـەرە زۆری زمانی جیهانیە، سەرجەم ولاّتانی جیهان لەناوەڕۆك دەگەن، بۆیە ئەم کـارە شـانۆییە بـۆ هەریەکەی لە هونەرمەندان و هونەردۆستان لەوە گەیشتن معاناتی ئەم پێـنج نەتەوەیـە چـیەو ئێمەی کورد بە هەر جۆرە ترس و تۆقانێـك ببێـت توانیومانـە تاڕادەیـەك خزمـەت بەهونـەر بکەین، بەلاّم لەمەودوا زێتر دەتوانین چونکە ئەمڕۆ هونەرمەندانی کورد معاناتی کوردو خۆیان لەولاّتە پێشکەوتووەکان نمایش دەکەن و هونەری خۆیان دەردەخەن کورد خـاوەن چ ئاسـتێکەو معاناتی چیەو ژیانی جارانی ژێر دەسەلاّتی ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق و ژیانی ئەمڕۆی ئازادی و کوردستانێك لەژێر پەیڕەوی مافی مرۆڤ و ئاسـتی دیموکراسـی و بـەراوردێك لەگـەڵ جاران، هەم ڕوونکردنەوەیـەك بـۆ هەریەکـەی لـەم ولاّتانـە کەزۆرینـەی ئاگـاداری کـورد نـین لەمەرگەساتی جارانی ژێر دەسـەلاّتی ڕژێمـەکانی پێشـووی عێـراق و ئـەمڕۆی پێشـکەوتنی کوردستان، لێرەدا دەڵێم بەردەوامی ئـەم جـۆرە کارانـە زێـتر مێـژوو معانـاتی ئـەوانمان بـۆ دەردەخات و هەروەها ئێمە بە هەمان شێوە شارەزایەکی تەواوی ئاستی شانۆیان و هەم مێژوو مەعاناتی ئەوانمان بۆ دەردەکەوتێت کەچۆن بەئەمڕۆی پێشکەوتن گەیشـتوون و ئێمـەش زێـتر لەدوای هەوڵ و تێکۆشان بین تاوەکو ئاستمان بەرەو هەڵکشان بهاوێژێ.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٣٠٥٠) ڕۆژی دوو شەممە ٢٠٠٨/١٢/٢٢ بلاّوم کردۆتەوە

## حوسێن میسریش ماڵئاوایی کرد

یەکێك لەو شۆڕە سوارانەی لەدوای ڕاپەڕینەوە توانی ئەسپی خۆی تاوبدات و چەندین دراما بهێنێتە بەرهەم  ئەویش هونەرمەندی بەتوانا حوسێن میسری بوو، کەبەداخەوە کۆچی دوایی ئەو زاتە بووە کەسەرێك بۆ سەرجەم کوردی خاوەن هەستە نەتەوەییەکان، ئەوانەی بەئومێدی گەییشتنی کورد بەسەرجەم مافە ڕەواکانیان، چونکە هونەرمەند یەکێك لەو زاتانە بوو بەو ڕۆژە بگات کوردستانی سەربەخۆ ببینێت، ئەو زاتە گەورەیە لەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە لەرێکەوتی ٢٠٠٩/٥/٣١ لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی بەنەخۆشی دڵ دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوتوو لەگردی سەیوان لەسلێمانی بەخاك سپێردرا.

ناو براو ناوی تەواوی حوسێن ڕەحیم محەمەد ئەمین، لەساڵی ١٩٥٦ لەکەرکووکی دڵی کوردستان لەدایك بووە، بڕوانامەی هونەری لەم شارەدا بەدەست هێناوەو خاوەن چەندین بەرهەمی شانۆو درامایە گرنگترینیان خۆرنەوازان لەساڵی ١٩٩٩ دا کە زیاتر لە  ٢٥ زنجیرە بوو هەر زنجیرەیەکیش ماوەی ٤٠ خولەك بوو، دوای ئەویش چەندین درامای دیکەی هێنایە بەرهەم لەوانە : ڕەشەی پۆلیس، حەسەنە فەنی، گوڵە بێ ڕۆژەکان، وەستا جومعە، نیشتمان، هەروەها بەنیازی درامایەك بوو بەناوی ڕەزاو ڕەمەزان گەرچی کاری نووسین و ئامادەکاری تەواو کردبوو، بەئومێدی کاری پرۆڤە بوو، مخابن مەرگ رێگەی پێنەدا ٠

ئەگەر بچینە نێو دنیای کارەکانی بەئەشقێکی گەورەوە کاری دەکردو ئەو دەیزانی جەماوەر چی دەوێت بۆ نموونە لەیادمە لەدرامای خۆرنەوازاندا خاوەن چ بینەرێك بوو، کەشەوانە لەشاشەی هەردوو کەناڵی کوردسات و خاك چۆن کپ دەبوون و دەچوونە نێو دونیای ناوەڕۆکی درامایەکەو هەم جوانی دەور بینینی ئەکتەرەکان دەیخستنە واقیعیەتێك کەلەبەر چاوان و دڵ چەند خۆشەویست بوون چونکە ڕووداوی کۆمەڵی کوردەواری بوو، کەخەونیان بەهەندەرانەوە دەبینی، سەرکەوتووی کارەکانی لەناو جەرگەی خۆمان و گرفتە کۆمەلآیەتیەکانەوە بوو، کەتاوەکو ئێستا گەلێکمان لەژێر دەستی چەندین باوی نارەوادا دەناڵێنین، باوەکان قبوڵ ناکەن

بەئومێدەکانمان بگەین، ئێمەش لەبەر هێندە نواندنی ئەکتەرەکان و تەواو چوونە ناو دنیای واقعی ناوەرۆکەکە و هەڵدانەوەو ئاشکرابوونی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان کەزۆربەمان لەپێناویدا تێیدا زەرەرمەند بووینەو بەئومێد نەگەیشتوونە دەبووە ئەشقێك لەدڵەوە نەتوانین لەزنجیرە دراماکانی ئەو زاتە پاکەدا دوورکەوینەوە.

لەکۆتاییدا ڕاستە بەلاشە لێمان دوورە بەڵام کارەکانی دەوڵەمەندیەکی زۆری خستە سەر خەرمانی هونەری کوردی، ئەو توانی لەڕێگەی هونەر خزمەتێکی بەرچاوی هونەری کوردی بکات، لە پێناویدا چەندین جار خەلاَت کراوە، کەواتە تەمەنی بەبێ سوود بەڕێ نەکرد، بەمە بووە یەکێك کەزۆرترین بەرهەمی شانۆو دراما لەدوای خۆی بەجێ بهێلێت و هەم بووە هەرە خۆشەویستەکانی هونەرمەندو هونەردۆستان و سەرجەم ڕۆشنبیران٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٣١٩١) ڕۆژی هەینی ٢٠٠٩/٦/٥ بلاَوم کردۆتەوە٠

# تەلار هیرانی ڕاسکۆیانە دوا

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێرو بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان و هونەردۆستان کاتژمێر٥ ی ئێوارەی ڕۆژانی ١٩-٢٠-٤-٢٠١١ مۆنۆدرامای ژنەکەی ئەو ماڵە لەنووسینی داریۆفۆ، وەرگێڕان و ئامادەکردنەوەی تەلار هیرانی دەرهێنانی کارین باریستراند نواندنی تەلار هیرانی لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێرنمایشکرا،

شیاوی گوتنە بەرهەمی تیپی شانۆی ئارارات و لەیەکەمین دیداری گوڵە مێخەك باشترین ئەکتەری کچ پێ بەخشراوە هەروەها بەرلێرەش لەشاری سلێمانی و ڕانیەو دەربەندیخان نمایشکراو ئەو مۆنۆدرامایە بەشێوەیەکی کۆمیدی و لەقالبی لێبوکئامێزدا باسی لەچەندین کێشەی دیاری کۆمەڵایەتی ناو خێزانی دەکرد، جگە لەوەی هونەرمەند تەلار هیرانی لەچەندان کاری شانۆییدا بەشداری کردووە بەڵام لەو کارەیدا هەوڵی جیاوازی داوە لەگەڵ کارەکانی دیکەو توانای پێشکەوتوویی بەدەرخست گەر خوێندنەوەیەك بۆ ئاستی نواندن و دەق و کاری هونەرییەکانی بکەین ئەوە ڕاستیەك بەدەر دەکەوێت کەئەم هونەرمەندە لەهونەر هەنگاوی بەرەو پێشکەوتوویی ناوەو ئاستی بەدەردەکەوێت بەڕاستی هونەرمەندە چونکە زۆر بەجورئەت باسی لەکێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکرد کەئەمڕۆ لەنێو کوردەواری سەری هەڵداوەو هەمووشمان ئەو ڕاستیەمان لەبەر چاوەو پێویستیشە وەك بەمەبەستی ڕێگری لێکردنی کەکارێکی ناڕەواو نادروستە باسی لێوەبکەین بۆ ئەوەی ئەو پیاوەی پەیڕەوی دەکات، چونکە ئەمە گرفتێکی گەورەیە لەکردارێکی ناڕەواو قێزەوەن کەکولتووری کوردی قبوڵی نییە، دەقەکە ئافرەتێك سەرەتا تووشی داوی خۆشەویستی بووەو تیایدا بەهەڵەدا بردراوەو دواتر شووی بەپیاوێك کردووە پیاوەکەش بە هۆکاری دڵپیسی لێی ڕۆژانە کەدەچێتە دەرەوە دەرگای بەسەردا کلیل

دەدات کەوەك بەندێك ژین بەسەر دەبات، پیاوەکەش سەرقالی حەزو ئارەزووی جنسی و ڕابواردنە، جارجاریش بەتەلەفۆن پەیوەندی بەژنەکەیەوە دەکات هەر چەندە دەرگای لەسەر داخستووەو کلیل لەلای خۆیەتی بەلاّم هێشتا ئاسوودە نییە لەبەر دلّپیسی لێی، ژنەش بەتەنیا باسی ژیانی خۆی دەکرد بەلاّم جەریئانەو ڕاستگۆیانە بەتایبەت باسی ژیانی هاوسەری و تامو چێژی سێکسی و ئەمەش واقعێکە و هەر چەندە تائێستا لەنێو دەقی کوردی بەو شێوەیە باسی لێوەنەکراوەو بەم جۆرەیەش لەئاستی نواندن و دەنگ و جولە نەبیندراوە، ئەمانە ئاستی هونەری تەلاری هونەرمەند بە دەردەخات بەڕاستی هونەرمەندێکی زۆر بەتواناو ئاست بەرزو جەریئە کەدەقێکی لەو جۆرە پڕ لە واقعیەتی ئەمڕۆی نێو کورد کەکەسانی لەو جۆرە پیاوانە زۆر هەن ئەمانەش نەشیاوەو ناڕەوایە، بۆیە دەقی شانۆی لەو جۆرە بەپەسەندو دروست دەزانم کەئەو ڕاستیانە بەدەردەخەن و ئەوە بخەنە ڕوو هونەرمەندان ئاگاداری ژیانی کوردو ئەو گرفتانەن کەهەیەو ئەرکی ئەوانە جەریئانە وەك هونەرمەند تەلار هیرانی بخەنە ڕوو چونکە ئەو دەزانی هونەر ئاوێنەی گەلەو دەیەوێ هونەرێکی پاك و دروست وشیاو دروستکراو لەنێو کۆمەلّگەبخاتە ڕوو، بەهیوای زێتر سەرکەوتوو بۆی.

٠ بەناوی بەلّێن جەمال لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٧٥٥ دووشەممە ٢٥-٤-٢٠١١ بلاّوم کردۆتەوە

## شالێر هیوایەك بۆ بەرەو پێشچونی شانۆی کوردی

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر،بەئامادەبونی ژمارەیەك لە هونەرمەندان و هونەردۆستان، کاتژمێر ٤ ی ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢-٤-١١-٢٠١٠ شانۆگەری شالێر لەنووسینی ولیەم شکسپیر ئامادەکردن و دەرهێنانی مەهدی حەسەن، یاریدەری دەرهێنەر دیار عومەر، نواندنی یوسف عوسمان، هەردی ئەنوەر شێخانی، دڵشاد شەهاب، بارزان ئاراس، ئەژین سەلیم، زەردەشت جەلال، لەهۆڵی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر نمایش کرا.

لەبینینی شانۆگەرییەکەدا ئەو خوێندنەوەیەم لەلا دروست بوو، هونەرمەند مەهدی حەسەن لەو شانۆیەدا توانی دەقێکی کۆنمان سەر لەنوێ بۆ دروست بکاتەوە، واتە دەقە نوێیەکە هەڵوەشێنێتەوەو دەقە کۆنەکە زیندوو بکاتەوەو لەدیدگای خۆی بۆ نموونە هەتا توانی نوێخوازییەك بکاتن لەتەختەی شانۆ، کەدابەشی کردبوو بۆ سەر دوو بەش، وشکانی و ئاو، ئەوەش هەر یەکەی دەلالەتێکی فەلسەفی خۆی هەیە، دیارە هەموو چەکەکانی ژیان کەسەیری بکەین لەمرۆڤ بگرە لەدارو بەرد، لەفەوزا بگرە هەموو دابەش بووە بەسەر دووبەش بۆ نموونە نێرو مێ، وشکایی تەڕایی، واتە لەهەموو چەمکەکان توانی ئیشیان لەسەر بکاتن و خوێندنەوەیەکی نوێمان بداتێ بۆ دەقی شانۆی کوردی، ئەمەش وایکرد کەوا دەقی شانۆی کوردی دەوڵەمەند بێ بەم چەمکە فەلسەفیانەی کەلەو دەقەدا بەرهەمی هێنا بوو، توانی زیرەکانە لە شانۆی بەرجەستەی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندەوە بکاتن کەقۆناغێکی نوێیە، هەروەها دەتوانین ئەوەش بڵێین سەردەم سەردەمی سەوزاییە بۆ ئەوەی بتوانین تا چەند سەوزایی دروست بکەین چونکە دروست کردنی سەوزایی قسە کردنە لەسەر ژینگە، دەتوانین بڵێین لەدەوڵەتان قسە لەسەر ژینگە دەکرێت کەچۆن بتوانرێت ژینگەی وڵات بپارێز، چونکە ژینگە خاڵێکی زۆر جەوهەرییە پەیوەستە بەزیندوویتی مرۆڤەکانەوە، چۆن دەتوانین ئەو مرۆڤانە

لەژینگەیەکی پاك دوور لەو تەکنەلۆژیاو کارگانە، واتە چۆن بتوانین مرۆڤ دووبارە بگەڕێنینەوە سروشتە پاکەکەی خۆی کەهەروەك چۆن ڕۆمانسییەکان سوودیان لێوەر گرتبوو، یا چۆن دەتوانین ئەو هەموو تەنگەبەرو دیوارانەی بۆ نموونە کەمرۆڤ لەناخی خۆیدا دروستی کردووە، جارێکی دیکە بتوانین پێیدا بچینەوەو شتە خراپەکان بەرەو باش بەرین و ئەمەش وا دەکاتن فەلسەفەیەك یان فکرێکی نویێ لەلامان دروست بکاتن، بۆیە دەتوانین بڵێین مەهدی حەسەن توانی بۆ نموونە ئەو دیوارەی لەبەردەم دەقی شانۆ یان لەنمایشی شانۆی کوردی هەبوو، توانی نمایشێکی زۆر نوێترمان پیێ پیشان بداتن کەئیش کردنە لەسەر دوا تراتیژییەت، میتۆدەکە ئێستاکە بۆ نموونە لەهەموو مەجالەکاندا ئیشی لەسەر کراوە لەوانە فیمینیست، تەلار سازی،زمانەوانی ،چیرۆك ، شیعر، بۆ نموونە لەشیعر کرایە، لەدەق نامەی ماستەری، لەسەر هاتییە، بەلاّم لەشانۆ نەکرایە، بۆیە مەهدی توانی بەڕەنگێکی زۆر جوان و کراوەتر بێتن ئیش لەسەر شانۆی کوردیدا بکاتن و دەقی کۆن هەڵوەشێنێتەوەو دەقێکی نوێتری لیێ دروست بکات، لەڕوویەکی دیکە کە شالێر میر بوو، ژیانی لەنێو ئاوەکە بوو، دواتر کەمیریەتی لەدەستداو لەوشکایی دەژیا، بەلاّم هەر خۆی بەمیر دەزانی و هەر چەندە دەسەلاّتداریەتی لەدەستدا بوو لەوشکایی.

وەك نواندنیش تەواوچوو بوونە نێو ناخی کارەکتەرییەکەو هەریەکەی تەواو کارەکانیان بەرجەستە دەکرد ئەمەش جێگەی خۆشحاڵییە لەگۆڕانکارییە هونەرییەکان بەتایبەت لەشانۆ، لەسەر دەستی چەند هونەرمەندێکی بەتواناو ئاست بەرزو ئەکادیمی بەتایبەت لاوەکان یەکێکیش لەوانە مەهدی حەسەن بەڵگەی ئەو گۆڕانکارییەو سەرکەوتنەی ئەم شانۆگەرییە بوو، کەئەو ڕاستییانەی دەرخست، هیوای سەر کەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازین و جێگەی دڵخۆشی بوو.

* لەڕۆژنامەی بارزان ژمارە ١٩٠ یەك شەممە ٢٨-١١-٢٠١٠ بلاّوم کردۆتەوە.

# وێستگەی چاوەڕوانی هەڵماڵینی مەرگەساتی جەنگ بوو

لەچوارچێوەی وەرزی شانۆیی لەهەولێر، بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، کاتژمێر ٤ ی ئێـــوارەی ڕۆژی سێشـــەممە ٣٠-١١-٢٠١٠ بـــەئامادەبوونی ژمارەیـــەك لەهونەرمەنـــدان و هونەردۆستان شانۆگەری وێستگەی چاوەڕوانی لەنووسینی مەهتابی مەلا عوسمان و دەرهێنانی هونەرمەنـــد دلڤـــین موحســـین موحەممـــەد، ئەکتـــەرەکان دلڤـــین موحســـین، هێـــرۆ مـــەولودی، سایەحوسێن، جوتیار رەفعەت، عەبدولڕەزاق عەبدوڵلا، حەســـەن ســـامر، کۆمبـــارس، هەســـتی جەمال، ئیبراهیم سابیر، موحەممەد تـــاریق، دەربـــاز موحســـین، مەســـعود مســـتەفا، مـــەحموود تەحسین، یەکێتی ئیبراهیم ، ڕابەر حوسێن، ڕێبین فەیسەڵ، لەهۆڵی گەل لەهەولێر بـــۆ مـــاوەی سێ ڕۆژان نمایش کرا.

لەگەڵ بینینی شـــانۆگەرییەکە خۆشـــحاڵ بـــووم و ئـــەو خوێندنەوەیـــەم وەك بینـــەرێك لـــەلام دروست کە دەیخەمە ڕوو، سەرەتا دەقەکە وەك ناوی وێستگەی چاوەڕوانی تەواو دروستە، بەڵام ئەگەر تۆزێکی دیکە چڕبکرایەوە زیـــاتر بەســـەرکەوتویی دەژمێـــردرا، لەبـــەر ئـــەوەی دوبـــارەی لەخۆدا گرتبوو، وەك بیرۆکە ئێجگار شیاو لەبەر ئەوەی ڕووداوی ئەم دەقە دڵۆپێکـــە لـــەدەریای ژیانە پڕ مەرگەساتییەکانی گەلی کوردمان، ڕاستی ساڵانی هەشتایەکان بەهۆکاری ئەو جەنگە نەگریسەی نێوان عێراق و ئێران کەماوەی هەشت ســـاڵانی خایانـــد گـــەلێك تیایـــدا زەرەرمەنـــد بووین وەك ناوەرۆکی ئەو دەقە کچێك و کوڕێکی ئەڤینـــدار لەیەکـــدی ترازانـــد کچـــە خـــەڵکی هەڵەبجـــەی شـــەهیدە، قوتـــابی زانکـــۆی بەغـــداو دایکـــی کـــوڕە بـــەبێ ئـــەوەی یەکـــدی بناســـن لەوێستگەی شەمەندەفەر لەچـــاوەڕوانی دیلـــەکان بـــوون، کاتێـــك دیلـــەکان دەگەڕێنـــەوە ئـــەوێ لەگەڵدا نییە، لە هەڵگرتنی وێنـــەی کوڕەکـــە کچـــەو دایکـــی کـــوڕە لەیـــەکتردا ئاشـــکرا دەبـــن خۆشەویستی کچەکە کوڕی ئەو دایکەیە لەچاوەڕوانی کوڕەکەیتی، جگـــە لـــەوانیش ئافرەتێـــك پیاوەکەی شوێن بزر ببوو، بەڵام ئەو شووی کردبۆوە لەحەزی ئەوەدا نەبوو پیاوەکـــەی یەکـــەمی لەژیاندا مابێت دیل بوو بێ چونکە دەیگوت شەرمەزاریە بۆ من، وەك لەدەقەکەدا هاتبوو کچە بێزار بوو لەتەنیایی و تیرو توانجی خەڵك، کەبۆتە قەیرە کچ و بـــۆ شـــوو ناکـــات، ئـــەویش ئـــەو

بەڵێنـــەی دابـــوو بەکـــەس ڕازی نـــەبێت لەچـــاوەڕوانی ئەڤینداریيەکەيـــدا بێـــت، بـــەڵکو ديلـــەو دەگەڕێتەوە، ئەو دەيگوت چاوەڕوانی بۆ من ئاوات وخەياڵە کـــەماوەی ١٠ ســـاڵ لەچـــاوەڕوانی دابوو، هەر چەندە ئەوەی بۆ ڕوون نەبوو ماوە يان مردووە، پيرەژن دايکی کوڕە کە لەچاوەڕوانی کوڕەکەيدا بوو بەر لەوەی بێت بۆ وێستگە سەردانی گۆڕی شێخ عەبدولقادری کردبوو، پاڕابۆوە ئەوەی مرازی هەيە پێيبگات، ئەمەش دەرخستی ئەو دابونەريتەو کولتورەيە کەکورد سەردانی گۆڕی شێخ و سەيدان دەکات، ئەو سندوقێکی پێ بوو بەو نيازەی بەکوڕەکەی شـــاد نەبێتـــەوەو وێنەی بخاتە ناو سندوقەکەو بيخاتە گۆڕەوەو بۆ دامرکاندنەوەی دڵی سەردانی ئەو گۆڕە بکات، لەهەمان کاتدا باسی هەڵەبجەی تێدا بوو کچە ئەو يادگارييانەی لەگەڵ ئەڤينەکەی دەگێڕايـــەوە کەپێی گوتووە شارەکەت چاوی لە تۆيە، لەباسی هەڵەبجە بەشارێکی خنکاو مـــاڵێکی ســـووتاو باسی لێوە دەکرد، هەروەها لە گفتوگۆی پيرە ژن و کچەکە پيرەژن بەکچەکەی گوت:

شەرمە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەچاوەڕوانی کوڕی خەڵکی، هەروەها دواتر گوتی:

گەر خۆشەويستيت نەبوايە تۆم بۆ کوڕەکـــەم دەخواســـت، هـــەتا ئـــەو ڕۆژەی دەمـــرم هـــەر چاوەڕوانم ئەمانە وەك واقيعێك لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری باوە، لەکۆتايدا شانۆيەکە دەنگی منداڵێك و هەڵدانی کۆتری سپی کەبەردەوامی ئاشتی و ژيانی نيشاندا لەجێگەی خۆيدا بوو.

لەڕووی هونەرييەوە ڕاستی دلڤين وەك نواندن دەورێکی ئێجگار جوانی گێڕا، هەروەها هێرۆ مەولودی و ئەکتەرانی ديکەش خاوەن ئاستی بەرز بوون، بـــەلاّم وەك دەرهێنـــەر هەنـــدێ شـــتی زيادە بوو وەك پيشاندانی دوکەڵی هەڵبجەو زێدە بەکار هێنـــانی جولـــەو بەتايبـــەتی لـــەکۆتايی دەف لێدانەکە، بەلاّم ئەو ڕاستيە هەيە کەهونەرمەند دلڤين بەجورئەتێکی زۆرەوە تـــوانی خـــۆی لە بواری دەرهێنان تاقيبکاتەوەو باوەڕی بەخۆشی هەبوو لەسەرکوتويی، لێـــرەدا دووبـــارە ئـــەو ڕاستييە دەڵێم و دەست خۆشی ئەو ئاستە بەرزەی دەکەم کـــەزۆر ســـەرکەوتوانە نوانـــدنی کـــردو چووە ناو کارەکتەرييەکەی خۆی ڕۆڵی خۆی بەئاســـتێکی زۆر بـــەرزەوە پيشـــاندا، ئەکتـــەرێکی سەرکەوتووەو لەبواری دەرهێنان توانی هەنگاوی خۆی بهاوێژێت، بەهيوای کاری ديکەو لەپێناو ئەو ئەرکە پيرۆزييەی هونەر کە بەتايبەتی لەئافرەتان کەهێشتا کەلێنی تيادايە.

* لەڕۆژنامەی بارزان ژمارە ١٩١ يەك شەممە ٥-١٢-٢٠١٠ بلاّوم کردۆتەوە.

## شانۆی دادگا ململانێ لەنێوان قەڵەم و دەسەڵات

لەچوارچـێوی چـالاكیەكانی بەڕێوەبـەرایتی هونـەری شـانۆی هـەولێر، بـەئامادەبوونی ژمارەیەك لە هونەرمەندان و هونەردۆستان، كاتـژمێر ٤ ی ئێـوارەی ڕۆژی سێشـەممە ٧-١٢-٢٠١٠ شانۆی دادگا لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەنـد لـەتیف نوعمـان تۆمـا، وەرگێڕانـی خەلیل یابە كەریم، ئەكتەرەكان تەها ئاغا جان، گەلاوێـژ تـاهیر، عەبـدولڕەزاق شەمسـەدین، ئەحمەد جەوهەر عەدۆ ، هەدار ئەنوەر، غازی ئەحمەد شینە، هـێمن حەمـەد ڕەشـید، سـەردار بەكر سەعید، كاروان شەمسەدین، لەهۆڵی گەل بۆ ماوەی سێ ڕۆژ نمایشكرا.

دادگا وەك دەق بـەناوە دەقێكـی خۆماڵییـە، بـەلاّم وەك كـاركردن بـەخۆماڵی نەدەچـوو، بەنموونە دوو ڕۆژنامەنووس تەهاو گەلاوێژ پیشەیان ڕۆژنامەنووسییە تـاوەكو كۆتـایی گەلاوێـژ حیواری نەبوو، عەبدولڕەزاق وەك بـەرپرس لەگـەڵ تـەهای رۆژنامـەنووس لەململانێـدا بـوو، لەبەرئەوەی لەڕۆژنامە بەتایبەت ئەنتەرنێت لەسەری دەنووسێ، ئەگەر چی هەردوكیان لەدادگا بەندكران، هەروەها بەرپرس دەیگوت ئەنتەرنێت دانراوە بۆ سـوود بەخشـین تـاوەكو زانسـت و زانیاری لێی بنوسرێت و لێی وەرگیرێت، نەوەكو بۆ كاری نا ڕەوا، گەرئاوابێت شـیاوە، لێـرەدا ئەگەر بۆ ئەمڕۆی سەردەم بێت ئەوە ئەو ڕاستییە هەیە ڕۆژنامەنوس هـەن تـەنها لـەدوای زۆر نووسـین لەسـەرحكومەت و حـزب بـەبێ سەرچـاوەو بەڵگـە، بـەڵكو هەڵبەسـتراوەو لـەپێناو بەرژەوەندی ئەوحزب و لایەنە كە بەرژەوەندی لەگەڵدا هەیەو كار بۆ خودی ئەودەكات، گەروەك دواحیواری دادگا قسە بكەین كە گوتی:

مێژوو بەم قەڵەمە نووسراوە،پێنووس بۆخۆشەویستی و هەموو شتێك بنووسـن نهێنیـەكان ئاشكرا بكەن، هەروەها گوترا قورئان و تەوڕات و ئینجیل بەقەڵـەم نوسـراوە، بـەلاّم لـەدادگا

ئەوەی ڕوون نەکرد ڕۆژنامەنوسەکە یاخود بەرپرسی دەسەڵاتدار کـەکامیان تاوانبـارو کامیـان لەسەر هەق بوون ، دەبوا دەقەکە ڕوونتر بێت، وەك نواندن هونەرمەنـدان تـەهاو عەبـدولرەزاق نواندنی جوانیان کرد، بەڵام گەلاوێژ زۆر ساردی و ترسی پێوە دیار بوو، وەك دیمەنی گوزارشـت کەهەریەکەی لە ڕۆژنامەنووسەکان تەهاو گەلاوێژ دەسـتیان بـۆ دەسـت وپـێ دەبـردو دەنگـی حەپەی سەگمان گوێبیست و بەهەرجۆرە گوزارشتێك بێت ڕەوانییە، لەسەرەتای دیمـەنی یەکـەم هەردوو ڕۆژنامەنووس کەسـەیری ڕۆژنامـەکانیان دەکـردو فڕێیـان دەدا نـازانم چ مانایـەکیان دەگەیاند، ئایا ڕۆژنامەکانی دیکەیان بەڕەوا نەدەزانی گەر وابێت گونجـاوە، وەك جـل و بـەرگ بـەرگی دادوەرو هاوکارەکـانی شـیاو نـەبوو، هـەردوو پاسـەوانی بەرپرسـە دەسـەڵاتدارەکە حیوارەکانیان لەجێگەی خۆیدا نەبوو، بەڵکو بەگەمەکردن بەبەرپرسەکە دەچوو گەروا بێت دیارە کەسێکی هەڵەیە کردارەکانی ناڕەوایەو ڕۆژنامەنووسەکە نووسـراوەکانی کەلەسـەری دەنووسـی ڕاستن، گەرواش نەبێت دەبوا ئەوە دەرخات هەریەکەی پێویستە بەڕاستگۆو پاکانەکاری خۆیـان ئەنجام بدەن ئەوە دروستە، لەگەڵ هیوام بۆکاری سەرکەوتوتری،پێویستمان بەکاری شـانۆ هەیـە لەپێناو هۆشیاری جەماوەر

* لەڕۆژنامەی بارزان ژمارە ١٩٢ یەك شەممە ١٢-١٢-٢٠١٠ بلاّوم کردۆتەوە

# شانۆی فێرکردنی منداڵان

شێوازەکانی پەروەردەو فێرکردن لەپێناوی دروست کردنی مرۆڤـەو ئامـادە کردنییـەتی بـۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر لەڕاژەی کۆمەڵەکەیدا بێت، وڵاتان هەموو جۆرە ڕێگایەك پەیڕەو دەکەن بە مەبەستی گەیشتن بەباشترین ئەو ڕێگەیەی کەدەبێتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرو پێشکەوتوو، قوتابخانەش شوێنێکی بنەڕەتییە بۆ کاری پەروەردەکاران لەپـەروەردەو فێرکردندا ، قوتابخانە شوێنێکە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسـنورێکی فراوانـدا، منـداڵ بـەژیانی کۆمەڵایەتییـەوە دەبەسـتێتەوە، لێـرەدا جیهانێـك دەدۆزێتـەوە، کەشـایانی لێوردبونەوەیـە ، هەروەها قوتابخانەش بوو بەناوەندێکی کۆمەڵایەتی کەپێشترمنداڵ پێی ڕانەهاتبوو، منـداڵیش ئاگاداری ئەم پێوەندییە نوێیانە دەبێ و هەستیان لێ ڕادەگرێ و وشـەو زانیـاری تـر دەخرێتـە سەرزانیارییە سادەکەی پێشووی، چۆن زانیارییەکان بەشـێوەیەکی کاریگـەر دەگەنـە منـداڵ، هونەری شانۆ لەهۆشیاری کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ، لەبەرئەوەی گفتوگۆو مۆسیقاو ڕووناکی و جلوبەرگ لەچوار چێوەیەکی فراوانداپێشـکەش دەکرێـت، پاشـان بەگـەڵێ شـێوەی سەرنجڕاکێش ئەو زانیارییەی کەمەبەستە دەگەیەنرێت و لەهۆشدا دەچەسپێنرێت، ئـەم هونـەرە شانبەشانی هونەرەکانی دیکـە، بیسـتن و دیـتن دەبێتـە ئـامێرێ بـۆ فراوانکردنـی زانیـاری و خۆشەویسـت کردنـی لای منـداڵ، شـانۆ دەتـوانرێ ببێتـە ڕێگایـەك بـۆ ڕوونکردنەوەیـەکی سـەرنجڕاکێش لای منـداڵ، جـا دەبـێ قوتابخانـە هـەوڵێ بـدات بۆپێشخسـتنی ڕێگاکـانی ڕوونکردنەوەو دەرچوون لەشێوە کلاسیەکیەکەی، بەشێوەیەك شانۆ هەستی منداڵ قوڵ دەکاتەوە بەرامبەر ئەو زانیارییانەی پێشکەش دەکرێن، بەجۆری کە بەرامبەری ببێتەوەو تێکەڵاوی ببێت و پرسیار بکات بێجگە لەمەش دەبێ شانۆ ببێتە بەشێك لەبابەتی وانەوبخرێتە سەربابەت لەناو قوتابخانەدابخوێنرێ و پراکتیك بکرێ، ئەمەش ماوە دەدا بەمنداڵ کەپشوویەك بدا، ئەگـەر بـە

شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پێی بگات ئەوا خۆشی خۆی تیا دەبینێ و هۆشی ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان، شانۆ ماوە بەمندالّ دەدات کەوا بەهرەو سۆزو بیرەکانی خۆی بدۆزێتەوە ، قوتابخانە توانای گەشەپێدان و بەهرەکان و بەکارهێنانیانی هەیە بۆ بەجێ گەیاندنی پەیامەکەی لەبلاّوکردنەوەی زانیاریدا، ئەویش بەهۆی ئامادەکردنی بارودۆخێکی هونەریی وا کەماوە بدات گەشە بکەن وپێ بگەن، لەمەش گرنگتر شانۆ بەرنامەی قوتابخانە بگرێتەخۆ بە شێوەیەك کەمندالّ هەست نەکات کەپێوەندییەکی بنەڕەتی هەیە بەخوێندنەکەی، بەلّکو وەك زانیارییەکی ناو ژیان لەوانەیە لەقوتابخانە هەبێ یان لەشانۆ یان لەمالّەوە یان لەناو کتێب، کەوای لێ دەکەن باش سەیریان بکات و لێی تێبگەن، ئەم جۆرە ڕووتێکردنە پێویستی بەگشتی کردن هەیە بۆ ئەوەی ماوەکانیان فراوانتر بێت و کارێگەری هەبێ ئەو بارو دۆخەی قوتابخانە لە هەنگاوێکی سەرتاییەوە دەست پێدەکات، بەرەو هەنگاو نانی زێتری بەکەلّك، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە بارودۆخە بێتەدی، دەبێ ڕۆشنبیرییەکی شانۆیی بەدەستەوە بێ بۆ ئەوەی بەهۆیەوە کار ئەنجام بدرێ و بابەتی شانۆش وەك بابەتی خوێندنیتر جیاوازی نەبێت لەگەلّ هەر بابەتێکی تردا، هەروەها چەسپاندنی ڕەگی شانۆی قوتابخانەیی ئەرکێکی هەنووکەییە.

* سوود لەکتێبی مقدمە فی مسرح الاتفال حسب اللەیحیی وەرگیراوە
* لەگۆڤاری ڕامان ژمارە ٤٦ ی نیسان ٢٠٠٠ بلاّوم کردۆتەوە.

## جەوهەرباپیر
## شەهید، هونەرمەند، پێشمەرگە

هەر لەدوای ڕاپەڕینی بـەهاری ١٩٩١ لەکوردسـتانی باشـوور وەرزی بـەهار دەگەڕێتـەوە چەندان یادگاریم لەخۆشی و ناخۆشی دینەوە یادم، ئەوەی کـەزۆر تیـادا غـەمبار دەبم شـەهید بوونی هونەرمەندی شانۆکاری بەئەزموون و ئاستبەرز جەوهەر بـاپیر- ە، لەبـەر هۆکـاری کـە بەڕاستی هونەرمەندێك بوو لەدونیای هونەرخاوەن ئاستێك سـەرجەم بینـەری شـانۆو درامـای خۆشحاڵ دەکرد ، هەرچەندە دەرچووی هیچ پەیمانگەو کۆلیژی هونەر نەبوو، بـەڵکو لەخوێنـدن دەرچووی قۆناغی سەرەتایی بوو، کاری ڕۆژانەی بژێوی لەسەر پیشەی فیتەری ئۆتۆمبیل بوو، هەر لەدوای گەڕانەوەی لەو پیشەیەدا دەچووە نێو هونەرمەندان لەتیپەکان بۆ دانیشتن و یاخود پرۆڤەکردنی شانۆ یان بەشداری کردن لەوێنەگرتنی لەدونیای دەوری ئەکتەر.

هونەرمەند جەوهەر باپیر لەدوای بەشداری کردنی لەدرامای تەلەفزیۆنی تاپۆ هـەقی چـییە کە بەدەور بینینی خدر لۆبیافرۆش بەشدار بووە بەو ناوە ناوبانگی دەرکردو ناسرا دەتوانین بڵێین بە پێش ناوی خـۆی کەوت،جگـە لـەوەی کەهـەردەم هاوکـاری هونەرمەنـدان بـووە لـەبواری یارمەتیدانی بە ماددە هەر چەند خۆی خاوەنی دوو هاوسەر بوو لەگەڵ ئەمەشدا کرێچی بـوو، هەر بۆیـە خۆشەویسـتی سـەرجەم هونەرمەنـدان و هاڕێیـەکانی بوو،لەبـەرپاکی و دڵسـۆزی و هاوکاری و ئاستی بەرزی هونەری و خۆشەویستیەکەی لەڕادەبەدەر بۆ هونـەر زۆرجـار لـەڕووی مادیەوە هاوکاری کاری شانۆیەکانی دەکرد تاوەکو کارەکە نەوەستێت٠

لەڕوویەکی دیکەوە خاوەن ورەیەکی بەرزو باوەڕبوون بەخۆی بوو، بۆیە لەکارەهونەریەکان و کاروپیشەی زۆر سەرکەوتوو بوو، لەخۆشەویستی بۆ خاك ونیشـتمانەکەیی وخـزم و هاوڕێیـانی کەسێکی دیارو بەرچاو بوو، بەکاری هونەری سەرکەوتوو زۆر خۆشحاڵ دەبوو، ڕاستی بەجـەرگ و ئازاو چاونەترس بـوو، لەژیانـدا بەئومێـدی ئـەوەبوو کـورد بـەمافی ڕەوای خـۆی بگـات و کوردستان بگات بەوڵاتێکی سەربەخۆو ئازاد، هونەرمەند لەگەڵ هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی بەهاری

١٩٩١ له ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بەوەفا بۆ ڕێبازی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیی نەمرو بەشداری ڕزگارکردنی شاری هەولێرو کەرکووکی دڵی کوردستان و چەندان شارۆچکە زۆر مەردانەو ئازایانە دەکات، وەك ئەوەی کەخاوەن ئەزموونی ژیانی پێشمەرگە بوو بێت لەمێژوویەکی دوورو درێژ بەشداربوو، ئەمەش بەهۆکاری ئەو خۆشەویستیەی بۆ حزب و کوردستان، هونەرمەند لەبەردەوامی بەرگری و ڕزگارکردن بوو تاوەکو ڕێکەوتی ٣١-٣-١٩٩١ لەکۆڕەوە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان بۆ سنوور هونەرمەند سوێند بەخوای گەورەو پیرۆزی خاکی کوردستان و گۆڕی بارزانیی نەمر دەخوات بەرگری لەشاری هەولێری خۆشەویستی بکات و پشت لەدوژمن نەکات، بۆیە سەردانی باوکی دەکات و پێی دەڵێ باوکە منداڵەکانم ئەمانەتی تۆ بێت هەولێر بەجێ ناهێڵم بەرامبەر دوژمن دەوەستم ئەگەر شەهید بووم ئاگاداری منداڵەکانم ببە، ئەوە بوو هونەرمەند بەڵێنەکەی بەجێگەیاندو بەرامبەر دوژمن مەردانەو ئازایانە دەجەنگێت بۆ بەرگری کردن لەشاری هەولێر تاوەکو لەشەقامی ئێستای سەد مەتری نزیك گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لەدوای ئەنجامی شەڕێکی سەختدا گیانی بەخشی ولەو ڕۆژە مێژوویەی کۆچڕەودا شەهید بوو.

هونەرمەند بەئومێدی ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ بوو کوردستان خاوەن سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت بێت بەڵام مخابن تەنها ٢٣ ڕۆژی ئازادی بەچاوی خۆی بینی، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی هونەرمەند جەوهەر باپیر کە مێژووی تۆمارکراوی بەهونەرمەندو پێشمەرگەو شەهید تۆمارکرا٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٧٣٧ دووشەممە ٤-٤-٢٠١١ بڵاوم کردۆتەوە

# منیش گریام

لەم ڕۆژانەدا لەبینینی دیدارێکی هونەری لەگەڵ هونەرمەندی شانۆکار ئیبراهیم حەکیم لە کەناڵی ئاسمانی هەولێر، زۆرتام وچێژم وەرگرت و زۆر یادگاریم هاتەوە یاد، جگە لەڕایەکانی کەزۆر بەسادەیی و ڕاستگۆیانە لەبواری شانۆو دراماو بەشدار بوونی تایبەتی خۆی و هەروەها سەردەمی ژیانی منداڵی و گەنجایەتی و پەیدا کردنی قل و سەربوردەی خۆش و ناخۆشیەکانی لەگەڵ هاوڕێیان و هونەرمەندان و ئەو کاتەی گۆرانی وتووە، هەر لەو دیدارە کاتێ سەردانی هۆڵی گەل- ی کرد بۆ باس کردنی چالاکیەکانی لەو هۆڵە، لەبەر دەرگا دیارە ئەوەی هاتۆتە یاد کەچۆن لەگەڵ چەندان هونەرمەندی نەمر کەناوی هێنان بەشداری کاری هونەری کردووە، وەك سەفوەت جەراح، شەهید جەوهەر باپیر، سەمیرە عەبدۆك و...هتد، خۆی بۆ نەگیراو لەپڕمەی گریانیدا ،فرمێسك بەگوڕ لەچاوانی باری منیش لەپڕمەی گریانمدا چونکە سەرجەم ئەم هونەرمەندانەو زۆری دیکەم دەناسی کەئێستا لەژیاندا نەماون، کارەجوانیەکان و ئاستە بەرزییەکانیانم لەم هۆڵەدا بینیومن،لەوانە تاهیر تۆفیق، موحەممەد جەزا، فوئاد ئەحمەد، تەحسین تەها، سەفوەت جەڕاح، مۆسیقا ژەن سەید ئەحمەد بەرزنجی و..هتد، هەرچەندە مردن هەقە ئێمەش بەدوای ئەواندا دەچین، بەلاّم ئەو ڕەوشت بەرزییە وپاکی و دڵسۆزی و خۆشەویستیەی جاران لەناو ئێمەو ئەوان هەبوو، ناتوانرێت لەیادیان بکەین، جگە یادی ئاست بەرزیەکانیان، بۆیە کەهونەرمەند ئیبراهیم گریاو بەگریانی ئەو منیش یادەکانم لەگەڵیاندا هاتەوە یاد گریام، هەقمانەو لە یادیان نەکەین، خۆزگە ئەو خۆشەویستییەو پاکی و دڵسۆزییەی کەجاران لەنێوان یەکتر هەبوو، ئێستاش هەروا بوایە چونکە کاری هونەری ئاستی مرۆڤایەتی بەرەو پێش ببات وخزمەتی نەتەوەو گەلەکەمان بکات، بەگیانی تەبایی بۆ ئەو مەبەستە کەسانی دیکە بەدوورخەین ، تاوەکو ئاستی هونەری بەرەو پێش بچێت و خۆشەویستی گیانی بەگیانی بگەڕێتەوە وەك جاران٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٧٦٢ سێ شەممە ٣-٥-٢٠١١ بلاّوم کردۆتەوە

## خوێندنەوەی دوو کورتە فیلمی کوردی

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی ناوەندی فیلمسازی هەولێر- لە هەر ١٥ ڕۆژ جارێك کورتە فیلمێکی کوردی نمایش دەکرێ و یەکێك لێدوانێك دەربارەی ئاستی فیلمەکە دەخاتە ڕوو، دواترلەلایەن ئامادەبوانەوە گفتوگۆ دەربارەی فیلمەکە دەکرێ، هەتاکو ئێستا دوو کورتە فیلم نمایش کراوە، جێگای خۆشحاڵیمە لەبینینی هەردووکیان ئامادەبووم و زۆرخۆشحاڵ بووم لەبەرئەوەی خاوەنی ئاستێکی بەرزبوون و هەم ئەوچالاکیانە سوودێکی زۆر دەگەیێنێت بۆ بەرەو پێشچوونی ئاستی هونەری کورتە فیلمی کوردی و بەخۆداچوونەوەی کەم و کوڕییەکانی فیلم و چۆن دەتوانرێت هەنگاوی بەرەو پێشەوە بەرین، لەبواری ئەم هونەرە ئەم دوو فیلمەی نمایشکران، یەکەمیان ئەنتێنا لەسیناریۆ دەرهێنان عەدنان عوسمان و دووەمیان بەناوی نیشتمان لەسیناریۆی هێرش عەبدولوەهاب و دەرهێنانی عەبدولخالق جەودەت،لێرەدا بەکورتی تیشك دەخەمە سەرئاستی هونەریان و دەستخۆشی بۆ خاوەن ئەو بیرۆکەیەو ناوەندی فیلمسازی هەولێر کەئەرکێکی پیرۆز بە ئەنجام دەگەیێنێت کەخزمەتێکەلەپێناو بەرەو پێشچوونی ئاستی دونیای ئەم هونەرەو هەم کاتێکی خۆشە بۆ هونەرمەندان و هونەردۆستان.

ئەنتێنا لەڕووی ناوەرۆك و ئاستی کارە هونەریەکانی تەواو شیاوو گونجاوو ئاست بەرزبوو، شوێن ماڵی پیرەژنێك لەگوندێکی شاخاوی بەفر دەبارێت، کات ئێوارەیەو حەز لەبینینی فیلمی کارتۆن دەکات بەلاّم بەهۆکاری بەفر بارین ئەنتێناکە تەواونییە کار لەفیلمەکە دەکات وێنەی نامێنێ، چەندجارێك دەچێتە سەربان بۆ چاکردنەوەی ئەنتێناکە بەلاّم کاتەکە تەواو دەبێت و ناتوانێ بەئاسودەیی تەماشای فیلمە کارتۆنەکە بکات، هەروەها وێنەی کوڕە لاوێك لەژوور بەقەد دیوار هەڵواسراوە وای بۆ دەچم ئەو کوڕە گەنجە کوڕی ئەو پیرەژنە بێت و ئەنفال کرابێت. فیلمەکە دیالۆگی تیانە بوو بەلاّم بینەر لەناوەڕۆکی دەگەیشت و پەیامی خۆی دەگەیاند.

فیلمی دووەم هەم باس لەکارەساتی ئەنفال دەکرد، کەناکۆکی لەنێوان کوڕو باوکێکە، کوڕە دەبێتە ئەفسەرو دەچنە نێوان هەڵچوون و داچوون، ڕاستی گوزارشتی جوانی دەرخست سەربازەکان نەخشەیان دەکێشاو گوندێکی خاپوریشی پیشاندا.

ئەم فیلمە لەڕووی مونتاژەوە زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ بەیەکتر بەستنەوەکەیانی کردبوو کە تیایدا سەرکەوتوو بوو، ڕاستی ئەم جۆرە ڕووداوو مەرگەساتانە زۆرهەن کەلەمێژووی کورددا تۆمارکراوەو هەمیش تاوەکو ئێستا زۆر لەبەسالاچووان بەتایبەت گوندنشینان کەسەدان ڕووداوو ژیانی پڕ مەرگەساتیان بینیوە، جێگای خۆشحاڵییە سینەماکارانی کورد ڕاستی ئەو ڕووداوانە بە کورتە فیلم پیشانی هونەرمەندان و هونەردۆستانی کوردو جیهان دەدەن و خەلات وەردەگرن بە هیوای سەرکەوتن زیاتر بۆیان

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٧٧٩ دووشەممە ٢٣-٥-٢٠١١ بلاۆم کردۆتەوە.

## \خوێندنەوەیەك بۆ شانۆیی ڤرنیس

لەچوار چێوەی چالاكیەكانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەرمەندان و هونەردۆستان كاتژمێر٦ ی ئێوارەی ٥-٧-٦-٢٠١١ لەهۆڵی گەل شانۆیی ڤرنیس لەنووسینی مۆلێر، ئامادەكردنی هیوا سوعاد، دەرهێنانی لوقمان مەجید، ئەكتەرەكان ئەیام ئەكرەم، عەلی ئەحمەد، نەوزاد ڕەمەزان، دلڤین موحسین، تارا عەبدولڕەحمان، هێرۆ مەولودی، قاسم نوری، یونس عوسمان، هێمن حەمەد ڕەشید نمایشكرا.

ئەگەر وەك خوێندنەوەیەك لەو شانۆیەدا قسەی لەبارەوە بكەم وەك دەرهێنەر، دەق، نواندن، مۆسیقا، دیكۆڕ، ڕاستی وەك دەرهێنەر تا ڕادەیەك سەركەوتووی پێوە دیاربوو، بەلاّم وەك ئامادەكاری دەق دەتوانم ویژدانم ئاسوودە بكەم ڕاستی تیایدا سەركەوتوو بوو، تەواو گونجاندبووی بەزروفی ئەمڕۆ بەپەندو ڕاوو قسەی نەستەق بەشێوەیەكی كۆمیدیانە بەتایبەت هونەرمەندی كۆمیدی ئەیام كەزۆر سەركەوتوانە تەواو چوو بووە نێو ناوەرۆكی دەورەكەی خۆی بە جولەو دەنگەوە، هونەرمەند دلڤین موحسین ئەمڕۆ یەكێكە لە هونەرمەندە هەرە سەركەتووەكانی ئافرەتی كورد كەچووبووە نێو دەورەكەی خۆی بەجولەو دەنگ و سیماوە، بەهیوای زێدە سەركەوتن بۆ هەردوو هونەرمەندی زۆر سەركەوتوو، هەروەها هونەرمەندان عەلی ئەحمەد، نەوزاد ڕەمەزان، هێمن حەمەد ڕەشید، یونس عوسمان، ئەوانیش تا ڕادەیەكی باش كەوتبوونە نێو دەورەكانیان، بەلاّم هونەرمەندان قاسم نوری، تارا عەبدولڕەحمان، هێرۆ مەولودی ماندوو شەكەتیان پێوە دیاربوو، ڕەونەقی دەورەكەیان پێوە دیار نەبوو كەتیایدا

ئاسوودەبن و بەدەورەکەیان واقعیەت پیشانی بینەران بدەن، هەروەها لەبواری دیکۆڕو مۆسیقاو مکیاژو جلوبەرگ بەگونجاوم دەزانی، بەگشتی تاڕادەیەکی باش تیایدا سەرکەوتوو بوون.

لەئەمڕۆی سەردەم ئەم جۆرە شانۆیانە بەدەقێکی ئاوای کۆمیدی زۆر پێویستە جەماوەر بەگشتی حەز لەم جۆرە کارانە دەکەن تێنویەتیان پێوە دەشکێ، لەبەر ئەوەی باس لەزروفی ئەمڕۆ دەکات و بەوتە کۆمیدیەکان جەماوەر دەخاتە پێکەنین بەتەواو گەلێ ئاسوودەم بۆ ئەو ڕاستیەش ئەم هەموو جەماوەرە بەڵگەیەکە بۆ حەزەکانی بینەران و سەرکەوتووی شانۆیەکە، بەلاّم ئەکتەر هەیە کەدەتوانێ لەچەندین دەق و جۆری شانۆیی بەشداربێت و تیایدا سەرکەوتوو بێت، بەلاّم هەیە ناچێتە نێو دەورەکەو بۆیە لەدوورەوە هەست بەوە دەکرێ تەنها بۆ بەشداری هاتووە، دڵەکەی خۆشی ئاگاداری دەکات کەتیایدا سەر کەوتوو نییە کەبەشداری پێ دەکەن موەکی تێدایە٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٨٠١ هەینی ١٧-٦-٢٠١١ بلاّوم کردۆتەوە

# توندوتیژی دژبەئافرەتان شەوی لەدایکبونی نەخستە خۆشی

کاتــژمێر ٦ ی ئێــوارەی ڕۆژانــی دووشــەممە و ســێ شــەممە ٢٧-٢٨-٦-١١-٢٠١١ بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەرمەنـدان و هونەردۆسـتان شـانۆگەری شـەوی لـەدایك بـوون لەنووسینی مەهتابی مـەلا عوسمـان، دراماتۆرك موحسـین موحەممـەد، ئەکتـەرەکان، دلڤـین موحسین، هێرۆ مەولودی ، ڕووپاك عەبدولڤادر، شیلان مستەفا، موحەممەد تاریق، دەرهێنانی ئومێد تەحسین شەعبان، ئاستی کارە هونەریەکان وەك ڕووناکی، مۆسیقا، دیکۆر، تارادەیەکی باش سەرکەوتووبوون، وەك نواندن، سەرجەمیان زۆر سەرکەوتووبوون، ماندوبوونی دەرهێنـەری پێوە دیار بوو، وەك دەق گونجاوی ئەمڕۆو سبەیە، ئەگەرخوێندنەوەیەکی بـۆ بکـەین پێویسـتی بەدەست خۆشیە کەئێمەی کورد شانۆمان هەیەو دەتوانین کاری جوان بەرجەستە بکەین، بـەلاّم وەك هەندێ ڕا هەیە کەکورد شانۆی هەرنییە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە زۆر لەخاوەن ئەوڕایانـە هەرنایەنە بینینی شانۆیەکان ، ئەم شـانۆیەی واقیعێکـی ئـەمڕۆی توندوتیـژی دژ بـەئافرەتان دەردەبـڕێ و هــەروەها باوکسـالاری کەزاڵـەو کچـەکانیان بـەبێ ئـەوەی خۆشەویسـتی بـۆ بەرامبەرەکەی هـەبێت ژیـانی هاوسـەرگیری لەگـەڵ کوڕێـك پێـك دەهێنێـت ئەمـەش بۆتـە کوولتورێك و پەیڕەو دەکرێت هەربۆیە گیروگرفت و تەلاّق و توندو تیژی هێندە زۆرە بەم هۆیەی پێکهێنانی هاوسەرگیریەکە دوورە لەخۆشەویستی پێش وەختەیان بەڵکو تەنها لەلایەن دایـك و باوکەیان دروست بووە، لەم شانۆیە ئاوات ئافرەتێکەو شوی کردوەو دایکـی هیوایـە، لـەڕۆژی لەدایك بوونی هاوسەرەکەی کەناوی کاروانە ژووری ڕازاندۆتەوە بەم یادە ئاهەنگ سـازبکەن و کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکدیدا بەسەربەرێ، بەلاّم ئەو ناگەڕێتەوە ئەگەر چـی خوشـکی بـەناوی ئایش و دایکی ئاوات لەخزمەتی باوکە پەککەوتەکەن کەواتە ئافرەت هەردەم خۆشەویستی بـۆ هاوسەرەکەی هەیە، بەلاّم پیاونا، چونکە بەنموونـە پێچـەوانە بوایـە ئـەوە بەزۆرینـەی پیـاوان خزمەتی هاوسەری پەککەوتەیان ناکەن وەك لەدەقەکەش ئاوات ئەو ڕاستیە دەڵێت، کاتێ بـەو

شەوە ئایشی خوشکی دێتە لای ئاوات، مشتو مڕو ململانێ دروست دەبوو هەندێ جاریش دەچوونەوە سەردەمی منداڵی کەچەند خۆش بوو بڕوایان دەکرد، دروست بوونی ململانێکەیان بەهۆکاری ئەوەی بەهیوایە کاروانی هاوسەری دەگەڕێتەوەو ئایشی خوشکی دڵنیایە کەناگەڕێتەوە، جگە لەمەش ئەو پیرەژنەی دراوسێیان کەمامۆستایەکی خانەنشینە ئەویش بەزۆر بەشوو دراوەو لەژیانێکی تاڵدا بەتەنیا دەژین لەبەرئەوەی منداڵی نەبووەو هاوسەرەکەی ژنێکی دیکەی هێناوە، لەدەقەکەدا هاتووە لە نێوان هەردوو خوشك ئاوات و ئایش هەتا شوو دەکەین دەبێ چاوەڕوانی باوکمان بکەین کە شومانکرد دەبێ چاوەڕوانی پیاوەکانمان بکەین، هەروەها هاتووە هیواخۆشە هەتا دەمرین دەبێ بەهیوا بژین، لەکاتی هاوسەرگیری کێ هاوار بکا بڵێ نایکەم، باسی کاتیی مارەبڕینی کرد زۆر گریاوە، بەهۆکاری نەخۆش کەوتنی دایکیان هەردوکیان لەقوتابخانەیان دەرهێناون ئاوات چاوەڕوانی ڕووناکیە، بەلاّم لەجەنگدایە دواتر خۆی ئەو ڕاستیە دەزانێ بۆیە دەڵێ چاوەڕوانی کەسێك مەکە لەپشتەوە خەنجەرت لێ دەدا ئەویش وادەزانێ من خەنجەری لێ دەدەم، هەروەها دەرخستنی بووك و زاوا کەسەما دەکەن و قەڵەوێرەیەك کەباوکیان تیادا کەوتووە دایك وخوشکی خزمەتی دەکەن، گوزارشتێکی جوان بوو.

* بەناوی بەڵێن جەمال لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٨١٥ دووشەممە ٤-٧-٢٠١١ بلاّوم کردۆتەوە.

# تاکەی چاوەڕوانی

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، کاتژمێر٨ ی ئێوارەی ڕۆژانی پێنج شەممەو هەینی ٢١-٢٢-٧-٢٠١١ بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەرمەندان و هونەردۆستان شانۆگەری تاکەی چاوەڕوانی، لەنواندنی د٠ئیقبال نەعیم و د. ڕێکاردۆ یوسف، گەڤاڵ سدقی، کورلێنیا وێرنێد، تانسەر یوحەنادێقی، موزیك کریستف کنیت، یۆرگ شنایدەر ، دەنگ موحەممەد کارێزی، جلوبەرگ کەڤاڵ سدقی، بەڕێوەبەری بەرهەم هیوا سوعاد، بەڕێوەبەری شانۆ هیواعەلی، ڕووناکی د.هەیسەم عەبدولڕەزاق، هیوا عەلی، دیکۆر ئیحسان عوسمان، بێزار سلێمان، مکیاژ یوحەنا دێقی، فۆتۆ جیهانگیر گەردی، دیزاین عەزیز سەقا، ئامادەکردن و دەرهێنانی ئیحسان عوسمان لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر نمایشکرا.

دەق بەزمانی کوردی، عەرەبی، ئەڵمانی، هونەرمەندەکانیش کوردو عەرەب و ئەڵمانی، کارە هونەریەکان تەواو گونجاو، دەرهێنەر سەرکەوت و نواندنەکان زۆر سەرکەوتوو بوون، ناوەرۆکی شانۆیەکە پیاوێکی خواپێداو تەنها لەبیرکردنەوەی تێربوونی حەزی سێکسی خاوەنی سێ ژن کوردێك و عەرەبێك و ئەڵمانییەك، ژنە عەرەبەکە ژنی یەکەمی، کوردەکە لەدوای ماندو بوونێکی زۆرو بەواسیتە دادەمەزرێت دەبێتە سکرتێری ئەوپیاوە، دواترپیاوەکە دڵی بۆ دەچێ و بەهەر جۆرێك بێت دەیخوازێت، دواترپیاوەکە کچە هونەرمەندێکی ئەڵمانیش دەخوازێت کەواتە ئەوە سەڵماندنێکە ئەو پیاوە لەدوای حەزی سێکسیەو بەهۆی زەنگینی سەروەت و سامان توانیویەتی ئافرەتانی سێ نەتەوە هەڵبخەڵەتێنی و بیانکاتە هاوسەری خۆی بەمەبەستی تێرکردنی حەزی سێکسی و بەس، ئەمەش یەکێکە لەوپیاوانەی کەڕێچکەی پیاوسالارییان گرتۆتە بەرو پەیڕەوی دەکەن، بەڵام لەئەنجامدا لەدوای ململانێیەکی زۆری نێوان هەرسێ ژنەکە، بەتایبەت ژنە کوردو عەرەبەکە لەگەڵ ئەڵمانیەکە چونکە ژنە ئەڵمانیەکە ژنی بچووکێتی و خزمەتی زۆری پیاوەکەی دەکات، پیاوەکە لەنێو حەوزێکی گەرماویماڵەوەیەو

ژنە ئەڵمانیەکە دەیشوات هەردوو ژنەکەی دیکە لەدژی ئەو کردەوەیەی ئـەون پیاوەکـە لەگـەڵ ئەوەشدا لەخەیاڵی ئەوەیە ژنی دیکەش بهێنێ بۆیە بەخـەیاڵ ئـافرەتی دیکـەی دێتـە بەرچـاو ئەنجام ژنە عەرەبەکە هەرزوو دەیەوێت بڕوات و پیاوەکە جێ بهێڵێت ژنە کوردەکە قبوڵ ناکات، دواتر ژنە کوردەکە منداڵی سکی لەبار دەبات ژنە ئەڵمانیکەش دوای ئەو هـەموو بەرگرییـەی لەخۆی و خزمەت کردنی پیاوەکەی ئەویش لەو کردەیەی شوکردنەی بەوپیاوە پەشیمان دەبێت، کەواتە هەرسێکیان دەستبەرداری پیاوە کەبە باشی دەزانن، بۆیە لێی دوور دەکەونەوەو بەجێی دەهێڵن، ڕاستی ناوەڕۆکی ئەو دەقەیە لە ڕاستیدا نزیکـەو زۆر کـەس لـەدوای پیاوسـالارییەو کەبووە خاوەن سەروەت و سامان یاخود بەرپرسی حکـومی و حزبـی زێـتر بـەدوای فـرە ژنیـدا دەچێت لەئەنجامدا ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە  کە تیایـدا زەرەرمەنـد بوونـەو کەسـایەتی خـودی خۆیان لەدەستداوە، بەلاّم حەزی دەرونیـان زاڵبـوە بەسـەریانداو ئـەوانیش توانـای بـەرگرییان نەبووەو خوێندنەوەشیان بۆ دوارۆژیان بەهەند هەڵنەگرتوە کە بەدوایدا بچـن و لێکدانەوەیـەکی دەوڵەمەندو چڕبکەن و بیخەنە بەرچاوان و حەزی دەروونی کاتییەو هەریەکەی لەمرۆڤ  بەدوایدا بچێت بەزۆرینەی تیایدا زەرەرمەند دەبێت ، هەرچەندە پەنجەی پەشیمانی بگـەزێت بێسـوودەو تازە لەدەست دەرچووە.

ئەوەی ماوە ئەمجۆرە کارە هونەرییانەو تێکەلاّوییەی بەم چەند نەتەوەیە بەنرخەو پێویسـتە هەموولایەك بەتایبەت ئافرەتان هەرزوو بەپیاو هەڵنەخەڵەتێن و بەشوو کردنـی ئـەو پیاوانـەی تەنها بەمەبەستی چێژی سێکسی دەیانخوازێت، چونکە دەرئەنجام پەشیمان دەبنەوە٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٨٣٩ دووشەمە ١-٨-٢٠١١ بلاّوم کردۆتەوە.

# گرنگی نیشاندانی شانۆگەری وکورتەفیلمی کوردی لەکەناڵەکاندا

بەو هۆکارەی لەدونیای حەزی هونەریم بەگشتی، هەر هونەرمەندێك کەهەواڵیّ کارێکی هونەریم پیّ ڕادەگەیێنێت زۆرخۆشحاڵ دەبم، ئەوەی کەزێتر مەبەستمەو قسەی لەبارەوە بکەم، ئێمەی کورد ساڵانە چەندین بەرهەمی هونەری دەهێننە بەرهەم لەفیلمی سینەمایی، شێوەکاری ، شانۆگەری، گۆرانی، کورتە فیلمی کوردی و..هتد، بەلاّم ئەوەی جێگای داخە نازانم بۆچی لە کورتە فیلم و شانۆیەکان دوای یەکەمجار پیشاندان دواتر دەبێتە بەردی بن گۆم، ئایا کەناڵە ئاسمانیەکان و ناوخۆییەکان بۆچی لەبیری ئەوەدا نین بەتایبەت کورتە فیلم و شانۆگەرییەکان ئەوانەی بەتایبەت لەئاستێکی بەرزن بیانکرِن وپیشانی جەماوەریان بدەن کەبێگومان خزمەتێکی زۆری چەند لایەنە دەگرێت لەبەر ئەوەی تەلەفزیۆن لەهەموو ماڵێکدا هەیە دۆستانی هونەری ئەو دوو بوارەش یەکجار زۆرەو لەحەزی بینینیانن هەم هونەرمەندان و ڕەخنە گرانی ئەو دوو بوارەش سوودیان لیّ وەردەگرن لەئاستەکان کەدەکەوێتە بەر کارێگەری ئەوەی هەردوولایەنی لەئاستی بەرزی و نزمی قسەوباسی لەسەربکرێت هەمیش خودی دەرهێنەرو سەرجەم بوارەکانی دیکە لەنووسینی دەق و سیناریۆو ئەکتەرەکان و کارە هونەرییەکانی دیکە کار بۆ بەرەو پێشەوە چوونی ئاستی خۆی بکات، هەم دەتوانرێت لەهەمان کەناڵ گفتوگۆ بەتەوەر، دیمانە لەگەڵ ڕەخنەگران و هونەرمەندانی کارە هونەرییەکان ساز بکرێت و جەماوەریش ڕاستەوخۆ پەیوەندیان پێوە بکات و ڕای خۆیان دەربرِن بێگومان ئەمە خزمەتێکی ئێجگارپیرۆزە بۆ بینەر نەوەك لە ماڵەوە بکەون تەنها چەند کەسێك بەبینینیان ئاشنا بێت و دواتر لەماڵەوە تۆزی لێوە بنیشێت، ئەگەرچی هەندیّ کاری هونەری هەیە لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو دوای تەواو بوون لەبەرئاستی نزمی بەردەکی دەخەنەسەر، هەروەها بەشەکەی دیکە کەئاستیان بەرزە پێویستە بەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان و یاخود ناوخۆییەکان بفرۆشێت تاوە کو بینەر بە هۆیەوە سوود لەناوەرۆکەکانیان وەرگرێت

بێگومان گوزارشتە، ئەو کات هێندە زۆر ئەو هەموو فیلمە بیانییە کەبەشێکی نەشیاو و نادروستە کە لەگەڵ کوولتوری ئێمە ناگونجێت و زۆر لە بینەران غەمبار دەکات بەبینینی، بەلاَم جەماوەری خۆشی هەیەو زۆر گرفتی کۆمەلاَیەتیشی بە هۆکاری نەگونجاوی کوولتوری کورد گرفتی گەورە بەزیانێکی زۆرو تائاستی زیانی گیانیشی لێی دروست بووەو لێی کەوتۆتەوە، هەمیش خزمەتێکە بەو ولاَتانە ئەگەر چی زۆربەیان دوژمن و ناحەزی کوردن، لەحەزی ئەوە نین کورد بەمافی ڕەوای خۆی بگات، ئێمەش خزمەتیان دەکەین و گوزارشت و ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکانیان پەیڕەو دەکەین کەزۆرینەی تیایدا زەرەرمەندین بە تایبەت فیلمەکان و زنجیرە دراماییەکان کەکاتێکی زۆریش بەبینینیان بەسەر دەبەین بەزۆریش بەزیان دەوەستی بەتایبەت لەڕووی لاسایی کردنەوەی جلوبەرگ و ڕەفتاری ئەوان، کەبۆتە هۆی دروست بوونی گرفتی کۆمەلاَیەتی.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٨٧٦ دووشەممە ١٩-٩-٢٠١١ بلاَوم کردۆتەوە.

## \ئەرێ بۆچی زنجیرە درامای تەلەفزێنیمان
## \بەگوێرەی پێویست نییە

لەچەند ڕۆژی ڕابردوو چەندین بینەری کوردی لەزنجیرە درامایەکی بیانی بەهۆکاری کوشتنی کارەکتەرێکی سەرەکی بەزوڵم هێناوەتە گریان ئەگەر چی دواتر ڕاست دەرنەچووە، ئەوجارە هاتوونەتە پێکەنینی خۆشی کەئەم کارەکتەرە ماوەو بەدرۆ وتیان کوشتومان.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کورد چەندە تامەزرۆی زنجیرە درامای تەلەفزیۆنییە بۆ ئەوەی کاتێکی خۆشیان لەگەڵ بەسەربەرێت و لەگەلیدا بچێتە نێو ناوەرۆك و گوزارشتی درامایەکە، هەم گرنگی زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی دەچێتە نێو هەموو ماڵێك و چەندین بەرنامەی پەیڕەوی ڕۆژگار لەهەردوولایەنی بەسوودەکان و زیانەکانی ژیانی لەکارو ڕەوشت و ئاستی هۆشیاری و چەندین لایەنی دیکەی ژیان دەخاتەڕوو، بەلاّم دونیای هونەری ئەم لایەنە لەنێو ئێمەی کورد بە تایبەت ئەوپارچە ڕزگارکراوەی کوردستان کەچەند ساڵە خاوەن پەرلەمان و حکومەتی خۆمانین ئەو هەموو پشتگیرییەی هونەرمەندان لەلایەن حکومەتەوە دەکرێت بەلاّم بەداخەوە تاوەکو ئێستا چەند درامایەکمان بینی لەنێو ئەوانیش بەشێکی لەئاستێکی زۆرباش بوون، ڕاستی جێگای داخە کورد خاوەن ئەو ئاستەیە لەهونەرپشتگیریش هەیە ئەی بۆچی ساڵانە خاوەن زنجیرە درامایەکی چەندان ئەلقەی ئاست بەرزنین تاوەکو خۆشحاڵییەك ببەخشینە بینەری کوردو لەو تێنویەتییە ڕزگاریان بێت، لەلایەکی دیکە وەك بابەت بۆ دەق خاوەنی بابەتی زۆرین لەبەر ئەو مێژووییە نەمرییەو کوولتورو ڕۆژگارێکی پڕ لەمەرگەسات و سەدان کەسانی نەمرو دەیان داستان کەتۆمارکراون لەبەرەنگاربوونەوە بەرامبەر بەدوژمنان و تێکشکانی هێرشانی هێزی دوژمن لەلایەن پێشمەرگەی کوردستان و ژیانی دەیان پێشمەرگەی چاونەترس و قارەمان و ژیانی دیکە لەئافرەت و پیاوی کورد لەبەندیخانەکان و ژیانی کوردەواری لەڕووی دونیای چەندین لایەن، ژیانی دەیان داستان و مەرگەسات و عاشقان کەچۆن مەردانە لەپێناو پەیمانی وەفاداری خۆشەویستی تۆماریان کردوەو بەنەمری ماوەتەوە وەك خەج و

سیامەند، شیرین و فەرهاد، کەریم وستی و زۆری دیکە، جگە لەوەش چەندان ئافرەتی ناودارمان هەن کەبەشێکیان خاوەنی نەمرن، هەروەها کورد لەپێناو ڕزگاری کوردو کوردستان خاوەنی دەیان سەرکردەی نەمرن، وەك دەیان شۆڕش لەهەر چوارپارچەی کوردستان ئایا ئەمانە شیاوو دروست نین بۆ دەقی درامای تەلەفزیۆنی بێگومان بەڵێ کورد لەو ڕوانگەیەوە بەمیللەتێکی ئێجگار دەوڵەمەند دەژمێردرێت کەبەڵێ دەوڵەمەندە جگە لەگرفتەکانی ئەمڕۆ بەلاّم خەمخۆری ڕوحی کەمەو خەم لەم لایەنە ناخوات کە جێگای مخابنە ئەم وتەیەشم سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە هاوکاری ڕوحی و مەعنەوی و خاوەن ئاست بەرزی ئەکتەری هونەرمەندین ئەی بۆ گردنابنەوەو کارناکەن؟ پرسیارێکەو پێویستی بەوەلاّم دانەوە هەیە، دەتوانین ئەوە بڵێین ئەرێ بۆچی هونەرمەندانی کورد لەم بوارە بەر لەڕاپەڕین ئاست بەرزتر بوون، مەبەستم لەکاری نواندنی تەلەفزیۆنی بەڵگە لەژاڵە، تاپۆ هەقی چییە، لاس وخەزاڵ، هەبوو نەبوو، گولاڵە، گەڕەکەکەمان و..هتد،لەدوای ڕاپەڕینیش چەند کارێك لەوانە مەمی ئالاّن و کارەکانی هونەرمەندی کۆچکردو حوسێن میسری و چەند کارێکی دیکە، هەرچەندە لەو تەمەنە ئازادییەی کوردستان ئەو چەند درامایەو دەوڵەمەندی بابەت بۆ ئاستی هونەرمەندانی ئەکتەری کورد لەیەك دوورن دەبوایە بەلایەنی کەم سالاّنە زنجیرە درامایەك یاخود دوان تۆمار بکرایە، دەبا لەمەودوا کاربکرێت بەلایەنی کەم سالاّنە زنجیرە درامایەکی چەندان ئەلقەیی یاخود دوان تۆمار بکرێت، نەوەك هێندە بینەری کورد هانا بۆ زنجیرە درامای بیانی ببات و بۆ مەرگەساتیان بگری.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٩٢٩ دووشەممە ٢٨-١١-٢٠١١ بلاّوم کردۆتەوە.

## لەناوچە دابڕاوەکاندا
## هونەریش کەوتۆتە نێوان دوو بەرداش

یەکێ لەو پێناسانەی بۆ هونەر دەکرێت دەگوترێ هونـەر ئاوێنـەی میللەتـە، کەواتـە بەهونـەر دەتوانرێ گوزارشت لەژیانی ئەو میللەتە بکرێت لەهەر ڕوویەکەوە، سیاسی، ئابووری، کۆمەلاّیـەتی و٠٠ هتد، هونەری کوردیش هەر لەزووەوە لەنێو ئـەو ململانێیـەدا بـووەو کـاری خـۆی بـە ئـەنجام گەیاندووە، بەتایبەت لەڕووی سیاسی و لەسەردەمانی شەستەکانەوە تاوەکو ڕاپەڕین زۆر کاریگـەری هەبوو لەپێناو هەستی نەتەوەیی ئەوەش ئاشکرایە پەخشکردنی چەندین گۆرانی قەدەغە کرابـوو زۆر لەکورد تـەنها بەپەخشـی سـروودێك لەسـێدارە دراوەو یـاخود چـەندین سـالّ زینـدانی کـراوە، زۆر لەهونەرمەندان لەبەرکاری هونـەری کەگوزارشـت بـووە لەهەسـتی نەتـەوەیی گـیراوەو بردوویانەتـە بەندیخانە هەم بەنموونە قادر کابان، ئـەردەوان زاخـۆیی، تـاوەکو ئێسـتا بێسـەرو شـوێنن، گەرچـی لەسـێدارە دراون، لەگـەلّ ئەمـەش لاشەکەشـیان نەدراوەتـەوە خێـزان و کەسـوکاریان، زۆریشـیان کوردستانیان بەجێهێشت و دوای ئازادی کوردستان گەڕاونەتەوە، بۆیە لێرەدا ئەوەی مەبەستمە بلّـێم پێویستە هەمـوو لایەنێکی بەرپرسی حزبی و حکومی پشـتگیریەکی تـەواوی هونەرمەنـدان بکـرێ بەتایبەت لەشوێنە دابڕاوەکانی کوردستان وەك کەرکووك، شـەنگالّ ، خانـەقین، مـەخمورو ..هتـد، چونکە ئەو شوێنانە کەئەمڕۆ ئەو هونەرمەندانەی گەڕاونەتەوەو نیشتە جێن زۆر گەرم و گوڕترن لـەو هونەرمەندانەی لەکوردستانی ئازاد ژیان بەسەردەبەن هەم لەڕووی هاوکاری و ماددی ئـەوە هـەردەم حکومەتی هەرێم درێغی نەکردووە بۆیان، بەلاّم لەشوێنی ناوچە دابڕاوەکان کەپشـتگیریەکی تـەواوی ماددی و مەعنەوی هونەرمەندان بکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ئـەوە جولانـەوەی هونەری دەتوانێت زۆر بەحەماسەتەوە سەر هەلّبداتەوەو ببێتە ئاوێنەیەکی گەورەو ڕوونـتر دەربـارەی میللەت چی دەوێت، هیوای چی دەخوازێت، چونکە ئەوە ڕوونە زۆرجـار کاریکاتێرێـك، تابلۆیـەك، سرودێك، شانۆگەرییەك، توانیویەتی سەرۆك کۆمارێك بگۆڕێـت، لێـرەدا ئـەوە دەزانـین کەناحـەزان هەرچەند کردەوەکانیان بخرێتە بەرچاو بەهەندی هەلّناگرن، بەلاّم جەماوەر هۆشیارانە بیردەکاتەوە ورە بەرزی دروست دەبێت کەواتە جەماوەر دەگۆڕێت بەمەش دەولّەمەندیەکە بۆ پشـتگیری ئـەو گرفتـە هەلّواسراوانەی کەتاوەکو ئێستا وەك گرفتێك ماوەتـەوە، هەرچـەندە سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد

لەهەولێی بەردەوامەو ناوەستێش تـاوەکو ئـەو ڕۆژەی بسـتێك مـابێ لەگەڕانـەوەی خـاکی دابـڕاوی کوردستان بۆ سەر ژێر دەسەلاٌتی حکومەتی کوردستان، بەلاٌم ئـەمڕۆش کەسـروودێك، گۆرانیـەك، تۆمار دەکرێت ، یاخود پیشانگەیەکی شێوەکاری یان کاریکاتێری دەکرێتەوە، یـاخود شـانۆگەریەك لەو ناوچانەنمایش دەکرێت کەگوزارشت لەگرفتەکان، یاخود ئومێـدی زوو گەڕانـەوەیان دەرخسـتنی چارەسەری دەخاتە ڕوو زۆر جیاوازە لەگەلٌ کاری هونەری لەشارەکانی حکومـەتی کوردسـتان نمـایش دەکرێت، چونکەحەماسەتی ئەو هونەرمەندانەی لەو ناوچـانەن زۆر جیـاوازە لەگـەلٌ هونەرمەنـدانی شارەکانی دیکە ئەوان لەناو ڕووداوەکانن هەم جاران و ئێستا ئەو شوێنانە جیان، جگە لەمەش هـەم پێویستە کاری هونەری لەفیستیڤاڵی شانۆو گۆرانی و پیشانگە لەلایـەن هونەرمەنـدانی شـارەکانی ژێر دەسەلاٌتی حکومەتی کوردستان لـەم شـارو شارۆچـکە دابڕاوەکـان نمـایش بکرێـت بـۆ ئـەوەی جولانەوەی هونەری و شارەزابوون لەئاست و بۆچـوون و ئاگـاداری یـەکتر بـن هـەم بەپێچـەوانەش هونەرمەنـدانی ئـەوێ کـارە هونەریـەکانیان بـۆ شـارەکانی وەك هـەولێرو سـلێمانی و دهـۆك و شارۆچکەکانیان بگوازرێتەوە، بەمە پشتگیریەکی دروست و شیاوە بۆ بەردەوامی کـاری هونـەری و هەولێ بەرەو پێشچونی لەئارا دەبێت بێگومان هونەرمەندانی ئەو شار و شارۆچکانە پێـی کەیفسـاز دەبن وجوولانەوەی هونەریان هەنگاوی خۆی دەهاوێژێت و دەچێتە ناو جەماوەرو ئاستەکانیان بـەرەو هەلٌکشانێك دەڕوات کەزێتر گوزارشت لەئەمڕۆی کوردستان بکات بەتایبەت ئەو شارو شارۆچکانەی کەتێیدا ژیان بەسـەر دەبـەن بـەهیواین بـەزۆرترین پشـتگیری تـەواوی هونەرمەنـدانی ئـەو شـارو شارۆچکانە ئاشنابین ئەوانیش ئاسـتێکی ئـاوا بنـوێنن کەجـەماوەرێکی زۆر لـەدەوریان کۆببێتـەوە بەکارەکانیان ئێجگار دلٌخۆشبن، چونکە هونەریش لەو شـارو شارۆچـکانە لـەنێوان دوو بەرداشـدایە لەبەر ئەوەی دەسەلاٌتی ئەوێ ئەو پشتگیرییەیان ناکات بەئاسوودە کارەکانیان ڕاپەڕێنن، حکومـەتی هەرێمی کوردستانیش هەرچەندە درێغی نەکردووە بەلاٌم لەبەر ئەوەی لـەژێر دەسـەلاٌتی ئـەو دانییـە ناتوانێت پڕ بەپێست پشتگیری تیپە هونەرییەکان بکـات، هەرچـەندە ئـەوە ڕوونـە ئـەو ڕۆژە دێـت بگەڕێتەوە ژێر دەسەلاٌتی حکومەتی کوردستان چونکە بەنەگەڕانەوەی ئەو شـارو شارۆچـکانە کـورد دووبارە بەکوردستان یان نەمان بەرنامە دادەڕێژێت، بەلاٌم ئەوەی لەئێسـتادا گرنگـە هونەرمەنـدانی ئەوێ پشتگیری بکرێن و بۆ ئەوەی ئەوانیش لەکاری هونەری بەردەوام بن چونکە بۆ میللەتەکەیـەتی لەگوزارشت زۆر بوار دەگرێتەوە .

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٢٨٥ دووشەممە ٢٨-٩-٢٠٠٩ بلاٌوم کردۆتەوە.

# بەڵێ
# بەیەکەوە جوانن

چەند ڕۆژێ لەمەوبەر لەبەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر لەگەڵ هونەرمەند عەلی ئەحمەد دەربارەی شانۆی کوردی لەهەولێر دەدواین، بەندەش لەساڵی ١٩٨٢- ١٩٨٥ لە شەش شانۆگەری وەك ئەکتەر بەشداریم کردووەو لەگەڵ ئەو بەڕێزە بەیەکەوە لەچەند کارێك بەشدار بووینە، هەم لەساڵی ١٩٨٤ ئەندامی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی هەولێر بووم،لەم گفتوگۆیە هونەرمەند عەلی ئەحمەد گوتی:

بەرلەچەند ڕۆژێك لەمەوبەرلەگەڵ هونەرمەندان ئیبراهیم حەکیم و زاهیر عەبدوڵڵا لەبازاڕی قەیسەری هەولێر بەیەکەوە دەڕۆیشتین، پیاوێکی بەتەمەنی دوکاندار پێیگوتین بەیەکەوە چەند جوانن، بەو وتە جوانەی ئەو پیاوە ئاقڵمەندە زۆر کارێگەر بووم، چونکە بەڕاستی لە جێگای خۆیەتی بۆیە بەخۆ نەوەستام قسەیەك دەربارەی بواری شانۆی کوردی لەهەولێرو هونەرمەندانی شانۆ بکەم، چونکە لەوتەی ئەم بەڕێزەدا زۆر شت دەخوێندرێتەوە یەکێ لەمانە ئەم زاتەو زۆرینەی ئەوانەی کوردو هونەری کوردیان خۆشدەوێت حەز لەتەبایی هونەرمەندان دەکەن، کەبەیەکەوە تەبابن، ئەوە کاری جوان و شیاو دێتە بەرهەم ساڵانێك کەهونەرمەندان ڕوحیەتێکی پتەویان هەبوو لەپێناو خۆشەویستی کوردستان و یەکتر ئاستی کاری شانۆ بەقەد بەرزی روحیەتەکە بەرز بوو، ڕای یەکتریان وەردەگرت، ئەو هونەرمەندانەی تەواو شیاو نەبوایە لەکارەکتەریەکەی قبوڵ نەدەکرا لەبەشداری کردن، چەندین جار دەور لەو بۆ ئەو دەگۆڕا هەر چەندە لەسەرەتاوە لەدابەشکردنی دەوری ئەکتەرەکان هەر یەکەو بەپێی شیاوی خۆی دەورەکەی پێ دەبەخشرا دوور لەئێستا سەرەتا مامەلەی ماددە بکرێت، لەهەڵبژاردنی دەقی شانۆیەکە دەرهێنەر دوای چەندین جار خوێندنەوە گەر نووسینی خۆی نەبوایە ئینجا بڕیاری لەسەر کار کردنی دەقەکەی دەدا لەبەر ئەوەی ئەگەر بەتایبەت لەخزمەت بواری هەستی نەتەوەیی و سیاسی یان کێشەی کۆمەلایەتی نەبوایە بەتەواو پڕ بەپێستی گونجاو ئەوە مەحاڵبوو کاری

لەسەر بکات، گەر دەقەکە لەنووسینی دەرهێنەر بوایە هەم ئەوکاتیش یەکێ لەخاڵە گرنگەکان پەلەی نەبوو لەتەواو کردن تاوەکو چەندینجار پیادا دەچۆوە، زۆر لەهونەرمەندان پیشەگەر بوون بژێوی خێزانەکانیان لەئەستۆ بوو، بەنموونە هەردوو هونەرمەندی شەهید جەوهەر باپیر پیشەی فیتەربوو، نەوزاد نانەوا لەنانەواخانە کاری دەکرد، ئەم دوو زاتە هونەرمەندی زۆر دیار بوون لەرۆژی کۆچڕەوی بەهاری ١٩٩١ کەپێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، لە پێناو بەرگریان لەهەولێر شەهید بوون، لەدونیای جەماوەر بەر لەڕاپەڕین جەماوەر کە هونەرمەندێکی کوردی دەبینی وایدەچواند پێشمەرگەیەکە بەلاّم لەجیاتی بەچەك لەبەرگریدا بێت بەباوەڕێکی پتەو بەهونەرەکەی خزمەتی میللەتەکەی دەکرد، ئەوسا هونەرمەند زۆر خۆشەویستی جەماوەر بوو، جەماوەر دەهاتە بینینی نمایشی شانۆ بۆ ئەوەی باوەڕی پتەو بکاتەوە بۆ هەستی نەتەوەیی چونکە تەواو لەدەقەکە دەگەیشت هەرچەند زۆرینەی ڕەمزو گوزارشت بوو، سەرجەم هونەرمەندان دەهاتن بۆ بینینی نمایشی شانۆ ئەگەر لەوکاتە هونەرمەندێك لەگەڵ دەرهێنەرەکەش پەیوەندیان نەبوایە گوێی پێنەدەدا دەهاتە بینینی شانۆیەکەو زۆرجار کەشانۆیەکە لەئاستێکی زۆر بەرز بوایە لەهاوڕێیەکی دەست خۆشی بۆ دەرهێنەرو ستافەکەی دەنارد، ڕەخنەگری شانۆ ئامادە دەبوو لەنمایشەکان، دواتر یەکێ یان زیاتر کۆڕیان دەربارەی شانۆیەکە ساز دەکرد یاخود لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەسەریان دەنووسی، چەندین مانگ پرۆڤە بەردەوام بوو تاوەکو تەواو دەرهێنەر ئاسوودە نەبایە لەکارەکە دەستی بە نمایشی شانۆیەکە نەدەکرد، ئێستا کۆڕی شانۆیی دەکرێت هونەرمەندان زۆر کەم ئامادە دەبێت، دەق هەیە دەرهێنەرخۆی نازانێ باس لەچی دەکات، پەلەیی لەپرۆڤە، زۆر بوونی ئەکتەر هەندێکیان هێشتا نەبوونەتە هونەرمەند، بیرکردنەوە لەماددە، بوغزی هونەرمەند لەگەڵ یەکتر، نەمانی دەوری ڕەخنە، ئەمانەو چەند هۆکارێکی دیکە وایکردووە شانۆ وەك جاران لەگەڵ جەماوەر تێکەڵ بەیەك نەبن، لێرەدا ئەو ڕاستیە هەیە لەچەندین کار کارێکی جوان هەیە، جەماوەریش بە گوڕوتینەوە بەرەو شاد بوونی شانۆیەکە دەچن، لەڕووی مادیشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان درێغی نەکردووە٠

* لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٢٥٨ دووشەممە ٢٤-٨-٢٠٠٩ بلاّوم کردۆتەوە

# وەسیەتێکی شیاو

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەرمەندان و هونەردۆستان، کاتژمێر ٥ ی ئێوارەی ڕۆژانی ٥-٦-٧-١٠-٢٠٠٩ شانۆگەری وەسیەت لەنووسینی د .مەنسورنوعمان، وەرگێڕانی یوسف عوسمان، دەرهێنانی ئیمان عیزەدین، نواندنی دلڤین موحسین، تارا عەبدولڕەحمان، سەروەت عەلی، بارزان سلێمان، هەردی موحەممەد، هێور نەریمان کوردە، کۆمبارس ئاراس موحەممەد، شوان کاوە، مەریوان غازی، دلدار ڕەسوڵ، مەسعود مستەفا، یەحیا خالید، باهۆز شێروان، موحەممەد عەبدولڕەحمان، سایە حوسێن، بەڕێوەبەری بەرهەم هیوا سوعاد، یاریدەدەری دەرهێنەر هەردی موحەممەد، بەڕێوەبەری شانۆ ماندی مستەفا، لەهۆڵی گەل نمایشکرا.

وەسیەت لەبەر ئەوەی نووسەری دەقەکە عەرەب بوو زێتر دواندە لەعێراق بەگشتیی کەباس لە ژیانی ئێستای سەردەم دەکرد هەم لەبەر بەیەکەوە بەستنی ژیانی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە کەلەیەك چوونی هەندێ ڕوو لێك نزیکن بۆیە بۆ کوردستانی ئازادیش گوزارشتێکە چونکە دەقەکە باسی ژیانی خێزانێك دەکات، سێ کوڕو کچێك و باوك و دایکێکن، کوڕەکان لەبەرئەوەی کارێکی ئاوا نادۆزنەوە گونجاوی حەزی خۆیان بێت بۆیە یەك لەدوای یەك ڕێگای هەندەران دەگرنەبەر لەوێ یەکێك سەرقاڵی بازرگانی بەتلیاك خواردن و ئەوانی دیکە یەکێك لە بار کار دەکات و ئەوی دیکەش لەبەر کاری ناڕەوا بەند دەکرێت، باوکە زوو کۆچی دوایی دەکات، دایکە پەککەوتە دەبێت و کچەش دایکی خزمەت دەکات، دایکە کەوەك ڕەمزی وڵاتە هەردەم لە چاوەڕوانی کوڕەکانێتی بگەڕێنەوە وڵات تاوەکو خزمەت بەوڵاتەکەیان بکەن بۆیە هیوا دەخوازی لەدەوروبەری ئەوبن شانازیان پێوە بکات کاتێکیش کەمرد جەنازەکەی لەسەر شانی خۆیان هەڵبگرن، بۆیە زۆرجار کەتەقەی خۆشی دەکرێ ئەو وادەزانێ کوڕەکانی ئەون گەڕاونەتەوە خەڵك لەخۆشی گەڕانەوەیان تەقەی دەکەن، بەڵام ئەنجام ئەویش لەدوای چاوەڕوانیەکی زۆر کۆچی دوایی دەکات و ئینجا لەم کات کوڕە گەورەکەی دەگەڕێتەوە لەدوا وتەی بەرلەمردن کە کچەکەی پێی دەڵێ ئەوە چی دەکەی چونکە لەم کات زۆر توڕەیە ئەویش دەڵێ:

دەمەوێ بەڕووی ئەوانەوە دابچم کەدەیانەوێ داگیرمان بکەن، لێرەدا ئەوەمان پێ دەڵێ کەدایك واتە نیشتمان، پێویستە هەموومان بەگژ ئەوەدا بچین کەدەیانەوێ ولاَتمان بشێوێنن بۆ مەبەستی خواردنی بەرهەمەکەی.

لەڕووی کارە هونەریەکانی دەرهێنەر تا ڕادەیەك زۆر باش تیایدا سەرکەوتوو بوو، ئەکتەرەکانی لەنواندن دلڤین موحسین وەك دەنگ و جولە تەواو تیایدا سەرکەوتوو بوو، چونکە ئەگەر هونەرمەندت نەناسیبا ئەوە وای بۆ دەچووی ئافرەتێکی بەتەمەنەو دایکێکەو ئەم دەورەی دەبینێ ،زۆر بڕوای بەخۆی هەبوو تەواو ببوە دایك، تارا عەبدولڕەحمان و سەروەت عەلی و شوان کاوەو دڵدار ڕەسوڵ بەڕاستی توانیبوویان ئەرکی دەورەکەیان زۆر بەسەرکەوتوویی بەرجەستە بکەن، هەروەها ئەکتەرەکانی دیکەش تارادەیەك سەرکەوتوو بوون، ئەمەش جێگای خۆشحاڵییە کە ئەمڕۆ نەوەی تازەی دونیای هونەری کوردی بتوانن بەئەرکی خۆیان هەڵبستن ئەو گرفتانە بۆ جەماوەر بخەنە ڕوو کەدەرکی پێ دەکەن، چونکە هونەرمەند لەپێشەوەی جەماوەرەو ئەرکی سەرشانی ئەوانە کەزۆر لەجەماوەر بەدوایدا دەچن هەر چەندە ئەنجام بەزەرەر بەسەریان بە کۆتا دێت وەك ئەم دەقە شانۆییەی وەسیەت کەبەڕاستی لەهەردوو لایەنی دەق و نواندن تیایدا سەرکەوتوون و ڕاستیەکانیان خستە بەردەم جەماوەر کەئەم بۆ چوونەی ئەوان هەڵەیە کەهەن دەچنە دەرەوەی ولاَت و لەدوای کاری نابەجێ دەگەڕێن و ئەنجامی دەدەن، خێزانی ماڵەوەشیان لە ولاَتەکەیان لەچاوەڕوانی ئەوەن بگەڕێنەوە لایان و پێی شاد بن، بەلاَم زۆر هەن بەکەسەر لە دوور منداڵەکانیان کۆچی دوایی دەکەن، هەیە پەشیمانە لەولاَت بەجێ هێشتن، بەلاَم زۆریش هەیە دوورەپەرێز دەبێت، لە کوولتوری ولاَتەکەی ئەو بەزەییەی نامێنێ بەرامبەر بەخێزانی ماڵەوەی ئەمەش دەبێتە گرفتێکی گەورە لەنێوان هەردوولا یاخود هەیە کاری ئاوا دەکات خێزانەکەی پێی شەرمەزارن، ئەمەش نا ڕەواییەکی دیکەیە، بۆیە کاری هونەری گوزارشت لەمانە خزمەتێکی گەورەو پیرۆزە تاوەکو چی دیکە بەهەڵە نەچن و بەڵك و لەمانە دوورەپەرێز بن.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٢٩٧ دووشەممە ١٢-١٠-٢٠٠٩ بلاَوکردۆتەوە.

## تێکستی شانۆیی ٠٠٠٠

## ڕێوی و ترێ

لەم ڕۆژانەدا دووەمین تێکستی شانۆیی لەلایەن پڕۆژەی تیپی شانۆی سالار بەناوی ڕێوی و ترێ لەنووسینی نووسەری بەڕازیلی کویلهیرم فیگویردۆ وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە ڕەئوف بێگەرد بە تیراژی ٧٠٠ دانەو بەقەبارەی ٩١ لاپەڕە لەچاپخانەی تیشك لەسلێمانی چاپکراو کەوتە بەردەستی خوێنەرانی هونەرمەندو هونەردۆستان، کەسانی شانۆگەرییەکە بریتین لە ئێگزانتۆف - فەیلەسوف، ئیزۆپ- مویلەی ئێگزانتۆف، کلایا ژنی ئێگزانتۆف، ملیتا- کارەکەر، حەبەشیە-کوێلە، ئەگنۆستوس- فەرماندەی پاسەوانەکانی ئەسینا لەسێ پەردە پێك هاتووەو ئەم شانۆگەرییە بەشاکارێکی نووسەر ناودێر دەکری، باس لەمەسەلەیەکی ئینسانی بەتایبەت ئازادیی دەکات، لەچوارچێوەی کۆمیدیادا، بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٥٧ لەشاری ڕیودوجانیرۆ نمایش کراوە، بۆ گەڵێك زمانی بێگانە وەرگێڕدراوە، نووسەرەکەی لەساڵی ١٩١٥ لەدایك بووە، هەروەها ئەم دەقە لەساڵی ١٩٧٨ لەلایەن تیپی پێشڕەو لەدەرهێنانی ئازاد موحەممەد بچکۆڵ لە سلێمانی نمایش کراوە، ئەم تێکستە لەبەر هۆکاری باسکردن لەئازادی و ئازادی سەرجەم بوونەوەر هەوڵی بۆ دەدات، لەپێناوییا گیان بەخشی دەکات، ئینجا گەر لەنێو بەرگێکی کۆمیدیانە باس بکات ئەوە دەبێتە ئەو بەهاراتە کەتام و چێژێکی وای هەبێ زۆرینەی جەماوەر وەری دەگرێت بەتایبەت ئەو نەتەوانەی کەهێشتا باڵی نەکێشاوە بەسەریاندا یاخود ئازارە چێشتوەکانیان و ناحەزەکانیان بەسەریان سەپاندون لەیادیان دەرنەچوونەو ئەوە ئەمانە زێتر تێنووی ئازادین دیارە وەرگێڕ ئەم هۆکارانەی میللەتەکەی لەبەر چاوەو لەخۆزگەی ئازادییە بۆی، بۆیە ئەم دەقەی بەهەند زانیوە وەربگێڕێتە سەر زمانی شیرینی کوردی و دڵی جەماوەر

خۆش بکات لەبینینیدا بەتایبەت بۆ ئەمڕۆی کورد کەلەهەنگاوە بەرەو بەدەقی سەرکەوتوو سەردەمیانەو گونجەوانەی ئەمڕۆ بدات لەپێناو بەرەو هەڵشان لەئەمڕۆی ئازادی، ئەوی ڕاستی بێت دەقێکی گونجاوی ئێمەی کوردەو لەڕووی داڕشتن و ڕەوانی کوردیەکەوە بەئاستەو تایبەتمەندیەتی زمانی وەرگێڕانی شانۆیە لەدەقە ئەدەبیەکانی دی، بەهیوای لەش ساغی و بەردەوامی بۆ وەرگێڕو دەست بەکار بوون بۆ ئەو دەقانەی گونجاوی نەتەوەیی کوردەو لەبواری کولتووری و دابونەریت و هۆشیار کردنەوە لە ئاستی دەقی شانۆیی جیهان بۆ ئەوە دەخوازین ڕەوڕەوەمان بەگوڕتر بێت.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٤٢٥ هەینی ٢-٣-٢٠٠٧ بلاوکراوەتەوە.

## خوێندنەوەی
## زانستی دەنگ و ئاخاوتن

کتێبی زانستی دەنگ و ئاخاوتن یەکەمین بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆیە، کەلەلایەن تیپی شانۆی سالارەوە دەردەکرێت، ئەم کتێبە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی مامۆستا ئەحمەد سالارەو لە ۲۲۹ لاپەرەدا لەچاپخانەی کۆمەڵگەی چاپەمەنی شەهاب لەشاری هەولێر چاپکراوە، نووسەر توێژینەوەکەی دابەش کراوە بەسەر پێنج بەشدا کەبریتین لەدەنگ ئەکۆستیکییەکان، ئەکۆستیکییەتی دەنگە زمان، ئاخاوتن، بیستن، زمان و زمانی کوردی، سەرەڕای پاشکۆیەك، بۆ مەشق کردن لەسەر سۆلفێج و بینراوی شانۆیی، مامۆستا ئەحمەد سالار لەپێشوازیدا وتویەتی شارەزا بوون لێهاتوویی لەدەنگ و هونەری ئاخاوتندا شارەزابوون بە گشت نهێنییەکان و پەیبردنە بەو بوارانەی مرۆڤ لەدەرگای دەدات و خولیای ئاشکراکردنی ڕاستیەکانیەتی، بۆیە نەك هەر هونەرمەندێکی شانۆڤان یان ئەکتەرێك، یان وتاربێژی، دەتوانێ بەهونەری دەنگ و ئاخاوتن گرەوی ئاواتی خۆی بەرێتەوەو دڵ و بیرو مێشك بدوێنێ و قایلی بکات، هەروەها سیاسەتمەدارێك، زانایەك، مامۆستایەك و..هتد، ناتوانێ سەرکەوتوو بێ گەر لەو هونەرە سەرکەوتوو نەبێ، هەروەها دکتۆر فەیسەڵ میقدادی لەوتەی پێشەکیدا سەبارەت بەم کتێبەو نووسەرەکەی وتویەتی:

لەکاتێکدا بیرۆکەی ئەفراندی ئەم کتێبە نوێیە زانستی دەنگ و ئاخاوتن خۆی لە دەزگا ئەکادیمییەو هونەرییەکاندا دەنوێنێ، نووسەرەکەی هونەرمەند ئەحمەد سالارە، کە بەئەزمونی شانۆیی دەوڵەمەندەو هەنگاوی مەزنی ناوەو چەندین کتێبی بەهاداری پسپۆری لەبواری ئەدەبی شانۆییدا پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە، ئەمرۆش بەو داهێنانە جوانەوە گرەوی بردۆتەو، کە گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆلایەنی خوێندن لەپەیمانگە ناوەنجی و بالاکانداو لە تاقیگەکانی ئەکتەرداو لەخولە پێگەیاندنەکانیدا.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە ئەمە سێیەمین کتێبی مامۆستا ئەحمەد سالارە لەم بوارەدا پێشتر دوو کتێبی بەنێو نیشانی وتاربێژی و دەمودوو لەگەڵ دەنگسازی بەچاپ گەیاندووە،هەڵمەتە ئەم کۆششانە لایەنێکی گرنگ لەبواری نووسینی هونەری و ئەکادیمی لەکتێبخانەی کوردی پڕ دەکاتەوەو خەمخۆرییەك دیاری هەڵگرتووە بۆ بەرچاو ڕوونکردنەوەی قوتابیانی هونەرو هونەرمەندان لەئاست هونەری دەنگ و ئاخاوتن، هیوای سەرکەوتن بۆ هونەرمەند ئەحمەد سالار و بەردەوامی گۆڤاری شانۆو زنجیرە کتێبەکانی دەخوازین کەهەردەم ئەم لایەنە گرنگەی کەشانی هونەرمەند ئەحمەد سالار دەتوانێ هەڵیگرێ و بێ دوو دڵی بەرەو بەئاوات بوون بگەیەنێ و بڵێ من کاری خۆم بەئەنجام دەگەیەنم و ئێوەش لەڕێگەم بەردەوام بن ئەوە دەتوانین هونەری کوردی بەتایبەت ئەو بوارە شانۆیەی کەبەر من کەوتووە بەویژدانەوە لەگەڵیدا بەردەوام ببم وەك چۆن هەر لەسەرەتای خۆناسینمەوە لەخزمەتی شانۆ بەردەوام بوویمە.

بەخوێندنەوەی زانستی دەنگ و ئاخاوتن لەلایەن خوێنەرەوە ئەو ڕاستیەی ئاستی هونەرمەند زێتر بۆیان والا دەبێ و لەچاوەڕوانی بەرهەمی دیکەی دەبن، چونکە بەرهەمێکی ئەکادیمی و سوود بەخشەو نووسەرانی کورد لەم بوارەو ڕەخنەی شانۆیی لەپەنجەی دەست تێپەڕ نابێ و ئەڕۆ کوردیش خاوەن چەندین پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و کۆلێژی هونەرەو، کەواتە گرنگ بەم لایەنە ئەوە دەگەیەنێ کەکورد خۆی خاوەنی ئازادی بێت ئەوە دەتوانێت خزمەت بەخۆی و نەتەوەکەی بکات، وەك ئەمڕۆ زۆربەی کارەکان تاقیکردنەوەن، چونکە لای ئێمەی کورد تازەو نوێن لەگەڵ ئەمەش تیایدا سەرکەوتوون و بەرەو هەڵکشان هەنگاو دەنێن بەتایبەت ئەوانەی پسپۆڕن لەبواری تایبەتی و پاکانە کاری بۆ دەکەن.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٤٣٤ یەك شەممە ١١-٣-٢٠٠٧ بڵاوم کردۆتەوە.

## عەلی فەندی ڕێزی لێنرا

بەچاودێری بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی پشتیوان سادق بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو تاهیر عەبدوڵلاّ جێگری پارێزگاری هەولێرو ژمارەیەك لەبەڕێوە بەرە گشتیەکانی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری و ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان و هونەردۆستان و ڕۆشنبیران، کاتژمێر ٤ ی ئێوارەی ١٠-١٢-٢٠٠٧ لەهۆڵی میوانخانەی تاوەری هەولێر هونەرمەندی ناسراوی کورد حاجی مەکی عەبدوڵلاّ ناسراو بەعەلی فەندی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێزی لێنرا،لەسەرەتای ڕێزلێنانەکەدا وتاری وەزارەتی ڕۆشنبیری لەلایەن شاکر ڕۆژبەیانی بەڕێوەبەری گشتی دیوان خوێندرایەوە، دواتر وتاری ڕێکخراوی هونەرمەندان لەلایەن هونەرمەند هیوا سوعاد خوێندرایەوە، هەردوو وتار دەربارەی ژیانی هونەرمەند بوو، کەزێتر لە نیو سەدەیە لەپێناو خزمەتی هونەری کوردی بەخشیوەو تیایدا بەردەوامە، لەگەڵ هیوای تەمەن درێژیان بۆ خواست، هەروەها لەلایەن هونەرمەندان حەمە سەعید جاف و ئەحمەد سالار دەربارەی ژیانی هونەرمەندو بەخششەکانی و بیرەوەرییان لەگەڵ خودی هونەرمەند باسیان لێوە کرد.

لەکۆتایشدا هونەمەند حاجی مەکی بەوتەیەکی کورت سوپاس وپێزانی خۆی بەرامبەر بەم ڕێزلێنانە دەربڕی و بەڵێنی خۆی دووبارە کردەوە کەهەردەم لەخزمەتی هونەری کوردیدا بێت، شیاوی گوتنە کۆڕی ڕێزلێنانەکە لەلایەن باوەزیر عەبدوڵلاّ بەڕێوەچوو، ئەوەی جێگای باسە ئەو جۆرە ڕێزلێنانە لەکەسانی وەك حاجی مەکی جێگای خۆیەتی، چونکە لەخوێندنەوەی ژیانی ئەو زاتە پاکی و دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی دەخوێنیتەوە، کەخاوەن ئەرشیفێکی چەند دەوڵەمەندەو کارە شانۆییەکانی لەنێو دڵی کەسە پاکەکانی لەچینی هونەرمەندو هونەردۆستان و کورد پەروەرەکان کردۆتەوە، لەبەر ئەوەی بەتەواوی لەپیرۆزی هونەرو خەم و ئازاری میللەتەکەی

گەیشتووە، بۆیە میللەت حەزی لەچی کردووەو یاخود ئەو گرفتانە چین پەلیان هاویشتووەتە ناو میللەت هونەرمەند کردوونی بەدەقێکی تەمسیلی و بەکۆمیدی و یاخود تراژیدی دەریخستووە، کارەکتەریشی بۆ ئەو خۆشەویستییە لەبن نەهاتووەی بۆ هونەرو جەماوەر دەگەڕێتەوە، واتە سەرچاوەکەی ئەم دوولایەنەن، کام چین و توێژ هەیە لەمنداڵ تاوەکو بەساڵاچوو، لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ لەیەکەم کاری هونەری و تاکو ئەمڕۆ بەزۆرینەیی حەزیان لەبینینی کارەکانی ئەم هونەرمەندە پاك و بەتواناو دڵسۆزییە، کەواتە بەرۆح و مەعنەوی هونەرمەندەو تا دوا ڕۆژی ژینی کاری هونەری خۆی دەکات، لەڕوویەکی دیکە بەڕاستی جێگای خۆشحاڵییە کەوەزارەتی رۆشنبیری و لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان کەئەم ڕێزلێنانەیان بەخشی بەم زاتە، چونکە هەم شیاوی هونەرمەندەو هەمیش ڕێزگرتنە لەکاری پاك و دڵسۆزی کەئەو کوردەی ژینی بەڕێگایەکی پاك و پڕخزمەت بەسەر بردووە کاری دیکەش کراوە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لقی دوو دیارە بەردەوامیش دەبن، پیرۆزیش لەوەدایە کەسەکە بەچاوی خۆی ببینێ ڕێز لە کردەوەکانی نرا، ئەوەی بۆ ڕوون بۆوە خاوەن لاپەڕەیەکی پاکەو پاکی دەوری خۆی دەبینێ خۆشەویستی بەخشیوە بەچین و توێژ، دەبا ئێمەش هەموو لایەکمان لەکارەکانمان پاك بین هەتاوەکو ڕێزمان لێبنرێت و زێتر بەرەو هەڵکشان بڕۆین، کوردستانیش بەرەو پێشکەوتوو هەنگاوی خۆی دەهاوێ و نزیك بێتەوە لەوڵاتە پێشکەوتووەکان،پاکی هەر کەسێکیش ڕۆژی خۆی دێتەوە، ڕێگای کۆسپ و تەگەرە بڵقی سەر ئاوەو کۆتایی هەیە.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٧٠٣ دووشەممە ١٢-١٢-٢٠٠٧ بلاٌوم کردۆتەوە.

## خەونە ترسناكەكانی یوسف
## بەئاستێكی باش نمایشكرا

كاتژمێر ٦ ی ئێوارەی ٢٣-٥-٢٠٠٧ شانۆیی خەونە ترسناكەكانی یوسف لەنووسینی بارزان فەرەج، دەرهێنانی هونەرمەند بارزان سنجاوی، نواندنی بەهمەن حاجی، ڕووبار ئیسماعیل، مەسعود عوسمان، هاوار حەمید، مەزهەر ئیبراهیم، گیڤارا حوسێن، دەرباز مەولود،كارە هونەریەكان بەڕێوەبەری بەرهەم هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان، یاریدەدەری دەرهێنەر دارا مەحمود، بەڕێوەبەری شانۆ هێرش سەبری، لیژنەی بەرهەم جەلال ئەحمەد، شیلان مستەفا، شوعلە قاسم، لیژنەی ڕاپەڕاندن ئەنوەر عەزیز، عومەر موحەممەد، شیلان مەحمود، دیكۆر ڕەنجدەر عەبدوڵڵا، جێبەجێكار هەژار عوسمان، مەریوان غازی، كاروان ئەنوەر، هیوا موحەممەد ،هەڵوێست نەریمان، ڕووناكی زاهیر ئیبراهیم، كامەران دڵشاد، جێبەجێكار بڕوا مەغدید، مكیاج ڕووبار ئیسماعیل، فوڕات موحەممەد، ئێكسوار ئاراز عوسمان، مۆسیقا هیمداد سەلیم، هاوكاران هیوا عەلی، بێزار سلێمان، پۆستەر شاخەوان عەبدوڵڵا، دەلیل ئارام ڕەمەزان، لە هۆڵی ڕۆشنبیری هەولێر نمایشكرا.

شایانی گوتنە ئەم شانۆیە لەچوارچێوەی چالاكیەكانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر بوو، وەك بینەرێك دەڵێم ئەوی ڕاستی بێت، دەرهێنەر خەونی گەورەی هەیەو حەز لەكاری گەورەو بەپێز دەكات و بەمەبەستی خزمەت بەهونەر، ئەو ڕێچكەیەكی تایبەت بەخۆی گرتووەو حەزی لەكارە، بەڵام ئەو دەقەی كەخۆی لەقەرەیدا تا ڕادەیەك سەركەوتوو بوو، ئەوەی مابوو تەواو كاری بێت، دەقەكە دەقێكی درێژو ماوەی پرۆڤەش ماوەیەكی زۆری گەرەك دەبێت ئەگەرچی هونەرمەندان بەتایبەت بەهمەن حاجی و ڕووبار ئیسماعیل و مەسعود عوسمان تیایدا تەواو زاڵ بوون بەسەر بەر جەستەكردنیان، گەر بهاتبا زێتر لەپرۆڤەو خۆماندو كردنیان یاخود

دەقەکە لەسەر داوای دەرهێنەرو نووسەر واتە بەرەزامەندی هەردولایەن چڕ بکرابایەوە ئەوە سەرکەوتنەکەی لەئاستێکی بەرزتر دەبوو، وەك گوتمان دەرهێنەر لەتەماحی دەقی ئاست بەرزو دیار خەریکی ڕۆژگاری کوردەوارانە، ئەمەش لایەنی خزمەت کردنە بەگەل و نیشتمان بۆ بنبڕ کردنی ئەو گرفتانەی هەن و یاخود دەیانەوێ سەر هەڵبدەن، بۆیە ڕێچکەی دەرهێنەر بەبایەخەو بەهیوای ئەوە پەلە لەکارکردن نەکات و تاوەکو لەکارەکەی تەواو ئاسودە نەبوو نمایشی نەکات ئەگەر چی سەرجەم کارەکانی ڕادەی سەرکەوتن زۆر باش بووە بەڵام پەلەیی و کەمی ماوەی پرۆڤەی پێوە دیاربوو بۆیە ئاستەکەی بەو ئەنجامە نەگەیشت تێنووی جەماوەر بەتەواوی بشکێنێت، وای بۆ دەچم گەر پرۆڤەکەو خۆماندوو کردنی زیاتر بوایە ئەوە بێگومان زێتر بەرەو لوتکەی هەڵکشان دەچوو، جەماوەریش زێتر شادومان دەبوو٠

* لەرۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٥١٠ چوارشەممە ٣٠-٥-٢٠٠٧ بلاۆم کردۆتەوە.

# تاریکستانی کارۆخ ئیبراهیم

بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر بەهاوکاری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر ، کاتژمێر ٦ ی ئێوارەی ڕۆژانی ٨-٩-٥-٧-٢٠٠٧ بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان و هونەردۆستان شانۆگەری تاریکستان لەنووسین و دەرهێنانی هونەرمەند کارۆخ ئیبراهیم حەکیم، نواندنی هونەرمەندان سەلام کۆیی، کارۆخ ئیبراهیم، لاڤان ڕەفعەت، ڕێکان ئەحمەد، بارزان ئەحمەد، پەیوەند ئیسماعیل، زەردەشت جەلال، شازاد خدر، دەشنێ حوسێن، جولیانا یوحەنا، لەهۆڵی گەل نمایشکر.

ستافی کار بریتی بوو لەبەڕێوەبەری بەرهەم سەباح عەبدولڕەحمان، یاریدەدەری دەرهێنەر دانا بۆتانی، بەڕێوەبەری شانۆ لەڕووی هونەریەوە کاریان شێرکۆ، لەڕووی کارگێریەوە شانۆ ئەکرەم ، نەخشەکێشی ڕووناکی و تەکنیکار کاریان شێرکۆو کارزان فەیسەڵ، جێبەجێکردنی ڕووناکی کۆسرەت عەبدولڕەحمان، لیژنەی بەرهەم سەلام باپیر، یەحیا ڕەزا، عەبدوڵڵا، نەخشەکێشی دیکۆر ڕەنجدەر عەبدوڵڵا، جێبەجێکردنی دیکۆر شانۆ ئەکرەم، رەنجدەر عەبدوڵڵا، لاوەند سابیر ، ڕەوەز ڕەشید، ڕەگەز ئیسماعیل، دەرباز مەولود، گەیلان مەولود، بژار سەعدی، ئاشتیڤان سەلام،فەرحان ڕەفعەت، نیاز حەیدەر، زانیار عەلی، چاودێری هۆڵ لەکاتی مەشق و ڕاهێنان بێزار سلێمان، هیوا عەلی، دابەشکردنی مۆسیقاو جێبەجێکردنی بەهجەت نەجات، ژەنیارەکان هۆگر عەزیز کیبۆرد، شیاو کەمال کەمان، گۆران جەمال کەمان، موکریان ئەبوبەکر چەلۆ، ڕێباز وشیار کلارنێت، ڕەهێل جەمال جمبوش، ئومێد باڵەبان نای، کڤال، باڵەبان، فەرهەنگ یوسف ساز، گۆران سالح دەنگ، زیرەك حەمەدەمین ڕیکۆردەر، هۆگرعەزیز میکس ماستەر، ستدیۆ کنارە

، لێپسراوی ڕاگەیاندن دانا بۆتانی، ڕاگەیاندن ئاشتیڤان سەلام، کۆسرەت عەبدولڕەحمان، پۆستەرو دیزاین کاروان زامدار، وێنەگرتنی ڕیکلام سامان عەدنان، کارۆخ .

لەبواری دەرهێنان و ئەکتەرو دیکۆر سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا بوو، ئەوە گومانی تیانیە بەلاّم پەلەیی پێوە دیاربوو، ئەمەش وای بۆ دەچم کاتی پرۆڤەیان کەم بووبێت، بەلاّم وەك دەق و ناوەرۆکەکەی لەگەڵ بەشێکی بۆ چوونەکانی ئەوم، ڕاستە باوکسالاری هەیە، بەلاّم ئێجگار بەو توندیەی ئەو دەبێژی وانییە گەر هەبێت بەهۆکاری نەبووەو بەڵکو ئەوەی کەڕووی دابێت تەنیا دابونەریتە، ئەوانەی شارەزایی ئایین و پێشکەوتنی سەردەمی ئەمرۆ نین لەڕووی جلوبەرگ وا جوانتر دەبوو حاجی عوسمان جلوبەرگی کوردی لەبەر بکردایەو خاوەن ئەو خانووە گەورەو دوا مۆدیل نەبوایە، هەروەها کارو پیشەی حاجی عوسمانی دەرخستبا، مردنی هاوسەری حاجی عوسمانی بزاندرایە بەچی مردووە، ئایا بەهۆکاری خەم، یاخود کارەساتی دیکە، کەحاجی عوسمان سەیری فیلمی سێکسی دەکرد دەبوایە ئەوەشی بدرکاندایە بەنیازی ژنێکی دیکەیە بخوازێ،گەلێك گوزارشتی هەبوو بەراستی زۆر جوان بوو، بەلاّم هۆی ئەم گرفتانەی ئەو لێی دەدوا لای نووسەر زۆر قورسە خۆی لەم شتانە دوورەو لەژینی ژیانی گەرمی و ساردی کاریگەری بەسەر خۆیدا نەبینیوەو وادەڕوانێ گەنجی کورد دەبێ بەبێ گرفت بێت و هەردەم بەختیارانە لە نێو ئومێدەکانی ژیان بگوزەرێنێ، ئەمەش سەد لەسەد مەحاڵە لەم ولاّتانەی ئێمە ئەم بوارە بە پێشکەوتوویی دەزانین، بەلاّم گەر لەوێ بژین ئەوسا گرفتەکانی گەنجەکانیان بۆمان دەردەکەوێت چین، دەرهێنەر لەبواری نواندن و دەرهێنەری سەرکەوتووەو بەهیواین هەر سەرکەوتوو بێت، کار لەدەقێ بکات تیایدا ئاستی سەرکەوتنی زۆر بەدەست بێنێ، چونکە ئەم دەقە فراوان بوو دەیتوانی پوختری بکات، ئەوکات زێتر سەرکەوتووتر دەبوو ئەمە تەنیا ڕای خۆمەو وای دەخوێنمەوەو بەهیوام هێندە ڕەشبین نەبێت گرفت هەر هەیەو دەمێنێ لەلای هەموو چین و توێژێکەوە.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٤٩٥ سێ شەمە ١٥-٥-٢٠٠٧ بلاّوم کردۆتەوە.

# لەیادی کۆڕەودا سلاّو لەگیانی پاکی هونەرمەندان
# جەوهەر باپیرو نەوزاد مستەفا

لەخوێندنەوەی مێژوو ژیانی ئێستای هەر میللەتێکی پێشـکەوتوو هـەر یەکـەو بـەکاری خـۆی و کەس لەدونیایەك بۆ دونیایەکیتر نزیك نابیّ، نووسەر، کاری نووسـین، هونەرمەنـدی هـەر بوارێـك لـە چوارچێوەی بوارەکەی خۆی، سیاسی کاری سیاسی، بازرگان لەهەولّی زێتر بەدەستهێنانی سـوودمەندی ماددە، بەلاّم میللەتێکی وەکو ئێمەی کورد دوژمنان و نا حەزانمان وای لێکردووین لە زۆربەی نزیك بـین و گۆڕانکاری لەئەو بۆ ئەو لەسـەرووی هەموویانـەوە کـاری سیاسـی و سـەنگەر گـرتن لـەدوژمنان و هەستکردنمان بەزولّم و ستەم، بۆیە منداڵەکانیشـمان لـەڕێگای کـاری هونـەری و ئـەدەبی و مەیـدانی لەرۆژانەمان فێری شارەزابونمان کردون کەگەورەبوون بەرگری بکەن لە کوردسـتان، گەرچـی ئـەوان ئـەم ژیانەیان لەبەر چاوان بووە، نەوەك بەگێڕانەوەو دەلّێن، ئێمەی کورد ناهەقمان نەبووە گەر وامان نـەکردبا زۆرمان دەسڕاینەوە یاخود هـەردەم بـەزەلیلی و ملکەچـی دەبابـژیاین، ئـەو ئازادییـەی ئـەمڕۆ ئـەم پەروەردەیە بەخوێنی شەهیدان و یـەکگتوویی ڕوواوە، ئازارەکـان زۆرن، بـەلاّم بـەقولّترین بـرین یـادی کۆچڕەو ئەوەی نیشاندا جارێکی دیکە مەحاڵە لەگەڵ ڕژێمی بەعس و لەژێر ئەمری ئەو بژین، کۆچـڕەو بەزۆرینەی چین و توێژو نەتـەوەیی و ئـایین و بـە تەمـەنترین و تامنـداڵی گرتـەوە، بـەلاّم بەشـێکیش سوێندیان خوارد بـەرگری بکـەن، بـەرگریکارانیش لەچـین و توێـژو بـواری جیاجیـا لەمانـە هـەردوو هونەرمەند جەوهەر باپیر و نەوزاد مستەفا، کەهەردووکیان پێشمەرگەی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بوون و زۆر لێم نزیك بوون بە هۆکاری ئەم چەند ساڵەی کەئەندامی کۆمەڵـەی هونـەرو وێـژەی کـوردی مەلّبەندی گشتی هەولێر بووین و لەچەند کارێکی شانۆیی لەگەڵ یەکتردا بەشدار بووین، جگـە لـەوەی لەگەڵ هونەرمەند جەوهەر باپیر ماڵمان دیوارێکمان بەین بوو، ئەم دوو زاتـە تـەنها کەسـێك و خـاوەن پیشەیەك نەبوون وەك کەسانی ولاّتە پێشکەوتووەکان، جەوهەر باپیر پیشەی فیتـەر، هونەرمەنـد وەك ئەکتەر، دەرهێنەر، ڕووناکی، دەنگ...هتد، جگە لەوەی لەدونیای ئەوەی کـورد دەبـیّ کـەی ڕزگـاری بێت، وەك ولاّتێکی ئازادو سەربەخۆ بژیت، لە کارەکان کام دەق زێتر گوزارشت لەهەسـتی نەتەوایـەتی دەکات و نزیکە لەژیانی میللەتی کورد، دەبیّ بەرپرسانی ڕژێم ڕەزامەندبن لە دەقەکـە، چـۆن دەتـوانی بەهونەر خزمەت بەمیللەتەکەی بکات و بەهەموو لایەنە دڵسۆزەکان پێشی بخەن، کۆسپەکان چۆن ببڕن و چۆن منداڵەکان پەروەردە بکەن و بژێویان بۆ مسۆگەر بکات ، هونەرمەند نـەوزاد مسـتەفا بـەکاری

پیشەیی نانەوا بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانی خێزانی ماڵەوەیان و ئەشقی کاری هونەر، لەلایەکی دیکە ئاواتی ڕزگاربوونی کوردستان لەسەرووی هەموویان، خەمی پێشکەوتنی هونەرو چۆن بتوانرێت پێش بکەوێ و ئەمانەو چەندان ئاواتی دیکە لەنێو بیروباوەڕی ئێمە بوو هەریەکەی لەدونیای بیرکردنەوەی خۆی، بەلاّم چینی ڕۆشنبیر زێتر ماندوو بوو، چونکە کورد گوتەنی ئەقلی بەسەر زۆر لایەن دەشکێت واتە تیایدا شارەزایەو لەخولانەوەیە ئەم نموونانە وەك شارەزابوونێك لەژیانی ڕۆژانەی چینی هونەرمەندە دڵسۆزەکانی کوردستان بوو، ڕاپەڕین کە لەبەهاری ۱۹۹۱ سەری هەڵدا هەردوو هونەرمەند وەك هەر دڵسۆزانی دیکە چەك بۆ بەرگری و ڕزگار کردنی کوردستان لەژێر فشارو ژێر دەستەیی بەعس هەڵگیرا، هەردوو هونەرمەند دەورێکی زۆر کاریگەریان بینی و بەشدار بوون لەڕزگار کردنی شاری هەولێرو کەرکووکی دڵی کوردستان و زۆرینەی شارۆچکەکان، خۆم شایەدمانی ئەوەم شەهید جەوهەر باپیرم لەکەرکووك بینی ئەو ڕۆژانەشی بۆ باسکردم کەماڵیان لەکەرکووك بووە، ئەمڕۆ کەیادی کۆچڕەوە دەبێ بەرپرسان و هونەرمەندان ڕۆڵی هەردوو هونەرمەند لەیاد نەکەن، چونکە ئەوان لەڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ سوێندیان بەخوای گەورەو خاکی پیرۆزی کوردستان و خوێنی شەهیدان و ڕوحی باوکی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر خوارد پشت لەدوژمن نەکەن، شایەدمانم کەهونەرمەندی هەرەدیارو دڵسۆزو بەتوانا کاکە جەوهەر ئەو سوێندنانەی لەبەرامبەرم خوارد هەرچەند گوتم لەبەرەی کوردستانی بڕیاردراوە شەڕ لەنێو شار نەکرێ ئەو نەیسەلماندو گوتی:

کوڕە سوێندم بەخواو گۆڕی بارزانیی نەمر خواردووە پشت لەدوژمن ناکەم و ئەوەی ڕوو دەدا تەنیا شەهید بوونە دەبا شەهیدبم ئەوەم قبوڵ نیە بەعس بەنێو ماڵ و منداڵ و ئافرەتانمان بکەوێ ئابڕومان بەرێ ئەوە بیروباوەڕو هەستی نەتەوایەتی هەردوو هونەرمەند بوو، جگە لەمە لە چەندین کاری هونەری بەسەرکەوتوویی تیایدا بەشداریان کردووەو بەئارەقەی نێوچەوان بژێوی سەربەرزانەیان بۆ خێزانەکەیان دابین دەکردو لەڕۆژی بەرگریش پێشمەرگە بوون، دووبارە دەڵێم ئەرکی هونەرمەندان و بەرپرسانە لەم ڕۆژانەدا یادی هەردوو هونەرمەند بکەنەوەو سەردانی خێزانەکانیان و هەواڵ پرسین لەژیان و گوزەرانیان چەپکە گوڵ بردن بۆ سەر گۆڕە پڕ نورەکانیان بەرن، چونکە ئەوان شەهیدن و شوێنێکی هونەری بەناویان بکرێت گەرئەوان و هاوبیرو باوەڕی و هاوشێوەی ئەوان نەبا ئێستا ئێمە بەم ئازادییە نەدەژیاین و نەدەبووینە خاوەن حکومەت و پەرلەمان، هەزاران هەزار سلاّو لەگیانتان هاوبیرو بڕواو برادەرێتی چەندین ساڵەم مەحاڵە لە یادتان بکەم.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ۲٤٥۰ شەممە ۳۱-۳-۲۰۰۷بلاّوم کردۆتەوە.

## ماڵئاوایی جیهاد دڵپاك

هونەرمەندی شانۆو دراماو سینەماکار جیهاد دڵپاك لەدوای نەخۆشیەکی زۆر لەسەر جێ کەوتوو بەهۆی نەخۆشیە کوشندەکەی شەوی ٢٥-٢٦-٩-٢٠١٣ لەوڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد. هونەرمەند بەهۆی ئەو ئاست بەرزیەی لەبواری شانۆو دراما هەیبووە وەك نواندن، دەرهێنەر، نووسین، توانی خزمەتێکی بێپایان بەو بوارە هونەرییانە بکات، لەبەرئەوەی بەتەواوی لە پیرۆزی هونەر گەیشتبوو هەمیش دەیزانی لەهەر سەردەمێك چ جۆرە دەقێك دەتوانی باس لەو سەردەم و زروفی سیاسی بەتایبەت دەکات بۆیە کاری لەم جۆرە هونەرییە دەکرد، وەك ئەکتەرو نواندن ئاستە بەرزییەکەی لەبەر چاوان بوو، بۆیە بەکۆچی دوایی ئەم هونەرمەندە زۆر غەمبار بووین، لەبەرئەوەیە دەڵێم کۆچی ئەم هونەرمەندە خەسارەتێکی گەورە بوو لەبواری کارە هونەرییەکانی وەك نواندن، ئەکتەر، دەرهێنەرو ...هتد، چونکە وەك دەزانین گەلێك بەرنامەی دیکەی لەهەگبەدا بوو کەکاری بۆ بکات و خەرمانی خزمەتە هونەرییەکەی زێتر دەوڵەمەند بکات و بێگومان بەهۆیەوەش هونەری کوردی بەرەو پێش دەبرد، هەموو لایەکمان بەکارەکانی دڵخۆش دەبووین، بەکۆچی هەموو لایەکمان غەمبارین، ئەوەی لەدەستمان بێت دوعای خێری بۆ بکەین و لەخوای گەورە بپاڕێینەوە لەگوناهەکانی خۆش بێت و بەبەهەشتی بەرینی خۆی شادی بکات.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٤١٢ یەك شەممە ٢٩-٩-٢٠١٣ بڵاوم کردۆتەوە

# ڕەشۆ  ماڵئاوایی کرد

لەڕێکەوتی ١٣-٦-٢٠١٣ هونەرمەندی کۆمیدی لەبواری دراماو شانۆ عەباس عەزیز لەشکری ناسراو بەڕەشۆ کۆچی دوایی کرد، ڕەشۆی هونەرمەند جگە لەم بوارانەش لەچەندین بەرنامە بە نواندنی کاریکاتێری ڕۆڵی ئاست بەرزی بینیوە بەتایبەت بەکارە کۆمیدیەکانی، هونەرمەند خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندو خۆشەویستی زۆرینەی هونەرمەندان و هونەردۆستان بوو، کارە هونەرییەکانی زێتر ڕەخنە ئامێز بوو لەو کارانەی کە لەنێو کۆمەڵگاو د ەزگا حکومییەکان و حزبیەکان بەرچاو بوو، ڕەشۆ لەژیانی هونەری پەیوەندی لەگەڵ هونەرمەندان زۆر باش و خۆشەویستیەکی پتەوی دروست کردبوو، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی، هونەرمەندو هونەردۆستان فرمێسکی خەماوییان بۆ ڕشت، لەبەرئەوەی خاوەن بەهرەیەکی بەرزی هونەری و ڕەوشتێکی جوان و دڵسۆزانەی هەبوو، گوزارشتەکەی پاك و بەدوور لەشکانەوەی ئەم و ئەو بوو، هونەرمەند ڕاستیی دەگەیاندە بینەران، لەحەزی ئەوە بوو کرداری ناڕەوا نەبێت لەنێو  میللەتەکەی، هەر بۆیەش ببووە خۆشەویستی زۆربەی هونەرمەندان و هونەردۆستان، خوای گەورە لەگوناهەکانی خۆش بێت و بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٣٤٢ یەك شەممە ١٦-٦-٢٠١٣ بڵاوم کردۆتەوە

# بۆچی خاوەن هونەرێکی کۆمیدی نین

هەریەکێك لەئێمەی کورد چ هونەرمەندان و چ هونەردۆستان ئاشنایین بەکارە هونەرییەکانی کۆمیدی جیهان، بەڵام هونەرمەندان و هونەردۆستانی جیهان ئاشنا نین بەکارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی کۆمیدی کورد، لەبەر ئەوەی ئێمە هەوای ئازادیمان هەڵنەمژیوە، دەوڵەت نین، تابتوانین کاری کاری جیا،جیا بگەیەنینە ئاستێکی بەرز، هەروەها لەدوای ڕاپەڕینەوەش نەتوانیومانە هونەرمەندە کۆمیدیەکانمان پەروەردە بکەین و نەئەوانیش حەز دەکەن بەتەواوی بچنە نێو دڵان، چونکە هۆی سەرەکی ئەوەیە دەقە کرچ و کاڵە بازرگانییەکان خۆیان خستۆتە نێو بازاڕی ڕق لێبونەوە، لەبەر ئەوەی دەقەکان گونجاو نین لەگەڵ ڕابردوو نەریتی کوردو بەڵکو هەندێکیان شکانەوەیە بەسەر کورددا، چونکە ئەوەی ئەوان باسی لێوە دەکەن نەك هەر ناگونجێ بەڵکو هەر نەبووە، تەنیا هەڵبەستراوە، گەر بۆ چارەسەریش هەوڵبدرێت ئاسانە کەئێمەی کوردیش ببین بەخاوەن بەرهەمی هونەری کۆمیدی لەبواری فیلم و دراماو شانۆیی، ئەویش بە هەوڵ و توانای چەندین هونەرمەندی کوردی بەئەزموون و لەڕێگەی پەروەردەو دەقی گونجاو لەگەڵ دابونەریتی کوردەواری، بتوانن هونەردۆستان بخەنە نێو کاتێکی خۆش، هونەرو خۆیان خۆشەویست بکەن لەنێو دڵی هونەرمەندان و هونەردۆستان و هەردەم لەچاوەڕوانی کاری دیکەی نوێ و بەپێز بن، تاوەکو بەبینینی شاد بن.

* بەناوی ئەحمەد چاوڕەش لەرۆژنامەی دەنگی میللەت ژمارە ١٧٤ چوارشەممە ١-٩-٢٠٠٤ بڵاوم کردۆتەوە.

## قەل و ڕووتە
## دوو تێکستی شانۆیی

کتێبی قەل و ڕووتە دوو تێکستی شانۆیی لەنووسینی هونەرمەند تەلعەت سامان، لەزنجیرە ٢١ ی بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆیە، لەم ڕۆژانەدا کەوتە بەردەستی خوێنەران، لەخوێندنەوەی ئەم دوو شانۆیەش گەڕامەوە بۆ ئەو یادەوەریانە لەگەڵ هونەرمەندو هەروەها دەقی هەردوو شانۆیەکە لەدەرهێنانی نووسەر لەدوای شۆڕشی مەزنی ئەیلوول نمایش کراون، گەر وردبینانە لەکاری هونەر بدوێین لەو کاتەدا گۆڕانکارییەك هاتە ئاراوە بەهۆکاری نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئەو هونەرمەندەی زۆر بەجەرگ وخاوەن هەستێکی نەتەوەیی دەوڵەمەند نەبوایە نەیدەتوانی بە کاری شانۆیی خزمەت بەهۆشیاری نەتەوەیی کوردو چەوساندنەوەو هاندانی بینەر بۆ خۆشەویستی گەلەکەی و دەرخستنی کردارە نامرۆڤایەتیەکەی دەسەڵاتداری ڕژێمی بەعس بکات، قەل و ڕووتە دەقێکە گوزارشت لەکردەوەی نامرۆڤانەی ڕژێمی بەعس دەکات، دواتر ئەو فێڵە کاڵ بۆوە، هەڵبژاردنی بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئێراق بۆ کوردستانیش ئەنجوومەنی یاسادانان، هونەرمەند لەو تێکستە ئەوەی خستۆتە ڕوو هەڵبژاردنەکان بەگشتی لەئێراق دیموکراسی نەبوون، بەڵکو کودەتا بوون، بەڵام لەچاوچێوەی دەقێکی کۆمیدی گاڵتەجاڕی بە دەسەڵاتداری ڕژێمی بەعس کەچۆن لەهەڵبژاردن بەگەل چەواشەکاری دەکات، ڕووتە کەکارەکتەری سەرەکییە کەسێکی برسییە خەون بەوە دەبینێ ببێتە پاشا بەهەڵبژاردن بە هەڵدانی قەل، هەرچەندە دەقەکە سوودی لەدەقێکی فۆلکلۆر وەرگرتووە، بەڵام دەقە فۆلکلۆرییەکە بازە، هونەرمەند بۆ گاڵتە کردن بەدەسەڵات کردوویەتە قەل، وەك لەکوردەواری دەگوترێ قەل باڵندەیەکی سپی بووە، بەڵام درۆی لەگەڵ پێغەمبەر سولێمان(ص) بۆتە ڕەش، کەواتە بۆ ئەوسا زۆر گونجاو بووە.

تێکستی دووەم پیلان لەنووسینی چیرۆکنووس موحەممەد مەولود مەم هونەرمەند تەلعەت سامان بەرەزامەندی چیرۆکنووس دەقەکەی ئامادە کردووەو هەم کاری دەرهێنانی کردووە لە ٢٠-٩ -١٩٧٧ لەهۆڵی گەل لەهەولێرنمایش کراوە، لەخوێندنەوەی ئەوەت بۆ ئاشکرا دەبێت دەقێکی ئەدەبی سیاسییە بۆ ئەوسا گونجاوو گوزارشت لەو سەردەم دەکات، بۆیە هونەرمەند کردوویەتیە دەقێکی شانۆ، بەڵام لەبەر زروفی دەسەڵاتی ئەوسای ڕژێمی بەعس بەرگێکی تەماوی خستۆتە بەر، چونکە بەئاشکرا باسی کردەوە قێزەوەنەکانی دەسەڵاتی بەعسی دەکرد لەو سەردەم، بەڵام بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی کەگەمە پێکردن بوو بەئەقلی ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتداریەکەی، ئەوە ئاشکرا بوو چۆن ڕژێم بیانووی لەکورد دەگرت، چونکە لەوە دەترسا شۆڕشی کورد زۆر بەگوڕترو ورە بەرزانەتر سەر هەڵبداتەوە، هونەرمەند بەئاشکراو بەزەقی ئاماژەی بەوەداوە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول کاتییەو بەگوڕتر سەر هەڵدەداتەوە وەك دەڵێ:

هەر دەبێ مەم بەزین بگات کەگوزارشتی ئاشکراو بەرچاو دەبێ کورد دەبێ بەمافی ڕەوای خۆی بگات، بەڵام هونەرمەند زیرەکانە مامەلەی لەگەڵ ئەم تێکستە کردووە،خستۆیەتی قالبی داستانی،واقعی گاڵتە ئامێز بۆ ئەوەی دەسەڵاتداری بەعس سەری لێ بشێوێ هەرچەندە جەماوەر بەسانایی لەناوەرۆکەکەی دەگەیشتن مەبەستی چییە، بۆیە ئەو ڕاستیە دەبێژم و دەڵێم بەڵێ بە ڕاستی هونەرمەند تەلعەت سامان بەئەزموونەو خاوەن هەستێکی دەوڵەمەندی کورد بووەو بەکارەکانی بەردەوام لەگەڵ جەماوەر دابووەو چی دەوێت ئەوی دەخستە ڕوو بەتایبەت لەبواری زروفی سیاسی، دەتوانم بڵێم پێشمەرگەیەك بوو بەچەکی هونەری.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٥٦٧ هەینی ٣-٩-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە

## فیستیڤاڵی شانۆی منداڵان

## ئومێدێك بۆ دوارۆژی شانۆی كوردی

لێرەدا دەمەوێ وەك هونەردۆستێك خۆشحاڵیەكی ئێجگار زۆر دەربڕم دەربارەی فیستیڤاڵی شانۆی منداڵان لەرێكەوتی ٢٠-٣٠-٦-٢٠١٠ لەشاری هەولێر بەردەوام بوو، دەستخۆشی بۆ بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێرو سەرجەم هونەرمەندانی بەشداربوو، لەبەر خۆشحاڵیم پێم خۆش بوو ڕایەك دەربارەی گرنگی فیستیڤاڵی شانۆی منداڵان دەربڕم، ئێمەی كورد بەرەو سەدەیەك دەچێت تامی ئازادی و ڕادەربڕینێكی ئەو تۆمان نەچێشت تاوەكو ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەرپا بوو توانیمان ڕێچكەی خزمەتی پیرۆزی ژیان بگرین و ئاسوودانە بتانین لەم ڕێچكەیەدا خزمەت بەنەتەوە ستەم دیدەكەمان بكەین، لەسەردەمی منداڵی بەشی هەرەزۆری منداڵانی كورد دوور بوو لەو حەزەی كەهەیەتی ئەو ڕاستیە لەمێژوودا تۆماركراوە مەرگەساتەكان هێندە زۆر بوون تاگەیشتە ئەو ڕادەیەی منداڵ ئەنفال بكرێت بەكۆمەڵ بخرێتە ژێرخاك كەواتە ئەمڕۆ كەئەو جۆرە فیستیڤاڵە ساز دەكرێت خەندەی خۆشی دەبارییە سەر لێوانی سەدان منداڵی كورد كەواتە ئەو كارە هەرە گرنگە چونكە منداڵ بەردی بناغەی پێشكەوتووی وڵاتە، یان بڵێین نەمامێكە چۆنی بڕوێنی وا هەڵدەچێت، ئەوانەی ئەمڕۆ لەحەزی بینینی شانۆگەرین، یاخود وەك ئەكتەر بەشدارن گومانی تێدانییە ساڵانە فیستیڤاڵی لەم جۆرە بەردەوام بێت دەیان منداڵی بەشدار بوو، یاخود وەك بینەر هاتوون دەبن بەهونەرمەندێكی بەرچاوی دوارۆژ دەتوانن خزمەت بەهونەری كوردی بكەن، جگە لەوانی دیكەش لەدنیای هزرو ڕۆشنبیری كەسێكی دیارییان لێ دەردەچێت، چونكە هۆشیارو زیرەك دەبێت، شانۆ قوتابخانەی گەلە لە بینین یاخود بەشداری شانۆ ئەوە زۆر شتی شاراوەو ئامۆژگاری و خۆشەویستی یەكدی

و نیشتمان و دادپەروەری و دەوڵەمەند بــوون لەهەســتی نەتــەوەیی بوارەکــانی خزمــەتگوزاری بەگشتی واتــە دەچــێتە ئــەو ڕێچــکەیەی خزمــەت بەمرۆڤایــەتی بکــات تــاوەکو کوردســتان پێشکەوێت لەهەموو بوارە پیرۆزیەکان ، کەواتــە هــەر چــەندە لەلایــەن حکومــەتی هــەرێمی کوردستان پشتگیری لەبواری ئاوا بکرێت ئەوە ڕێزگرتنە لەکۆمەڵگە تاوەکو هەنگاوەکانی خۆی بهاوێژێت و دڵخۆشیەکی بەها بخاتە دڵــی ســەرجەم کۆمــەڵانی کوردســتان بەســەرجەم چــین و توێژەکانەوە، چونکە هەموو دەزانین منداڵی ئەمڕۆ نــەوەی دوارۆژەو بەپشــتگیری و هانــدانیان بناغەیەکی بتەو دروست دەبێت و ئەوسا هەر زوو بەڕێچکە پیرۆزیە مرۆڤایەتیــەکان دەگــەن و لەهەوڵی خۆیاندا بەردەوام دەبن، کەواتە بە ئاســوودەیی و لێزانانــە کوردســتانمان بــەرەو پــێش دەچێت و خەونی ئەو منداڵانە دێتە بەرهەم کە لەحەزی ئەوەن لەدوارۆژدا بــبن بەهونەرمەنــدی ئاست بەرزو خزمەت بەکوردستان بکەن، دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێــت گــەورەکان لەزۆرینــەی حەزەکانمان بێبــەری بــووین، نــەمانتوانی بــە خەونــەکانمان شــادبین چــونکە لــەژێر دەســەڵاتی گەورەترین ڕژێمی یەك لەدوای یەکەکانی ئێــراق بــووین بەتایبــەت ڕژێمــی ڕووخــاوی بــەعس کەهەموو هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کورد بوو، ئەمڕۆ پارچەیەك لەکوردســتان ئــازادە دەبــا هەریەکەمان لەهەوڵ و کۆششی خزمەتی کوردستان بین و دڵی منداڵەکانیشمان شاد بکەین بەو حەزەیەی هەیانە لەچوارچێوەی ئەرکی مرۆڤایەتی لە پێناویاندا کوردستان پێش دەکەوێت٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٥١٥ دوو شەممە ٥-٧-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە

## هاوارێك بۆ ڕەخنەگرانی شانۆی كوردی

گەلێك جیاوازی لەكوردستانی ئازاد هاتۆتە گۆڕێ، بەلاّم محابن زۆرینەی گۆڕانكاریەكان بەناوی ئازادی ڕادەربڕین و یاخود نەچوونە دوای لێپرسینەوە لەپێناویدا تیادا زەرەرمەندین ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بێژم ڕەخنەی هونەری شانۆ نازانم بۆچی بەوجۆرە تەواو وشك بووە، ئەگەرچی ئەوە دەزانم ڕەخنەگر هەن ڕاستگۆیانە دەتوانن كاری ڕەخنەیی خۆیان زۆر بەپێزو مەوزوعیانە زۆرترین شتە شاردراوە باسنەكراوەكان ئاشكرا بكات و بچێتە نێو بنج و بنەوانی ناوەڕۆكی دەقەكە، ئاستی دەرهێنەرو نواندنی ئەكتەرەكان و دیكۆڕو مۆسیقاو ڕووناكی، لەوانە وەكو گەواڵەی هەوری بەهاران كەبەچاو ئەوە نییە ئەو هەموو ئاوەی هەڵگرتبێت كەباری ڕاستیەكان دەكەوێتە بەرچاو، ئەوە لەهەردوو لایەنی سەركەوتوو ناسەركەوتوویی بەڕەوا بزانن یەكسەر بە شتی دیكە لەقەڵەمی دەدەن و دەبێتە گرفتێك، جاران بەمە خۆشحاڵ دەبوون ئەگەر ڕایەكانیشیان بەپەسند نەزانیبا ئەوە وەڵامیان دەدایەوە بەبێ ئەوەی گرژی ڕوو بدات لە بەرامبەر یەكدی، لەجیاوازییەكی دیكەی هونەری شانۆ لەبەر هەندێ كاری هێندە ئاست نزم دەتوانین بڵێین بەداخەوە ئەو كارانە لەلایەن بەرپرسانی هونەری كەقبوڵ دەكرێت نمایش بكرێت، لەلایەكی دیكە جیاوازییەك كەوتۆتە نێوان نەوەی كۆن و نوێ، ئەگەر بچینە نێوانیان ئەوە هەریەكەی خۆی بەهونەرمەندتر دەزانێت، بەلاّم ڕاستیەكەی لەهەردوو لایەن كاری باش و خراپ هەن، بەنموونە ڕاستە نەوەی كۆن هەیە هیچی پێ نەماوە، بەلاّم بەهۆكاری تەمەنی ئەوە پشتگیری دەكرێت بۆ بەردەوامی لەكاری هونەری، كاتێ شانۆیەكە نمایش دەكرێت هیچ ئیزافەیەكی تێدا نییە، بەڵكو بۆ ئەوەی بڵێ هەم كراوە، لێرەدا پێویستە لەپێناو بەرژەوەندی هونەری كوردی ڕەخنەگرەكانمان بێنە وەلاّم تاوەكو دەرهێنەر لەكاری هونەری بەدوور دەبێت، یاخود كارێك دەكرێت لەنەوەی كۆن ئەشهەدو ئاست بەرزە بۆ ئاست بەرزی بڵێن كەبەڵێ شیاوی بەردەوامی هەیەو دەتوانێت خزمەت بكات ئەوسا ڕەخنەگران باس لەو خۆشەویستیەی ئەو

هونەرمەندە بکەن کەناتوانیٚ لەهونەر دابڕیٚ کارەکانی شیاون، هونەرمەندانی گەنجیش لەو بوارەدا بەڕاستی بەشێکیان زۆر بەجدی و لەپێناو خۆشەویستیان بۆ هونەرو خزمەت کردن چوونەتە نێو دونیایەك کەبەردەوام لەهەوڵی بەرەو پێش چوونن، بەدوای کاری جوانن ئاستی سەرکەوتنیان زێتر بێت، بەڵام هەن هەرچەندە دەرچووی ئەکادیمین بەڵام کارەکانیان کورد گوتەنی دەڵێی بەسوغرە پێیان کراوە زۆر کرچ و کاڵ بەتایبەت لەڕووی دەق لەوانەیە شیاوی تەنها لەلای چەند کەسانێك بێت، چونکە بەداخەوە گەلێك دەقی لەو جۆرە هەڵبژێردراوە دوور لەدروستی کولتووری کوردی هەم هێندە وشك ئەگەر تەنها دەرهێنەر خۆی تێی بگات، ئەگەرچی لەلای خۆی وای بۆ چووە دەقێکی ئیجگار گونجاوی ئەمڕۆیە، لەو کارانەش ئەگەرچی پێویستە ڕەخنەگر دەربارەی بدویٚ بۆ ئەوەی وەك پەندێك سوودی لیٚ وەربگرێت و ئەوەی لەلا ڕوون بێت کە زۆرینەی جەماوەر لەگەڵ ئەم دەقانە نین.

لەکۆتاییدا ئەوەی پێویستە بگوترێت بەداخەوە لەئەمڕۆی دەرچووی ئەو هەموو قوتابییە ئەکادیمیانەی لەهەردوو کۆلیژی هونەرو پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لەکوردستان هەن لە ئاستیش مخابن بەگوێرەی دەرچووان نین و ڕەخنەگرانیشمان بەئەرکی خۆیان هەڵناسن.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٤٩٧ دووشەممە ١٤-٦-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە

# ماڵئاوا تەها خەلیل

لەگەرمەی بەیەك گەیشتنی دۆست و خزم و ناسیاو بووین بەهۆی جەژنی قوربان،مخابن لەهیکرا لەتەلەفزیۆن گوێبیستی هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی بەئەزموون، هونەرمەندی شانۆو دراما تەها خەلیل بووین ، هەر لەگەڵ بیستنی ئەو ڕۆژانەم هاتە یاد کەچەند جارێك لەگەڵ هونەرمەند بەیەکەوە دانیشتووین و گفتو گۆیی هونەریمان کردووە، هەروەها بەدەنگی دەنگە قەبە گەورەیی و کارە هونەرییەکانی بەتایبەت تەمسیلی ژیان کەڕۆڵی سەرەکی بینیوە، هونەرمەند تەها خەلیل وەك خوێندنەوەیەکی خۆم بۆ هەندێ لایەنی کەسایەتی و ئاستی هونەری و ڕۆشنبیری ڕاستی لەهەمموویاندا خاوەن ئاستێکی بەرز بووە، بەهیوای ئەوەم نموونەی زۆر بێت، لەڕووی ئاستی کەسایەتی خاوەن عیزەت نەفس بوو، زۆرجار لەگەڵ کەسانی بەرپرسی باڵای سیاسی دانیشتووە، بەنموونە بارزانیی نەمری بینیوە لەزۆر کۆڕو مەجلیسدا باسی ئەو وتە پیرۆزانەی بارزانیی دەکرد کەئاراستەی هونەرمەندانی کردووەو چۆن ڕێزی لێناون، جارێکیان لە مەسیف سەلاحەدین بەندەش بەشدار بوو لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لەهونەرمەندان و نووسەران و ڕۆشنبیران لەخزمەت جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بووین، هونەرمەند تەها خەلیل ئەو یادەوەرییەی خۆیی و هونەرمەندانی گێڕایەوە لەگەڵ بارزانیی نەمر لەشاری سلێمانی کەچووینە خزمەتی و بارزانیی نەمر پێی فەرموونەو چۆن ڕێزی گرتوون، هەر لەوێ باسی هەڵوێستی خۆی کرد بەرامبەر بەخۆشەویست بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتر هەندێ گلەیی و گازاندەی بەرامبەر بەهونەرمەندان و حزبە سیاسییەکان دەربڕی کەدەست تێوەردان دەکەن و هونەرمەند بەچاوی ئاستی ڕۆشنبیری سەیر ناکەن تەنها ڕێز لەهونەمەندانی نزیك خۆیان دەگرن و بەرەنگاری دژە حزبەکانیان دەبن، بەڵێ هونەرمەند خاوەن کەسایەتیەکی بەرز بوو، هەر بۆیە خۆشەویستی زۆرینەی ناسیاوو خزم و کەس و کارەکانی و هونەمەندو هونەردۆستان بوو ، چەندین جار سەردانی شاری هەولێری دەکردو دەهاتە ڕۆژنامەی برایەتی وخەبات، هونەرمەند

وەك ئاستی هونەری و دەوڵەمەندی بەشداری زیاتر لەسەدان كاری هونەری كردووەو وەك ئاستیش هونەرمەندو هونەردۆستان شارەزای ئەوەن كەچۆن هونەمەند دەبووە ئەو كارەكتەرە وەك ئەوە وابووە كەواقیعەن ژیانی ئەوە تۆمار كراوەو پیشانی ئێمە دەدرێتەوە دراما تەلەفزیۆنەكان ماون و ئەو ڕاستیە دەردەخەن، بەرهەمەكانی جگە لەدوای ڕاپەڕین لەتەلەفزیۆنەكانی حكومەت و حزبەكانی پێشوو لەتەلەفزیۆنی كەركووك و بەغدا تۆمار كراون، لەهەردوو دەقی خۆماڵی و بیانی، ئەو یادگارییانەی كەلەگەڵ هونەرمەند هەیە لەمەسیف سەلاحەدین لەهەولێر لەیادی گۆڤاری ڕامان، چەند جارێك لەبارەگای ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات وتەكانی بەنرخ بوو بە نموونە كەسانی دڵسۆزو پاك كەبەنیاز پاكی كار دەكەن لەبواری سیاسی، ئەدەب، هونەر كە پیرۆزن و خزمەتێكی گەورەیە بۆ نیشتمان هەرچەندە زۆرییان كردبێت لەلای ئەوان وایە هیچیان نەكردووە، بۆیە هەردەم بەردەوام كاری خۆیان دەكەن بەبێ ئەوەی منەت لەسەر ئەم و ئەو بكەن، بێگومان ئەو فەلسەفەیە كەجیهان لەبەرەوە پێش چوونەو دەبێ ئەوان لەبیری نوێدا بن گەر وانەبێ بڕوای بەداهێنان نییە، گەر باوەڕی وابوو وای لێدەكات هەوڵی بەردەوام بدات و كاری چاكتر ئەنجام بدات، هونەرمەند تەها خەلیل دەیگوت:

من چیم كردووە، دەبێ بەردەوام بین لەبەرەو پێشكەوتویی.

هونەرمەند زۆر گلەیی لەوانە هەبوو ڕۆژانێك بوو ڕەخنەگر بوون، ئەمڕۆ ئازادی بەرچاو نین، لەباسی ڕەخنە دەیگوت:

هەموومان دەزانین ڕەخنە دوو جۆرە بیاتنەر، ڕووخێنەر.

ئەو بڕوای وابوو ئەگەر ڕەخنە نەبوو جوولە نابێت كەجوولەش نەما كەواتە مرۆڤ جامدە، چونكە ڕەخنە دەبێتە هۆكارێك بۆ جوولە، ئەویش هۆكارێكە بۆ پێشكەوتنی مرۆڤ لەكارەكەی لەهەر بوارێكدا بێت بەتایبەت لەدونیای سیاسەت و هونەرو ئەدەب، كار بۆ پێشكەوتووی بكات، دوور بێت بۆ مادەو خۆ هەڵواسین، بۆ چوونەكانی پاك بێت، بەڵێ زۆر هەن كار بۆمادە دەكەن، كاریگەری لەكەسایەتی كراوەو ڕیسوا بووە، بەڵام پێچەوانەی كەبۆ هونەرەچۆتە دڵی جەماوەر، هونەرمەند وەك سەركردەیەك وایە ڕێنمایی و ڕێنیشاندەری داهێنەری كارو كردەوەی جەماوەرە، بۆیە هەرچەندە لەنێو میللەتدا خاوەنی كەسانی ڕۆشنبیرو هونەرمەند بێت خاوەنی مێژوو شارستانییەتە كلیلییەتی كەلەپوورو كولتووری نەتەوەكەی تیایدا پارێزراوە، هونەرمەند هەست بەكەموكوڕی نەتەوەكەی و میللەتەكەی خۆی دەكات، لەپاڵ ئەمانەدا پێویستە ئازاد بێت و داهێنەر بێت بۆ ئەوەی كولتوورو كەلەپووری نەتەوەكەی بەرەو پێش بەرێ و پەلی پێ

بهاوێژێ و گەشەی پێ بدات تاوەکو دەگاتە ئەو ئاستەی نەتەوەی کورد بناسێنێت بەنەتەوەکانی جیهان، ئەمەش دەبێتە ئەو ڕاستییە هونەرمەندانی لێهاتوومان هەیە لەڕووی پێشکەوتن و داهێناندا، بەڵام ئەمانە بەیەکگرتوویی و تەبایی مەیسەر دەبێت، ئەمڕۆش پشتگیری تەواو هەیە دەبا خەونی ئەو هونەرمەندانە بەئەزموون کەژیانی خۆیان لەخزمەت هونەردا بەخشی بهێتە دی، ئەوان لەژێر زەبرو زەنگ و مەرگەسات مێژووی ژیانیان بەسەر بەرزی وپڕ بەها تۆمار کرد، شیاوی گوتنە هونەرمەند تەها خەلیل لەساڵی ١٩٤٠ لەدایك بووەو زیاتر لەسەدەها کاری شانۆو دراماو کورتە تەمسیلی تەلەفزیۆنی بەشدار بووە، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی هونەرمەند تەها خەلیل، ئینشاڵڵا جێگای بەهەشتە.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٦٣٢ هەینی ٢٦- ١١- ٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە

## هونەرمەندی کۆچکردوو

## خاتوو گەلاوێژ ناسراو بەدایکی تارا

کاری شانۆیی لەهونەری کوردیدا تاوەکو ئێستا کەلێنێکی گەورەی تێدایە لەڕووی کارەکتەری ئافرەت، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، بەڵام چەند هونەرمەندێك توانیان بەربەستەکان بشکێنن و ژیانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی و بەو خۆشەویستییەی بۆ هونەری شانۆ هەیان بوو توانیان ببن بەخاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەند، یەکێك لەمانە خاتوو گەلاوێژ کەناسراوە بەدایکی تارا لەسەیرکردنی ژیانی و کارە هونەرییەکانی ئەو ڕاستییە دەردەخات کە لەژیانیدا لەپێناو خزمەتکردنی گەلەکەی چەند ماندوو بووە، هونەرمەند لەساڵی ١٩٤١ لەشاری کۆیە لەدایك بووە، ژیانی هاوسەرێتی لە شارۆچکەی قەڵادزێ پێکهێناوە لەگەڵ هونەرمەند عەبدولڕەحمان مەحموود ناسراو بەئاغای مەرەزە، ژیانی لەقەڵادزێ و کەرکوك بەسەربردووەو لەکەرکووك لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەشداریان لەچەندین کاری هونەرییدا کردووە، لەمانە یەکەم کاری هونەری لەساڵی ١٩٧٠ تەمسیلی مەرەزە بوو، دواتر بەهاری دزراو، هەروەها شانۆگەریی تەقینەوەو چەند کارێکی دیکە، دوای چەندین ساڵ دەگەڕێنەوە شارۆچکەی کۆیە، لەساڵی ١٩٩١ هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات، خاتوو گەلاوێژ لەگەڵ منداڵەکانی دێنە شاری هەولێرو درێژە بەکارە هونەرییەکانی دەدات و نزیکەی لە ٧٥ کاری هونەرییدا بەشداریی کردووە، وەکو فیلمی ڕاوە جنۆکەو کورتە فیلمی دایك و پاسی قوشتەپە، لەدرامای خەج و سیامەند، مەم و زین، کۆچ، ئەنفاڵ ،ئازارەکانی بارام، ژوان و شانۆگەریی مەم و زین و چەندانی دیکە، جێگەی داخە هونەرمەند دوو ساڵ لەمەوبەر لەساڵی ٢-١٢-٢٠٠٨ بەڕووداوی ئۆتۆمبیل لەڕێگەی کەسنەزان-کۆیە کۆچی دوایی کرد.

ئەم هونەرمەندە هۆکارێك بوو لەپڕکردنەوەی کەلێنی ئەکتەری ئافرەت، هەروەها هاندەر بوو بۆ منداڵەکانی وەك تارا، شاناز کەرێچکەی ئەو بگرن و ئەوانیش ئەمڕۆ لەم بوارەدا توانیویانە

خزمەتێکی شیاو بکەن، دایکی تارا هەم هونەری خۆش دەویست و هەم حەزی لەخزمەتکردنی بوو ، هەمیش تەمەنی لەباربوو بۆ ڕۆڵ بینین وەك ڕۆڵی دایك کەتێدا سەرکەوتوو بوو، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەخۆی وەك دایکێکی بەوەفا بۆ منداڵەکانی لەڕۆژانی کەم دەرامەتیدا بژێوی ژیانی بۆ پەیدا کردوون و هەمیشە پەروەردەیەکی ئاوایی کردوون کەهونەیان خۆش بوێت و بیانخاتە سەر ڕێی هونەری، ئەم هونەرمەندە هیچ کاتێ لەکارە هونەرییەکانی لەبیرکردنەوەی ئەوەدا نەبووە، کەکامیرا بەرامبەریەتی یاخود لەبەرامبەر جەماوەردایە کەچەندین لە هونەرمەندو هونەردۆست بەرامبەری دانیشتوون لای ئاسایی بووە، چۆتە نێو دەورەکەی خۆی وەك ئەوەی لەواقیعدایە، ئەمەیش هۆکارێکە بۆ دەرخستنی سەرکەوتووی هونەرمەند بەتایبەت ئافرەتێك کەئاستی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی بووە، بەڵام وەك نواندن زۆر ئەکادیمیانە بوو ، بەکۆچی دوایی سەرجەم هونەرمەندو هونەردۆستان غەمبار بوون، چونکە ئەو هونەرمەندە هەردەم ئامادەبوو بەشداریی کاری هونەری بکات و لەکارەکەشیدا خاوەن ئاستێکی بەرز بوو، کەسێکی لێهاتوو شیاو بوو.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٣٩٨ هەینی ١٢-٢-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە .

# بەیادی کۆچی دوایی حەسکۆ

لەگەڵ بیستنی کۆچی دوایی هونەرمەندی شانۆو دراما عوسمان ڕەحمان ناسراو بەحەسکۆ، لە شەوی سێشەممە ٢٦-٢٧-٤- ٢٠١٠ بەنەخۆشی شەکرە لەنەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، بەڕاستی زۆر غەمبار بووم، لەبەرئەوەی چەندین یادگاریم لەگەڵ بەڕێزیدا هەبوو، هەم زۆر خۆشم دەویست بەهۆکاری کەسێکی مەندو ڕەوشت بەرزو هەروەها هونەرمەندێکی ئاست بەرز بوو، بەڵام کورد گوتەنی لەگەڵ کاری خوای هیچ ناکرێت، دیارە تەمەنی تەواو بووەو دەبوایە لەو ساتەدا کۆچی دوایی بکات، بەڵام کۆچی کەسانی لەم جۆرە تۆمارکراوێکی لەژیانی خۆی و کارە هونەریەکانی لەلایەن زۆرینەی دڵانی هونەرمەندو هونەردۆست و خزم و کەس و کاری بەجێ هێشتووە ئەویش جێگای فەخرە کەوەك ئاماژەم داوە ڕەشت بەرزو ئاست بەرزی لەهونەر خۆشەویستی کردبوو، ئەوەندەی کەشارەزایم لەکارەکانی و لەخۆو ڕەوشتی ئەو هونەرمەندە هەیە شیاوی ئەوەن لێرەدا بیخەمە ڕوو، چونکە بەڕاستی جێگای خۆشحاڵییە هەریەکەی لە هونەرمەندان جیاکەرەوەیەکی هەبێت لەگەڵ کەسانی دیکە لەبەرئەوەی هونەرمەند ناسراوە بە هۆی کارەکانی، ئەگەر لەهەڵسوکەوت و ڕەوشتا ئاگاداری خۆی نەبێت چۆن دەتوانێ خزمەت بە هونەر بکات و دیاردە نەشیاوەکان بخاتە بەرچاو لەڕێگەی هونەرەکەیان، خاڵێکی دیکەحسکۆ هونەرمەند بوو بەمانای ئەو پێناسەیەی بۆ هونەر دانراوە کارەکانی لەبەر چاوان دیارە لە سەرویان لەتەمسیلی تاپۆ هەقی چییە لەدەوری مقاول، گەڕەکەکەمان لەدەوری هاووڵاتیەك و چەندانی دیکە، جگە لەچەند فیلمێکی سکرین، هەروەها وەك شانۆکاریش لەچەندین شانۆگەری بەشداری هەبووە، وەك خۆی بۆی باسکردووم یەکەم کاری شانۆیی لەساڵی ١٩٧٤ بووە، دوا بەشداریشی لەچەند کورتە درامای تەلەفزیۆنی لەدەرهێنانی ئازاد دڵپاك کەتۆمارکراوە بەنیازن لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز پەخش بکرێت کەبەداخەوە تەمەنی ڕێگەی نەدا بیبینێت، هونەرمەند لەسەرەتای دەمەزراندنی تەلەفزیۆنی گوڵان بەشداریەکی بەرچاوی هەبوو لە بەرنامەی گەشتی کامیرا لەگەڵ هونەمەندان حەمکۆ، موئەیەد

فەقێ، پەروین شازادەو چەندانی دیکە لەنێو بەرنامەکە کورتە تەمسیلی کاریکاتێریان نمایش دەکرد بەڕاستی زۆر زیرەکانە دیاردەی نەشیاوی کوردەواری و سەردەمیانەیان دەخستە ڕوو لەوساش لەگەڵ هونەرمەند موحەممەد ناسراو بەحەمکۆ، عوسمان نازناوی حسکۆیان بۆ هەڵبژارد کەبوونە تەواوکاری یەکدی لەناو کاری هونەری بەتایبەت لەم بەرنامەیە خاوەن جەماوەرە بەڕاستی گەلێك تیادا سەرکەوتوو بوون، هۆکاری سەرکەوتنی حسکۆ لەهونەر بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ڕەوشتەکەی کەقبوڵی نەدەکرد تەواو لەگەڵیدا هیلاك نەبێت، دووەم خۆشەویستی بۆ شانۆ کە تەواو دەچووە نێو دەورەکەو زۆر جدیانە دوور لەدڵەراوکێ لەکامیراو هەم سەرنەکەوتن، هونەرمەند دەچووە بێو دنیایەکەو دەبووە کەسی کارەکتەرەکەو تەمسیلەکەی دەکرد زۆر بە واقیعانە دەبینرا بەنموونە لەتەمسیلی تاپۆ هەقی چییە وای بۆ دەچی هونەرمەند پیشەی مقاول بێت، هەروەها هەردەم لەحەزو ئومێدی ئەوەبوو کاری شانۆی کوردی بەرەو پێشەوە هەنگاو بهاوێژێت لەو کارانەی کەدەیبینی سەرکەوتوون زۆر پێی خۆشحاڵ دەبوو بەپێچەوانەش دڵتەنگ دەبوو بەتایبەت لەئەمڕۆی ئازادی کەهەم پشتگیری ڕوحی و مەعنەوی و مادی هەیە بۆ هونەمەندان لەلایەن بەرپرسانی هونەرو هونەردۆستان، لەڕوویەکی دیکە کەسێکی قسە خۆش و بێفیزو سادە ڕۆژێ نەمبیست بەخراپ باسی کەسێك بکات بەوە خۆشەویستیەکی دیکە بوو لەگەڵ هونەرمەندان، ئەوەی ماوە بێژم مخابن تەمەنی زۆر نەبوو ٥٤ ساڵ ژیانی بەسەر برد، کە لەساڵی ١٩٥٦ لەگەڕەکی تەیراوە لەشاری هەولێر لەدایك بووەو خاوەن خێزانەو چوار کوڕو دوو کچی لە پاش خۆی بەجێماوە لەڕۆژی سێشەممە ٢٦- ٢٧- ٤- ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردوو لەگۆڕستانی گردەڕەشە لەهەولێر لەتەك دایکی بەخاك سپێردرا، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی ئەو هونەرمەندە بەئەمەکەی کەئەو بەهرە هونەریەی خودای گەورە پێی بەخشیبوو دڵسۆزانەو پاکانە خزمەتی بەهونەری کوردی کرد، خوای گەورە بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات٠

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٤٧٣ دووشەممە ١٧-٥-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە.

## سێوەکەی خۆم
## پەنجەدانان لەسەر گرفتە کۆمەڵایەتیەکان

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی گروپی گەنج بۆ شانۆ کاتژمێر٦ی ئێوارەی ٢٧-٢٩-٧-٢٠١٠ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان و هونەردۆستان، شانۆگەری سێوەکەی خۆم لە نووسین و دەرهێنانی کارۆخ ئیبراهیم، ئەکتەرەکان سەلام کۆیی، سایە حوسێن، بەهمەن حاجی، سامان عومەر، مەزهەر ئیبراهیم، هەردی ئەنوەر شێخانی، لەهۆڵی گەل لەهەولێر نمایش کرا. وەك هونەردۆستێك ڕایەك دەربارەی ئاستی هونەری و دەقەکە قسەی لەبارەوە بکەم، ئەوە مەحاڵە بتوانم ئاسوودەبم لەبەر ئەوەی ناتوانم، ئەگەرچی ئەوە کاری ڕەخنەگرانی شانۆیە قسە دەربارەی ئەو کارە ئاست بەرزە بکەن، چونکە بەڕاستی ئاستێکی بەرزیان نواند وەك نواندن ، وەك دەق، گەر بچینە نێو دونیای دەقەکە گەنجێکی وەك کارۆخ هێندە لەنووسینی دەقی خۆماڵی تیایدا سەرکەوتوو بێت و بتوانێ لایەنێکی خەتەرناکی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری بەدەرخات و بێژێت کەموکوریەکانی ڕوویی پەروەردەیی هەیەو بەردەوامە، یاخود گرفتەکانی دوێنێ دەبێتە کێشە بۆ ئەمڕۆ ئەوە سوپاس و دەستخۆشی دەوێت کەهەست بەو لایەنانە دەکات وەك لەدەقەکە هاتووە سۆما لەپێناو بەدیهێنانی گەیشتووی بەخۆشیەکانی ژیانی، بەڵام بە غەڵەت بەدایدا چوو، ئەوەبوو لەتەمەنی نۆ ساڵی لەلایەن شێرزادی نانەوا کچێنی لەدەست دەدات، بەمەوە سۆما دەچێتە ناو ژیانێکی دی، گەرچی لەلاییێکی دیکە پەیمانی عیشق لەگەڵ هێمن دەبەستێت، بەڵام شۆڕش لەپێناو ڕزگاری خۆی لەم گرفتە پیاوێکی بەتەمەن و دەوڵەمەند دەدۆزێتەوە سۆمای پێ دەدات، بەرلەویش بەقسەی شۆڕش و لەپێناو بڵاوبوونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هێمندا، هێمن دەکوژێت و هەمیش لەکۆتاییدا منداڵەکەی خۆی دەکوژێت، هێمن ئەو لاوە پڕ لەعیشقە دەبێت لەگەڵ سۆما بەرلەکوشتن بەسۆما دەڵێ لەدوای من چرات دەکوژێتەوە، لەودەرگا بۆ ئەو دەرگا گوزەر دەکەی دواتر گریانت بۆ من دێت، پێکەنین بۆ خۆت، هەم کەڕاستیەکانی بۆ ڕوون دەبێتەوە دەڵێ ئەوانەی خیانەتیان لەگەڵ کردی تائێستا شانازی پێوە دەکەی، کۆتاییەکان خۆیان دابین ناکەن، هەروەها هەر لەدەقەکەدا هاتووە

دوای شووکردنی بەسەعیدی پیرەمێرد کەسایەتیەکان لەدەوریدا دێنە دواندن، جوولەکانیان کە گوزارشت بوو خۆیان دەرخست ئاست بەرزن هەموو ئەوەیان دەردەخست تاکەی ڕێچکەی هەلەکانی دوێنێ دوبارە بکەینەوە، تاکەی لەڕووی پەروەردەیی زاڵ نەبین، بەرنامەی ڕۆژانەمان نەبێت بۆ نەوەکانمان تاوەکو دووربن لەهەڵەکە بەهۆیەوە لەدواوە پێمان دەکێشنەوە ناهێڵێن بەردەوام بین لەهەنگاونان بەرەو پێشکەوتوویی، بۆ تێنەگەین پەروەردە زۆر گرنگەو هەندێ لەو کوولتورانەی کەجاران پەیڕەو دەکرا بەزیان بوو بۆ لێی بەردەوام بین، پێویستمانە بگۆڕێین، وەك چۆن کچێك شوو بەپیرەمێردێك دەکات، ئەگەر بەهەڵە خۆی لەدەست نەدابێت، ئەوانەی خۆشیان لەدەست دەدەن دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی منداڵی و هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەرئەنجامی شەڕو ئستیغلالکردنی دەوروبەر بۆ بەکارهێنانی مەرامە تایبەتیەکان ڕووداوەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەمان لەوانە سەرچاوە دەگرن، ئینجا بۆ لەدوای چارەسەریان نەبین، بۆ نەیخەینە ڕوو بەرامبەر بەگەلەکەمان بڵێین ئەمە گرفتە بۆ تیایدا بەردەوام بین، لەلایەکی دیکە گەر قسە لە بارەی کارەکانی کارۆخ ئیبراهیم بکەین ئەو هەردەم دەرخستنی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەیە نەفرەت لەو بەردەوامیە دەکات، کەبۆ پێناسەی شانۆ دەڵێن شانۆ ئاوێنەی گەلە، کارۆخ ڕاستیەکەی دەخاتە بەرچاوان، هەروەها لێرەدا ڕاستیەکی دیکە هەیە ئەگەر بەشێك لەو گەنجانەی کەبۆ خۆشەویستی هونەر لەهەر بەشێکدا بێت کەچوونە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، یاخود کۆلیژی هونەر تەواو پشتگیری بکرێن و روحیەتی هونەریانەیان دەوڵەمەندە گۆڕانکاریەکی تەواوی هونەری دەکەن وتا دەگەن بەو ئاستەی بەشانازیەوە لە کوردستان دەدرەوشێ و باس لەئاستی بەرزی هونەری کوردیمان بکەین و بەنمایش لەناوەوەو دەرەوەدا بێژین لەهونەر گەیشتووین دەتوانین خزمەت بەمیللەتەکەمان بکەین، ئەوە ئاشکرایە مێژوومان شایەدمانە کورد خاوەن ئاستی بەرزە، بەلام لەڕۆژگارێکی هێندە پڕ مەرگەسات ژیاوین لەحەزەکان بەدەریان ناوین بەلام بەردەوامیان هەیەو لەئەمڕۆی ئازادی ئەو پارچەیەی کوردستان مێژوومان دەگێڕینەوە، ئەو کوولتورەی بەزیانە بەدەری دەخەین، باس لەکردەوەکانی دوژمنان و ناحەزانمان دەکەین وەك سێوەکەی خۆم کەچۆن بەئاستێکی بەرزی نواندن کەتەواو بە عیشقی هونەریان خەندە بارانیان کردین و گوتیان پێتان دەڵێین دووربن لەو هەلانە.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٥٣٩ دووشەممە ٢-٨-٢٠١٠ بلاوم کردۆتەوە

# شا هەر شایە ئەوەی سەلماند بینەر هەیە

لەیادی جەژنەکانی ئادارو نەورۆزەوە ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان- ناوەندی هەولێر بە هاوکاری پارێزگـای هـەولێر شـانۆگەری شـا هـەر شـایە لەنووسـینی سـەعدوڵڵا وەنـووس وەرگێڕانی عەبدوڵڵا قادر، ئامـادەکردن و دەرهێنـانی هونەرمەنـد هیـوا سـوعاد، لەنوانـدنی هونەرمەندان عەلی ئەحمەد، ئـەیام ئـەکرەم، نـەوزاد رەمـەزان، تـارا عەبـدولڕەحمان، شـیلان مستەفا، تەها ئاغاجان، موئەیەد فەقێ، ئەنوەر عەزیز، قاسـم نـوری، کـاروان شەمسـەدین، غازی شینە، گۆڤارئەنوەر، عەبدالْ شەوکەت، لەکاتژمێر ۹ ی شەو لەهۆڵی گەل نمایشکرا.

ئەوەی جێگای خۆشحاڵی بوو ژمارەیەکی ئێجگـار زۆر لەهونەردۆسـتان ڕۆژانـە ئامـادەی شانۆیەکە بوون، لـەبینینی ئـەم جـەماوەرە زۆرەو گوزارشـتی دەقـی شـانۆیەکە جورئـەتێکی هونەریانە لە نمایشەکە بەدی دەکرا لەبەر ئەوەی گومان نییە ئەکتـەر کـاتێ بـەرەو ڕووی ئـەم هەموو جەماوەرە تەمسیل دەکات دەبێتە خۆشییەك کە زێتر ئەشق دەگرێ و جوانتر تەمسـیل دەکات، هەروەها زۆری جەماوەرو ئاستبەرزی نواندنەکەو هەڵبژاردنی دەقەکە دەگەڕێتـەوە بـۆ مەرجی ئاستی زانستی هونەری دەرهێنەر، چونکە سەرجەمیان ئەو هەڵبژاردوون، جگە لەوەی ئەمڕۆش شانۆی کۆمیدی لەئاستی ئەکادیمی لەنێو کورد بەتایبەت لەشاری هـەولێر نـەتوانراوە خۆی بسەپێنێ و بتوانێ تێنووی جەماوەری شانۆ بشکێنێ، بەڵام هونەرمەند هیوا سـوعاد لـەم شانۆیەو شانۆی فێڵەکانی جەمۆ زێتر لەساڵێك لەمەوبەر کـاری دەرهێنـانی ئەنجامـدا هـەمان شاڵاوی جەماوەر بەرەو بینینی هاتن، لێرەدا ئەوە دەخوازین دەرهێنـەر لەسـەر ئـەم سـتایلەی خۆی بەردەوام بێت، هۆڵەکانی شانۆ بگەشێنێتەوە چیتر گلەیی جەماوەر ئاراستەی هونەرمەندان نەکرێت کەشانۆی کوردی لاوازەو بەرەو کزبوون دەچێت و بینەر چـێژی لێ وەرناگرێـت، ڕاسـتە زۆربەی بینەر لەشانۆ دوور کەوتۆتەوە هەست بەبوونی و گرنگی خۆی ناکات لەشانۆداو نەبۆتـە شوێنێك بۆ گوزارشت کردن لەکێشەکانی و زۆربـەی هونەرمەنـدان نـەیانتوانیوە شـانۆ بکـەن

بەپێداویستیەکی ژیانی ڕۆژانەی بینەرو چوون بۆ شانۆ نەبووە بەنەریت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی بەرهەمی شانۆییەکان و لاوازیان کە نەیتوانیوە بینەر دروست بکەن، نەبوونی چێژ لەشانۆ بینەری دوور خستۆتەوە، ئێستا هەلێکی باش ڕەخساوە بینەر بگەڕێندرێتەوە بۆ شانۆو هونەرمەندانی شانۆ ڕۆڵی کاریگەری خۆیان بگێڕن و سوود لەم وانانە وەربگرن، کەلەم دوو شانۆ گەرییە هەبوون یاخود لەڕێگای ئەم دوو شانۆگەرییە پێمان گەیشت ئەوی ڕاستی بێت لەم شانۆیە کۆمیدییە وەك ئاماژەم کرد زیرەکی دەرهێنەر لەهەڵبژاردنی دەق، بەڕاست دەق لەکات و ساتێکی ئێستاداو لەدۆخی شانۆ تێیدا دەژی زۆر گرنگی هەیە، هەروەها هەڵبژاردنی ئەکتەری بەتوانا، ئەویش دەرهێنەری زیرەك دەزانێ ئەکتەری بەتوانا هەڵبژێرێت و بەپێی توانای ئەکتەر ڕۆڵەکان دابەش بکات و لەمجاملەکردن دوور بکەوێتەوە، ئەوەش ڕاستییەك بوو هەر زوو درك بەوە دەکرا کەدەرهێنەر پڕ بەپێستی دەورەکانی دابەش کردبوو، دەقەکە بابەتێکی سیاسیی ڕەخنەیی بوو بەکەشێکی کۆمیدی پێشکەش کرا، باس لەدەسەڵات و ڕەخنە گرتن بوو لەدەسەڵات زۆر دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی پیشان درا، باس لەگێلە پیاوێك دەکرد کەخەون بەدەسەڵاتەوە دەبینێت و پاشان ئەمە دەزانێ ئارەزووی یارییەك دەکات و کابرا دەهێنێتە کۆشکی پاشاو دەیکاتە پاشا لەشوێنی خۆی و دواتر ڕۆژ بەڕۆژ وڵات بەرەو خراپی دەڕوات و پاشاش زیاتر بەلەدەست چوونی کورسیەکەی پەشۆکاو دەبێت و هەوڵ دەدات کۆتایی بەیارییەکە بهێنێت، بەڵام لەدەستی دەردەچێت و یارییەکە کۆتایی دێت،لەڕوویەکی دیکە گەر قسەی لەسەر بکەین ماوەی کاتەکە هەرچەندە سەعاتێك و چل دەقیقە بوو هەستم بەوە کرد بینەر چێژێکی زۆری لێ وەردەگرت و لەگەڵ شانۆیەکە گونجاوە بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ بۆ لەمەودوا بەپلیت نەبێت گەر هونەرمەندان ترسی بینەریان هەیە ئەوە بینەر هەیە گەرترسی کات و شوێنیان هەیە ئەوە ئەو دوو شانۆگەرییە لەدوو کاتی جیاوازدا نمایش کران یەکەمیان ٤ ی ئێوارەو دووەمیان ٩ ی شەو بینەر هەیەو خەڵك حەز لە بەهونەری کوردی و بەرهەمی هونەرمەندانی کورد دەکەن، ئەوی دیکە بەڕای من بەندە بەهونەرمەندان و جۆری کارەکانیان، لەکۆتاییدا هیوادارم هۆڵەکانی شانۆ جمەی بێت وچیتر ساردو سڕی نەیانپۆشی.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٤٢٩ هەینی ٢٦-٣-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە.

# دەرچوانی گەنج لەهۆڵی گەل بوون

لەچوارێوەی چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، گروپی شانۆڤانی کورد بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەمەندان و هونەردۆستان کاتژمێر ٥ ی ئێوارەی ٩-١١-٢٠١٠ بۆ ماوەی سێ ڕۆژان شانۆیی دەرچوانی گەنج لەنووسینی د. فەیسەڵ مقدادی وەرگێڕان و دەرهێنانی سلێمان گەلالی، ئەکتەرەکان زیاد کەریم، ڕێژنە دڵدار، مامۆستا پەروەر، دڵزار کافرۆش، ئومێد قەرەنی لەسەر شانۆی هۆڵی گەل نمایش کرا.

گەر خوێندنەوەیەك بۆ لایەنە هونەرییەکان و دەقەکەو وەرگێڕانی بکەین وەك دەق بۆ ئەمڕۆی سەردەم زۆر گونجاوەو شیاوی کارکردنە لەسەر ئەم جۆرە دەقانە لەبەر ئەوەی دەرچوونی گەنج زۆر هەن و ئەوانەی لەدەزگا میرییەکان دامەزراوی لەدەرەوەی پایتەخت هەردەم لەهەولێ ئەوەن دەگەڕێنەوە بۆ پایتەخت لەئەوەش دەرەوە تیایدا زەرەرمەند دەبن ئەگەرچی پێویستە زێتر گرنگی پێ بدرێت، لەم شانۆگەرییەدا دکتۆر بەختیارو دکتۆر جوتیار لەشارۆچکەیەکدا دامەزراون، دکتۆر بەختیار دکتۆری نەخۆشی مرۆڤ و دکتۆر جوتیار دکتۆری کشتوکاڵ و شارا کچە گەنجی شارۆچکەو دکتۆر بەختیار تووشی داوی ئەوینی شارا دەبێت سەرەتا نیگەرانەو لەدڵەڕاوکێیە پێی بڵێ تۆم خۆش دەوێ لەئەنجامدا لەهیکرا پێی دەگەیەنێت و بۆیەك دەبن، دکتۆر جوتیار دەیەوێ بگەڕێتەوە پایتەخت، دکتۆر باغەوان دێتە جێگای دکتۆر جوتیار ئەنجام هەریەکەی لەحەزی ئەوە دەبێت خزمەت بەچیاو دەشتی کوردستان بکەن، لێرەدا ئەوە دەگەیەنێت پێویستە خزمەت بە گوندو ناحیەو شارۆچکەکان بکەین چونکە ئەوە زەروریەتەو پێویستە فەرمانبەران خزمەتی ئەو شوێنانە بکات تاوەکو ئەوانیش لەکاری خزمەتگوزاری بێبەش نەبن، دەرچوانی گەنج دەقێکی نزیك لەخۆماڵی ناوەرۆکێکی ڕاستەو خۆی گەیاندن وەك هاندانێك بۆ ئەوەی گەنج لەهەولێ ئەوەبن خزمەت بەگوندو ناحیەو شارۆچکەکان بکەن، لەلایەکی دیکە عەشقی ئەوینی ئەوە دەگەیەنێت بەپلەو پایەو نامەی بەرز نییە وەك چۆن دکتۆر بەختیار عەشقی داوی خۆشەویستی شارای خەڵکی شارۆچکەکە دەبێت و ژیانی

هاوسەری لەگەڵی پێك دەهێنێت، دکتۆر باغەوان لە پایتەخت خۆی دەگوازێتەوە شارۆچکەکەو بۆ ئەوەی خزمەت بەو شارۆچکەیە بکات ئەمەش ئەرکێکی مرۆڤایەتی و بەیەك چاو سەیرکردنی هەموو شوێنێکی کوردستانە بەبێ جیاوازی بە تایبەت ئەوانەی وڵاتەکەی خۆیان خۆش دەوێ٠

لەڕووی هونەرییەوە سەرەتا بەخاو دەبینران بەڵام دواتر چوونە نێو کارەکتاریەکەی خۆیان و توانیان تارادەیەکی باش تیایدا سەرکەون

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٦٢٦ دووشەمە ١٥-١١-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە.

# شانۆگەری منداڵان

# خەپان و خرپن

لەچوارچێوەی چالاکییەکانی تیپی شانۆی منداڵان، کاتژمێر ٤:٣٠ ی ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢٧- ٤-٢٠١٠ شانۆگەری خەپان وخرپن لەئامادەکردنی هونەرمەند عومەر عەلی ئەمین، دارشتنەوەو دەرهێنانی ئەحلام موحسن، نواندنی هەستی جەمال، موحەممەد سائب، سارا ئازاد، سیروان سامان، موحەممەد یوسف، منداڵان هاوێر نازم دڵبەند، هەڵۆ نازم دڵبەند، عومەر عەبدولڕەزاق، کارەهونەرییەکان یارمەتیدەری دەرهێنەرو جێبەجێکاری مۆسیقا ئەردەوان سابیر، بەڕێوەبەری شانۆ ڕووپاك عەبدولقادر، جێبەجێکاری دیکۆڕو ڕووناکی شەهرام نامیق، مۆسیقاو دەنگ توانا خاڵە حەمرین، وتنی گۆرانی چراخان دانا، ئالان سابیر، لەهۆڵی ڕۆشنبیری نمایش کرا.

دەقەکە باسی لەدوو هاوڕێ دەکرد بەناوی خەپان و خرپن کەدوو بێچووە ورچ بوون لەبرسان ڕاوی ماسیان کرد، ماسییەك بەقوڵابی هەردوکیان گیربوو، هەریەکەی دەیگوت هی منە ئەنجام پرسیان بەڕێوی کرد، ئەویش فێڵی لێ کردن و وتی:

هی منە؟

بەم جۆرە بۆ خۆی برد، دووبارە ڕاویان کردەوە هەم دیسان ماسییەك بەقولابی هەردووکیان گیربوو، ئەم جارە پرسیان بەورچ کرد بۆ کامیان بێت؟!

ورچ وتی:

هی هەردووکتانە.

ئەوانیش بەدادوەری ورچ رازی بوون و لەسەر ئاگر سووریان کردەوەو بەبەشداری ورچ خواردیان، ئەمە چیرۆکێك بوو باپیرە بۆ سێ منداڵی دەگێڕایەوە.

لێرەدا ئەوە فێری منداڵان دەکات هەر گرفتێك بێتە ڕێگایان پێویستە پشت بەکەسانی پاك ببەستن نەوەك کەسانی وەك ڕێوی فێڵباز، هەروەها ئەوەش دەگەیەنێت پێویستە بەخۆمان گرفتی خۆمان چارە بکەین، دووربین لەکەسانی بێگانە.

لەئاستی نواندنیش بەڕاستی هەردوو ئەکتەری سەرەکی خەپان و خرپن ئاستێکی بەرزیان نواند زۆر سەرکەوتوو بوون، کەهەر چەندە لەتەمەن بچووك بوون، لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت زۆر منداڵمان هەن دەتوانن سەرکەوتووانە کاری هونەری ئەنجام بدەن ئەمانیش بێگومان دوا ڕۆژێکی ڕووناك لەبوارەکەدا چاوەڕوانیانە تاوەکو خزمەت بەهونەر بکەن، لەوانەیە ئەم چەند منداڵە بەشدار بووەی ئەم کارە هونەرییە بۆ یەکەم جاریش بێت ئەوە بێگومان بۆ جاری دووەم و سێیەم بەرەو سەرکەوتووانەتر دەچن، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەو ڕاستییە بێژم ئەگەر بمانەوێ گرنگی بەشانۆ بدەین ئەوەمان لەخەیاڵدا بێت شانۆ قوتابخانەی گەلە هۆشیاری ئایندەی شانۆ پەیوەستە بەگرنگیدان بەشانۆی منداڵان دەبێت بایەخێکی ئاوای پێ بدرێت وەك بناغەیەکی پتەو دروستی بکەین، ئەو نەوانەی ئەمڕۆ لەو تەمەنە بەو ناسکیەو عەشقە خۆشەویستیەی دروست دەبێت لەسەر شانۆ دەور دەگێڕێت لەدواڕۆژدا بەهەنگاوێکی دروستتر دەبینین خزمەتێکی شیاو بگەیەنن بەگەلەکەمان، هەروەها ئەو منداڵانەی کەئەمڕۆ بەشانۆیان شاد بکەین چ وەك ئەکتەر یاخود وەك جەماوەر کارە شانۆیەکان ببینن شانۆی گەوران یاخود شانۆی منداڵان ئەوە زۆرینەی بەردەوام لەحەزی ئەوە دەبن شانۆییەکان ببینن، گەرچی ئەمڕۆ ئاوڕێك لەشانۆی منداڵانی خۆمان بدەینەوە ئەوە نیگەران دەبین چونکە چەندان منداڵ نەبێت ئەوانی دیکە تاوەکو ئێستا هۆڵی شانۆیان نەبینیوە ئەمەش کۆسپێکە بۆ بەردەم بەرەو پێشەوە چوونی شانۆی کوردی، لێرەدا دەڵێم ئەو هەموو منداڵانەی لەهۆڵەکەدا بینەران جێگای خۆشحاڵی بوو، لەبەر ئەوەی زۆرینەیان خەندەی خۆشیان لەبینینی شانۆیەکەدا دەباری و لەگەڵ تەواو بوونی کەهێشتا لەناو هۆڵەکەدا بوون باسی شانۆیەکەیان بۆ یەکتر دەکردو لەگەڵیشیاندا دەیانگوت:

دەزانی زۆر خۆش بوو، کەواتە تەواو تێیگەیشتبوون ئەمەش بەهۆی خۆشەویستیان بۆ شانۆگەرییەکە بوو کەتەواو بەهزرەوە چوو بوونە نێو دەقەکەو جوولەکانیان، لێرەدا دەڵێم بەردەوامی کاری ئاواو گرنگیدان بەو دەقانەی کەلەگەڵ هەستی منداڵان دەگەنجێ و دەتوانن زوو وەری بگرن و بەتەواوی لەناوەرۆکەکەی بگەن کە چ سوودێك بەئەوان دەبەخشێت یاخود گەورەکان لەدایك و باوك و خێزانی ماڵەوەیان ئەوانەی لەگەڵیاندا هاتوون بۆ بینینی شانۆیەکە بۆیان شیبکەنەوە لەو مەبەستەی ئەوان هەیتیان بۆ سوودی منداڵ ئەوە بێگومان زێتر عەشقی شانۆ لە هزریان دەمێنێ و حەز لەبەردەوام بینینی شانۆ دەکەن، ئەمەش دەبێتە بناغەیەکی گونجاو بە مەبەستی قازانج گەیاندن بەڕەوشی پێشکەوتنی شانۆ کەواتە هەم تیایدا دەوڵەمەندو

ئاست بەرز دەبین لەپێناویشیدا کوردستانمان پێش دەکەوێت لەدروستی ئەم بناغەیە بێت وەك دادگایەك باش وخراپ لەیەکدی هاوێر بکات و بیخاتە بەردەم جەماوەر لەهەر ڕوویێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و..هتد،بێت، ئەرکی شانۆ ئەمەیە خزمەت بەو لایەنە بکات و هەردوو لایەنی باش و خراپ بەدەرخات بەبێ گوێدانە هیچ بەرژەوەندیەکی تاك چونکە شانۆ ئەرکی هۆشیاریە بەدەرخستنی باش و خراپی دیاردەکان لەپێناو خزمەت بەگەل، هونەرمەند لەپێشتر هەست پێ دەکات و ڕاستیەکان دەبینێ، ئەوەی زیاتر دەمەوێ بڵێم خۆزگە بەردەوام پشتگیری ڕوحی و ماددی دەکرا لەسەرجەم کردە مرۆڤایەتییەکان لەکوردستانی ئازیزمان دەکرا یەکێ لە سەرەکیەکانیش گرنگیدان بەهونەر بەتایبەت هونەری منداڵان چونکە ئەوان نەوەی دوارۆژمانن و تەواوکاری ئەمرۆی گەورەکانن بەهۆی ئەوانەوە کوردستان هەنگاوی سەرکەوتوویی خۆی دەهاوێژێ و بەرەو پێش دەچێت ئەمە بۆ ئەمرۆی ئێمە زۆر پێویستە گرنگیدانی ئەرکە چونکە هێشتا کوردستان بەهۆی ناحەزو دوژمنانیەوە نەتوانراوە ڕێچکەی تایبەت بەخۆی بهاوێژێ و بەردەوام بێت لەپێناو بەرەو بەردەوامی بەخشینی ئەو ئاستەی هەیەتی و برەوی پێ بدات بەرەو هەڵکشان بچێت

* لەرۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٤٦١ دووشەممە ٣-٥-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە .

**جەوهەر باپیر:**

# هەولێر جێ ناهێڵم

هــەر ســاتێ بــاس لەکۆچــڕەوی بــەهاری ١٩٩١ ی کوردســتان دەکرێــت ئــەو پەیمانــەی هونەرمەندی گەورەی کورد شەهید جەوهەر باپیرم دێتەوە یاد کەسوێندی خــوارد هــەولێر جــێ نەهێڵی، ئەوە دەسەلمێنرێ کەهونەرمەند ئەو هونەرمەندە بوو لــەپێناو هونــەرو نیشــتمانەکەی ژیا، چونکە ئەو لەبەر هێندە پیرۆزی و خۆشەویستی بۆ دونیای هەستی نەتەوەیی، هونەریشــی بەم پیرۆزییە کاری بۆ دەکرد بۆیە ئەشقی هونەر هێندە لای پیرۆزەو کێ هەیە نەزانێ خدر لۆبیا فرۆش لەتەمسیلی تاپۆ هەقی چییە نەناسێت کەچۆن ئەو زاتە چۆتە نێو گوزارشتەکەوە گەرچی ئەو خۆی پیشەی ڕۆژانەی فیتەری بــوو، هونەمەنــد جگــە لــەوەی لەنوانــدنی شــانۆو درامــای تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ دەورێکی سەرکەوتووی هەبوو، وەك دەرهێنەر لەشــێتەکانی ئــەم ڕۆژگــارە توانی ئەوەش بەرامبەر بەهونەرمەندان و هونەردۆســتان ئاشــنا بکــات کــەخاوەنی توانایــەکی ئاست بەرزە، چونکە بە ئاستێکی تیادا ســەرکەوت جگــە لەمانــەش دەوری هــەبووە لــەبواری یارمەتیدەری دەرهێنەر، ئامادەکردنی مۆسیقا، دیکۆرو...هتــد، جگــە لــەوەش خوێنــەرێکی بەتوانا بوو لەبواری بەرهەمە چاپکراوەکانی بواری شانۆ بەهەردوو زمــانی کــوردی و عــەرەبی کەباسی لەعیشقە گەورەییەکەی ئەم هونەرمەندە بکەین بۆ هونەرو هەستی نەتــەوەیی بەڵگــە بەئاشکراو بەبەرچاوەوەیە هونەمەند پیشەی فیتەری بوو بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیــانی دوو هاوسەر، بەڵام زۆرینەی کاتی تەرخان بوو بۆ هونەرو لەحەزی خزمەت بەو بوارە نەبوایــە ئــەوە یەکێك لەساڵان حەفتایەکان و هەشتایەکان پیشەی فیتەری بێت چــۆن هێنــدە زۆر لــەکار دوور دەکەوێتەوەو دەچێتە دوای خزمەت بەهونەر، بەڵام ئەو ماوەی قوربانی پیرۆزی هونــەر دەکــرد، لەدونیای هەستی نەتەوەیی جگەلەوەی زۆرینەی هونەرمەند لەگــەڵ خۆشــی و ناخۆشــییەکانی گەلەکەیان دەژین، شانۆ ئەوە دەگەیەنێت ئاوێنەی ژیانە میللەت دەخرێتــە نــاو دەقــی شــانۆو هونەرمەندان نواندی جەماوەر دەکەن، بۆیــە کاتێــك ڕاپــەڕین بــەرپا بــوو هونەرمەنــد چــەکی

شەرەفی پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردە شانی و بەشداری لەڕزگار کردنی هەولێرو کەرکووك و چەندین شارۆچکەی دیکە کرد، بەچاوی خۆم بینیم کەچەندە بەجەرگ و ورە بەرزو ئەوەی لێی نەدەترسا شەهید بوون بوو، هونەمەند لەوساتەی بەعسی دڵ لەقین هێرشی بۆ هەولێر هێناو بە چەکی قورس و فرۆکە، ئەو زاتە سوێندی خوارد هەولێر جێ نەهێڵێ و بەرەنگاری دوژمن ببێتەوەو بەرگری لەهەولێر بکات، بۆیە بەباوکی وت:

باوکە من سوێندم خواردووە هەولێر جێ نەهێڵم و بەرگری بکەم بەڵام توخوا ئاگاداری منداڵەکانم بەو ئەمانەتی تۆ ئەگەر لەو پێناوە پیرۆزەدا شەهید بووم.

ئەوە بوو باوکی منداڵەکانی لەگەڵ ملیۆنیە کۆچڕەوەکە بردو کاکە جەوهەر مایەوەو لەگەڵ چەندین هاوڕێ و پێشمەرگەی دیکە، مخابن دوای بەرگرییەکی بێ وێنەو شەڕێکی ئەوتۆ بەرامبەر دوژمن هونەرمەند جەوهەر باپیر شەهید دەبێت و ئەو زاتە لەدوای خۆی سێ ناسنامەی پیرۆزی لەمێژووی خۆیدا تۆمار کرد، هونەرمەند، پێشمەرگە، شەهید، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا نەمبیستووە هۆڵێکی شانۆیی یاخود قوتابخانەیەك بەناوی ئەو هونەرمەندە بەتوانایە بکرێت، بەڵام ئەو زاتە لەهەرسێ ناسنامە خاوەن شەهادەتێکی بەرزە وەك هونەرمەند توانی ببێت بەهونەرمەندێکی هەرە دیار، پێشمەرگە کەخۆشەویسترین وشەی سەرزاری سەرجەم کوردە ، شەهید کەس ناتوانێ وەسفی لەپیرۆزی بکات، خودای گەورە بەهەشتی بەرینی بۆ شەهیدان ڕازاندۆتەوە، پشت و پەنا بەخواش هونەرمەندی شەهیدیش لەشوێنە هەرە ڕازاوەکانی ئەم بە هەشتە پان و بەرین و پیرۆزەیە، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی هونەرمەند، پێشمەرگە، شەهید، جەوهەر باپیر.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٤٣٥ هەینی ٢-٤-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە.

## دراماى دۆبلاژكراو

چەند ساڵێكە زنجیرە دراماى دۆبلاژكراوى بێگانە بۆ زمانى كوردى بازاڕى شاشەكانى چەند كەناڵێكى ئاسمانى و ناوخۆیى گەرم كردووە، بەڵام گەلێك مقۆى ناڕەزایى لەناوەرۆك و گوزارشتەكان هەن لەبەر ئەوەى لەگەڵ كولتوورى كوردى گونجاو نییە، ئەمەش بەزۆرینەى بە باشى نازانن چونكە بەهۆكارى ئەو نەگونجاندنە گەلێك گرفت لەنێو خێزاندا دروست كردووە بە تایبەت لەنێو هاوسەران، ئەوەى ڕاستى بێت پێویستە بەر لەكار كردنى دوبلاژكردنى هەر درامایەك ورد بوونەوەیەك بەناوەرۆك و گوزارشتەكان بكرێت، ئەگەر چى هەر درامایەك ئامانجێكى خۆى هەیەو كەسانى تێگەیشتوو لەهونەر سوود لەلایەنە باشیەكەى وەردەگرێت و ئەوى دیكە بەلاوە دەنێت، بەڵام خراپ وەرگرتن گرفت دروست دەكات، بەنموونەیەكى كورت یەكێ لەهاوسەرى پیاوێك ڕاشكاوانە وتبووى خۆزگە فلان ئەكتەر هاوسەرم بوایە هۆى بەهاوسەر بوونیشى لەبەر جوانى و سەركەوتوویى نواندنەكەى ئایا ئەمە ڕەوایە ؟! كەبەهۆیەوە لێك جیابوونەوە، دواتر هەندێ جولەو جلوبەرگ و گوزارشتى نەشیاو كەدەبینرێت بەبێ خوێندنەوەى ئایا سوودى هەیە یان زیان، ئایا تاچەند گونجاوەو لەنێو كۆمەڵگەى ئێمە بەشیاو دەزانرێت لاسایى دەكرێتەوەو دەبێتە سەرچاوەى دروستكراوى گەلێك گرفت، چونكە لاساییەكە تەنها زیانە و چیدیكە بەئامانج ناگەیەنێت، لەگەڵ ئەمەش چەندان زنجیرە دراماش هەیە خاوەنى جەماوەرێكى زۆرەو دەستبەردارى تەنها زنجیرەیەك نابین، ئەمانەن لەگوزارشت و جلوبەرگەوە لە كولتوورى ئێمە نزیكەو پەند ئامێزە زۆر بەبینینەكانیان دڵخۆشین بەڵام ئەوانى دیكە كەهەیە كچێك و كوڕێك عەشقى یەكتر دەبن و بەر لەئەوەى هاوسەرگیرى ئەنجام بدەن دەبن بەدایك و باوك و دواتر گرفت دروست دەبێت و چەندان كەس لەم نێوانە دەكوژرێت، یاخود خیانەتى هاوسەرگیرى یان ژەهر دەرخوارددان و فرتوفێڵ لەیەكتر كردن، ئەمانە كەى كولتوورى كوردى قبولیەتى ڕاستى نەشیاوەو تەنها زیانەو چیدیكە بەئامانج ناگەیەنێت.

* لەڕۆژنامەى خەبات ژمارە ٤٠٩٣ سێ شەممە ١٢-٦-٢٠١٢ بڵاوم كردۆتەوە.

# پەیڤێکی وەفاداری بۆ هونەمەند جەلال بەیار

هونەرمەندی شانۆو دراما جەلال بەیار لەڕۆژی چوارشەممە ٢٧-٦-٢٠١٢ کۆچی دوایی کرد، وەك دۆستێکی خۆشەویستم بۆ خودی خۆیی و برایەکانی دووەم ڕۆژ چوومە پرسەکەی، حەزم کرد بۆ خوێنەران بگێڕمەوە چیم بینی، زیاتر لەنووسینی ١٠ لافیتە کەلەلایەن چەند حزب و ڕێکخراوو سەنتەرو تیپی هونەری نووسرابوو، هاوخەمییان بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند دەربڕیبوو، بەقەدەر لافیتەکان بەرپرسی حزبی و هونەری و ئەندامانی حزبەکانم بینی کەبەخێر هێنانی ئامادەبووانیان دەکرد، بەو مەبەستەی دڵسۆزی و هاوخەمی بنەماڵەکەن، لەژوورەوە دوو بەقەدەر لەبەرپرسانی حزبی و حکوومی و هونەری لەپرسەکە دانیشتبوون، بەشێك لەهونەمەندانی دڵسۆزم بینی، خەمی کۆچی ئەو هونەمەندە لەڕەنگ و ڕوویان دیاربوو، دواتر لەتەلەفزیۆنێك لە یادی کۆچی دوایی ئەو هونەمەندە، دیمەنێکی درامای تاپۆ هەقی چییە- م بینی، لەدیمەنەکە هونەمەندی کۆچکردوو جەلال بەیار، جەوهەر باپیر، عوسمان ڕەحمان- م بەیەکەوە بینین و خەم دایگرتم، لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژە ئازادییەی کوردستان کەچەندان دەفتەر دۆلار بۆ هەندێ نا هونەرمەند سەرف دەکرێت، عوسمان ڕەحمان لەبرسان مرد ! هونەمەند جەوهەر باپیر لە کۆچڕەوی بەهاری ١٩٩١ سینگی کرد بەقەڵغان بۆ بەرگری لەهەولێرو جێی نەهێشت و شەهید بوو ، شتێکی ئەوتۆشی بۆ نەکرا کەخەمی بنەماڵەکەیان سووك بکات، پرسیار ئەوەیە ئەو هەموو خەمخۆرە لەپرسەگەو لەتەلەفزیۆنەکان و شوێنەکانی دیکە، بۆچی تاوەکو خۆی لەژیاندا بوو، ئامادەییان بۆ هاوکاریکردنی دەرنەدەبڕی ؟ بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەیان نەکرد ؟ بێگومان لە چلەکەشی سەرجەم ئامادەبووانی پرسەکە ئامادە دەبن، خۆزگە ئەوکات مەسرەفی چلەکەو لافیتەکانم دەزانی، کەچ پارەیەکی بۆ سەرف کراوە، بێگومان چەندان بەقەدەر ئەو پارەیەی کە ویستوویەتی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی، بەڵام یەکێك لەنووسەرانی لافیتەکانی هاوخەمی ئامادە نەبوون ئەو بڕە پارەیە ببەخشتە ئەو

هونەمەندە، تاوەکو بەخەم و پەژارەوە سەرنەنێتەوە، نازانم تاکەی مردوو پەرستی باوی دەمێنیٚ؟ ئایا قەدەری هونەمەندی کورد هەر دەبێت ئاوا بێت ؟ هەموومان دەزانین زۆربەی هونەمەندانی کورد لەژیانیاندا هەردەم کەم دەرامەتن و لەنێو گرفتی ژیانیان تووشی بەندیخانەو ئەشکەنجەو مەرگەسات بوون، جگە لەوەش لەبەشدارییەکەیان دیارو بەرچاوییان هەبووە، لەخەباتی سیاسی و هونەریش و لەنێو ئەو هەموو گیروگرفتانەش خزمەتی بەرچاویان کردووە، بەتایبەت خزمەتی بەبواری هەستی نەتەوایەتی و گوزارشتەکانیان لەنێو دەقەکانی دراماو شانۆیەکان بەتایبەت بەر لەراپەڕین لەنێو ژێر دەسەڵاتی درندەترین ڕژێم کەبەعسی ڕووخاو بوو، جێگەی داخیشە کەزۆربەی زۆریان بەخەم و پەژارە سەردەنێنەوە.

لەکۆتاییدا دەمەویٚ بڵێم خودای گەورە لەگوناهەکانی هونەرمەند جەلال بەیار خۆشبێت و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات، ئەو هونەرمەندەی کە تاوەکو چەند کاتژمێرێك بەر لەکۆچی لە خزمەتی هونەری کوردیدا بوو، کەخاوەنی چەندان بەرهەمی هونەری ئاست بەرز بوو.

* لەڕۆژنامەی میدیا ژمارە ٥٣٩ سێشەممە ١٠-٧-٢٠١٢ بڵاوم کردۆتەوە.

# شەلەو کوێر دەقێکی کۆمیدی گونجاو

لەچوارچێوەی وەرزی شانۆیی لەهەولێر بەهاوکاری تیپی نواندنی هەولێر کاتژمێر ٤ ی ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممە ١٤-١٢-٢٠١٠ بەئامادە بوونی ژمارەیەك لەهونەرمەندان و هونەردۆستان، شانۆگەری شەلەو کوێر لەنووسینی درما سینابێراو وەرگێڕانی سولێمان گەلاڵی و ئامادەکردن و دەرهێنانی موئەیەد فەقێ، نواندنی گۆڤار ئەنوەر، دلڤین موحسین، سەنگەر حوسێن، مەحمود گلی، بەشداران ئەحمەد عەدۆ، موحەممەد تاریق، هەستی جەمال، مەحمود ئیسماعیل، دەرباز موحسین، لەهۆڵی گەل بۆماوەی سێ ڕۆژان نمایشکرا.

وەك هونەردۆستێك کەشانۆگەریەکەم بینی خوێندنەیەك لەلام دروست بوو، وەك دەق هەرچەندە دەقێکی ئیسپانیە، بەڵام بەوەرگێڕان و ئامادەکردن تەواو کوردانەبوویان، تەواو دەقەکە کرابوو بەکۆمیدیەکی سەرنجڕاکێش و خۆشحاڵی بەخشییە بینەران بەهاوکاری دەق و ئاست بەرزی تەمسیل کردنی هەردوو هونەمەند گۆڤار ئەنوەر، سەنگەر حوسێن، کەڕۆڵی سەرەکیان هەبوو ڕاستی هەردووکیان چوو بوونە نێو کارەکتەرییەکەیان گۆڤار بەدەری کوێرو سەنگەر بەدەوری شەل هەردووکیان پەککەوتەن، گۆڤار بۆ ماوەی نیو کاتژمێر شەلەی لەسەر ملی خۆی دانابوو، هەم تەمسیلی دەکرد ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەسەرکەوتووە، جگە لەوەش دەورەکان کۆمیدی بوون، هەروەها لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی لەگەڵ کارەکتەرەکە بوون نەدەتوانرا دابڕانێك دروست بێت ، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی سەرکەوتنەکەیە، دەقەکە لەڕووی زمان کوردییەکی پەتی بوو، گۆڤار دارێکی بەدەستەوە بوو، کەدەیگوت:

باوەڕم بەدارەکەی خۆم هەیە، هەروەها وشەی حەیوان بەیەکتری دەگوترا، ڕاستە کۆرەم بەس بە ئاقر بیر دەکەمەوە، بەهەست هەموو شتەك دەبینم، دەورو بەرمان، جوانی، باسیان لەکلیپ کردن کرد کاتێ گۆڤار گۆرانی دەگوت، لای سەنگەر دەنگ خۆشە بۆیە داوای کرد کلیپی بۆ بکرێت، ئەو گوتی کلیپ بۆتۆ ناکرێت بۆ جوانان دەکرێ، هەروەها لەدەقەکە هاتبوو لەنێوان

گفتوگۆی گۆڤارو سەنگەر کەباسی ئەوە دەکرا هەیە لەپێش دەخوا، هەیە لەپاش، هەیە لەپێش و لەپاش، هەروەها باسی بن جرێ و سەرجرێ دەکرا، لەکاتی ڕۆیشتن بوون بچنە لای کۆشـک و کچە جوانەکە لەوێ چاك دەبنەوە ئەوسا ئەوسا هیچیان پێویستیان بەیەکـدی نابێـت، گەیشـتن هەردوو چاکبوونەوە ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت لای خودای گەورە ئاسانە کەسی پەککەوتە چـاك ببێتــەوە ، گفتوگۆیــەکان و جولــەکانیان بەشــێوەیەکی زۆر کۆمیدیانــە بــوو، ئــەوەش ئــەوە دەگەیەنەنێت هونەمەندی کۆمیدیمان زۆرن گەر دەرهێنەری بەتوانا هەبێت، هــەروەها لــەڕووی ناوەرۆك لە خزمەتی نابیناو پەککەوتە بوو، واتە بیرۆکەی سەرەکی شانۆگەرییەکە ئەوەیە مرۆڤ هەرچەندە نابیناو پەککەوتە بێت، بــەڵام دەبێــت مرۆڤێکــی بــەهێز بێــت بتــوانێ بــەرەنگاری کۆمەڵگەیەکی وەك ئەمرۆ ببێتەوەو بتوانێت لەمافەکانی خۆی سلنەکاتەوە

* لەڕۆژنامەی بارزان ژمارە ١٩٨ یەك شەممە ٣٠-١-٢٠١١ بڵاوم کردۆتەوە

# شانۆگەرییەك بەزمانی ئینگلیزی

كاتژمێر ١١ ی بەیانی ڕۆژی سێ شەممە،٧-٥-٢٠٠٨ بە ئامادەبوونی پ٠د٠ كەمال سەعدی ڕاگری كۆلیێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەكان و ژمارەیەك لەمامۆستایانی زانكۆو قوتابیانی زانكۆو هونەرمەندان و هونەردۆستان، قوتابیانی بەشی زمانی ئینگلیزی قۆناغی دووەم، بە سەرپەرشتی د٠ هیمداد عەبدولقەهار شانۆگەری خوا ڕاستیەكان دەبینێ بەڵام پشتگوێی ناخات، بەزمانی ئینگلیزی، لەنووسینی لیوتۆلستۆ، ئامادەكردن و دەرهێنانی بەختیار فەریق قوتابی قۆناغی دووەم، لەنواندنی قوتابیان بەختیار فەریق، فەریبا ئەحمەد، وریا بەكر، مەبەست تۆفیق، سۆران بورهان، وریا بایز، هیمداد حەمەد، موحەممەد زەنون، ژین حەمەدەمین، هونەر موحەممەد، پێشواز كاوە، هندرێن عومەر، مەسعود عەلی، هێرۆ ساڵح، خەیام مستەفا، عائیشە ڕەسول، بەهێز شوكر، بنار شوكر، بەدرەدین عەبدوڵڵا، لەهۆڵی بەڕێوەبەری هونەری شانۆ لە هەولێر نمایشكر.

شایانی باسە دەقەكە لەهەقایەتێكی لیوتۆلستۆ ئامادە كرابوو، ئەوەی لەشانۆگەرییەكە دەخوێندرایەوە لەوانە ئەگەرچی قوتابی بوون، سەرەتا وای بۆ نەدەچووین ئەو ئاستە جوانە بنوێنن و هێندە سەركەوتووبن، ئەگەرچی بەزمانی بێگانەش بوو بەڵام سەركەوتوویی بۆ سەرپەرشتكارو ئەشق دەگەڕایەوە، كەئامانجیان سەركەوتن بەدەست بهێنن، ئەكتەرەكان ئەشقیان یەك هەڵوێست ویەك ئامانج بوو كارە هونەرییەكە بە سەركەوتوو نمایش بكەن، بۆیە بەئامانجی خۆیان گەیشتن، سەركەوتن، لەبەر هێندە كاریگەری دەقەكەو سەركەوتوویی نواندن كەدەقێكی نزیك لەكولتووری خۆمانەو وەك ئەوەی ڕووداوێكی نێو كۆمەڵگەی كوردەواری باس بكات وابوو، بەڵێ ڕووداوێكی كوردی بەزمانی ئینگلیزی و بەسەركەوتوویی نواندن لەجوولەو دەنگ و ئارایشت و جلو بەرگ و مۆسیقا هەمووی ڕاستیەكیان نیشاندا كەبەڵێ ئەمجۆرە ڕووداوە لەنێو كوردەواری ڕوویداوە، بۆیە لەبەر هێندە كاریگەری فرمێسكی لەچاوانی چەندین ئامادەبوان هێنایە خوارەوە، دیارە بەڕوح چۆتە نێو ڕووداوەكە ئەگەرنا فرمێسك هێندە

بەسانایی لەچاو ناباریێ، ئەوان سەلماندیان کورد بەبەردەوام خاوەن هێزو بیرو باوەڕن و خاوەن هزرەکان لەهەر بوارێك دەزانن جەماوەر چی دەوێ، بۆیە هەڵبژاردنی دەقەکەش وەك واقیعێکی ڕووداوی کوردەواری بوو، لەوانەیە زۆر ڕووداوی لەم جۆرە رووی دابێت، لێرەوە دەڵێم بەهیوام ئەم پۆلە قوتابییە بەهرە بەرزانە بەردەوام بن لەتەك پیشەی سەرەکیان لەهونەر دانەبڕێن زۆر گونجاوە تیپێکی هونەری شانۆیی بەزمانی ئینگلیزی هەبێت، چونکە لەمێژووی کورد ئەوە دەخوێندرێتەوە کورد لەهەوڵدان بەردەوامەو بەچەندین ئامانجی خۆی گەیشتووە ئەگەرچی سەدان بەقەد خۆی دوژمن و ناحەزانی هەبووەو ئامانجیان پوکانەوەی حەزەکان و ئازادی کورد بووەو تاوەکو گەیشتووە بەو ڕادەیەی کورد بسڕنەوە، بەڵام بەردەوامی و خاوەن بڕواو بەهرە هەموو خەونەکانی ناحەزەکانیان سڕینەوەو نەتوانراوە بەئەنجام بگەیەنێت، بەڵگەش ئەمڕۆی خاوەن پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەگەیشتووی زۆرینەی حەزە شیاوەکانی ژیان و بەئامانج گەیاندنیان، ئەمڕۆش شانۆگەرییەکیش کەهێندە بەسەرکەوتوویی دەبینین لەلایەن چەند قوتابییەك بەزمانی ئینگلیزی ئەمەش گەیشتنە بەیەکێك لەئومێدەکان کەهەوڵمان بۆی دەدا.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٨٥٠ هەینی ١٦-٥-٢٠٠٨ بڵاوم کردۆتەوە.

# ئەوان گەمە بەهونەر ناكەن

لەزۆرینەی دیمانەكانی هونەرمەندانی شانۆكار پێژن سالآنی هەشتایەكان سەردەمی زێڕینی كاری هونەری شانۆ بوو، بەلآم بەسپیكراوی نالێین بۆ ئەوەی من تێبگەم چەند هۆیەكە، لەوانە جاران تێنووی ئازادی بوون، جەماوەریش دەیزانی هونەرمەند لەپێشەوەی خەلكن بۆ ورژاندنی قسەیەكی خێر لەپێناو شانۆگەریەك و هەروەها زۆرینەی نیشتمان پەروەر بوون لەرێگەی هونەر كۆلی دلی خۆیان لەژێر پەردەیەك هەل دەڕشت، بۆیە زۆرجار بەرستەیەكی زۆر كورت چەپلە رێژان دەكرا، ئینجا بۆ قسە خێرەكەو عەشقی شانۆ لەلوتكە بوو، هونەمەندەكانیش زۆر بە جورئەت و كورد پەروەر نەبونایە نەدەبوون بەهونەرمەند، بەم هۆیانە شانۆ خاوەنی جەماوەرێكی زۆر بوو، جگە لەمانەش وەك ئێستا هێندە كەنالی تەلەفزیۆنی و سی دی و سەتەلایت نەبوو، سەرجەم هونەرمەندان خاوەن گیانێك بوون لەجەستەكان، كارەكانیشیان زۆرینەی بۆنی نیشتمانی لێ دەهات و بەنهێنی تۆزێك پەردەی كردەوە بۆ گەنەكانی رژێمی بەعسی بەدیار دەخست، دەتوانین بلێین گەلێك لاو لەرێگەی هونەرەوە خۆشەویستی كوردستانی لەدلدا رواوەو بۆتە پێشمەرگە، بەلآم ئەمرۆ هونەرمەندان زۆرینەیان بوونەتە خاوەن كوتلەو هەریەكەی باراشی خۆی لەشوێنی دەسكەوتی سامان لێ دەكا پیرۆزی هونەری بەلاوە ناوە،جگە لەمەش هیچ سانسۆرێك نییەو دەیان كاری لاواز پێشكەش دەكرێت، رەخنە گرانیش دەرفەتیان نییە تۆقە بكەن، لەوە دەترسن بەخراپ بەسەریان بشكێتەوە، گەرنا ئەمرۆ رۆژی كاركردنەو شانۆی كوردی بەرەو هەوراز هەنگاو بنێت، زۆربەی دەولەتە پێشكەوتوەكانی بواری هونەریش سەرەتا بەرێچكەی ئێمەدا تێپەرین بەرەو لوتكە، خوا هەلناگرێ گەلێك هونەرمەند شتیان پێیە بەلآم لەگەل زروف دەرۆن نەوەك لەگەل هونەرەكەیان برۆن، پێویستە ئەوەش بێژم ئەمرۆ هەنگاوی باشی كاری سینەمایی بەتایبەت لەدەرەوەی كوردستان و چەند كارێك لەناوەوەی كوردستان ئەنجام دراوە شان بەشانی كارە هونەرییە پێشكەوتوەكانی جیهانە، لەوانە كاری هونەرمەندان هونەر دیلمان، جانۆ رۆژبەیانی، بەهمەنی قوبادی، مەهدی ئومێدو چەندانی

دیکه ، لێرەوەش بەداخەوە چەندین هونەرمەند بوونەتە بازرگان بەکاری هونەری، بەدەقێکی کرچ و کاڵ دوور لەهونەرو یەکسەر دەیخەنە سەر سی دی و بانگەوازی بۆ دەکرێت و کۆلانی دەلاڵخانە پڕ دەبێت و کڕیارەکانیش مێردمنداڵن بەیەك دوو قسەی نارێك ئەو مێردمنداڵانە دەخەنە پێکەنین گەربێت وەرگێڕێك بیخاتە سەر هەر زمانێك ئەوە ڕەخنەگرەکانیان دەمانخەنە ژمارەی پاش فاریزە، جگە لەوەی تێر پێکەنین دەبن، خۆشیەکەی لەوەیە گەر لێیان بپرسی بۆ بازرگانی بەکاری هونەری دەکەن، دەڵێن لەسەرجەم ولاتان باوە، منیش دەڵێم ڕاستە بەلام ئەوان گەمە بە هونەر ناکەن.

* بەناوی ئەحمەد چاوڕەش لەڕۆژنامەی دەنگی میللەت ژمارە ١٦٠ چوار شەممە ١٩-٥-٢٠٠٤ بلاوم کردۆتەوە.

# ئیبراهیم تەنهایی بەخەمناکی سەری نایەوە

خزمەت کردن بەپاك و دڵسۆزی لەپێناو بەرەو پێش چوونی نیشتمان پەسندترین ئەرکە یەکێك لەوانە هونەر بەدڵسۆزی و لەپێناو بەرژەوەندی هۆشیاری هەستی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و بەدەرخستنی دیاردە نەشیاوەکانی میللەت بێت، هەم دەرخستنی ڕێگا چارەکان ئەوە گومان نییە ئەرکێکە بەنەمری دەمێنێتەوە چونکە مێژوو تۆماری دەکات، یەکێك لەو هونەرمەندانە بەڕاستی لەپێناو هونەر گەلێك بەتوانایەکی دروست بووی حەزی هونەری و خۆشەویستی کوردستان کاری دەکرد، ئەویش هونەرمەندی کۆچ کردو ئیبراهیم تەنهایی لەدونیای شانۆیی و سینەما، هونەرمەند ناوی تەواوی ئیبراهیم ئیسماعیل بوو، تەنهایی نازناوی لەتاقانەیی هاتووە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە بنەماڵەیەکی هەژار لەمهاباد لەدایك بووە، هەر لەمنداڵییەوە عەشقی هونەر بووە، ئەم عەشقە سەرچاوەکەی بۆ خۆشەویستی کوردستان دەگەڕایەوە، ئەو بەئومێدی ئەو ڕۆژە بوو کوردستان بەئازادی ببینیّ، میللەتی هۆشیار بێت، لەدوای ئەوەبن یەکتریان خۆشبوێت و پاڵپشتی یەکدی بکەن، ڕەنگدانەوەی ئەم بۆچوونانە لەدەقە هونەریەکانی شانۆیەکان و فیلمەکان ئەوە ئاشکراو بەرچاوە، لەو ڕۆژەی گرفتێك سەری هەڵدابوایە گەلێك زێتر لەخەڵکی دیکە خەمی دەخوارد بۆیە ئەمەش بەهونەر دەری دەخست، لەساڵی ١٩٩٢ لەکارێکی شانۆیی دەربارەی کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە لەمهاباد نمایش کرد، بەناوەرۆکێکی دەوڵەمەندی بزاڤی نەتەوەیی کەبووە هۆکاری ئەوەی نەتوانیّ لەمهاباد دانیشیّ ناچار ڕووی لەکوردستانی ئازاد کرد، ماوەیەك لەشارۆچکەی شەقڵاوە نیشتەجیّ بوو، دواتر دێتە شاری هەولێرو لەپاشان لەشارۆچکەی شاوەیس نیشتەجیّ دەبێت تاوەکو ڕێکەوتی ١٢-١-٢٠١٠ کۆچی دوایی دەکات ولە دوای خۆی سیّ کچی لەپاش بەجیّ دەمێنیّ، تەنهایی لەبەر هێندە ئاستی هونەری هەر لەساڵانی حەفتاکانەوە بەبەردەوام کاری خۆی دەکردو بەرەو ئاستی بەرزی هەنگاوی خۆی دەهاوێشت بە تایبەت لەشانۆو سینەما ئەوەی دیارو بەرچاوە بەدەوری سەرەکی بەشدار بووە لەفیلمی ئەسپ لە دەرهێنانی مەهدی ئومێد، دوامین فیلمیش

کەواتە چاوەڕێبە، ئەوانی دیکەش دابـڕان، تۆڵـە، ئـاگری بـێ دووکـەڵ، قـەدەر، ئـاو پـاراو، ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە، ڕاوچیانی دوو پشك، شانۆی هاملێت و دووریەتی منداڵ و ۰۰۰۰ هتد، کۆی بەرهەمەکان ١٤ فیلمی هەیە هەروەها دواجار سەرقاڵی فیلمێك بـوو بـەڵام مخـابن ئەجەل دەرفەتی نەدا، ژیانی ئەم هونەرمەندە هەرچەندە لەگەڵ حـەزی خـۆی دەژیـا کـەکاری هونەری بوو، بەڵام لەبژێوی ژیانیش هەردەم بەگرفت بوو، ئەوەش هۆکارێك بوو کەنەتوانێ زێتر بپرژێتە نێو حەزە هونەریەکەی هەرچەندە زۆر ئاست بـەرز بـوو زۆری بـۆ هونـەر کـرد، بـەڵام نەداریش ڕێگرێکە لەپێناو بەرەو پێش چوونی دەوڵەمەندی هونەر ، تەنهایی لەتەنیا ڕێگایـەك بەشدار نەبووە بەڵکو وەك دەرهێنەر، سیناریۆنووس، ئەکتەر، جگە لەوەش لـەدونیای ئـەدەب بەتایبەت شیعر کەخاوەنی چەندین شیعرە کەدیوانێکی گەورەیە لە خوێندنەوەی شـیعرەکانیش ئەوە شایەدمان وەردەگرێت کەخاوەن هەست و هزرێکی دەوڵەمەندەو ئومێـدێکی زۆری هەیـەو کوردستانی دایکیشی ئێجگار لەلا خۆشەویست و ئـازیزەو ئـەو ئاسـتانەش لەهـەردوو بـواری هونەرو شیعر سەرچاوەکەی بۆ خۆشەویستی کوردسـتان دەگەڕێتـەوە کەبـەو ڕۆژە بگـات وەك میللەتە ئازادکراوەکان خاوەن وڵاتێکی سەربەخۆ بن و میللەتی کـورد بحەسـێتەوە دوور بێـت لەئاوارەیی و ژێر دەستەی بێگانەو چی دیکە نەچەوسێتەوە ئەوەی ماوە بێـژم مخـابن دوای دوو ڕۆژ چاوەڕوانی تاوەکو تەرمەکەی بگەڕێتەوە مهاباد بەڵام وڵاتی ئێـران قبـوڵی نـەکرد ناچـار لەگۆڕستانی شەهیدان لەکۆیە لەتەك گۆڕی هونەرمەند ئیسماعیل سەردەشتی بەخاك سپێردرا، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی هونەرمەند

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٣٨٢ دووشەمە ٢٥-١-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە.

# دووره پەرێزی ئافرەتی کورد لە شانۆ

ماوەیەکە دەمەوێت دەربارەی گێروگرفتی دوورەپەرێزی ئافرەتی کورد لەدنیای شانۆ بدوێم بە هۆکاری ئەو چەند ڕایانەی کەدەربارەی ئەو گرفتەیە لەلایەن چەند ڕەخنەگرێکی شانۆیی بە نووسین یاخود لەکۆڕ یان لەنێو خودی هونەرمەندان، لەمەجلیسەکان و تیپەکانیان باسی لێوە دەکرێت، ئەوان بەجۆرێك کەخەم لەو کەلێنە دەخۆن کەهەر لەسەرەتای بزوتنەوەی شانۆ لەنێو کورد هۆکارەکان بەچەند خالێك دەردەبڕن، بەندەش لێرە دوور لەڕای ئەوان ڕای خۆم دەردەبڕم بە چەند خالێك هەم دووره پەرێزیان و هەم دەرگا کردنەوەیەك بۆ خۆشەویست کردنی شانۆ لەلایەن ئافرەتانی کورد کەبەحەزێکی گەورەوە بەرەو پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەو بنبڕکردنی بڕۆن ، لەوانە بەڕاستی تاوەکو ئێستا زۆرینەی ئافرەتی کورد بەتەواو لەپیرۆزی کاری شانۆ نەگەیشتوون و هەم هەیە بەلێ تێگەیشتووە بەلام بەهۆکاری دیکە ناخزێتە ناو ئەو دنیایە یەکێ لەسەرەکیەکان ئەو هەموو ناوو ناتۆرەی کەلەلایەن هەندێ پیاوی بەناو هونەرمەندی شانۆکار کەدروست دەکرێ و لەپشتەوە ئاراستەی ئافرەتانی شانۆکار دەکرێت بەزۆری هۆکارەکەش دەبێتە دلڕەقی خودی ئافرەتان و خێزانی مالەوایان و کەس و کاریان دوورەپەرێز بن، هەمیش هەیە خێزان لەدژی کچەکانیانن وەك تێنەگەیشتنی لەپیرۆزی هونەری شانۆ زۆرجاریش ئەم گرفتانە گەورە بوونەو بۆتە دەردێکی کوشندە بۆ ئافرەتان، هەیە کەحەز لەو دنیایە هونەریە دەکات بەلام قبوولٚ ناکرێت بچێتە نێو حەزەکەی و خزمەت بەهونەر بکات، هەم هەیە لەنێو کاری هونەری تووشی گرفتی دلشکان و عاجزی و هەروەها عەشقی ئەوینی لەگەلٚ هونەرمەندێکی کوڕو زۆرینەی تێدا سەرکەوتوو نەبووە، جگە لەمەش کچە هونەرمەند هەیە کەشووی کردووە هاوسەرەکەی قبوولٚی نەکردووە جارێکی دیکە هۆلٚی شانۆ ببینێت گەرچی زۆرینەش لە هاوسەرەکانیان خۆیان بەڕۆشنبیرو خزمەتکاری میللەتی کورد دەزانن بەتایبەت لەدنیای ڕۆشنبیری، هەمیش هەیە بۆ شووکردنی گرفتی گەورە دروست بووە، ئینجا ئەگەر بێینە سەر ئەو ڕایەی خۆم باوەڕم وایە ئەگەر پەیڕەو بکرێت ئەوە گەشبینم بەوەی

کەئافرەتی کورد بەرەو زۆر بوون بچێت، بەتایبەت هونەرمەندانی پیاو ڕێزێکی زۆر گەورەو پیرۆز بەرامبەر بەئافرەتەکان بنوێنن و هەردەم وەك خوشکێکی خۆیان دابندرێت کەقبووڵ نەکرێت کەسانی نەفس نزم قسەو قسەلۆك دروست بکەن و ئاراستەی ئافرەتەکان بکرێت، هەروەها هونەرمەندە پیاوەکان ئافرەتەکانی خۆیان هان بدەن بخزێنە نێو ئەو دنیایە نەوەك وەك ئێستا کەهەیە تاکە ئافرەتێك لەخێزانەکانیان تاوەکو ئێستا هۆڵی شانۆیان نەبینیوە ئەگەرچی باس لەگرفتی دوورەپەرێزی ئافرەت دەکات و هەمیش لەدوای دروست کردنی قسەی ناڕەوایە لەپشتەوەی ئافرەتەکان و یاخود بەچاوێکی ناڕەوا سەیریان دەکات، لەگەڵ ئەوەش نیم ئافرەتێك خاوەن ڕەوشتێکی جوان و ڕەوا نەبێت لەدنیای هونەر بەگشتی قبوڵ بکرێت چونکە سەرچاوەیەکە بۆ گرفتی گەورەو هەم وەك گوێزێکی پوچەڵە، چونکە هەموومان ئەوە دەزانین کورد بەگشتی بە ڕەوشت بەرز بەناوبانگە، هەم ڕەوشت بەرزی بەئامانجیان دەگەیەنێت کەتیادا بەردەوام بین و ئاستمان بەرەو هەڵکشان هەنگاو بهاوێژێت بەڵگەش دیارە ئەم گرفتانەو گرفتی دیکە هەن کە خاوەن پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و کۆلیژی هونەرین ئینجا تاوەکو ئێستا بەتایبەت لە هەولێر خاوەن کەلێنێکی گەورەین لەئافرەتی شانۆکار، خۆزگە ئەم ڕێگایە چارە دەکرا بۆ ئەم کارە پیرۆزەیە کەخزمەتێکی گەورەیە بۆ بەرەو پێش چوونی ئاستی مرۆڤایەتی.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٣٦٤ دووشەممە ٤-١-٢٠١٠ بلاوم کردۆتەوە.

# ئازارەکانی ئافرەتێك ئومێدێکی گەورەی پێبەخشین

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لەهەولێر، کاتژمێر٥ ی ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١٠-٤-٢٠١٠ بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەرمەندان و هونەردۆستان لەهۆڵی پیشانگەی نێو دەوڵەتی هەولێرو لەبۆنەی پیشانگەی کتێب، شانۆگەری ئازارەکانی ئافرەتێك لەنووسین و دەرهێنانی هونەرمەند هیوا سوعاد لەنواندنی هونەرمەندان دڵڤین موحسین، هێرۆ مەولودی نمایشکرا.

لەسەرەتای چوونە ژوورەوەمان بۆ هۆڵەکە هەستم کرد دەرهێنەر موجازەفە لەبەرهەمەکەی دەکات چونکە هۆڵەکە زۆر نەشیاوە بۆ نمایشی شانۆیی، بەڵام کاتێ شانۆیەکە دەستی پێکرد تاوەکو تەواو بوونی بینەر لێی دانەبڕاو چێژێکی ئەوتۆی پێ بەخشین شیاوو دروست شوێنەکە لەبیر بکەین و لەگەڵ ڕووداوی شانۆگەریەکە چووینە دنیایەکی دیکە، بەر لەوەی باس لەڕووداوی شانۆگەریەکە بکەم و بچمە نێو وردە کاریەکان، دەمەوێ ئەوە بڵێم لەماوەی مانگێکدا هونەرمەند هیوا سوعاد دوو شانۆگەری پێشکەش کردین بەدوو ستایل و دوو ستافی جیاواز کەچی لە شانۆگەریەکەی یەکەمی کەشا هەرشایە بینەرێکی بێوێنە ئامادەی شانۆگەریەکە بوون و بووە ماوەی ڕەزامەندی ئەو جەماوەرە فراوانەو شانۆگەری دووەم ئازارەکانی ئافرەتێك کەدەشێ بڵێین بۆ جەماوەری نوخبە بوو، ئیشەکە زێتر ئەکادیمی بوو، ئەمەشیان بەهەمان شێوە بووە مایەی خۆشحاڵی و ڕەزامەندی ئەو بینەرە نووخبەیەی کەلەنمایشەکە ئامادەبوون، لێرەدا تواناو بەهرەی ئەو هونەرمەندەمان بۆ بەدیار دەکەوێ کەدەیسەلمێنێ خودانی بەهرەو توانایەکی هونەری بەرزە کە بۆ هەرزەمەنێك و هەر حاڵەتێك تێڕوانینی خۆی هەیە لەکات و ساتی گونجاودا دەزانێ چی پێشکەش بەبینەر دەکات و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەکتەر و پێداویستیە هونەرییەکەی و بینەر دەکات، لەشا هەرشایە ستافێکی کۆمیدی بوو ویستی (مراهنە) لەسەر بینەرو قەیرانی بینەر بکات و ئەوە بسەلمێنێ کەدەکرێ جوان و پوخت پێشکەش بکەین و لە هەمانکاتیشدا ئەو هۆیانە بەکار بێنین کەدەبنە مایەی

سەرنج ڕاکێشانی بینەرو دووبارە هۆڵەکانی شانۆ گەرم بکەینەوە، هۆیەکانیش لەمانــە خۆیــان دەبیننەوە هەڵبژاردنی ئەکتەری دیارو ناسراو بەتواناو دەقێکی گونجـاو کەبینــەر هەسـت بــەوە بکـات گوزارشـت لەکێشــەکانی دەکـات و بەکەشــێکی پڕلەچـێژی هونــەری ئەمــەش لەگــەڵ ڕیکلامێکی چاك کەبینەر ئاگادار بێت نمایشی شانۆگەری هەیە، بەڵام لەئازارەکانی ئافرەتێـك زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ جەماوەری نوخبە کردبوو، دەقێکی ئەو تـۆی هەڵبــژادبوو کــەبۆ ئیستا بابەتێکی گەرماو گەرمەو کێشەی سەردەمە ئەویش کێشەی ئافرەتە لەنێو کۆمەڵگــە، دەرهێنەر چەوسانەوەی ئافرەتی بۆ چەند هۆکاێك گەڕاندەوە لەوانە پیاوسـالاری لەکۆمەڵگــەی کوردەواری و چەوسـاندنەوەی ئـافرەت بەدەسـتی هاورەگەزەکــەی خـۆی کەئافرەتــە، ئەمــەش هەمووی لەدەرەنجامی کەموکوڕی ئەو پەروەردە کۆمەڵایەتیە کەکۆمەڵگەکەمان تیایدا دەژی و نەبوونی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی بەگەورەترین گرفت نیشاندا، ئەمەیان لــەڕووی دەقــەوە، بــەڵام وەك نمایش دیکۆڕەکە بریتی بوو لەحەمامی ناومالْ ئەمەش خۆی لەخۆیدا چەندین تێگەیشتن و هێماو یادەوەری دەگەیەنیْ لای ئافرەت و هەر شتێك لەسەر تەختە هەبوو بــەجوانی مامەڵــەی لەگەڵ کرابوو، هەستت نەدەکرد هیچ شـتێك بــەبیْ هــۆ دانرابــی، زۆر جـوان مامەڵــە لەگــەڵ تەلەفزیۆن و بانیۆو سەکۆو شوێنی جل گۆڕین و بووکۆڵەو دەرگای حەمامەکە کرابوو.

هەڵبژاردنی ئەکتەرەکانیش یەکێك بــوو لەخاڵــە بــەهێزەکانی ئــەم شــانۆگەریە کەدیســان دەرهێنەر ئەوەی ســەلماند کەئــەو دەزانــیْ لەگــەڵ چ ئەکتــەرێك مامەڵــە دەکـات و بــۆ هــەر شانۆگەرییەك ئەکتەری تایبەتی هەیە، ناکریْ هەمان ستاف لەهەموو شانۆگەرییەکانی دووبارە ببنەوە، هونەرمەند دلڤین موحسین ئەکتەرێکی بەتوانایەو بۆ دەورەکەی زۆر گونجاو بوو لەگــەڵ ئەوەی کەدەکرا زیاتر بوێرانە ڕۆڵەکەی خۆی ئەدا کردبـا بــەڵام تـوانی ئــەو هــەموو ماوەیــەی شانۆگەریەکە سەرنجمان ڕابکێشیْ و هەست بەبێزاری نەکەین، بەڕاستی هۆکارێك بوو بــۆ چــێژ وەرگرتن لەم شانۆگەریە، هەروەها خانمە ئەکتەر هێرۆ مەولودی هەرچەندە ڕۆڵەکــەی کــەمبوو بەڵام بوێر بوو لەسەر تەختەدا بوونی خۆی دووپاتکردەوە.

دەستخۆشی لەم ستافە دەکەم بەتایبــەتی دەرهێنــەری شــانۆگەریەکە هیــوادارم هەمیشــە بەردەوامبن لــەکاری هونــەری وپێشــکەش کردنــی بەرهــەمی شــانۆیی ئاسـت بــەرز کەببێتــە پێشڤەچوونی ڕەوتی شانۆی کوردی

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٤٤٩ دووشەممە ١٩-٤-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە

## کەرنەڤاڵی یادی ١٤ ساڵەی تیپی هونەری ڕۆژو شانۆگەریەك

کاتــژمێر ٦ ی ئێــوارەی ڕۆژی دوو شــەممە ١٩-٧-٢٠١٠ بــەئامادەبوونی ژمارەیــەك لەهونەرمەندان و هونەردۆستان تیپی هونەری ڕۆژ کەرنــەڤاڵی یــادی ١٤ ســاڵەی پێکهێنــانی لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لە هەولێر کرایەوە، لەســەرەتادا کردنــەوەی پێشــانگەی فۆتۆگرافی ئەرشیفی فۆتۆی هونەرمەندان جیهانگیر گەردی و عەدنان عوسمان، دواتر نیشاندانی چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی ئەرشیفی ئامادەو مۆنتاژ هاوار حەمید، دواتر چەند وتەیەك لەلایەن هیوا سوعاد بەڕێوەبەری هونەری شانۆ، جەمال موشیر لــەڕێکخراوی هونەرمەنــدان- ناوەنــدی هەولێر، تاریق ئاکرەیی سەرۆك بەشی شانۆ لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هــەولێر، لەپاشــان نمایشکردنی شانۆیی پاریا لەنووسینی ستریندبیرگ، وەرگێرانی فەرهاد شــاکەلی، ئامــادەکردن و دەرهێنانی دیار عومەر ، یارمەتیدەری دەرهێنەر یوسف عوسمان، بەڕێوەبــەری شــانۆ فــەرحان حەسەن، نواندنی کرمانج مستەفا،هاوار حەمید، مەسعود عوسمان، سینۆگرافیا سەلاح حاجی، ڕووناکی زاهیر ئیبراهیم، دیکۆڕ بارزان حوسێن، مۆسیقا تاڤگــە حوســێن، جلوبــەرگ مهابــاد مستەفا، ڕەنگین عەبدەڵڵا، مکیاژ تەنکە مستەفا.

گەر خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی ئەو تیپەو کارە شــانۆیەکە بکــەین، ئــەوە زۆر هەڵــدەگرێت لەبەر ئەوەی بەویژدانەوە قسە بکەین، ئەو تیپە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەلایەن کۆمــەڵێك گەنجی ئەکادیمی و تەواو لەحەزی هونەرو بەرەو پێش چوونی هونەری کوردی و کــاری دوور لــە تەقلیدی پێکهاتووە، ئەو بەڕێزانە هەردەم لەهەوڵی بەردەوامی ئەوەدا بوونە کاری دواتر لــەهی پێشوو ئاست بەرزتر بێت تاوەکو جەماوەر زێــتر لێیــان ڕازی بێــت، دواتــر ئــەوە دەگەیــەنێت لەحەزی ئەوە بوونە شانۆی کوردی پێشکەوێت، کارەکانیشیان ئــەو ڕاســتیە دەردەخــەن، بۆیــە هەرچەندە هاوکارو پشتگیری لەهونەرمەندانی هاوحــەزی پێشــکەوتووی هونــەر بکرێــت ئــەوە ئامانجی خۆی دەگەیەنێت، چونکە ئەوانــە دوورن لــەوەی بازرگــانی بەهونــەر بکــەن و یــاخود کارێکی کرچ و کاڵ و بەپەلە دوور لەتەواو گەیی پێشکەش بکەن، گەر وەك پێناسەیەك باسیان

بکەین ئەوە دەتوانین ئەو ڕاستیەیان بەرامبەر بڵێین کەئەو زاتانە لەو تیپە ئاست بەرزی بەناوی ڕۆژ هەن دەتوانم بڵـێم لـەنێو خۆشـیان لـەململانێی ئـەوەن هەریەکـەی ئاسـتی بـەرزتر بێـت لەئەندامانی دیکەی تیپەکەی خۆیان بەو مەبەستەیە هونەری کوردی پێشبکەوێت چونکە ئەوە دەتوانین هونەری کوردی کەلێنی گەورەی هەیە، کەواتە سەلماندنێکە خـاوەن بـەهرەی بـەرزن و ئومێدێکی گەش بۆ ئێسـتاو دواڕۆژ کـەدەتوانن بـەردێك بخەنـە سـەر بـەردێکی دیکـەی بـۆ پێشکەوتنی هونەری کوردیمان ، ئەوان ئەوەی بیری لیَ دەکەنەوە هونەری کـوردی پێشـکەوێت، دوورن لەبەرژەوەندی خۆیان لە ڕووی ماددی، بەرژەوەنـدی ئـەوان بەگشـتی خزمـەتی هونـەرە بەپاکی و دڵسۆزی کەوا جێگای خۆشحاڵییە ئـەوان وەك بناغـەی بینایـەك حسـێب دەکرێـت، چونکە گەنجن و تموحیان تەنها پێشکەوتنی هونەرە، بەڵگەش ئەو شانۆیەش کەدوا کاریان بـوو بەڕاستی لەڕووی سـەرجەم کـارە هونەریـەکانی ئاسـتی بـەرزی خۆیـان سـەلماند وەك دەقـیش کەگوزارشت بوو لەدوو برادەر کەهەر یەکەیان خاوەن کرداری ناڕەوای مرۆڤانە بوون وەك کوشتن و دزی لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکەی بەرامبەرەکەی بـەتاوان دەزانـی و خـۆی کەسـێکی پـاك و دڵسۆزو مرۆڤ، ئەمەش ئەمڕۆ هەیە بەڵکو زۆریش کەکردەی نـاڕەوایی خـۆی حەشـار دەدات و بەرامبەرەکەی بەکەسێکی ناشایستە دەزانی و باس لەکردەوەکانی دەکات، ئەگەرچـی دەقەکـە دەقێکی بیانی بوو، بەڵام بێگومـان لـەڕووی ئامـادەکردن و دەرهێنـان زۆر گونجـاوی کـردووەو گەرچی لەڕووی ڕەوشت و کردارەوە زۆر کەسانی جیهان لەیەك نزیك هـەن ئـەوە گومـانی تیـا نییە، هەروەها وای بۆ دەچم ئەو ئاستە بەرزانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەرجەمیان هونەرمەنـدی ئەکادیمین لەڕووی کردارو ئاستیش لەیەکتر نزیکن، بۆیە بۆتە هەوێنی ئەوئاستەی زۆربەی کاتی خۆیان بەخزمەتی هونەری کوردیمان تەرخان بکەن و هەوڵەکانیان جدی و ڕوحیانە بێت بۆ تەنها هونەرو ئامانجی پێشکەوتنەکەی چونکە ئەوەی ئەوان زۆر پێی خۆشحاڵن کـارە هونەریـەکانیان ئاست بەرز بێت و دڵی هونەرمەندو هونەردۆستان خۆش بکەن.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٥٣١ هەینی ٢٣-٧-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە

## ئەوانەی توونی بابا چوون

## دەقێکی خۆماڵی بەڵام... !

تیپی شانۆی سالار کاتژمێر ٣٠، ٤ ڕۆژانی ٢٢،٢١- ٤- ٢٠٠٤ شانۆگەری تـوونی بابـا چوون لە نووسینی هونەرمەند ئەحمـەد سـالار، دەرهێنـانی هونەرمەنـد ئەرسـەلان دەروێـش، بەبەشداری کۆمەڵێك هونەرمەندی بەئەزموون لەهۆڵی گەل لەهەولێر نمایش کرا.

شانۆیەکە شانۆیەکی ئاهەنگسازی و تێکهەڵکێش لەدەقی خۆماڵی ئەفسانەیی، سـەرەتاکە بە هەبوو نەبوو دەستی پێکرد، وای بۆ چووم بەشێوەیەکی سادەییەو زووتێی دەگـەین بـەڵام وا دەرنەچوو، دەبوا بیرێکی جوانی لێ بکەیتەوە، لەکۆتایی نمایشەکە بیرۆکەی ئەم نووسینەم لـەلا دروست بوو، کەچەند خاڵێکە لێرەدا دەیخەم ڕوو لەوانە دەقەکە هەرچەندە خۆماڵی بـوو، بـەڵام لەبەر هۆکاری ئەم تێکهەڵکێشییەو لێك کێشانی کاریگەری کردبووە سەر تام و بۆی بـەزوویی لە ناوەرۆکی دەقەکە نەگەی هەرچەندە ئەوەم بـۆ ڕوون بـۆوە دەقێکـە بـاس لـەکردەی ئـەنفال دەکات  کە یەکێ لەکردارە ناڕەواو نامرۆڤایەتییەکەی ڕژێمی بەعس ڕووخاو و گۆڕ بەگۆڕ بـوو ئەنجامیدا ، توونی بەبا چوون واتە ئەوانەی ئەنفال کران ناگەڕێنەوە، هونەرمەند ئەحمەد سـالار بە سەلیقەیەکی جوان بۆی چوو بوو، بەڵام لەلام ئەو خۆزگەیە دروست بوو گەر بهاتایە بەچـڕتر بنووسرایە لام وایە بینەر زووتر لەمەبەستەکەی دەگەیشت، ڕاستە زۆری باسی دیکەی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی دەکردو پێی دەگوتین هۆشیار بین و لەیادمان بێت، بەڵام دەتواندرا زۆر بەکورتی پێمان بڵێ، خۆزگە گۆرانیەکان سەرجەمیان میللی بونایە هەرچـەندە لەگۆرانییـەکانی دیکـەی مەبەستێکی هەبووە بەتایبەت لەگوزارشت، مەبەستم لـەخۆماڵی واتـە میللیانـەتری هـەمان گوزارشتی هەبوایە، لەڕوویەکی دیکەی خۆزگە نازەنینێکی دیکەی تیابوایە بەلاوەکەی بگات، وەك گوزارشـتێك کـورد بـەئازادی گەیشـت دوای ئـەم هـەموو کـردارە نـا مرۆڤایەتییـەکی کەدوژمنان دەرهەق بەکوردستان کردوویەتی، شیرین تەنیا سەر لێشـێواو بـەس، لـەو بڕوایـەم لەگوزارشتی  بینەرێکی کەم شتێکی تێگەیشتوون چونکە زۆربەی هاوار بۆ فەرهاد و سوڕانەوە

لەبازنەیەکی داخراو لەلایەك لەسەر بردنی ئەم شانۆیە دەڕوا کە سالار ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی وایە بیکات بەشانۆگەری و منداڵەکانیش لەچاوەڕوانی ئەوە بوون بەشداری تێدا بکەن، بەڵام بەئاوات نەگەیشتوون و جگە لەمەش ئەم مەبەستە ون بوو، جولانی هونەرمەند شەنگە لەیەك هێڵ بوو، ئەستێرەوان جگە لەنیگەرانی دەبوایە بوێرانەتر بدوایە، تاوەکو ئەوەی نیشان بدایە شارەزایەکی بە توانایە، پیرۆز لەلایەك هاوسەری سالار و شاژنی حکایەت بۆ ؟ گەرچی لەگەڵ ئەمەم دەقی خۆماڵی خاوەن جەماوەرێکی زێترەو لەدەقی بێگانە چونکە بەزوویی تێی دەگەن، بە تایبەت دەقەکان سادەو واقیعی بن لەکارەسات و کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی سیاسی و دڵداری، بەڵێ ئەم کارە گەلێك سەرکەوت و بوو بەتایبەت بۆ ئەوانەی بەتەواوی لەهونەر دەگەن، نەوەك جەماوەری سادە، ڕاستییەکی دیکەی دەرهێنەرو ئەکتەرەکان ئەوەیان دەرخست گەلێك هیلاك بوونەو خۆشەویستیان بۆ دەقەکە هەبوو، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ هەردوو هونەرمەند ئەحمەد سالار و ئەرسەلان دەروێش و بەشداربووانی ئەم شانۆیە دەخوازم.

* بەناوی شێرکۆ ئیسماعیل لەڕۆژنامەی دەنگی میللەت ژمارە ١٥٧ چوار شەممە ٢١-٤-٢٠٠٤ بڵاوم کردۆتەوە

# نەوزاد ڕەمەزانماڵئاوا

ڕۆژی هەینی ٢٨-٢-٢٠١٤ هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی دراماو شانۆ نەوزاد ڕەمەزان بڵاو بووەوە، ئەو هونەرمەندە خاوەن ئاستێکی بەرزو دڵسۆزی هونەر بوو، لەبەر ئەوەی هێندە عەشقی هونەر بوو، بەو ئاواتەوە بوو هونەری کوردیش بەرەو ئاستی بەرزتر هەنگاو بهاوێژێ و بەرەو پێش بچێت، بەڵگەی ئەو ڕاستییەش کارەکانی بەرچاون، بەنموونە بەرۆڵی کاکل لەزنجیرە درامای تەلەفزیۆنی کەوەکانی قەرەچوغ لەنووسین و دەرهێنانی هونەرمەندی بەئەزموون و ئەکادیمی تەلعەت سامان، درامای کۆلارە،لەشانۆ گەرییەکانیش کەزیاتر لە ٣٠ شانۆگەری بەشداری کردووەو لەزۆربەشیان خاوەن ئاست بەرزێکی بەرچاو بووە، لەوانە شانۆگەری شاری ئەوین، خەج و سیامەند کەبەندەش تیایدا بەشداربوو، شایەدمانی ئەو ڕاستیەم بەڕاستی ئیبداعی دەکرد، هونەرمەندێکی نەرم و نیان و ڕەوشت بەرز بوو.

شیاوی گوتنە هونەرمەند نەوزاد ڕەمەزان لەساڵی ١٩٥٩ لەشاری هەولێر لەدایك بووەو دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بوو، یەکەم کاری هونەری ساڵی ١٩٧٤ لەقوتابخانەی ناوەندی سەیداوە ئەنجام داوە، کارە هونەریەکانی زیاتر لە ٥٠ دراماو شانۆیە، جگە لەچەند کەناڵێکی تەلەفزیۆن بەشداری چەندین کورتە تەمسیلی کاریکاتێری لەبەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و٠٠ هتد، کردووە، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی و خوای گەورە بەبەهەشتی بەرینی شادبکات.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٥١٤ یەکشەمە ٢-٣-٢٠١٤ بڵاوم کردۆتەوە

# هونەرمەندان جەوهەر باپیر و نەوزاد مستەفا
# خاوەن ناسنامەو پێشمەرگەو شەهیدن

لەکۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ ی کوردستان، زۆرینەی کورد بەیەك دەنگ گوتیان مەحاڵە جارێکی دیکە ژیان لەگەڵ ژیان بەعس، هەروەها ئەوەشیان لەبەرچاوان بوو، کەرژێمی بەعسی بۆگەن و گۆڕ بە گۆڕ چ زاڵمێکەو خاوەن برینی کیمیاباران و ئەنفال و زیندە بەچاڵە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەند کورد پەروەری خوێن گەرم بڕیاری ئەوەیاندا بەڕوح لەدژی هێرشی بەعس بوەستن ئەوە بوو داستانێکی گەورەو مێژووییان تۆمارکرد، بەڵێ لەبەشداربووانی داستانی هەولێر هەردوو هونەرمەند جەوهەر باپیر و نەوزاد مستەفا ڕوحیان کردە قوربانی هەولێرەکەیان، ئەم جووتە شەهیدە لەهونەرمەندە دیارەکانی کورد بوون، بۆ نموونە کێ هەیە خدر لۆبیا فرۆشی خۆشنەوێت کەشەهید جەوهەر باپیر دەوری تیا بینی بوو، جگە لەمەش ئەرشیفی ئەم زاتە لەسەر شانۆ وەك ئەکتەر ١٧ بەرهەمەو لەتەلەفزیۆن ٩ و لەڕادیۆ ٥ بەرهەم، جگە لەچەند بوارێکی دیکە وەك دەرهێنەر و دیکۆر و یارمەتیدەری دەرهێنەرو ڕووناکی و مۆسیقا، نەوزاد- ی شەهیدو هونەرمەند ئەرشیفی هونەری ٦ شانۆگەرییە، ئەم جووت هونەرمەندە خاوەن خزمەتێکی گەورەن چونکە هەردووکیان بوونە خاوەنی سێ ناسنامەی پیرۆز، کە تا کورد مابی ئەوانیش دەژین، لەکاتی خزمەتی کاری هونەری هونەرمەند بوون، لەکاتی ڕزگاری و ڕاپەڕین پێشمەرگە بوون، کەواتە ئەوانە لەپێشەوەی هونەرمەندو پێشمەرگە هەم شەهیدن، بەهۆی ئەم هۆشیاریە نەتەوەییەی کە بۆ گەلەکەیان ئەنجامیاندا، ئەوەش دەردەخەن، کەمرۆڤ نابێت دووربێت لەگەلەکەی، هەروەها ئەو دروشمەی هونەری شانۆییان بریقەدار کرد کەدەڵێن هونەر ئاوێنەی ژیانە واتە هەموو شتێکی ژیانی تیا دەبینرێت ژیانیش بەبێ سەربەستی و ئازادی زیندانێکی داخراوە .

کەواتە مرۆڤ دەبێ خۆشەویستی ژیانی ئازاد لەسەرووی ڕوحی خۆی بزانێت وەك ئەو جووتە شەهیدە سەربەرزانە، ڕوحیان کردە قوربانی کوردستان، هەر لەڕێگای خوێنی شەهیدانیشە ئەمڕۆ ئێمە ئازادین و خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانین .

* بەناوی بەڵێن جەمال لەڕۆژنامەی دەنگی میللەت ژمارە ١١٥ چوارشەممە ٧-٤-٢٠٠٤ بڵاوم کردۆتەوە

# دۆڕاوەکان لە شانەدەر

لەچوارچێوەی وەرزی شانۆیی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، کاتژمێر ٨ ی شەوانی سێشـــەممەو چوارشـــەممە ١٢و١٣-١٠-٢٠١٠ بـــەئامادەبوونی ژمارەیـــەك لەهونەرمەنـــدو هونەردۆستان شانۆگەری دۆڕاوەکان لەنووسینی بارزان فەرەج، ئامادەکردن و دەرهێنانی ڕۆژگار کەریم ڕۆژ، نواندنی ڕەزا عوسمان، هێرۆ مەولودی، کۆسـرەت عەبـدولڕەحمان لـەهۆڵی گەلـەری شانەدەر نمایش کرا.

لەڕووی کاری هونەری مۆسیقا ناتەواوی لەدەنگ هەبوو، کەببوو بەهۆی ئـەوەی جـەماوەر تەواو لە حیوارەکان نەگەن، لایەنی ڕووناکی سستی پێـوە دیـاربوو، نوانـدن بـاوەڕێکی تـەواو بەخۆیان هەبوو، بۆیە بەسەر دەقەکەدا زاڵ بوون، تەواو بەرجەستەیان کردبـوو، سـەرکەوتوویی دەرهێنەر ئاشکراو ڕوون و بەرچاو بوو، وەك هەڵبژاردنی دەق و ئامادەکردن لەلایەن دەرهێنـەر جێگەی سوپاس و ڕێزە، خاڵی یەکەم دەقەکانی بارزان فەرەج بریتییـە لەسـەرەتا، ناوەڕاسـت، کۆتایی، ئەمەش خۆی تێگەیشتنە لـەدەق و خۆماندووکردنـە بـۆ ئـەوەی سـەرکەوتنێکی زۆر بەدەست بێنێت و لەپێناو ئاستی بەرز لەناوەرۆك و پەیڕەوی دەق، دەقەکە باسی لە سێ کـەس دەکرد دوو پیاوو ئافرەتێك، سەرەتا دەست دەکەن بەیاری دواتر بێزاری کچە لەقومارەکە بەجێ دێلێ، دواتر هەردوو پیاوەکە لەقومارەکە بەردەوام دەبن، یەکێکیان هەر چـەندە زۆر نیگەرانـە بەهۆکاری کوشتنی ژنەکەی، بەڵام لەبەردەوامی قومارکردنی لەگەڵ بەرامبەرەکەی دەدۆڕێ، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی بەرامبەری داوای ئەوەی لێ دەکات قومار بکەن لەسـەر ژنەکـەی چـونکە ئەو نازانی ژنەکەی نەماوە کوشتویەتی هەر چەندە سەرەتا ڕازی نابێـت، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هێندە داوای لێدەکات ڕازی دەبێت، ئەنجام ژنەکەشـی لێیدەباتـەوە، داوای ئـەوەی لێ دەکـات ژنەکەی بۆ بێنێت، بەڵام ژنی چی ژنەکەی کوشتووە، لەهەندێ گفتوگۆی نێو دەقەکـە، ئەگـەر وردبینەوەو قسەی لەسەر بکەین ئەوە زۆر هەڵدەگرێت لەوانە دەڵێ:

بێ ئیشەکان دەبنە گۆرانیبێژو ڕۆژنامەنووس مەبەستیان لەکچەکەیە، چونکە حەز دەکـەن بزانن چییە ئایا جاسووسە، یاخود کەسێکی ڕۆشنبیر چۆن هاتووە لەگەڵیاندا یاری دەکات، ئایا لە کوێوە هاتووە، ئەویش دەڵێ:

ڕۆژنامەنووسم

بۆیە لەوەڵامدا پێی دەڵێن بێ ئیشەکان دەبنە گۆرانیبێژو ڕۆژنامەنووس ئەو ڕاستیەش لە ئەمرۆی کوردستان بەرچاوە کەخاوەن سەدان ڕۆژنامەنووس و گۆرانیبێژین، بەڵام بەناو ئەگەر وەك خزمەتیان لەپێناو کارەکەیان زۆری تێنەگەیشتوون، بۆیە چوونە دنیای زۆری و بۆری بۆیە دەرهێنەر ئەوەی لەدەقەکە زیاد کردووەو لەجێگەی خۆیەتی، لەلایەکی دیکە قومار خۆی کردەیەکی نارەوایەو هەموو قومارکارێك ئەنجامی دۆڕاوە، کچە لە گفتوگۆیەکیدا لەدوای بێزارییەکەی لەیاری قومار دەڵێ:

نامەوێ دۆڕاو بم و نامەوێ بدۆڕێم، نامەوێ یاری بکەم.

ئەمە وەڵامێکەو زۆر هەڵدەگرێت، هەر بۆیە لەیارییەکە دوور دەکەوێتەوە، هەروەها هەر یەکەیان لەسەرەتا باسیان لەبواری سیاسەت و بەرامبەرەکەی خۆیان بەدۆڕاو دەزانی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەبەڵێ ئەمە هەیەو ئەنجامیش هەر هەموویان دۆڕاون، قومار جگە لەیاری، هەر یەکەی پیشەو کارەکانی خۆی وەك یاری قومار بەڕێوەی ببات، ئەنجامی پەشیمانی دەست بەتاڵ دەبێت، بۆیە پێویستە لەیاری قومار بەدووربین گەرچی قومار دەست دەخاتە نێو مادەو سەروەت و سامان لەخانوو، کەل و پەل تاوەکو هەیە دەیگەیەنێتە ژن و کچی، هەیە لەئەنجامی هێندە دۆڕاوی و هانابردنی بۆ مەی خواردن و زیانی گەورە دەگەیەنێتە سەر خێزانەکەی و خودی خۆی چونکە هەیە لەهێندە دۆڕاوی کاریگەری کردۆتە سەر دەروونی و نەیتوانیوە بەسەر ئەو هێرشە خەماویەی کەبۆی دێت زاڵ بێت خۆی کوشتووە.

لەکۆتاییدا دەستخۆشی بۆ برای دەرهێنەرو نووسەرو ئەکتەرەکان کەتوانیان دڵخۆشی بخەنە دڵی جەماوەرو کاتێکی خۆش لەگەڵ نمایشەکەدا بەسەر بەرن .

* لەڕۆژنامەی بارزان ژمارە ١٨٥ یەك شەممە ١٧- ١٠- ٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە.

# شەوێ لەوێ پڕلەعەشق بوو

لەسەرداوەتێکی فەرمی بەرێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر، کاتژمێر٦ی ئێوارەی ڕۆژی دووشـەممە ٢٦-٧-٢٠١٠ بـەئامادەبوونی ژمارەیـەك لەهونەرمەنـدو هونەردۆسـتان، بەشـی شانۆیی بنکەی هونـەرو کولتـووری کوردسـتان لەبـەریتانیا شـانۆگەری شـەوێك لـەوێ، دەق ،تەرزەعەزیز، دەرهێنانی فوئاد عوسمان، ئەکتەرەکان تەرزە عـەزیز، بنار فاتیح، پاڤێ حەسـەن ،شکۆجوانڕۆ، سەرکۆ عارف، سەهەند دارا، دیارحوسێن، دانەرکەریم، مۆسیقا خدر، ڕوونـاکی هێمن نەوزاد، لە هۆلی میدیا لەشاری هەولێرنمایشکرا٠

ئەم شانۆگەرییە گوزارشت بوو لەمەینەتییـەکانی ئـافرەتی کـورد لەتەڕاواگـە، ئەگـەروەك بینەرێك قسەی لەبارەوەبکـەم لەبەرهێنـدە کاریگـەری ئاسـتی شـانۆیەکە ئـەوە قسـەی زۆرم هەیە،لەڕووی دەق ئەگەر نووسەرەکە نەناسیت وای بۆ دەچیت کەسـێکی بەتەمـەنی چـەندین سـاڵەلەنێو هونـەرو خـاوەن نووسـراوی چـەندین دەقـە لەبەرئـەوەی گەلـەك ئاسـت بـەرزبوو بەناوەرۆکێکی دەوڵەمەند، چڕوپڕ بەمانا، وەك لەسەرەتا دەرخسـتی مێـژووی نیشـتمانەکەمان بوو وەك پێناسەیەك ئێرە کوێیە نیشتمانێکی پارچە، پارچەکراو، خاکێکی حەرام کراو لەهەموو شتێك لەبیرکردنەوە، لە ڕابردوو، نیشتمانێکی سووتاو، بەڕاستی هەر کەبەحەماسەتەوە گێمان لەوحیوارە دەبـوو ئـەوە دەچـوویە نێـو ناوەرۆکەکـە دواترچـی دێـت چـونکە هەسـتت دەکـرد ڕاستییەکانی مێژووی کوردستانی دەردەخسـت، لەپاشـان چـووە نێـو نـاوەرۆکی کولتوورەکـە بەتایبەت باوەکان کەلەنێوان ئافرەت و پیاو هـەن، بەتایبـەت ئـەو لایەنـەی کـەپیاو هـەردەم خۆبەزاڵ دەزانێت بەرامبەر بەئافرەت لەولایەنەش خێزان، کچ و کوڕکە مافی ئـازادی ئـەوەیان نییەحەزەکانیان دەربڕن و بەو مرازە بگەن کە لەدەروونیانەوە هەیە، مخابن پـەنگی خـواردووەو کولتوورەکە قبوولی نییە دەریببڕێت ، ئەگەر یەکێك درکاندی بەشەرم و نـاڕوا دەزانرێـت، زۆر لەو گرفتانەش هەن ئـافرەت خـۆی هۆکـارە ، دوو ئافرەتـە لـەگفتوگۆی نێوانیـان هەلڕشـتنی مەینەتییەکانیان هاتنەسەر ئەو ڕایە دادگەیی یەکدی بکەن، بەلاّم ئـەوان خۆیـان نەیانـدەزانی

کاتژمێر چەندە رێکەوتن چەندە، دواتر ئەو ئافرەتە هیلاکەیان هێناو کەپێی پیاوەکەی دەشۆری کەزار لەزمانی نەبوو، چەندە ئاماژەیان بەوەدا قسەنەکردن تاوانێکی گەورەیە، بەلاّم کێ قسان دەکات، قسە نەکرێت چۆن دادگەیی دەکرێت ئافرەت لەتاوان بەرامبەر یەکدی هێشتا باوە هەرچەندە لەلایەن ئاقلمەندێکی کورد گوتراوە ئەرێ خەسوو بووك نەبووی، بۆیەلەم شانۆیە دایکە هێشتا ژنی بۆ کوڕەکەی نەهێنابوو کەداوای سەربڕینی مریشکی لێ دەکرد، نەیتوانی لەوەلاّمداپێی گوت ئەی کەژنت هێنا چۆن بەسەریدا زاڵ دەبیت، هەروەها لەڕووی دەوڵەمەندی دەقەکە زۆرینەی گرفتەکانی ئافرەتانی ئاماژە دابوو وەك تاوەکو ئێستە خاڵی سەرەکی ئافرەت ڕازیکردنی مێردەکەیەتی، تائێستە شەرم و نارەوایە لەماڵێکدا وێنەیەکی ئافرەتێك لەچوارچێوە گیرابێت و لەسووچێکی ژووری ماڵێکدا هەلواسرا بێت، تائێستە کەم کەس لەو ئافرەتانە دەکات کەدەکوژرێن و لوتیان دەبڕێت بۆ خۆیان سووتان، جگە لەمانەش کەکچێك داخواز دەکرێت دەبێت سوێند بخوات لەژیاندا کوڕێکی خۆشنەویستووە، بۆیە زۆرجار لەپێناو ئەوەی بەختیار بێت دەبێ درۆ بکات، ئەمانەو چەند لایەنێکی دیکە لەم شانۆگەرییەدا خرایەروو، بەلاّم کەی و چۆن دەتوانرێت چارەسەر بدۆزرێتەوە ئەمانە گرنگن، لێرەدادەڵێم ئەگەر شانۆو دراماو هەندێ لایەنی دیکەی هونەر کار بۆئەم گرفتە سەرەکییە کۆمەلاّیەتییانە بکەن بەنواندنێکی جوان ئامانجی خۆی دەگەیەنێت بەڕاستی لە نواندن و دەرهێنان و کارەهونەرییەکانی دیکە سەرکەوت و بوون بەهیوای کاری ئاستبەرزی دیکە ٠

* لەڕۆژنامەی بارزان ژمارە١٧٦ یەك شەممە ٨-٨-٢٠١٠بلاّوم کردۆتەوە

# بەچاپکردنی دەقە شانۆیەکان

یەکێك لەو کەمتەرخەمیانەی کەهەستی پێ دەکەم، بەچاپ نەگەیاندنی دەقە شانۆیە کوردیەکانە، کەجێی داخە، لەبەرئەوەی گەلێك دەقی شانۆ فەوتاوەو دەفەوتێ و لەناو دەچێت، هەر بەهۆی ئەم کەم تەرخەمیەشەوە چەندان دەقی شانۆمان لەناوچوون، ئەوەش زەرەرمەندیەکە دەگەڕێتەوە لەمێژوویەکەی و لەنەزانینی ئاستی و دەوڵەمەندی شانۆی کوردیمان، بەنموونە دەیان دەقی شانۆی کوردیمان زوو بەتایبەت لەسالآنی شەستەکان و حەفتایەکان و سالآنی دواتر لەهەر شارێکی کوردستان لەناوچوون، ئەویش بەهۆی زروفی نالەباری کوردستان و نەمانی نووسەرەکەو کەمتەرخەمی نووسەر، هەروەها بەشی هەرەزۆری دەقەکان خۆماڵی و باس لەزروفی سیاسی و کۆمەلآیەتی و کولتووری ئەوکات و لەدوای ماندوبوونێکی زۆریش ئینجا دەقەکە دەنووسراوەو کاری لەسەر کراوە، بەداخەوەش تائێستا بەشێکی هەرەزۆریشی فەوتاو نەما، کەواتە ناوی نووسەرو ناوەرۆکی دەقی ئەوساو ئاستی و هەم خەرمانێك چووە ژێر گڵ، بۆیە دەڵێم ئەگەر ئەوکات ئەو دەقەیە بەچاپ بگەیەندرایە ئەوە ئەمڕۆ لەبەرچاوان دەبوو، دەیان نووسەری لێکۆڵەنەرانی شانۆو لەبواری مێژووی شانۆی کوردی کاریان لەسەر دەکرد، ئەوەش دڵخۆشیەك بوو بۆ نەوەی ئێستای هونەرمەندان هەم دەرخستی ڕەنجی خەمخۆرانی ئەوسای هونەمەندانی بەدەردەخست کەچۆن کاریان کردووەو بۆ نەوەی ئەمڕۆ سەرچاوەیەیەکی گرنگە کە سوودی لێوەرگرێت، بەلآم مخابن زۆری فەوتا، ئەگەرچی بەدوورنییە هەندێ لەهونەرمەندان دەقەکانیان پاراستبێ یاخود نمایشی شانۆیەکە ئەوکات تۆمار کرابێت و لایان پارێزراو بێت دەتوانن سوودیان لێوەرگیرێت دوبارە بنووسرێتەوەو بەچاپ بگەیەنرێت، کەواتە دەقێك لە مردوویی زیندوو دەبێتەوە، خۆزگە بەزوویی خەمخۆرانی ئەو بوارە ئاورێکی بەجدیان لەم لایەنە دەدایەوە بەڕاستی ئەرکێکی پیرۆزی نیشتمانیە، کورد گوتەنی زەرەر لەنیوەش بگەڕێتەوە هەر قازانجە، زۆربەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی بواری شانۆو شانۆکاران ئەو ڕاستیە دەزانن کە سوودێکی ئێجگار زۆری هەیە، ئێمەش لەبواری شانۆی کوردی تاڕادەیەك خاوەن ئاستین بەلآم

زروفی نالەباری و کەمتەرخەمی خۆمان ئاوای کردووە بەسەدان دەقی شانۆی کوردیمان بفـەوتێ و لەناو بچـێت لـەبواری شـانۆی کوردیمـان، دەزانـین دەوڵەمەنـدی شـانۆی جیهـان لـەڕێگای بەئەرشیف کردن و بەچاپ گەیاندنی دەقە شانۆیەکانیان توانیویانە بیپارێزن و نەوە دوای نـەوە سوودی لێوەرگرن و لێکۆڵینەوەو مێژووەکانیان تۆمار بکرێت، ئێمەش دەتـوانین بلـێین ئـەوەی چوو چوو بەڵام خەم لەو دەقانەی ئەمڕۆو ئەوانـەی جـاران کـەدەتوانرێت بەهـەوڵ و کۆشـش و ماندووبوونی زۆر کاری لەسەر بکرێت و بەچاپی بگەیـەنین، دەبـا دەسـتەو ئـەژنۆ نەوەسـتین و بەڕێگای ئەرشیف کردن و بەچاپ گەیاندنی دەقەکەی بتـوانین لەفـەوتان بیانپـارێزین، ئـەوەش ئەرکێکی پیرۆزی نیشتمانیەو دەبێ هەمموومان شارەزای پیرۆزی هونەری شانۆ بین و بزانین شانۆ قوتابخانەی گەلە و بەشانۆ ئاستی هوشیاری نیشتمان دەزانین، بەشانۆ بەرەو پێشکەوتوویی ژیان دەڕۆین، بەڵێ بە هونەری شانۆ میللـەت سـوودمەند دەبێـت، چـاپکردنی دەقـە شـانۆیەکانی ئێستاو جاران زەروریەتەو لەفەوتان دەپارێزرێت، خۆزگە سەرجەمیان بەچاپ دەگەیەندران .

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٨١ پێنج شەممە ٢٩- ١٢- ٢٠١٦ بلاوم کردۆتەوە.

# سیڤی هونەرمەندان

هەریەکەمان خاوەن مێژووی تایبەت بەخۆمانین، لەخوێندنەوەی مێژووی هەریەکەمان سوودێکی خۆی هەیە، بەنموونە مێژووی هونەرمەندان، ئەگەرچی جێی داخە مێژووی هونەرمەندانی کوردستان زۆر بەدەگمەن تۆمار کراوە، بۆیە هەر یەکێ لەلێکۆلەرەوانی دونیای هونەری کوردی دەکەوێتە بەر خەمێکی گەورە بۆ زانیاری لەژیانی تایبەت بەخۆی و ئەرشیفی هونەری، بەڕاستی جێگەی پرسیارە بۆچی تۆمار ناکەن، هەرچەندە بەندە زۆر لەهەوڵی ئەوەدایە بتوانێت لێکۆڵینەوەی هونەری و مێژووی ژیانی هونەرمەندان بخاتە ڕوو بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆر کەم لەهونەرمەندان ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن، هەرچەندە لەبارەی ژیانی بەشێکی هونەرمەندانی نەمر نووسیومە، بەڵام زۆری هیلاك کردووم، تاکو توانیومە سەرچاوەی باوەڕ پێکراو بەدەست بهێنم، ئەگەر هەر یەکێ لەهونەرمەندان بەشێك لەژیانی تایبەت بەخۆی و ئەرشیفە هونەریەکەی پارێزراو بێت ئەوکات زۆر بەئاسانی دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت و ئەوەی دەمێنێت لێکۆڵینەوەی لێکۆلەرە لەبواری ئاستی هونەریەکەی، هەم وەك تۆمارکراوی مێژووی هونەرو سەرچاوەی لێکۆلەران لەبواری هونەرو ژیانی و ئاستی هونەرمەندەکەو ئاستی مێژووی ئەوکات لەساڵ یاخود چەندان ساڵ لەلایەن لێکۆلەرانی بوارە هونەریەکە، لەڕوویەکی دیکە ئێستا لەکوردستان خاوەنی چەندین کۆلیژی هونەرو پەیمانگەی هونەرین ئەم تۆماریە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ قوتابیانی کۆلێژو پەیمانگەکان بۆ کارکردن لەسەر ژیان و بەرهەمەکانیان، بەڵام ئەگەر ژیان و ئەرشیفیان تۆمار نەکرابێت ئەوە ماندوبوونێکی زۆری دەوێت تاوەکو بەئومێدەکەی دەگات، لێرەوە خۆزگە هونەرمەندان خەمێکیان لەتۆمارکراوی مێژووی ژیانی خۆیان و ئەرشیفی خۆیان دەخوارد تاوەکو دەتوانرا کار لەبواری ژیان هونەریەکەی بکرێت، بەنموونە ئەگەر بەدوای مێژووی هونەرمەندانی جیهان بچین و لێکۆڵینەوەیان لەبواری ژیان و کارە هونەریەکانیان بکەین گەلێك ساناترە لەژیانی هونەرمەندێکی کورد لەبەرئەوەی زۆربەی هونەرمەندانی جیهان خاوەن مێژووی تۆمارکراوی

خۆیانن لەلایەن خودی خۆیان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و لێکۆڵەرانی بواره هونەریەکان بەبەردەوام کار کردن لەسەریان، بەڵام هونەرمەندانی کورد بەزۆرینەی خودی خۆیان لەدژی بیرەوەری مێژووی خودی خۆیان و هونەرەکەیانن، لەبواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی هونەریش جێی داخە جاران زۆر زێدەتر بوون، ئەمڕۆ زۆر بەکزی هەیە، ئەوانەش بەزیانی گشتی دەکەوێت و دەبوا هەریەکەی لەهونەرمەندانی کورد خاوەن تۆمارکراوی بیرەوەری خۆی بێت و ئەرشیفی پارێزراو بێت، بەڵام ئەمە لەلایەن هونەرمەندانی کورد بەدووره، ئەوەی هەیە دروست کردنی چەند پەیکەرێك بۆ هونەرمەندان و چەند دیمانەیەك لەمیدیایەکان و ئەوانی دیکەو لەدوای کۆچی دوایی هونەرمەند کاره هونەریەکان دەفەوتێت و لەناو دەچێت، مخابن بۆ ئەو کەسانەی خۆیان بەهونەرمەند دەزانن و بەڵام لەپیرۆزی هونەرەکەی خۆیان نەگەیشتوون و بەکاتی و یاخود وەك کارێکی بازرگانی سەیری هونەریان کردووەو بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین کردووه، ئەوەش ڕەوا نیەو بەزیان دەوەستێت چونکە هونەر بۆ نەتەوەیە نەوەك بۆ تاکە کەسێك، ئەوەی لەهونەر نەگات هونەر سەرناکەوێت.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٦٣ ڕۆژی ١- ١٢- ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە.

# فیلمی ئەمڕۆی دوبلاژی کوردی

بۆ ماوەی چەند ساڵێکە زۆربەی کەناڵە ئاسمانیەکانمان و ناوخۆی کوردستان گرنگیــەکی زۆر بە دوبلاژ کردنی فیلمی بێگانە دەدەن بۆ بەکوردی کردن، بەڵام ئەوەی جێگای ســەرنجە هەســت بەوە دەکرێت ئەو کەناڵانە ئازادیەکی تەواویان وەرگرتووە لەدوبلاژ کردنی فیلمە بیانیەکان و بە هۆیەوە بەشێکیان بەلاڕێدا ڕۆیشتوونە، چونکە بەتەنها زیانی هەیە لەجێگای سوود گەیانـدن، هۆکـاری ســەرەکی لەگــەڵ کولتــووری کوردیمــان ناگونجێــت، بەنموونــە هەنـدێ فـیلم لــەڕووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە تێك دەرن، بەتایبەت لەنێوان ژیانی خێزانـداری و هاوســەران، چــونکە خیانەتی خۆشەویستی زۆر تیایە، جگە لەخیانەتی هاوسەرگیری منــداڵ هەیــە تــاوەکو گــەورە دەبێت ئینجا دەزانن کێ دایك و باوکیەتی، لەلایەکی دیکــە جــل و بــەرگی ئافرەتــان نیمچــە ڕووت بێگومان ئەوەش کاریگەری دەروونی دەکاتە سەر گەنجی کوڕ، درۆو فرت و فێڵ لــەکارو عەشق و ژیانی هاوسەری، زۆر کاریگەرە بەدوورنیە بەتایبەت گەنج لەهەردوو ڕەگــەز لاســایی ئەوانە بکەنەوە، جگە لەوانە هەندێ فیلمی دوبلاژ کراو هەیە چەندان ئەلقەیەو لەکاتی نەگونجاو پێشکەش دەکرێت بەنموونە وەك لەدرەنگانی شەو، یــاخود لــەپاش نیــوەڕۆ، کــەکاتی پشــووە، هەروەها بەهۆی زۆری فیلمەکان و هەندێ کەسیش هەن بەتایبەت ئافرەت کــە لــەدوای یــەکتر فیلمەکان پێشکەش دەکرێت و ئافرەتەکەش تەماشای هەموویان دەکات بۆیە بەهۆیەوە چەندان گرفتی خێزانی درووست بووە، بەهۆی ئامادەنەبوونی چێشت و یاخود دواکەوتوویی، یــان کــار نەکردنی هەندێ کاری ناوماڵ لەلایەن ئافرەتانەوە، لەڕوویەکی دیکە بەهۆی هێندە سەیرکردنی ئەو فیلمانە تووشی کەم خەوی بووە، یاخود کەشەو بەهۆی سەیرکردنی فیلم درەنــگ دەخــەوێ بەیانی درەنگ لەخەو هەڵ دەستێ بەتایبەت ئافرەت لەدایك یاخود کچ ئەمــەش چــەندان جــار بۆتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی گرفتی کارکردن و خێزانی، بۆیە لــەڕێگای دەروونــیش کاریگــەری

خۆی هەیە وەك هێندە لەچاوەڕوانی و خەم خواردنی بۆ نێو ناوەڕۆکی فیلمەکـە، بۆیـە لایـەنی بەپرس پێویستە بەدوا داچوون بکەن بۆ بەدوای ئەو فیلمانە چـونکە بەڕاسـتی کاریگـەری زۆر خراپی گەیاندۆتە سەر کولتووری کوردەواری و بوونەتە هۆکاری دەیان گرفتـی خێزانـی، ئێمـە لەگەڵ ئەو فیلمانەین گونجاوی کولتووری خۆمانن و دەقەکە کاریگەری خراپی بۆسەر بینەر نیەو گوزارشتە لەچارەسەری گرفتی کۆمەڵایەتی، یاخود لایەنێکی مێژوویی، یان سیاسییە، ئەوانـە ڕەوایەو دەستخۆشی بۆ هەندێ لەکەناڵەکان بـەبینینی فیلمـە دوبـلاژ کراوەکانیـان دڵخۆشمـان دەکەن چونکە فیلمی سوودبەخش و شیاویان دوبلاژی کوردی کردووە، ئەوەش خزمــەتێکی زۆر پیرۆزەو بەهۆی بینینیانەوە کاتێکی خۆش و بەسوود لەگەڵیان بەسەر دەبەین، بەڕاستی هونـەر بەگشتی بەپاك و دڵسۆزانە ئەنجام بدرێت سوودی گشتیەو هەموو لایەك تیادا دڵخـۆش دەبـن، هــەر میللــەتێك لــە هونــەر پێشــکەوتوو بــوو ئــەوە نیشــانەی ئاســتی بــەری ڕۆشــنبیری و پێشکەوتوویی میللەتەکەی بەدەردەخات بۆیە کاری هونـەر لەپێویسـتیەکانی ژیانـەو لـەژیان هەڵقولاوەو لەژیان دەدەوێت بۆ ئەوەی ئێمـە تیـادا سـوودبەخش بـین و بـەرەو پێشـکەوتوویی هەنگاوی خۆمان بهاوێژین، تاوەکو میللەتەکەمان بەئاسوودەیی و بەختیاری بژی .

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٥٩ ڕۆژی ٢٧- ١١- ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

# دەنگی ئەکتەر

یەکێك لەخاڵەکانی سەرکەوتنی ئەکتەر لەهەرسێ بواری شانۆ، دراما، فیلم، دەنگە، لەبەر ئەوەی دەنگ لەو تەمەن بۆ ئەو تەمەن یاخود لەهەر یەکێ لەڕۆڵ بینین لەم و لەو جیاوازی هەیە ، بۆیە هەر یەکێ لەدەوری بینینی ڕۆڵەکە پێویستی بەنەخشەکێشیەك هەیە، بەنموونە لە سەردەمی سەرەتای ساڵانی حەفتایەکان بەهۆکاری کەم بەشداربوونی ئافرەتی کورد لەشانۆ، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە، پیاو ڕۆڵی ئافرەتی دەبینی، ڕاستی بەشێکی زۆر لەو هونەرمەندانە تا ڕادەیەکی باش تیادا سەرکەوتووبوون، ئەویش بەهۆکاری سەرەکی دەنگ بوو، بەشێك لەو هونەرمەندە پیاوانە کەڕۆڵی ئافرەتیان بیبیوە لەوانە عەبدولڕەزاق شەمسەدین، عومەر چاوشین ، سوبحی کۆیی، جەلال بەیار و....هتد، ئەمە بەشێك لەگرنگی سەرکەوتنی دەنگی ئەکتەر، بەشی دیکە هەیە گەنجە بەلام لەدەنگ دەتوانێت ڕۆڵی بەتەمەنێك ببینێ بەنموونە هونەرمەند ئیسماعیل عەلی لەڕۆڵی عەزیز لەدرامای میوانی ناوەخت، بەتەمەن عەزیز لەباوکی گەورەترە بەلام توانیویەتی دەنگی بگۆڕی بۆ کەسێکی بەساڵاچوو هەم سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێت، هەروەها هونەرمەند دلڤین موحسن محەمەد هەرچەندە تەمەنی گەورە نیە بەلام لەچەند درامایەکی دوبلاژ کراو بەڕۆڵی ئافرەتی بەتەمەن بەشداری کردووەو تیادا سەرکەوتووە، بەلام هەندێ ڕۆڵی دیکەمان بینیوە هەستمان بەلەنگی دەنگی کراوە، ئەویش زۆربەی بەهۆکاری تەمەن بووە، بەنموونە پیاوێك یاخود ئافرەتێك ڕۆڵی گەنجێك دەبینن بەلام بەزۆری هەست بەلەنگ بوونی دەنگی دەکرێت چونکە ڕاستیەك هەیە لەگەڵ تەمەن دەنگیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەلام هەیە لەهونەرمەندان دەتوانن لەدەنگیان گۆڕانکاری تیادا بکەن بەلام ئەمانە بەژمارە بەشێکی کەمن، هەروەها لەگفتوگۆ دەبێت حسێب بۆ دەنگ بکرێت لەکوێ بەرز بکرێت و لەکوێ بە نزم بێت، ئەویش بەگوێرەی ناوەرۆکی دەقەکە دەبێت، بۆیە هەرزوو پێویستە لەسەر دەرهێنەر حسێبێك بۆ دەنگی ئەکتەر بکات، چونکە دەنگیش ڕۆڵی لەئاستی پێشکەوتوویی هونەری شانۆو دراماو فیلم هەیە، بۆیە حسێب کردن بۆ دەنگ زۆر پێویستە،

وەك ئاماژەم داوە هونەر بەگشتی پێویستی بەوردبینی هەیە، لەبەر ئـەوەی بتوانرێـت بینـەری کورد خۆشحاڵ بکرێت، جگە لەوەش هونەر بەگشتی زمانی تایبەتی خۆی هەیە، جگە لەکورد، نەتەوەی دیکەش تێی دەگات و هەروەها هونەر خزمەتی نەتەوەیی هەر میللەتێکـە، بەهونـەر دەتوانین خۆمان بەجیهان بناسێنین ، بۆیە دەڵێمەوە خۆزگە هەردەم لەکاری هونـەری بـەجۆرێك لەهەوڵ و کۆششدا دەبین، تاوەکو هەنگاو بەهەنگاو دەتوانین ئاستی ئەو جۆرە هونەرانـە بـەرەو پێشکەوتوویی دەهاوێژین، لە دەنگ زۆرتر پێویستمان بەدەنگی ئاسایی خۆماندا هەیە، نەوەك گۆڕانکاری کردن، بەمە زێتر سـەرکەوتوو دەبـین، بەتایبـەت لەئـەمڕۆ هونەرمەنـد بـەگوێرەی پێویست هەن، کەواتە لەدابەش کردنـی دەق پێویسـتە حسـێب بـۆ دەنگیـان بکرێـت نـەوەك لەڕۆڵەکانیان دەنگیان بگۆڕن، ڕاستە بەشێکیان تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، بەڵام زۆریش هەن ناتوانن سەرکەوتن بەگوێرەی پێویست بەدەسـت بهێـنن، بۆیـە بـۆ هونـەری نواندن دەنگی سروشتی ئەکتەر پێویستترە، لەگۆڕینی دەنگی ئەکتەر بۆ نواندن.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٥٨ ڕۆژی ٢٤- ١١- ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

# جل و بەرگی ئەكتەر

ئەگەر بەوردی تەماشای هەندێك جل و بەرگی ئەكتەری شانۆو دراماو فیلمی كوردی بكەین، بە نەشیاوی دەبینین، بەنموونە دەقەكە دەقێكی كوردی لەشانۆ یان دراماو فیلم باسكراوی ژیانی كۆنی كوردەوارییەو جل و بەرگی ئەكتەرەكانیش هی پیاوەكان پاڵتۆیەو هی ئافرەتەكان مەكسیە یاخود پاڵتۆیە، یاخود دەبینین لەدرامایەكی چەند ئەلقەیی بەلاّم ئەكتەرەكان یەك جۆرە جل و بەرگیان لەبەرەو نایگۆڕن ئەمەش هەڵەیەكە چونكە وەك دەزانین ئەو درامایە باس لەژیانێكی چەند ساڵێك دەكات، چۆن ئەو جل و بەرگە هەرماوە، یان دەبینین لەجل و بەرگی ژنان بەتایبەت جلی كوردی تازە دوراوی نوێیە، ئەو ئافرەتەی پۆشیویەتی خۆی لەخێزانێكی هەژارن، ئەگەر هەژارن چۆن خاوەنی ئەو جل و بەرگە كوردییە نوێیەیە، كەواتە نەگونجاوە، چونكە خێزانی هەژار لەجل و بەرگ بەدەر دەكەوێت، هەروەها لەجۆرێكی دیكەی جل و بەرگی ئافرەتانی بە تەمەن لەكوردەواری بەتایبەت لەدەشتی هەولێر ڕەنگی ڕەشیان دەپۆشی بەڕاستی لایان شەرم بوو ڕەنگی دیكە بپۆشن مەگەر جاروبارێك لەكاتی بووك گواستنەوە بۆ كوڕی یاخود برای جل و بەرگی ڕەنگی دیكەی كوردەواری بپۆشیایە، ئەوەش بەدەگمەن بوو، كەواتە لەشانۆو دراماو فیلم كوردی لەو جۆرانەی باسكراوی ژیانی كوردەواری دەبێت ئافرەتە بەتەمەنەكان جل و بەرگی كوردەواری ڕەنگی ڕەش بپۆشن، ئەگەرچی لەهەندێ دەقی لەو جۆرە بینیومانە ئافرەتە بەتەمەنەكان جل و بەرگی ڕەنگاو ڕەگیان پۆشیوە، بۆیە ئەوەش دەكەوێتە بەر ڕەخنە، جگە لەوانە لەجل و بەرگی ئافرەتان و پیاوان دەڤەر لەگەڵ دەڤەر لەیەكتر جیان بۆیە دەبێت حسێب بۆ ئەوەش بكرێت دەقەكە باس لەژیانی كام دەڤەر دەكات دەبێت ئەكتەر جۆری ئەو جل و بەرگەی دەڤەرەكە بپۆشێت، نەوەك جۆری جل و بەرگی دەڤەری دیكە بپۆشێت، چونكە ئەوەش دەبێتە هەڵەیەك و نابێت بەسەر دەرهێنەر تێپەڕ بێت، كەواتە بەگشتی پێویستە حسێبێكی ورد بۆ جل و بەرگی ئەكتەر بكرێت وەك بەنموونەی ئەو چەند خاڵەی ڕابردوو باسم لێوەكرد، چونكە جل و بەرگ شیاوو گونجاو نەبوو بینینی ئەو شانۆیە

یاخود دراما یان فیلمە لەنگیەکی تیادا دەکەوێت لە بینینی خۆشحاڵیەکی تەواوت پێ نابەخشێت بۆیە لەکاری هونەری لەسەرەتاوە پێویستیت بە وردبینی و هونەریانە هەیە درز نەکەوێتە نێو کارە هونەریەکە، چونکە کاری هونەر پیرۆزەو هەرچەندە گرنگی پێی بدرێت و زێتر سەرکەوتوو بێت ئەوە ئێجگار خۆشحاڵی دەبەخشێتە بینەر، ئەکتەر، نووسەری دەق، دەرهێنەر، ڕەخنەرگر لەبەر ئەوەی کاری هونەر بۆ تاکێك نیە بەڵکو بۆ هەموو لایەکە بۆیە خۆشحاڵی سەرکەوتوو جگە بۆ ستافی کارەکە دەرەوەش دەگرێتەوە، بۆیە لێرەدا کەئاماژە بەگرفت بوونی جل و بەرگی نەشیاوی ناوەرۆکی دەقم داوە، ئەوە خەمخۆریمە بۆ هونەری کوردی چونکە لەهونەر وەك چێشتە یەك لەپێویستیەکانی چێشتەکە کەموکوڕی هەبێت ئەوە تامی چێشتەکە دەگۆڕێت ئەوەی دەیخوات بەتەواوی دڵخۆش نابێت چونکە چێشتەکە تام و لەزەتی خۆشی پێ نەبەخشیوەو تازە ئەو چێشتەش خوراو بەسەرچوو بۆیە پێویستە کاری هونەر زۆر ورد بینانە بێت، بەر لەوەی لەدەستت دەربچێت، سەرکەوتووی کاری هونەری هەر میللەتێك سوودێکی دەگمەنە.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٥٧ چوارشەممە ٢٣-١١ — ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

# ئەکتەر لەڕەنگ و ڕوودا

هەر ئەکتەرێ لەکاری هونەری فیلم و دراماو شانۆ بیەوێت هونەرمەندێکی سەرکەوتوو دەبێت حسێبێك بۆ ڕەنگ و ڕووی خۆی بکات، وەك تەمەن ئایا ڕۆڵی لە چ جۆرە تەمەنێکە، بەنموونە ئەوە شیاو نیە کچ و کوڕێکی دڵدار کچە ژن بێت، واتە شووی کردبێت، ئەوان بەناو کچ و کوڕێکی دڵدارن، چونکە ئافرەتی شووکردوو لەڕەنگ و ڕووی دیارە کچە، یاخود ژنە شووی کردووە، یان بە پێچەوانە ئافرەتێکی تەمەندارە ڕۆڵی کچە گەنجێکی عاشق دەبینێت، ئەوەش شیاو نیە، وەك وتمان لەڕەنگ و ڕوویان دیارە ئافرەتەکە کچە یاخود شووی کردووە، هەروەها دەبینین لەئافرەت و پیاو بەتایبەت ڕۆڵیان لەزنجیرە درامای چەندین ئەلقە یاخود فیلمی چەند ئەلقە ئەگەرچی ڕەنگ و ڕوویان هەروەکو خۆیەتی، گەرچی دەبێت بەرەو پیربوون بچن، ئەویش پێویستە بەمکیاج ڕەنگ و ڕووی پیری نیشان بدات، هەروەها پێویستیشە دەنگی خۆی بگۆڕێت، هەروەها گۆڕانکاری لەڕۆیشتن و کارکردن بکات، لەڕۆیشتن دەبێت لەسەرخۆو شەکەت بڕوات، لەکاتی کار کردن ئەوە نیشان بدات هێزی جارانی نەماوە، هەروەها ڕۆڵی منداڵ دەبێت لەمنداڵی بگۆڕێت بۆ گەورە بوون ، ئەگەر ئاوابێت زیاتر سەرنجی بینەر ڕاکێش دەکات، چونکە ئەوکات وەك واقعێك دەبێت، بەنموونە فیلی یوسفی ڕاستگۆ، چەند سەنج کێشە لەبەرئەوەی لەواقیع نزیکە، ئەگەچی بە داخەوە لەبینینی چەندان شانۆو دراماو فیلمی کوردی خۆمان ئەو گۆڕانکاریانەی بەنموونە باسمان کردووە تیایدا گرنگی پێنەدراوە ئەوەش جێگای مخابنە دەبوا گرنگی بەم لایەنانە بدرابایە چونکە زەروورەتەو بەمە کارە هونەریەکە سەرکەوتووتر دەکات، ئێمەی کوردیش ئەمڕۆ پێویستمان بەوەیە هەر یەکەمان لەپسپۆڕیەتی خۆیدا لەهەوڵی دڵسۆزیدا بێت بۆ ئەوەی بە هەموو لایەکمان ئەو ئەرکە پیرۆزانە بەرەو لوتکەی هەڵکشان بەرین چونکە سوودێکی گشتی نیشتمانیە بەهۆیەوە کوردستان هەنگاوی خۆی دەهاوێژێت بەرەو گەیشتن بەوڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان بێگومان ئەوکات

هەموو لایەکمان بەو جۆرە سەرکەوتنانە کەیفساز دەبین، بۆیە هەرچی زووە گرنگی بەو لایەنـە مرۆڤایەتیانە بدرێت چونکە پێویستیەکە بە تایبەت هونەر لەبەرئەوەی ئاسـتی پێشـکەوتووی هەر میللەتێك لەنێو هونەرەکەی ڕەنگی داوەتەوەو میللـەت لەڕێگـەی هونەرەکـەی بـەجیهان دەناسرێت، ئێمەی کورد لەبواری هونـەر بەگشـتی خـاوەن ئاسـتێکی بـەرزین وەك ئاشـکرایە هونەرمەندانی کورد بەشداری چەندان فیستیڤاڵی فیلم و شانۆی کردووەو چەندان جـار بەپلـەی یەکەم و یاخود دووەم و.....هتد، سەرکەوتووەو ئەوەش جێگای خۆشحاڵیەو کورد گوتەنی هـیچ کەس لەپڕێ نەبووە بەکوڕێ، بەڵام هەریەکەمان لەبواری لەسەرەتادا بەرنامە داڕێژیەك بۆ کاری خۆی بکات و بەڕوحیەتێکی نیشتیمان پەروەرانە بۆی بچێت، بێگومان ئەوکات هەڵەی کـەمتر دەبێت، ئەو لایەنانەی بەندە ئاماژەی پێداوە لەبەر چاوانەو ماون بەمە نا ئاسوودە بـووم بۆیـە وەك پێشنیارێك ئەمەم خستمە ڕوو، پشت بەخوا جارێکی دیکـە ئـەم کەموکوڕیانـە نـابینین، هەردەم بە کـاری سـەرکەوتوو شـاد دەبـین، چـونکە بـەبێ جیـاوازی بـۆ هـەموو لایەکمانـە، سەرکەوتنیشی زێتر لەبەر ئەو هۆکارەیە، هونەر ئاوێنەی گەلە، بۆیە ئێمەش هەردەم پێویسـتە ئەوەمان لەخەیاڵ بێت ڕێز لەهونەر بگرین.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٥٢ چوارشەممە ١٦- ١١- ٢٠١٦ بلاوم کردۆتەوە

# کۆمیدیا

شانۆی کۆمیدی خاوەن جەماوەرە، بەڵام مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، لەوانە: لەکام زروف، بینەر بخاتە پێکەنین بەڵام پێکـەنینی کاریگـەر بـەدوور لەگاڵتـەجاڕی، چ کۆمیدیـەك، کـام هونەرمەند کاری دەرهێنان دەکات، کام ئەکتەر ئەو ڕۆڵە دەبینێت، چ جۆرە دەقێکـە، تاچـەند لەواقع نزیکـە، ئایـا دەتوانێـت کاریگـەری هـەبێت، بەگشـتی بـەهۆی ئەمانـەوە دەتوانێـت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام ڕوحیـەتی سـەرجەمی باسـکراو زینـدوو بێـت، وەك زروف لەباربێت بە تایبەت زروفی سیاسی، شەڕ نەبێت، مەبەست لـە چ کۆمیدیـەك لەگـەڵ زروفـی ئـەوکات بەنموونـە وەك سیاسـی، گەنـدەڵی، وەك دەرهێنـەر دەبێـت بەتـەواو بچـێتە نێـو تێگەیشتووی دەقەکەو ڕازی بوون لەئاستی ئەکتەرەکان و بەشەکانی دیکەی کاری هونەری وەك ڕووناکی، مۆسیقا، جلوبەرگ، جولە، دەنگ و....هتد، هەڵبـژاردنی ئەکتـەر گـەلێك گرنگـە چونکە جەماوەر شارەزای ئاسـتی هونەرمەنـدی ئەکتـەرە بەتایبـەت کۆمیـدیا، دەق دەبێـت بەتەواو دڵنیابوون بێت لەسەرکەوتوویی بەئامانج گەیشتن، لەواقعی سـەردەمیش نزیـك بێـت، ئەگەر ئاستی ڕوحیەتی ئەمانە بەرزو زیندو بێت، ئەوە شانۆیە کۆمیدیەکە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و دەرهێنەر دەتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر نمایشـی بکـات، چـونکە ئـەوکات دڵنیایـە لەبەشدار بوونی جەماوەرێکی زۆر، هەم دڵنیایە شانۆیەکەی بەئامانجی خۆی گەیشتووە، کەواتە ئەم جۆرە شانۆیانە خزمەت بەهونەری شانۆی کوردی دەکات و دەبێتە پردێك لەنێوان جەماوەرو بەرپرس، بەڵام ئەگەر لەنگیەك لەیەکی لەو جۆرە باسکراوانە هەبێت ئـەوە شـانۆیەکە ئاسـتی دادەبەزێت بۆیە دەرهێنەر دەبێت هوشیاری سـەرجەم ئـەو بەشـانە بێـت لەبەرامبـەر ئاسـتی شانۆیەکەی، پێچەوانەی ناچێتە قالبی شانۆی کۆمیدی و خزمەت بەهونەری شـانۆ، مەبەسـت لەپێچەوانە ئاستی دەرهێنەر نزمە، زروفەکە لەبار نییە، ئەکتـەری کۆمیـدی نـین، نـاوەرۆکی دەقەکە مانایەکی کاریگەری نییـە، جلوبـەرگ و جولـەو مۆسـیقاو دەنـگ ناشـازو نەشـیاوی

ناوەرۆکی دەقەکەیە، دەق بەدوور لەواقع، درێژ دادڕ، دیالۆگەکە لـەجیاتی وتەیـەکی خـۆش و سوود گەیاندنێك بەبینەر بەرێگەی هەم بینەر بخاتە پێکەنین، لە جیاتی ئەمـە هەیـە جوێنـە، زۆرجار لاسایی ئەو جوێنە ناشیرینەش دەکرێتەوە بەتایبەت لەلایەن منداڵان یـاخود بەناهـەق تانە لەحزبێك یان کەسێکی ناسیاو دەگرێت ئەوەش تاوانە، هونەرمەنـد ئـەو کەسـەیە دەبێـت بەدوور بێت لەکردەوەی بەدڕەوشتی، واتە مرۆڤێکـی ڕەوشـت بـەرزبێت، خـۆ فـرۆش نـەبێت، ئامانجی کردەی مرۆڤایەتی بگەیەنێت، وا لەجەماوەر بکات لە چاوەڕوانی بەرهەمەکانی نـوێی بێت، بەپێچەوانە نەبێت کەهەرکاتێ جەماوەر لەشەقامێك یاخود لـەکۆڵانێك بینـی لـەجیاتی خۆشەویستی بۆی ڕق لەبەرامبـەری هـەڵگرێ، چـونکە هونەرمەنـدی شـانۆکاری سـەرکەوتوو بەتایبـەت لەشـانۆی کۆمیـدی بووەتـە یـەکێك لەخۆشەویسـتانی جـەماوەر، لەهەرشـوێنێك کەدەیبینن خۆشحاڵ دەبن، بەنموونە وێنەی لەگەڵ دەگرن و دیالۆکی کارە شانۆیەکانی دەڵێنەوە، جگە لەوەش دەبێتە یەکێك لەو هونەرمەندانە لەهەواڵی بپرسن، لە خۆشـیەکان کەیفسـازبن و لەناخۆشیەکانی غەمبار، چونکە ئەو هونەرمەندە لەژیاندا نـەمێنێت، یـان لەشـانۆ دووربێـت زیانە لەشانۆ.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٤٣ پێنج شەممە ٣- ١١- ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە.

# جولەی شانۆیی

یەکێ لەسەرکەوتووەکانی ئەکتەر لەشانۆو دراماو سینەما جولەیە، بەنموونە کاتێ ئەکتەرێك بەشداری شانۆیەك دەکات جەماوەر لەبینینی هەست بەوە نەکات ئەوە ئەکتەرە بەڵکو وای بۆ بچێت کەسێکی واقیعەو لەبەرچاوت دێت و دەچێت و ئەوەت تێدەگەیەنێت لەخزمەت بەتۆیە لە مەبەستێك تۆی بینەریش دەتەوێ لەمەبەستەکەی بگەی ئەو ئەکتەرە دەیەوێت خزمەت بەتۆ بکات و تۆش پێویستە بەتەواو گوێڕایەڵی بیت، هەم هەست بەوە نەکەی ئەوە ئەکتەرە، ئەگەر ئاوابوو ئەوە هونەرمەندێکی شانۆیی سەرکەوتووە، جگە لەوە هەست بەوە نەکرێت لاسایی دەرهێنەر دەکرێتەوە چونکە وەك لەهەندێ ئەکتەر دیارە هەمان جولەو لاسایی دەرهێنەر بەسەریدا زاڵە، یاخود هەیە ئەوەی لێبەدەر دەکەوێت بەڵێ ئەوە ئەکتەرە ئەگەرچی پێویستە بە جۆرێك بچێتە نێو ڕۆڵی کارەکتەرەکە وەك واقیعێك، ئەوە سوودی زێتر دەگەیەنێتە بینەرو ئەو کات ئەوە بەدەردەخات، ئەکتەرێکی سەرکەوتووەو شایانی ئەوەیە بەڵێ هونەرمەندێکی ئاسبەرز و بەتوانایە، لەلایەکی دیکە لەجولەی هەندێ هونەرمەندی کورد ئەوە بەدەردەکەوێت لەنواندنی درامای تەلەفزیۆنی هەست بەوە دەکەی لەسەر تەختەی شانۆیە، ئەوەش هەڵەیەکی دیکەی جولەیە، بۆیە پێویستە ئەو ئەکتەرانەی لەچاوی کامێرا دەترسن یاخود ناتوانن ببن بەمرۆڤێکی واقعی لەبینینی ڕۆڵی نواندنەکە شەرم نییە پێویستە خودی خۆشی ڕەزامەند نەبێت لەبەشدار کردنی، چونکە ڕاستی هەندێ ئەکتەر هەن لەشانۆ سەرکەوتوترن لەنواندنی دراماو بە پێچەوانەش هەیە، هۆکارەکەش لەسەرکەوتوویی و ناسەرکەوتوویی جولەیە، ئەویش بەهۆی باری دەروونی و خۆی بەدوور دەگرێت نواندن دەکات بەڵکو ئەو دەچێتە نێو ڕۆڵی کارەکتەرەکە کەواتە لەجولەش سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، بۆیە هەرچەندە گرنگی بەجولە بدرێت ئەوە سەرکەوتن مسۆگەر ترە، بینەر بۆخۆی ڕاکێش دەکات و بەتەواو لەناوەرۆکی دەق و مەبەستی دەگات، بەبێ ئەوەی ئەوەی

لەخەیاڵ بێت ئەوە شانۆیە یان لەدرامادا بڵێ درامایە، بـەهۆی سـەرکەوتنیان زۆرجـار هێنـدە کاریگەری هەبووە، لەڕۆڵ بینینـە کارەسـاتەکان بینـەری گریانـدووەو لەخۆشـیەکاندا لـەزەتی خۆشی بەخۆی و بەبینەرو گەلێك ئاسوودە بووە چونکە لـەلای ئـەو وەك ڕووداوێکـی واقعیـەو ئاواش مامەلەی لەگەڵدا کردووە بۆیە کاریگەری خۆی گەیانـدووە، ئـەوەش یـەکێ لـەهۆکارە سەرەکییەکان جولەی ئەکتەرەو بینەری بەدوور ختسۆتەوە شانۆیە یاخود دراما، ڕاستی ئێمەی کورد لەبواری سەرکەوتوویی جولە لەشـانۆو درامـا ئەگەرچـی خـاوەن چـەندین هونەرمەنـدی سەرکەوتووین لەو بوارەدا بەلاّم هێشتا ماومانە بەزۆرینە بێت، چونکە بەکورتی هەیە بەرامبەر بەکامیرا ترسێك دەیگرێ، یاخود جولەی سەرتەختەی شانۆو دراما لەیەك جیا ناکاتەوە یـاخود لاسایی جولەی دەرهێنەر دەکات کەسەیر دەکەی لەدوورەوە ئەوەی لێ بەدەر دەکەوێت لاسـایی دەرهێنەرە نەوەك جولەی واقعی خـۆی پیشـان بـدات، یـاخود جیـا لەپێویسـت جولـە بـەکار دەهێنێت یان لەکاتی پێویست جولە ناکـات کـورد گوتـەنی وەك بـەرد ڕەق دەوەسـتێت واتـە لەجولەی سروشتی خۆی لادەدات ئەوکاتیش هەست بەوە دەکرێت ئەوە نواندن دەکـات کەواتـە بەدوور دەبێت لەسەرکەوتوویی جولە لەنواندندا.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٤٢ چوارشەممە ٢- ١١- ٢٠١٦ بلاّوم کردۆتەوە

# بوون ئەکتەر سانا نییە

ئەوەی بیەوێ ببێت بەهونەرمەند دەبێت ئەوەی لەخەیاڵ بێت کاری هونەری هێندە سانا نییە، ئەگەر پرسیار بکرێت ئەی کەواتە بۆچی کورد خاوەنی ئەو ژمارە زۆرەی هونەرمەندەیەین ؟ ئەوە لەوەڵامدا پێیان دەگوترێت ئەوانە تەنیا بەناوە، چونکە زۆرهەن خاوەنی ئاستی هونەری نین، ئەگەر هونەرمەند بن وەك مانگی چواردە بەئاسمانەوە دەبریسکێتەوە، ئەوانەی هونەرمەندن لە ژیان و لەدوای ژیانیش جێگای شانازین، ئەوانەی پێناسەی نەمری وەردەگرن، لەبەرئەوەش بوونەتە هونەرمەند لەهونەر گەیشتوون، خاوەن بەهرەیەکن توانیویانە خزمەت بەهونەری کوردی بکەن.

ئەوەی مەبەستمە ئەکتەری شانۆی کوردییە، هەمانە بەڵێ هونەرمەندە، بەئاست بەرزیەکەی توانیویەتی خزمەت بەهونەری شانۆیی کوردی بکات و بەردەوامیشە، بەڵام هەیە بەگوناهێکی گەورەی دەزانم پێی بگوترێت هونەرمەند، لەبەرئەوەی تاکە خاڵێکی پێناسەی ئەکتەری شانۆیی نایگرێتەوە، کاتێ لەسەر تەختەی شانۆ نواندن دەکات لەدوورەوە هەست دەکەین وەك تووتیەو بەبێ جولەی گونجاوو نیشاندانی ڕەنگ و ڕوو، دەنگ، جەستەو تەمەن...هتد، بگوترێت ئەو ئەکتەرە سەرکەوتووە لەو ڕۆڵەی پێی دراوە، کورد گوتەنی لەدوورەوە هاوار دەکات شیاو نییەو بەدوورە لەسەرکەوتن لەڕۆڵەکەی، بەڵێ ئەمانە بەدیارن لەئاست نزمی لەوانەی بە ئینکاری خۆیان دەکەن بەئەکتەر، بەڵام لەلای هونەرمەندان و جەماوەر حسێبی هونەرمەند بوونیان بۆ ناکرێت، ئەی بۆچی ڕۆڵیان پێ دەدرێت ؟ بۆ ئەوەش هۆکار هەن، لەبەر خاتری خاتران، هاوڕێی دەرهێنەرە، یاخود بەرژەوەندی جۆراو جۆری دیکەی لەپشتە، ئەوانە خودی خۆیان و دەرهێنەر تاوانبارن، ئاستی خۆیی و دەرهێنەر بەرامبەر بەجەماوەر بەلاواز دەبیندرێت، چونکە بەشداربوونی ئەو جۆرە ئەکتەرانە خزمەت بەهونەری کوردی ناکات، بەڵکو دوا کەوتووی دەخات، بۆیە بەڵێ تاوانە ئەمانە بەشداری شانۆ بکەن، بەڵکو لەجیاتی ئەمە کار لەسەر ئەو بوارە بکات کەتیادا سەرکەوتن مسۆگەر دەکات، چونکە

دەزانین هەر یەکەی لەئێمەی مرۆڤ خودای گەورە بەهرەیەکی پێ بەخشیوین و کارکردن لەسەری تیادا سەرکەوتووین، بۆیە ئەو کارە ئەنجام بدرێت سوودێکە بۆ کەسەکەو کۆمەڵگە نەوەك بەدوای کارێکدا بچین زیانی بۆ خودی و خۆیی و دەروبەری هەبێت بەتایبەت هونەر کارێکی هێندە سانا نییە، بەهرەیە، عەشقە، ڕەوشتە ، ماندووبوونی زۆری گەرەکە بۆ ئەوەی بەتەواو لەپیرۆزی هونەر بگەین، بۆیە پێویستە پیرۆزی هونەر لەسەرووی هەموو لایەك بێت، بەنموونە ئەوانەی وەك ئەکتەر کەبەشداری شانۆ دەکەن ئەگەر ناتوانن تیادا سەرکەوتن بەدەست بهێنن پێویستە بەخۆیان بەدوور بگرن لەبەشداری شانۆ ، چونکە هەرچەندە بەشداری بکەن ئەوە هیچ خزمەتێك بەخودی خۆشیان ناگەیەنێت، کەواتە دوورکەوتنەوە خزمەتە لەجیاتی بەشداربوونی، هەروەها دەرهێنەرو ناسیاوانی لەپشتگیری و هاندانی ئەو جۆرە کەسانە بن تاوانە چونکە ئەنجامیان بەتەنها زیانەو چیتر نا، ئەوانە دوورن لەعەشق و خۆشەویستی و بەهرەی خۆماندوکردن لەهونەری ئەکتەری، کەواتە نەبێت ئەوە مەحاڵە ئەو کەسە ببێتە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٣٥ سێ شەممە ٢٤- ١٠ – ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

# دەقی شانۆی کورد

مێژووی شانۆی کوردی لەمێژینە نییە بەڵام تا ڕادەیەکی باش پێشکەوتوویی بەخۆیەوە بینیوە، هۆکارەکەی بەرەنگار بوونەوە بەرانبەر بەدوژمن و ناحەزانی و ئەو عەشقەی بۆ هونەری کوردی هەیان بووەو بەدڵسۆزانە کاریان کردووە، بەدوور بوونە لەبەرژەوەندی تموحی ماددی، کاری ئەوان خزمەت بەهونەر بووە بۆ ئەوەی مەبەستی خۆیان بەجەماوەر بگەیەنن و هۆشیاریان بکەنەوە لەهەستی نەتەوایەتی و خۆشەویست بوونی نەتەوەکەیان و مافی ڕەوای کورد وەك هەر میللەتێکی دیکەی ئازاد لەسەر خاکی خۆی بژێت، گەیاندنی زوڵم و زۆرداری دوژمن و ناحەزانی کورد، گەیاندنی سوودبەخشی یەکهەڵوێستی و یەکگرتوویی کوردو ئامانجەکەی، بەکورتی ئەمانە دەقە سەرەکییەکانی شانۆی کورد بوو کەلەلایەن نووسەرانی کورد بەشێوەی واقعی و گوزارشت نوسراوە، جگە لەو دەقە جیهانیانەی کەنزیك بوون لەباسی دۆزی کوردو یاخود گوزارشت لەژیانی سیاسی و کولتووری کورد، دەرهێنەرانی کورد کاریان لەسەر دەکرد، ئەو جۆرانە بەردەوام بوو تاوەکو ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، بەڵام مخابن لەدوای ڕزگار بوون، ئەوە ڕوونە زۆری و بۆری کەوتە نێو زۆربەی کارەکان و یەکێك لەوانە شانۆی کوردی و مخابن دەقی شانۆی خۆماڵی زۆر بەرەو کزبوونێکی چوو، ئەوەی ئێستا هەیە بەزۆری دەقی بێگانەن، ئەگەرچی لەئەمڕۆی ئازای دەبوا دەقی شانۆش هەنگاوێکی باشی بهاوێژایە، چونکە کورد دەوڵەمەندە لەزۆر لایەن وەك لەمێژوو چەندان سەرکردەی نەمرو ڕووداوو داستانی قارەمانێتی و ئەڤینی و کولتوور، ئەمانە هەمووی ماددەن بۆ ئەوەی نووسەرانی شانۆ بتوانن دەقی شانۆو درامای لێوە دروست بکەن، نەوەك بەتەنها هانا بۆ دەقی بێگانە بهاوێژن و بیخەنە سەر زمانی کوردی کاری دەرهێنانی لەسەر بکەن، با دەقی بێگانەش هەبێت بەڵام پێویستە زێتر گرنگی بەدەقی خۆماڵی بدرێت ئایا کورد دەسکەوتی سیاسی و مێژوویی و کولتووری چۆنەو چۆن لەنێو دەقەکان ئەو لایەنانە زیندوو بکەینەوەو بەنەوەی ئێستا بگەیەنین و بەگشتی بینەر

شارەزا بێت، بۆ وەك دەبینین زۆرینەش ئامادەکراوە لەدەقی بێگانە، بـۆ ئێمـەی کـورد خـاوەن خەزێنەیەکی ئاواین بتوانین دەقی تیادا ئامادە بکەین؟ بـەڵێ هەمانـە بـەڵام مخابن زۆرینـەی نووسەران و هونەرمەندان کەمتر خۆیان ماندوو دەکەن بەدوای نووسـین و ئامـادەکردنی دەقـی خۆماڵی! لەجیاتی ئەمە دەقـی بێگانـە دەهێـنن کەزۆرینـەش بـەدوورە لـەکولتوورو ئامـانج گەیاندن، چونکە لەگەڵ ئەمە کەدەقێکی بێگانەیـەو هـەم وەرگێڕانەکـەی وشـکە، نەکراوەتـە کوردان بەڵکو وەرگێڕانێکی وشە بەوشە ئەوەش تێگەیشتووی لەمانەکەی قورسە، ئەگەرچـی جێگای خۆشحاڵییە هەندی هونەرمەندمان هەن تاوەکو ئێستا سەرقاڵی کاری نووسین و دەقـی خۆماڵین و هەروەها کاری دەرهێنانی دەقی خۆماڵی زێتر دەگرنە ئەستۆو کاری لەسـەر دەکـەن بەڵام ئەوانە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن هەرچەندە ئەوانە هەردەم خاوەن جـەمارەرێکی زۆرن چونکە هەردەم دەقی خۆماڵی خاوەنی جەماوەری زێترە بەتایبەت دەقی کۆمیدی و مێژوویی و داستانی ئەڤینی و کۆمەڵایەتی بەتایبەت باس لەزروفی سەردەم بکـات، هۆکـارێکی دیکـەی کەم بوونی نووسینی دەقی خۆماڵی، نووسەرەکان دەسکەوتی مادیان نییە، چونکە کەمتر کـار لەدەقی خۆماڵی دەکرێت.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٣٧ چوارشەممە ٢٦- ١٠- ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

# گرفتی ئافرەتی شانۆکاری کورد لەنێو کۆمەڵگەدا

بۆ کورد بەگوێرەی پێویست خاوەن هونەرمەندی ئافرەتی شانۆکار نیە!؟ ئەوە پرسیارێکەو پێویستی بەوەڵامە، لای بەندە زۆر هۆکار هەن، لەسەرەکیەکاندا لەلایەن ڕەگەزی نێر تا ئێستا پەیڕەوی کولتووری جارانی کوردەواری دەکات، لەخێزانەکەیان قبووڵ ناکەن ئافرەت بەشداری شانۆ بکات و بەشداری بینینیش بکات.

بۆ ؟

خاڵی یەکەم بەهۆی ناتێگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردیمان لەپیرۆزی کاری هونەری شانۆیی، بۆیە بەهۆیەوە گەلێك گرفت بەرپابووەو تائێستاش بەرپا دەبێت، لەوانە بەتایبەت لەنێو خودی خێزانی هونەرمەندە ئافرەتەکان، ئەویش بەهۆکاری قسەو قسەلۆکی بێمانای هەڵبەستراو لەلایەن کۆمەڵگە بەرامبەر ئافرەتی شانۆکار، بەنموونە ئافرەت لەنێو هەر کارێکی شانۆیی بە ڕۆڵی دایك، کچ، هاوسەری پیاوێك، ئافرەتێکی ئاشق کەڕۆڵ دەبینێت، زۆرجار لەلایەن بینەری شانۆیەکە یاخود لای هەندێ بەشداربووی شانۆیەکە قسەو قسەلۆکی بۆ هەڵدەبەستن، ئەگەرچی ئەو ئافرەتە لەجیاتی ئەوە پێویستی بەپەروەردەیەکی هونەریانە هەیە لەنێو خودی هونەرمەندەکان و خێزانی ماڵەوەو خزم و ناسیاوان، بۆ ئەوەی هونەری زێتر خۆشبوێت و بەرەو سەرکەوتووتر بڕوات، هەروەها لەلایەن جەماوەریش پێویستی بەخۆشەویستی هەیە کەزۆر ڕێزی لێبگیرێت، ئەگەر ئاوا بێت، ئەوە بێگومان ئەو ئافرەتە بەئاسوودەیی لەکاری هونەری خۆی بەردەوامی دەبێت، بەڵام قسەو قسەلۆکی نابەجێی بخرێتە پاڵ ، ئەو قسەلۆکانەش دەگاتەوە خێزانی ئافرەتەکەو ئەوکات ئەوانیش دژی دەوەستن و قبووڵیان نابێت لەبەردەوام بوونی کاری هونەری شانۆیی.

هەر لەوانەش هەیە لەدوورەوە ئافرەتەکە بەچاوێکی خاوەن کردەی نامرۆڤایەتی سەیر دەکرێت، بێگومان ئەو قسانەش دەگاتەوە بەرگوێی خێزانی ئافرەتەکەو ئەوکات ئەوانیش

ڕێگری له بەردەوام بوونی دەکەن، مخابن بۆ ئەوانە خۆزگە یاسایەکی توند لەدژی ئەوانە دەبوو یاخود لەلایەن هونەرمەندان و خێزانی شانۆکاری ئافرەتەکەو جەماوەر ڕسوا دەکران، هەروەها ئەوەی پێویستە هەریەکەی لەلای خۆمان هاندەری ئافرەتی هونەرکار بین بەتایبەت بواری شانۆ لەبەرئەوەی تا ئێستا زۆربەی دابەزینی ئاستی شانۆو دراماو سینەما بەهۆی ئاستی ئافرەت بووە، لەبەرئەوەی ئافرەتانی شانۆکار زۆرنین دەرهێنەر بەئارەزووی خۆی لەڕووی سەرجەم لایەنە هونەریەکەی بتوانێت ئافرەتێك بەگوێرەی تەواو پێویست هەڵبژێرێت، ئەوە بێگومان ئەگەر ئافرەتی تەواوی لایەنە هونەریەکەی لەشانۆیەکەدا هەبوو، ئەوە ئاستی شانۆیە سەرکەتووتر دەبێت، ئەوەش بەقازانجی شانۆی کوردی دەبوو، خۆزگە لەجیاتی تانەگرتن لەشانۆکاری ئافرەت و خێزانەکەیان و کەسوکاری بدرێت ڕێزیان لێ دەگیرا، ئەوکات خۆشەویستی هونەر لەلایەن هونەرمەندان و هونەردۆستان زێتر پەرەی دەسەندو بەرەو پێشکەوتووتر دەڕۆیشت، مخابن هێشتا ماومانە بتوانین ئافرەتی شانۆکار بەگوێرەی پێویست پەروەردە بکەین، لەکاری شانۆیی و بینەری شانۆ بن، لەجیاتی ئەوە کەسانی نەفس نزمی خاوەن قسەوقسەلۆکی هەڵبەستراو بەرامبەر ئافرەتی شانۆکار زێترو سەرکەوتووترن، بۆ ئەم ڕاستیە زۆر بەڵگەم هەیە بەهۆیەوە چەندان ئافرەتی شانۆکار بەتایبەت لەهەولێر دوور کەوتوونەتەوە

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٣٢ چوارشەممە ١٩- ١٠- ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

# دەقی شانۆی منداڵان

لەسەردەمی ئەمڕۆماندا، هەست بەوە دەکرێت دەقی شانۆی منداڵمان بەگوێرەی پێویست نیە، ئەوەی هەیە بەشێکی کەمی گونجاوی هەستی منداڵانی کوردە، بۆیە ئەوەی لەبەرنامە داڕێژی نووسینی هەر دەقێکی شانۆی منداڵان بێت، بۆی هێندە سانا نیە بتوانین بەزوویی کۆتایی بە دەقەکە بهێنێت یاخود هەریەکەی بێت خۆی بخزێنێتە نێو نووسینی ئەو کارەو بەدەقی کرچ و کاڵ خۆی خەریك بکات، ئەمە بەزیانێکی هونەری شانۆی کوردی تێدەپەڕێت، بۆیە لەسەرەتاوە چەند خاڵێك هەیە دەبێ پەیڕەوی بکەین.

لەوانە: نووسەرانی دەق پێویستیان بەشارەزابوونی هەست و سۆزی دەروونی منداڵانی کورد هەیە، هەروەها شارەزا بوونیان لەکولتووری کوردی و بێگانە، چونکە لەنێو هەردووکیاندا کولتووری گونجاوو نەگونجاو هەیە، هەرچەندە دەقی جیهانی هەیە کە گونجاوی سەرجەم میللەتانی جیهانە، بەڵام کورد وەك هەر میللەتێکی دیکە خاوەن کولتووری خۆیەتی و کولتووری زۆر وڵاتانی دیکەی قبوولْ نیە، بۆیە نابێت هەموو جۆرە کولتوورێکی میللەتان وەرگرین جگە لەو کولتوورانەی کورد قبوولْیەتی، هەروەها بەدووربێت لەکولتوورە نەشیاوەکانی کورد کە لەگەڵ هەست و سۆزو پێشکەوتوویی و پەروەردەی ئەمڕۆی منداڵانی کورد ناگونجێت، لەڕووی نووسینەوە بەزمانێکی سادەو ساکار بەدوور لەدرێژدادڕی و ئەگەر بەشیعر نووسرابێت، بۆ ئەزبەرکردنی منداڵان ساناترەو منداڵیش زێتر حەز لەو جۆرە دەقانە دەکەن بەشیعر نووسراوە، بەڵام پێویستە شیعرەکان خاوەن کێش و سەرواو زێتر حەوت بڕگەیی بێت، گوزارشتی بەڕوونی دیاربێت، نووسەر لەڕووی دەروونیەوە شارەزای دەروونی منداڵانی هەبێت، بەتایبەت لەگەڵ پەروەردەی سەردەم گونجاوبێت، نووسەر هەست بەگرفتەکانی ئەمڕۆی منداڵانی کورد بکات، گرفتەکانیان چین و ڕێگاچارەکان چۆن بۆیان بدۆزرێتەوە، هەروەها چۆن لەخۆشیەکان بەشداریان پێ بکرێت، چۆن بتوانین خۆشەویستی باوك و دایك و خێزانی ماڵەوەو خزم و دۆست و کەسەکانیان و کورد بوون لە دڵیاندا بڕوێنرێت، دەبێ بتوانرێت پێناسەی ڕەوشت بەرزی و

بەدڕەوشتی و ناسینی دوژمن و ناحەزانی کوردیان بۆ بکەین، دەبێ بەهۆیەوە بتوانرێت گۆڕانکاری پێشکەوتووی ڕەوشت بەرزی و خۆشەویست بوون زیاد بکرێت و پەیڕەوی بکەن، گەر دەقەکان ئاوابوو ئەوە بێگومان سوودمەندیەکی بەرفراوان بەڕووی نەتەوەکەمان دێت و نەوەکەمان زێتر بەرەو پێشکەوتوویی دەڕوات، بۆیە هەرچەندە گرنگی بەشانۆی منداڵان بدرێت بەتایبەت دەقی شیاوی گونجاو، شانۆ بەرەو پێشەوە هەنگاو دەهاوێژێت، خۆزگە لایەنی بەرپرسیار زیاتر بەدوای بەرنامە داڕێژی ئەو ئەرکە پیرۆزییە دەچوون و لەبیری ئەوەدا دەبوون شانۆی منداڵان بەردی بناغەی پێشکەوتنی شانۆیە، چونکە ڕۆژی دێت ئەو منداڵانە گەورە دەبن و بەهۆی خۆشەویستیان بۆ شانۆو ڕۆڵی بەشداربوونیان و ئەو ئاستبەرزییەی هەیانەو بەشدار دەبن، دەتوانن شانۆی کوردی بەرەو پێشتر بەرن، دەقی شانۆی منداڵان هەرچەند گرنگی پێ بدرێت  ئاستی شانۆی کوردی بەرز دەبێت لە ڕووی پێشکەوتووی هەموو لایەنەکان، خۆزگە تاوەکو زێتر بەپێشکەوتووی شانۆی کوردیمان خۆشحاڵ دەبووین و دەبێ ئەوە بزانین شانۆ قوتابخانەی گەلە.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٣٣ پێنج شەممە ٢٠- ١٠- ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

# ئافرەتی کوردو شانۆ

ئافرەتی شانۆکاری کورد بەگوێرەی پێویست نیە، ڕاستیەکەو لەبەرچاوە، زۆر هۆکار هەن، یەکێ لەو هۆکارانە وتەی هونەرمەندێکی شانۆکاری ئافرەتی کورد دەهێنمەوە کە لەفەیسبووکەکەی خۆیدا بڵاوی کردۆتەوەو نووسیویەتی (لەدوای منەوە زۆر قسە دەکەن، هەرگیز گرنگ نیە، سەگەکان کاتێك کەسێك ناناسن زۆر پێی دەوەڕن)

ئەم هونەرمەندە خاوەن ئەرشیفێکی دەوڵەمەندە، خاوەن باوەڕێکی تەواو بەخۆی و بەشداری کاری شانۆیی کردووە، کەواتە گوێی بەو قسەو قسەلۆکە پڕوپوچانەی ئەم و ئەوی نەداوە کە بۆی هەڵبەستراوە، بەردەوام بەشداری کاری هونەری شانۆیی کردووەو دەکات، ئەگەرچی ئەو ڕاستیەشی دەرخستووە تاسەر ئێسقان بریندار کراوە، بۆیە ئەو قسەیەی کردووە، ئەو زاتە شانۆی کوردی خۆش دەوێت و بۆیە بۆتە خاوەن ئەرشیفێکی دەوڵەمەند.

ئەگەر بەندەش بۆچوونی خۆی دەربارەی وتەی ئەو هونەرمەندەو هەندێ لایەنی گرفتی شانۆی کوردی لەکەم بەشداربوونی ئافرەتی کورد بخەینە ڕوو زۆر هەڵدەگرێت، بەکورتی هەندێ گرفتی زەق هەن لەوانە هەندێ نامرۆڤ ئەو ئافرەتانە بەچاوێکی دیکە تەماشا دەکرێت، بۆیە قسەوقسەلۆکی نابەجێی دەخرێتە پاڵ و بەهۆیەوە هۆکاری گرفت بۆ خێزان و خزم و کەس و کاریان دروست دەبێت، چونکە ئەو قسانە نابەجێن و بەدوورن لەکردەی مرۆڤایەتی، ئەوانیش قبووڵیان نییە ئافرەتەکانیان بەشداری کاری شانۆیی بکەن، گەرچی جێی داخەو مخابنە زۆربەی دروست کراوی ئەو قسەوقسەلۆکانەش لەلایەن خودی هونەرمەندە پیاوەکانەوە دروست دەکرێت و دەبێتە برینێك لەدڵی هونەرمەندە ئافرەتەکان و خێزانی و خزم و کەس و کاری هونەرمەندەکە، جگە لەمانە هەندێ پیاوی بەناو ڕۆشنبیر یاخود هونەرمەند یان بەهۆی خزم و ئەوینەوە لەگەڵ هونەرمەندی ئافرەت هاوسەرگیری دەکەن و دواتر قبووڵیان نیە بەشداری کاری شانۆیی بکەن، خاڵێکی تر زۆربەی هونەرمەندان قبووڵیان نیە لەخوشك و کچ و هاوسەری

خۆیان بەشداری کاری شـانۆیی بکـەن، بێگومـان بەشـێك لەوانـەش بـەهۆی قسەوقسـەڵۆکی پڕوپوچی ئەو نامرۆڤانەیە کە هەڵی دەبەستن بۆ ئافرەتە شانۆیەکان، ئـەوانیش ئـەوەیان قبـووڵ نیە بەشداری بەئافرەتی نزیك بەخۆیان بکەن، لەڕوویـەکی تـر جێـی داخـە لایـەنی بەرپرسـی هونەری شانۆو خودی هونەرمەندە پیاوەکان کەمتر بەدەرکەوتوون بۆ بەدوای ڕێگە چـارەی ئـەو گرفتە، بۆ ئەوەی بتوانن ئـەو گرفتانـە بەلایـەنی کـەم، کـەمتر بکرێتـەوە تـاوەکو ئافرەتـانی بەهرەداری شانۆکار بەئاسوودەیی بەشداری کاری شانۆیی بکـەن و ئەوانـەی دڵشـکاون یـاخود بەبێ حەزی خۆیان دوور خراونەتەوە بگەڕێنەوە سەر تەختەی شانۆو بـەگوڕو تینـەوە بەشـداری شانۆ بکەن، خۆزگە لایەنی بەرپرسی شانۆکاران و خودی هونەرمەندان بەجدی بەدوای ئەو ڕێگە چارەیە دەچوون و چونکە ئەوە دەزانرێـت و بـە شـایانیش نـاونراوە شـانۆ قوتابخانـەی گەلـەو بەهۆیەوە ژیان بەرەو پێشکەوتووترو جوانتر دەکرێت، بـەڵام کـەمی بەشـداری ئـافرەتی کـورد هۆکارێکە هونەرمەند بەتەواوی بەمرازی سەرکەوتوویی شانۆیەکە بگەن.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١٢٧ سێ شەممە ١١- ١٠- ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

# ڕەخنەی شانۆیی

هەریەکەی لەئێمەی مرۆڤ، لەسەرەتای بۆچوونمان بۆ کارێك، بـاوەڕی تـەواومان بەکارەکـە هەبێت و کاتی بۆ تەرخان بکەین و بەو مەبەستەش بێت، سەردەکەوین، ڕۆژێ دێت دەتوانین بە دڵسۆزی کارەکە ئەنجام بدەین، ئەوە تاڕادەیەکی زۆر ئامانجی لەو کارەدا سەرکەوتنی مسـۆگەر دەبێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ڕەخنەی شانۆیە، بەتایبەت شانۆی کوردی، ئایا کورد ڕەخنەگری شانۆیی هەیە ؟ گەر هەبێ، لەپێناسەی شانۆ گەیشتووە ؟ کەسێکی عادلەو مەبەستی شەخسی لە پشتەوە نییە ؟ توانیوویەتی لەلای هونەرمەندانی شانۆکار متمانە بەدەسـت بێنێـت ؟ ئـەو ڕەخنەگرە ڕەخنەکەی لەسەر بنـەمای ئـەکادیمی و زانسـتییەو دوورە لەبەرژەوەنـدی لا بـەلا ؟ بۆچوونەکانی پەسندەو هەواداری خوێندنەوەی بۆخۆی کێش کردووەو بۆتە ڕەخنەگرێکی بەرچاو ؟ بەئاستبەرزەکانی شانۆیەکان بەختیار دەبێت ؟ شایانی بەردەوامییەو سوودی هەیـە ؟ ترسـی لە وەڵام دانەوەو پرتەو بۆڵـەو قسـەو قسـەلۆکی ئـەم و ئـەو نییـە ؟! بـەبێ هەڵچـوون گـوێ لەبەرامبەری دەگرێ و وەڵامی بۆ چوونەکان دەداتەوە ؟ چونکە هەیە دڵی دەڕەنجێت، جـاری وا هەیە کاردانەوەی خراپی لێ دەکەوێتەوە، خوێنـەرێکی بەردەوامـەو ئامـادەیی بینـی زۆربـەی شانۆیەکانی هەیە ؟.

بەبۆچوونی بەندە شانۆی کوردیمان هەیەو بەڵام زۆری و بۆری تیادایەو ڕەخنـەگرمان هەیـە، بەڵام چەندان جـۆر، هەیـە لای زۆر کـەس ڕەخنەکـەی بـەمانای ڕەخنـە نییـە بـەڵکو تـەنها پیاهەڵدانە، بەڵام ئەو ویژدانی خۆی ئاسوودە کردووە، هەیە گوتنێکە بەبێ سوود، چونکە ڕازی کردنی دەرهێنەرە، هەیە هێندە عادلە دەسکاری ویژدانی ناکات، هەرچـەندە ئـەم و ئـەوی لێ بڕەنجێت ئەو لای خۆی ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە، پێویستی بەگلەیی و هـەم مـەدحیش نیـە، چونکە کارەکەی بۆ بەرژەوەندی شانۆیە، نەوەك بۆ بەرژەوەندی شەخسی، بەڵام کەسـانێك هـەن بەناوی ڕەخنەگر بۆچوونی خۆیان دەربڕیوەو شانۆیەکەیان نەبینیوە، بەڵکو تەنها بۆ بەرژەوەندی

شەخسی و حزبایەتی بووە، هەیە هەرچەند کـاری ئاسـتبەرز ببینێـت لای مەحالـە وشـەیەکی لەسەر بنووسێت بەڵام کەموکوڕیەکی کـەمی هـەبێت بـەزووترین کـات بەڕووخێنـەری بـڵاوی دەکاتەوە، ئەوانە بۆ پیرۆزی ڕەخنەیی کار ناکەن، بەڵکو وەك بازرگانن، هەیە بەداوەتێك کـاری ئاست نزمی گەیاندۆتە لوتکە بەڵام لـەجیاتی سـوود لـەقوڕێی بردۆتـە خـواریٚ، چـونکە بـەو بەردەوامییە تەنها زیانە، شانۆ بۆ گەلە، بۆ تاکە کەس و حزب نیە، کاری ئاستبەرزو ئاسـتنزم ناشاردرێتەوەو هەریەکەی بەئامانجی سوودو زیانی خۆیان دەگـەن، ئەگەرچـی کردەوەیـەکی نـا مرۆڤانەیە ئەوانەی لەعەدالەتی لا دەدەن و یـاخود ڕەخنـەگر نـین خۆیـان کردۆتـە ڕەخنـەگر، هەرچەندە دەبیٚ هەمووومان ئەوە بزانین کـاری خۆمـان بـەپاك و دڵسـۆزی بەئـەنجام نەگەیـەنین پەشیمانی لەدووەو بەبەر نەفرەتی مێژوو دەکەوین، دەبین بەو دارەی نەبەرمان هەبیٚ و نەسێبەر ، بڵێین مرۆڤین دەبیٚ ئەرکی بەرنامەی مرۆڤایەتی بەجیٚ بگەیەنین و پەیڕەوی بکەین، نەوەك بۆ بەرژەوەندی شەخسی بەلاڕیدا بڕۆین و بەباشی بزانین، پەشیمانی لەدوایەو مخابن تیاچوونی مرۆڤ بوونە، بۆیە بەجیٚ گەیانـدنی پـەیڕەوی مرۆڤایـەتی بەخۆشەویسـت بـوونی ئـەو مرۆڤانـەمان دەگەیەنێت مرۆڤن.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١١٥ پێنج شەممە ٢٢- ٩- ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

## شانۆی منداڵان

پەروەردەی منداڵ بەتەنها بەئامۆژگاری خێزانیماڵەوەو قوتابخانەی خوێندن بەتەنها بەس نییە، ئەگەر بەشداربووی کاری هونەری بۆ زیاد بکەیت بێگومان سوودی خۆی لەڕووی ئاستی رۆشنبیری و پەروەردەوە دەوڵەمەندتر دەبێت، بەزۆرینەی ئەنجامی سوودبەخشییە، بەڵام دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین، یەکەم خاڵ ئەو منداڵە دەبێ حەزی لەدنیای هونەر بێت و ئەوەی پێ ڕابگەیەنین کارکردن لەبواری هونەر پیرۆزەو خزمەتێکە بۆ گەل و بەهۆیەوە وڵات بەرەو پێشەوە دەچێت.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم بواری شانۆی منداڵانە، لەڕووی دەق و مۆسیقاو ئەدای نواندن و تواناکانی شانۆییە کەپێویستە لەخەیاڵی ئەوەدا بێت لەگەڵ میوزیك و گۆرانی بەیەکەوە بەشداربن لەگواستنەوەی ناوەرۆکی چیرۆکەکە، ئاشکرایە منداڵ بەزەوقەوە زێتر دەچێتە نێو ناوەرۆکی دەقەکەو تامو چێژ وەردەگرێت، لەگەڵ ئەوەش پێویستە دەقەکە ماناو بوارێکی فراوانی هەبێت و بتوانێت بۆ دنیای پاکی عەقڵ و سۆزی منداڵ و دەروونیان ئارام بکاتەوەو هەم پشوو ئاسوودەیی بەعەقڵ و ویژدانیان ببەخشێ، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوە بەخشی ئەو خۆشییەی دەروونی منداڵان و پڕ لەبەختیاری بکات، لەبوارەکانی بەئاسوودەکردنی ویژدان و پاکیی و سۆزو جێگیر کردنی ڕاستیی و زانیارییەکان لەعەقڵی منداڵدا، ئەوەیان تێبگەیەنرێت پێویستە لەسەر هەموومان لەبەرنامەی ژیان بگەین بەتایبەت لەبواری مامەلەی گفتوگۆ لەگەڵ یەکترو سەرچاوەی پێشکەوتوویی نیشتمانمان سەرچاوەکەی لەکوێوەیە، چۆن مامەلەی لەگەڵ بکەین و کاری بەڕێوەبردنی دەست پێبکەین، ئەمەش پێویستی بەزمانێکی سادەو پاراو بێت بە دوور لە تێکەڵ کردنی زمانی بێگانەو وشەی قورس و دیالۆکی دوورو درێژ منداڵ ماندوو بێزار بێت و یاخود ترسی لەبیرچوونەوەی هەبێت، ڕاستی پێویستە دیالۆگەکە گەشە بەتواناکانی منداڵان بدات لەگوزارشت کردن و چارەسەری کردنی گرفت و خۆشەویستی

خێزان و قوتابخانەو هاوڕێ و خاك و نیشتیمان ...هتد ، لەگەڵ ئەمەش ئەوەمان لەخەیاڵ بێت ناوەرۆکی دەقەکە گونجاوی ئاستی عەقڵ و سۆزو منداڵەکەو هەم حسێب بۆ تەمەنیان بکرێت، بەتایبەت لە تێگەیشتووی گوزارشتی ناوەرۆکی دەقەکەو ئاستی نواندنی منداڵەکە ئایا تاچەند منداڵەکە سەرکەوتووە، تاچەند بینەری منداڵ گوێڕایەڵی دەبن و بۆ خۆیانی کێش دەکات بۆ نێو گوزاشتی دەقەکەو دەبێتە سەرچاوەی بەسوود ، بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە لەحەزی بەردەوامی بینینی شانۆی دیکەی منداڵان بێت، هەبووە بەبینینی شانۆیەك حەزی دەچێتە بەشداری کاری شانۆیی، لە ڕوویەکی دیکە دەرهێنەر دەتوانێ سوود لەچەند منداڵێکی بەشداربووی شانۆیەکە وەربگرێت و بتوانێ بەردەوام بەشداریان پێ بکات، ئەوکات ئەو منداڵانە زێتر بەرەو ئاستی بەرزتر دەچن و هاندانی منداڵانی دیکەی کەبەهرەی هونەریان هەیە ئەوانیش دێنە پێشەوە بۆ بەشداری کردن، گەر قوتابی بێت دوور نیە بچێتە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان یاخود کۆلێژی هونەر، ئەوکات دەبن بەهونەرمەندێکی ئەکادیمی و شانۆ دەگەیەننە، بەئاستی بەرزتر بۆیە بۆ ئەمڕۆی ئێمەی کورد پەروەردە کردنی منداڵ لەبواری هونەر پێویستییەکی زەرووریيە.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥١١٤ چوارشەممە ٢١- ٩- ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە.

# ڕامانێك له مۆنۆدرامای كوردی

لەبواری کاری مۆنۆدراما لەکوردستان ئەوەی کەزێتر هەستی پێ دەکەم لەدوای ڕاپەڕینــەوە شانۆی مۆنۆدراما گرنگی پێدراوەو چەندان کاری مۆنۆدراما نمایش کرا، زۆربەیانم بینــی و بــە سەرکەوتووەکان خۆشحاڵ بووم، بەڵام لەهەندێ لەو مۆنۆدرامایانەی کەلەم ماوەیەدا دەیان بینم ، زۆریان لەکاری دەرهێنان و نواندن سەرکەوتوون، بەڵام لەدەقەکانیان گلەیم هەیــە، بەتایبــەت لەو چەند مۆنۆدرامایانەی باس لەمەغدووریەتی ئافرەتی کورد دەکات ، مافی خوراوە، وەك لە خیانەتی هاوسەرگیری یان لەکاری سێکسی، گەرچی بۆ هەندێکیان دووره ئافرەتی کورد ئــاوای بەسەر هاتبێ، وەك ئەوەی لەهەندێ مۆنۆدراما بینیم، ڕاستی عیشق و خۆشەویستی لەئێســتا بە ئاشکراو بەڕوون هەیە، بەڵام لایەنی خیانەت و دروست بوونی گرفتەکان بەتــەنها پیــاو نیــە بەنموونە پیاوێك خیانەت دەکات لەهاوسەرەکەی بەپەیوەنــدی خۆشەویســتی و کــاری سێکســی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە کەواتە، ئافرەتێکیش خیانەتی کردووە، بۆچی عەشقی ئــەو پیــاوە بــە هاوسەرە بووەو کاری سێکسی لەگەڵدا دەکات، یاخود هەنــدێ دەقــی بیــانی دەبیــنین ڕاســتی بەدووره لەکردەی ئافرەتی کورد، ئەمڕۆ زۆربەی ئــەو گرفتانــەی هەیــە ئــەو چــەند ئافرەتانــەو پیاوانەی کورد کە لەئەوروپا ژیان بەسەردەبەن، ئەوەش ڕاستیەکەو ڕوویانداوە، بــەڵام هــەزاران ئافرەتی نموونەیمان هەبووەو لەئێستادا هەیە، شایانی ئەوەن ژیانیان بکرێتە دەقی مۆنۆدرامــا، بە تایبەت ئەو ئافرەتانەی لەشۆڕشەکانی کورد ڕۆڵیان گێڕاوەو لەتەك هاوسەر یــاخود بــرا یــان باوك، هەیە لەئێستا چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی کردۆتە شان و بەرگری لەکوردستان دەکەن ، چەندان شەهیدیش هەن، جگە لەوانەی لەسەردەمی بەعسی ڕووخاو زیندانی کــراون، یــاخود هاوکاری پێشمەرگە بوونە لەکاری حزبی لەنێو شارەکان، لەڕاپەڕینەکان ڕۆڵیان هەبووە، یــاخود ئەوانەی لەنێو مێژووی کورد ناویان تۆمارکراوە، لەڕووی کــاری بــەڕێوە بــردن، لــە شــارو لــە

گوندەکان، هەم هەبووە کوێخوای گوند بووەو کاری ئەو گوندەکەیان بەڕێوە بردووە، هەروەها لە مێژوو، لەئێستادا خاوەنی چەندان ئافرەتی ئاستبەرزی بـواری ئـەدەب و هونـەرین لەسـەرجەم بوارەکان ژیانی ئەمانە بکرێن بەمۆنۆدراما، بێگومان کارێکی شیاوی هونەری و مرۆڤایەتییەو ڕێزگرتنێکە لەبنەماڵەکەیان و ئەو خزمەتە مرۆڤایەتییەی کەئەو زاتانەە کردویانە، ناڵێم گلەیی و گازاندەو گرفتی هاوسەری نییـە ؟ هەیـەو بکرێـت بـەدەقی مۆنۆدرامـا، بـەڵام ئـەو جـۆرە سوارچاکانانەی کەلەو بوارە جیاجیانەی تونیویانە ئەسپی خۆیان تـاودەن، ئـەرکی نووسـەرانی مۆنۆدرامایە ئاوڕ لەو ئەرکە پیرۆزیەش بدەنەوە، ئەوانەش شیاوی باس کردنن، بـەهیوای ئـەوە لەمەودوا دەقی ئاوا بیبینین و تیادا سەرکەوتووبن، بێگومان ئێمەش بەسـەرکەوتووی ئـەوان و ئەم جۆرە دەقانە خۆشحاڵ دەبین.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٠٣٩ دووشەممە ٢٤- ٥- ٢٠١٦ بلاوم کردۆتەوە

## -لەیادی نۆ ساڵەی کۆچی دوایی بوکی شانۆی هەولێر

ڕێکەوتی ٦ ی نیسان نۆ ساڵ بەسەرکۆچی دوایی بوکی شانۆی هەولێر خاتوو سەمیرە عەبدۆك ناسراو بەسەمیرە سەعدون تێپەڕی، ئەم هونەرمەندە نەمرە هاوسەری هونەرمەند سەعدون یونس بوو، لەسەرەتای هەشتایەکان سەعدون یونسی هونەرمەند کاتێ هەستی بەوە کرد کەئافرەتی کورد، بەتایبەت ئافرەتانی شاری هەولێر زۆر بەدەگمەن بەشداری کاری هونەری شانۆ دەکەن و دەرهێنەرەکان لەو بوارەدا کەوتوونەتە ژێر باری غەمباری، بۆیە داوای لەهاوسەرە بەڕێزەکەی سەمیرەخان دەکات کە بەهاواری بگات بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کەهەیە لەبواری نواندنی ئافرەتان لەشانۆو دراماى تەلەفزیۆنی، سەمیرەخانیش ڕەزامەندی دەربڕی، کەواتە ئەو هونەرمەندە چوو بەهاواری شانۆی کوردی لەهەولێرو توانی کەلێنێکی گەورەی ئەو بوارە پڕ بکاتەوە، ئەوەی جێی خۆشحاڵیش بووە، لەسەرەتاوە لەمەیدانەکە توانی ئاستێکی بەرز بەدەست بهێنێنێت، بۆیە کەیادی ئەم هونەرمەندە دەکەینەوە غەمبارین چونکە بۆ شانۆی کوردی بە تایبەت بۆ شاری هەولێر بەزەرەرمەندێکی گەورە کەوت، هەم لەبەر کەمی ئافرەت لەنواندن، هەم لەبەر ئەوەی تاوەکو ئافرەتێکی دیکەی وەك ئەو پەروەردە بکرێت و بگاتە ئەو ئاستەی کە ئەو هەیبووە ئەوە زەحمەتەو کاتی زۆری دەوێت، چونکە ڕاستی بەشداری ئافرەت لەبواری  هونەر تاوەکو ئێستاش نەتوانراوە چەندان ئافرەتی ئاست بەرز لەخۆبگرێت جیا لەوەی گەلێك گرفت لەسەرچاوەی جیاجیا بۆی دروست دەکرێت، زۆر لەخێزانیش قبوڵی ئەوەیان نیە کچەکانیان، یان خوشکیان، یاخود هاوسەریان بەشداری کاری هونەری بکەن، بەڵگەی ئەوەش خاوەنی دەرچووی چەندان ئافرەتی بواری هونەرین لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکان و کۆلیژی هونەرەکان ئەی کوا ئافرەت بۆ بەگوێرەی پێویست نیە، ئەوەی هەیە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێت، بەڵام ئەوەی جێی خۆشحاڵی بوو، کەڕەخسابوو خێزانی ئەم هونەرمەندە پێك هاتبوون لەخێزانێکی هونەری بەهاوسەری و کچ و کوڕەکانی و هەم یەکێ لەبراکانی بەناوی ڕێڤین کە سینەماکارێکی بەرچاوو ئاست بەرزو خاوەن ئەرشیفێکی دەوڵەمەند.

خۆشحاڵیەکی دیکە هونەرمەندی کۆچ کردوو لەئاستی نواندنی لەدەنگ و جولەو هەم بواری دەروونی بەتەواو گونجاو بوو، مەبەست لەدەروون چونکە زۆر ئافرەت و پیاو هەن هەست بە کاریگەری ئەوەیان دەکرێ لەنواندن یان بڵێین لەکاتی تەمسیل ئاسودە نیە، بەتایبەت لەوکات کەبینەر سەیری ڕووی بکات ئەو ڕاستیە دەخوێندرێتەوە، ئەوە دیارە بەتەواو نەچۆتە نێو ڕۆڵەکەی بەرجەستەی بکات، بەڵام خاتوو سەمیرە بەئەو پەڕی ئاسوودەیی لەنواندنی ڕۆڵی خۆی سەرکەوتوو بوو، وەك ئەوەی کە لەواقعە، بەبۆ چوونم هەموو سەرچاوەی ئەو سەرکەوتوانەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە شانۆی کوردی خۆش دەوێت و دەیەوێ خزمەت بەهونەر بکات، لەڕوویەکی دیکەش ئەو پشتگیریە لەخێزانی ماڵەوەو کەسوکاری و سەرکەوتووی نواندنەکان کە بەئەمانە ببوو بەخۆشەویستی زۆربەی کوردو زۆر بەڕێزەوەش سەیری خودی خۆیی و کارەکانی دەکراو دەست خۆشی ئاراستە دەکراو هیوای تەمەن درێژی و بەردەوامیان بۆ دەخواست، ئەگەرچی هونەرمەندێکی ئەکادیمیش نەبوو بەڵام خۆشەویستیە ڕوحیەکەی ببووە هۆکاری ئەو ئاست بەرزییەی، توانی لەچەندان شانۆو درامای تەلەفزیۆنی بەشداری بکات و بەتەواو بناسرێت، مخابن تەمەن کورت بوو، گەرچی هێشتا جەماوەر لەچاوەڕوانی کاری دیکەی بوون، بەڵام کاتێ ئەجەل دێت کەس ناتوانێ لێی دەربازبێت، هەرچەندە بەکۆچی زۆر غەمبار بوون، لەلای دڵسۆزانی کورد پەروەر لەژیان ماوەو لەدڵیان دەژی و نەمردووەو چونکە کارەکانی لەیادو لەبەرچاوو لەدڵیانە، ئەو ڕۆیی و ناگەڕێتەوە، ئەو خزمەتی خۆی کردو لەلاپەڕەکانی مێژووی شانۆی کوردی ناوی تۆمارکرا، بەو هیوایەن ئافرەتانی کوردی دیکەمان بەرەو ئەو ڕێچکە هونەریەی ئەو هونەرمەندە بچن بتوانن وەك ئەو خزمەت بکەن، لەیادی نۆ ساڵەی کۆچی دوایی بوکی شانۆی هەولێر خاتوو سەمیرەخان کە لەڕێکەوتی ٦-٤-٢٠٠٧ لەدەرەوەی وڵات لەئەڵمانیا کۆچی دوایی کردو دوای چەند ڕۆژێك تەرمی پیرۆزی گەیەندرایەوە کورستان و لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد لەشاری هەولێر بەخاك سپێردرا، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی هونەرمەند.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٠١١ دووشەممە ١١ - ٤ — ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

## هونەرمەند جەوهەر باپیر
## لەکۆڕەودا بەرگریی لەنیشتمان کرد تا شەهید  بوو

کۆچڕەوی بەهاری ١٩٩١ کەگوزارشت بوو ڕازی نین جارێکی دیکە لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا بژین، بۆ مردن سەرمان دادەنێین، بەڵام بۆ ئـەوەی جـارێکی دیکـە نەکەوینـە ژێـر دەسـەڵاتی بەعس، ئەمە ئەو پەیمانە بوو بۆیە کۆچڕەوی ملیۆنی بـەرەو سـنوور ڕێچـکەی بەسـتا، بـەڵام چەندان پێشمەرگە لەنێو شار دەرنەچوون و سوێندیان خواردو بەڵێنیاندا یا ئەوەتە نابێ دوژمـن پێ بنێت بە شارەکەیان ، یان گیانیان لەو پێناوەدا دەبەخشـن، ئەگەرچـی بـەرەی کوردسـتانی بڕیاریان دابوو لەنێو شارەکان شەڕ نەکەن چونکە دوژمن بەتۆپی دوورهاوێژ زیانی زۆری گیـانی و مادی بەشار دەگەیەنێت، چەندان خوێن گەرم بەمە ڕازی نەبوون و لەنێو شـارەکان بەرامبـەر بەدوژمن جەنگان، یەکێ لەمانەش لەنێو شاری هەولێر شـەهید جەوهـەر بـاپیر هونەرمەنـدی بەئەزموون و دیاری شانۆ و دراما بەرامبەر دوژمـن وەسـتاو بـەرگری کـرد تـاوەکو لـەپێناو پاراستنی ئەم شارە گیانی بەخشی و شەهید بوو.

ئەم هونەرمەندەم لەنزیکەوە دەناسی بەهۆی بەشداریم لەگەڵیدا لەچەند کارێکی شـانۆیی و هەم دراوسێی یەکتر بووین، لەیادمە کـەبۆی گێڕامــەوە فـەرمووی خـەمی  منداڵـەکانم نیـە ئەمانەتی باوکم کردووە کەشەهید بووم ئاگاداریان بێت.

جەوهەر باپیر لەڕووی کەسایەتی کەسێکی خاوەن کەسایەتیەکی بەرزبوو لەحـەزی ئـەوەدا نەبوو یەکێك دڵی لێی بشکێ و هەردەم حازری ئامادەکاری هاوڕێیانی بـوو، لەهـەر کـارێکی پێویستی مرۆڤایەتی وەك هاوکاری، وەك حزب پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بـوو، بە دڵسۆزانەو باوەڕێکی پتەوی بەرێبازی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیی نـەمر هـەبوو، وەك هونەرمەند خاوەن ئاستێکی زۆر بەرزوو تێگەیشتوو لەپیرۆزی هونەرو دەیتوانی ڕۆڵی خۆی سەرکەوتوانە بەدەست بێنێ بەنموونەی ڕۆڵی خدر لۆبیا فرۆش لە تەمسیلی تـاپۆ هـەقی چـیە،

جگە لەوەی لەچەندان شانۆگەری و تەمسیلی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی بەشداری کردووە، هەروەها لەکاری مۆسیقاو یارمەتی دەری دەرهێنەرو کـارێکی دەرهێنـانی شـانۆگەری شـێتەکانی ئـەم ڕۆژگارە کاری کردووە، کاری هەڵبژاردنی دەرهێنانی شێتەکانی ئـەم ڕۆژگـارە بـەهۆکاری ئـەم دەقە شانۆیە بۆ ئەوە بوو چونکە ئەم دەقە گوزارشت لەوە دەکات کەسستەمی گەندەڵی دەوڵەت هاتۆتە ئاراوە، یەکێ لەوانە فەرمانبەرە بەهۆی وەرنەگرتنی موچەو هەڵنەسوڕانی بژێوی ژیانی خێزانی ماڵەوەی دەچێتە لای دکتۆری دەروونی دەڵێ شێت بوویمە، چـارەم بکـە، دکتـۆر پێـی دەڵێ تۆ شێت نیت، چی دەڵێم لەدوام بڵێ تۆ چ خواردنێکت دەخواردووە، بەهۆی ئەم خواردنـە وات لێ هاتووە، نەفرەت لەو بکەو جارێکی دیکە مەیخۆ ئەویش دەڵێ ڕازی نیم، جگە لـەوەش چەندان نەخۆشی دیکە لەلای دکتۆرەکەیەو هەر یەکەی بەهۆی گیروگرفتـەکانیان و نەهامـەتی تووشی نەخۆشی دەروونی بوونە باس لەمعاناتیان دەکەن، بەڵام لەبەرئـەوەی دکتۆرەکـە خـۆی گەندەڵە بۆیە چارەسەری لەلا نییە، ئەمەش گوزارشتێکی زروفـی ڕژێمـی بـەعس بـوو، بۆیـە هونەرمەند جەوهەر باپیر کاری دەرهێنانی ئەم شانۆیەی کرد، کەمەبەستی لەگوزارشتی کرداری ڕژێمی بەعس بوو، کەوڵاتێکی گەندەڵەو هاوڵاتیان تووشی زروفێکی ئاوا کردووە، کەزۆربـەیان نەخۆشی دەروونییان هەبێ.

هونەرمەند هەرچەندە بژێوی ژیانی لەسەر کاری فیتەری بوو، لەو کاریش دەست پاك و بـە ئەزموون هاوکاری سەرجەم هاوڕێ و دۆستانی بوو، جگە لەوەش خوێنەرێکی بەردەوام بـوو بـە تایبەت لەبوارەکانی شانۆ بەمەبەستی زێتر زانیاری پەیدا کردن و خۆرۆشنبیر کردنی لەو بوارە کەباوەڕێکی تەواوی پێی هەبوو کەخزمەتێکی ئاوایەو کاریگەری خـۆی دەبێـت لەسەرهەسـتی بینەرو بەباوەڕی بەو پێناسەیەی کەگوتراوە شانۆ قوتابخانەی گەلە.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی هونەرمەندو شـەهیدو پێشـمەرگە جەوهـەر بـاپیرو سـەرجەم شەهیدانی ڕێبازی کوردایەتی کەبەخوێنیان بـەرگریان لەپاراسـتنی خـاکی پـیرۆزی کوردسـتان کردووە.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٠٠٥ پێنج شەممە ٣١- ٣- ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

## هونەرمەندی گەورەی میللەتەکەمان

## حاجی مەکی ناسراو بە عەلی فەندی کۆچی دوایی کرد

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورەی کورد حاجی مەکی-م، بیست، ئەم هونەرمەندە شانۆکارە توانی خزمەتێکی بەئاست بەرزی و بەپاکی بەشانۆی کوردی بکات، بەتایبەت ئەو ژمارە زۆرە کورتە درامایە تەلەفزیۆنانەی هەر لەسەرەتای ساڵی حەفتایەکان بەدواوە کەزۆربەی لەبواری کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردەواری بەپەند ئامێز لە تەلەفزیۆن نمایش دەکرا، کەببووە جێگای ڕەزامەندی بینەران لەبەرئەوەی لەچوارچێوەیەکی ڕەوشت بەرزی و دونیای کۆمیدی، کەباسی لەگرفتێکی کۆمەڵایەتی و یاخود دیاردەیەکی سەیر کە لەلایەن کەسانێك ئەنجامیان دەدا دەکرد، بۆ ئەمانە هونەرمەند زۆر سەرکەوتوانە دەوری خۆی دەبینی وەك ئەوەی کەخۆی خاوەنی ئەم کردەیەیە بێت یاخود بڵێین ئەو دیاردەیە ئەنجام دەدات، هۆکارە سەرکەتوویەکانیشی بەخاڵی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەعیشقێکی تەواو باوەڕ بە پیرۆزی هونەر کارەکانی ئەنجام دەدا، ئەو هەردەم لەپیرۆزی و سوود گەیاندنەکانی و ئاستی سەرکەوتوویی لەنواندنی خۆی دڵنیا بوو، بۆیە گەیشتە ئاستی ئەوەی کەببێتە خۆشەویستی زۆرینەی هەرەزۆری کۆمەڵانی کوردستان بەسەرجەم چین و توێژێکانەوە زۆریش ڕێزی بگرن، هۆکارێکی دیکەش خۆی کەسێکی ئێجگار بەڕێزو ڕێزی سەرجەم چین و توێژەکان و ڕەگەزو تەمەنەکانی دەگرت و ئەوانیش هەموویان خۆشیان دەویست و ئەم خۆشەویستیە ببووە هۆکاری ئەوەی کەزۆرجار گرفتێك کەلەنێو کۆمەڵگە ڕووی بدابوایە ئەوە هانای چارەسەریان بۆلای حاجی مەکی دەبردو بەشی هەرەزۆریشی چارەسەر دەکرا، کەواتە هونەرمەند بەتەواو لەهونەرو بەرنامەی ژیان و تێگەیشتووی کولتوورو کۆمەڵگەی کوردەواری بوو، لەکورتە درامایەکان لە گرفتەکان دەدواو چارەسەری بۆ دەدۆزیەوەو هەمیش لەگفتوگۆ

کردن لەگەڵ ئەم و ئەو، هەم لە ژیانی ڕۆژانە گەلێك سەرکەتوو بوو، هەربۆیە ئەم ڕێزیەی لێ دەگیراو چارەسەری گرفتی ئەم و ئەویشی دەکرد، کەواتە ئەمە هونەرمەندە وەك هەموو لایەکمان ئەوە دەزانین هونەر لەپێناو خزمەتی گەلە، بۆیە هەلس و کەوتی حاجی مەکی بەکردارەوە هونەر بووەو خۆیشی هونەرمەندێکی سەرکەوتوو بوو، توانی بەپاکی دڵسۆزی و عیشقێکی زۆرەوە خزمەت بە گەلەکەمان بکات و بگاتە ئاستێکی نەمری، کە بەڕاستی دەتوانین بڵێین بەڵێ حاجی مەکی هونەرمەندێکی نەمرەو تاوەکو تاکە کوردێکیش بمێنێت لەدڵیدا دەبێت، چونکە لەهونەر گەیشتوو بوو هەم توانی بەم تێگەیشتووە کات بەفێڕۆ نەدات و بەتەواو تێگەیشتووی لەهونەر خزمەت بەهونەری کوردی بکات توو ببێتە ئەستێرەیەکی گەش و خۆشەویستی سەرجەم هونەرمەندو هونەردۆستان، دەڵێم حاجی مەکی بنوو خەوی خێرت بێت و ئینشاڵڵا خودای گەورەش لەگوناهەکانت خۆشبووە جێگات جەنەتی فیردەوسە.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٩٤٣ ڕۆژی ٢٠- ١٢- ٢٠١٥ بڵاوم کردۆتەوە

## بولبولی هونەرمەندیش  بۆ دواجار لەشەقەی باڵی داو بەیەکجاریماڵی تێکنا

ڕۆژی دووشەممە ٢٢-٢-٢٠١٦ هونەرمەند تەحسین ئیسماعیل ناسراو بەبولبول بەهۆی نەخۆشیەوە لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

ئەم هونەرمەندە هەرچەندە لەڕووی جەستەیی کورتە باڵا بوو، بەڵام وەك هونەرمەندێك بەهۆی ئەوەی بەعەشقەوە خزابووە نێو هونەری کوردی توانیبووی ئەم کورتەیەی دابپۆشێ و پێوەی دیار نەبێ، گەرچی کورتە باڵایی ئاساییەو خوای گەورە دروستی کردووە، کاریگەری ئەوەی نییە نەتوانێ لەعیشقی بخات و بەدوای هیواکانی نەچێت و کار نەکات بەڵکو زۆر کورتە باڵا هەن خاوەنی ئیبداعی زۆر گەورەن هەموو لایەکمان سەرسام دەکات.

بولبول لەساڵی ١٩٧٥ لەگوندی گۆمەتاڵ سەربە قەزای کۆیسنجاق لەدایك بووەو لەساڵی ١٩٧٧ ماڵیان هاتۆتە شاری هەولێر و لەمنداڵیەوە عەشقی کارە هونەریەکانی حاجی مەکی و تەمسیلی تاپۆ هەقی چییە بووەو، لاسایی کارەکتەرەکانی ئەم درامایانەی دەکردەوە، یەکەم کاری هونەری لەساڵی ١٩٩٤ ئەویش شانۆگەری ناوچەوان سێزدە لەدەرهێنانی بڕیار بووە، بولبول باوکی کوڕێك و کچێکە، نازناوی بولبول لەلایەن ڕۆژنامەنووس ڕزگار کۆچەر بووە، ئەویش لەبەرئەوەی بولبول باڵندەیەکی جوان و ڕوح سووکە، بولبول کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر بوو، بەشداری زێتر لەبیست کاری هونەری لەبواری فیلم و شانۆگەری و فیلمی سکرین کردووە، لەوانە ناوچەوان سێزدە، لەزگە، بولبول زاوا، سەلام و عەلێکم خەڵکینە، سیمای خۆڵەمێش، بەلفە و .....هتد، لەهونەری بیانی زۆر سەیری فیلمەکانی هیندی دەکرد بەتایبەت کارە هونەریەکانی ئەمیتا بباجان، بەکۆچی ئەم هونەرمەندە غەمبار بووین لەبەرئەوەی تاڕادەیەکی باش خاوەن ئاستێکی باشی هونەری بوو، چونکە باوەڕی بەخۆی هەبوو، دەچووە نێو کارەکتەریەکەی بە نواندنێکی سەرکەوتوو وەك تۆمارێك لەژیانی خۆی بوو بێت, بولبولی هونەرمەند لەشەقەی باڵیدا، بەڵام بۆ کۆچی کوێستان و گەرمیان نا، بەڵکو بۆ کۆچی ئەبەدی و بەیەکجاری ماڵی خۆی تێکنا.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٩٨٨ پێنج شەممە ٢٥- ٢- ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

**= له هەولێر گەرمتر لەسالآن**

**= یادی رۆژی شانۆی جیهان کرایەوە**

ئەمسالّ ئێمەی کورد هەرچەندە لەنێو چەندان گرفتی جۆراوجۆرو شـەڕە سـەپێندراوەکەی داعشـداین، بـەلآم مێژووی کورد ئەو ڕاستیەی دەرخستووە کەچۆن بەرگری کردووەو ئەوەی قبولّ نەبووە دوژمــن و ناحــەزان، خـاکی کوردستان گلآوبکەن، بۆیە بەمەردانەو بەورەی بەرزی پۆلاینیەوە بەرگری لـەخاکی کوردسـتان کـردووەو ژیـاوەو دەژیت، هەرچەندە خۆفرۆشان و هەلّخەلّەتاوانیش هەبووەو لەهەموو ولآتانیش ئەوە هەیەو بەلآم کورد لەمەردایەتی و بەرگری لەخۆی لەپێشەوەی هەرەزۆری دەولّەتان بووە، بەنموونەی ئێستا کەپێشمەرگە لـەجیاتی جیهـان شـەڕی تیرۆرستانی داعش دەکات، جگە لەبەرگری بەخوێنەکەی، لەزۆربەی بوارە جیاجیا مرۆڤایەتیـەکانیش شـوێنێکی دەولّەمەندی تۆمارکراوی لەمێژووی خۆیدا هەیە، گەرچی دوژمـنانیشـی زۆر بـووەو هــەردەم لـەدوای سـڕینەوەی ناسنامەی کوردستان کاری کردووە، بەلآم نەتوانرانە ئەو خەونەیان بێتە دی، نموونەیەك لەکاری مرۆڤایەتی کەجێی شانازییەو زۆربەمان بینیمان ئەویش کەخزمەت بەرەوتی مرۆڤایەتی بوو، بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هــەولێر تۆماری کرد، شانۆکاران و هونەردۆستان بۆ ئەو ڕاستیە ئەوە دەزانین کەشانۆ بە قوتابخانەی گـەل پێناسـە کـراوە، بەلّێ هەولێر ئەمسالّ لەیادی ڕۆژی شانۆی جیهان لاپەڕەیەکی دیکەی پڕ لەشانازی تۆمارکرد، بۆ ئەو شـانازیەش تۆمارکراوەش دەبێ ئەو ڕاستیە بێژین یەکەم کە بەهیمەتی خودی هونەرمەند هیوا سوعاد بەڕێوەبـەری هونـەری شانۆی هەولێرو چەندان هونەرمەندی دیکەی بەئەزموون و کوردپەروەر تۆمارکرا، بەشداری چـەندان شـانۆگەری و بەڕێوەچوونی فیستیڤالّی مۆنۆدراما بوو، کەدوور لەپاداشت بەخۆبەخشانە قۆلّی خۆیـان لێ هـەلّمالّی و چـەندان شانۆگەری و تاك ئەکتەری نمایش کران، لەلایەن هونەرمەندانی هەولێرو شارەکانی دیکە، خۆشحالّی ئەو چـالآکیە دەولّەمەندە کەچەندان ڕۆژی خایاند، ئەوەی سەلّماند هونەرمەندانیش لەتەك پێشمەرگە ئەرکی سەرشـانی خۆیـان بەجێ دەگەیەنن، بەشانۆ بەدوژمن و ناحەزانی دەلّێت، ئێمە هەین و بەپشت بەستووی ورە بەرزیمان باوەڕ بەخۆمان بەمەردایەتی دەژین و بەخوێنیش بەرگری لەخۆمان دەکەین، کورد مەرد بـووەو هــەر بەمــەردیش دەمێنێتــەوە، شانۆیەکانیش بەشی هەرەزۆری لەئاستێکی ئێجگار بەرز بوو، ئەوەش سەرچاوەکەی بۆ ئەو باوەڕەی هونەرمەندانی بەشداربوو کەنابێ شانۆ بووەستێت چونکە بۆ گەل و جەماوەرەو دەبێ ئەوە بەدوژمنان و ناحەزانی کورد بلّێن ئێمە بەردەوامین لەخزمەتی گەل و نەتەوەکەمان.

---

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٠٢٠ سێ شەممە ٢٦- ٤- ٢٠١٦ بلآوم کردۆتەوە

# هونەرمەند واحیّد مەرجان تەمەنێك لەخزمەت هونەر

بەداخەوە ڕۆژیٚ سێشەممە ریٚکەوتی ٩-٢-٢٠١٦ هونەرمەندی بەئەزموون و خاوەن ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی چەند بوارێکی هونەری واحیّد مەرجان کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی کەسنەزان بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان و هونەردۆستان بەخاك سپێردرا.

ئەگەر بەوردی باس لەژیان و ئاستی بەرزی هونەریەکان و کەسایەتی ئەو هونەرمەندە بکەین مەحاڵە بتوانین مافی خۆی پێبدەین، کاری هونەری ئەو بۆ هونەر بوو، بۆ ئەوەی ئاستی هونەری کوردی بەرەو بەرزی و پیرۆزیەکەی هەنگاوی خۆی بهاوێژێ، لەبەرئەوەی لەپیرۆزی هونەر گەیشتبوو، هەربۆیەش وای لەخێزانی ماڵەش کرد بێنە نێو کاری هونەری و خزمەت بکەن، نەوەکانیشی هونەرمەندی بەرچاو دەرچوون، ئەو ژیانی بەهونەر بەخشی و تاوەکو دەستی فلچەی گرت سەرقاڵی تابلۆ کێشان و بەرلەویش لەپاڵ کاری شێوەکاریش شانۆو مۆزیك و دیکۆرو چەند کارێکی دیکەی هونەری بەئەنجام دەگەیاند، جگە لەوەی ئەو ڕەوشت بەرزیەی کەهێندە مرۆڤ دۆست و خاوەن چەندان هاوڕێی هونەرمەندان بوو، کەهەردەم بەقسەی خۆش لەگەڵیان دەدواو بە هۆی ئەو مەجلیسی دانیشتنەکە خۆش دەبوو، هۆکاری خۆشەویستی بۆ هونەرو گەلەکەی بوو، زۆربەی تابلۆکانیشی ڕەنگدانەوەی دابوونەریتی کوردەواری بوون، وێنەی گەلێك تابلۆی ئەو هونەرمەندەم لەبەرچاوەو لەیادمن لەوانە وەك تەشی ڕێس، شایی، دەستاڕ، کچی کافرۆش، جەنجەڕو ... هتد، لەکاری نواندنی دراماو شانۆش هەردەم لەحەزی کارەکتەری دەقی خۆماڵی بوو، زۆریش سەرکەوتوو بوو، لێرەدا ئەگەر باس لەژیانی ئەم هونەرمەندە بکەین ئەوا تەنها بە کورتی دەتوانین لەژیانی بدوێین، چونکە بەتەواو مەحاڵە لەبەر ئەوەی ژیانی بەمافی ڕەوای لێرەدا تەواو نابێت، بۆیە بەکورتی دەڵێین، هونەرمەند لەساڵی ١٩٤٢ لەشاری هەولێر، لە گەڕەکی تەیراوە لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی اربیل اولی و ابن مستەوفی تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٥٨ بەشداری لەفیستیڤاڵی پیشەسازی و کشتوکاڵ کردووە لەیاریگای هەولێر خەڵاتی دووەمی لەسەر ئاستی عێراق وەرگرتووە، لەساڵی ١٩٥٩ دەستەی دامەزێنەری تیپی مۆسیقای دەرسیم بووە لەشاری هەولێر، هەروەها

دەستەی دامەزێنەری تیپی مۆسیقای مامۆستایان بووە لەشاری هەولێر، دەستەی دامەزێنەری تیپی مۆسیقای کرێکاران بووە لەشاری هەولێر، سەرۆکی بەشی شێوەکاری و مۆسیقاو شانۆ بووە ، سەرۆکی تیپی مۆسیقای چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر بووە، لێپرسراوی تیپی مۆزیکی هونەرو وێژەی کوردی هەولێر بووە، سەرپەرشتیاری هونەری بووە لەبەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر،خەلاتی یەکەمی وەرگرتووە لەسەر ئاستی عێراق بەرامبەر بەپێشکەشکردنی ئۆپەرێتی کاروانی خەبات ، بۆ یەکەم جار ئامێری ئۆکۆردیۆن لەشێوەی ڕۆژئاوایی دەگۆڕێت بۆ ڕۆژهەلاتی، لەسالّی ١٩٧٤ بەشداری لەیەکەم فیستیڤالّی هونەری کوردی لەبەغدا کردووە بەئۆپەرێتی باران کە لەنووسین و ئاوازو دەرهێنانی هونەرمەند خۆیەتی، ئەندامی لیژنەی هەلّسانگاندنی فیستیڤالّەکە بوو، وەك پسپۆڕ لەبواری نەخشەسازی و دیکۆڕ لەگەلّ تیپی هونەرە میللیەکانی هەولێر کاری کردووە، سەردانی ولاتانی یەکێتی سۆڤیەت و نەمسای کردووە لەگەلّ تیپی هونەرە میللیەکان وەك سۆلیست لەسەر ئامێری عود، هەروەها لەدەرەوەی ولات و لەسەر ئامێری عود بەتەنیا لەگەلّ تیپی هونەرە میللیەکانی هەولێر بەشداری کردووە لەولاتانی نەمسا، ڤلاتلڤیا، ئەلّمانیا، خەلاتی یەکەمی لەتابلۆی التمیز العنصری لەسەر پارێزگاکانی عێراق لەشاری بەغدا بەدەست هێناوە، بڕوانامەی ڕێزلێنانی لەشێوەکاری و مۆسیقاو نواندن وەرگرتووە، خاوەنی دانانی چەندین ئۆپەرێتی مندالان و دانانی ئاوازەکانی گۆرانیەکان بووە لەوانە کاروانی خەبات، باران ، تارا، دەرەبەگ و جووتیار، مەرگەساتی هەلّەبجەو ...هتد، وەك ئەکتەرو دەرهێنەرو لە چەندین شانۆو درامای تەلەفزینی کاری کردووە لەوانە چلّپاو، مارەیی، مەم و زین، تاپۆ هەقی چییە، شێتخانە، ئەفەندی، لاس و غەزالّ، میوانی ناوەخت، گولّی نهێنی، زاوای گەلحۆ، گەمەی خەونە زیندووەکان و ...هتد، لەبواری شێوەکاری نزیکەی ٤٠ پیشانگەی هونەری تایبەتی لە ناوەو دەرەوەی کوردستان کردۆتەوە، هەروەها بەشداری چەندین پیشانگەی هونەری هاوبەشی کردووە لەناوەو دەرەوەی کوردستان، لەسالّی ١٩٦٢ خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووەو لەهەمان سالّ بۆتە مامۆستای هونەر لەشەقلاوە، لەسالّی ١٩٦٣ مامۆستای هونەر بووە لە ناوەندی سەلاحەدین، دواترچووەتە چالاکی قوتابخانەکان تاوەکو خانەنشین کراوە، لە مالّەوەش سەرقالّی کاری هونەری بووە تاوەکو توانیویەتی کار بکات، بەمەرگی زۆر غەمبار بووین ئەوەی دەتوانین بلّێین هەزاران سلاو لەگیانی پاکی هونەرمەندی کۆچکردوو، خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی خۆی شادی بکات.

---

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٤٩٨٠ دووشەممە ١٥- ٢- ٢٠١٦ بلاوم کردۆتەوە

# عەبا دەڵێ دوور بن لە جەنگ

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ- هەولێر- بە هاوکاری تیپی هونەری ڕۆژ، کاتژمێر ٤,٣٠ ئێوارەی ڕێکەوتی ٢٦- ٢٨- ١٠- ٢٠١٠ بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەرمەندان و هونەردۆستان شانۆی عەبا، لە نووسینی یوسف سائیغ، فەلاح شاکر، وەرگێڕانی ڕێبین ڕەسوڵ، دەرهێنانی کرمانج مستەفا، بەرجەستەکردنی هاوار حەمید، نەرمین ئەسیر، هاوکارانی بەرجەستەکردن فەرهاد عوسمان، لازۆ یوسف، سەهەند وەلید، دەریا تاریق، موحەممەد بەهرام، دیار عومەر، ماندی مستەفا، مەهدی حەسەن، باهۆز شێروان، مەسعود مستەفا، لەهۆڵی گەل لەهەولێر نمایش کرا.

عەبا باس لە ژیانی ژن و مێردێك دەکرد، پیاوەکە وێنەگرێکی جەنگی بوو، وێنەکانی جەنگی دەگرت و بڵاوی دەکردەوە، بەمەش بێگومان بینەرێکی زۆر دەبینن ، ژنەکەی ڕقی لەکاری پیاوەکەی دەبۆوە، چونکە جەنگ خۆی کردەیەکی ناڕەوایەو لەپێناویدا چەندان کەس تیادا دەکوژرێت و هەم زیانی دیکەش هەن وەك ماڵ و دەروونی و ئابووری و...هتد، بۆیە کاتێك پیاوەکەی دێتەوە ماڵ ژنەکەی قسەی لەگەڵدا ناکات، هەر چەندە بۆ دڵدانەوەی خۆی کاتێك ژنەکەی جولەیەك دەکات پیاوەکە بە باشی دەزانی وەك کە ژنەکەی دەستی بەسەری دادەنێت دەڵێ: ڕوحم ئاودرایەوەو دواتر دەڵێ: بە سواڵکەری تۆم خۆشویستووە، یان دەڵێ: شێت بووم دان بە شێتایەتی خۆم دەنێم، یان دەڵێ: بۆ خۆم قسە دەکەم و خۆم گوێبیست دەبم، هەروەها دەڵێ: چەندین ساڵە دەمەوێ پێبکەنی پێناکەنی ئێستە دەمەوێ بتگرێێنم، ئەو وتانەی پیاوەکە بەرامبەر بە ژنەکەی کەوەك ڕاوسەرنج یاخود گلەیی دەریدەبڕێت، بەڵام ژنەکەی وەڵامی ناداتەوە، تاوەکو تەواو پیاوەکە بێزار دەبێت و لە داخی پەشیمانی و ئەو گرفتەی کە هاتۆتە بەردەمی کە ئافرەتەکە هێندە لە دەستی بێزارە کە ئەویش ئافرەتەکەی هێندە خۆشیدەوێت، بەڵام بەهۆی ئەو کردارەی وێنەگرییەی لە جەنگ کە حەزی لێ ناکات و بە ناڕەوای دەزانێ، بەڵام لە ئەنجام لەبەر ئەوەی پیاوەکە لە خەمی ئەوەی کە هێندە دەوری ئافرەتەکەی دێت و دەچێت قسەی لەگەڵدا دەکات ئەویش وەڵامی ناداتەوە بۆیە لە خەما بە

کۆڵ دەگری، ئینجا دەچێتە لای و دەستەکانی لەسەرچاوی لادەبات ، پیاوەکە دەڵێ خۆشەویستی سەرکەوت بەسەر بێ دەنگی، ژنەکەی دەڵێ: بەڵێ، بەم جۆرە لەگەڵ یەکتردا ئاشت دەبنەوەو بەم جۆرە کۆتایی دێت، گەر بچینە نواندن و کاری دەرهێنان و مۆسیقاو ڕووناکی بە ڕاستی تا ڕادەیەکی باش تیایدا سەرکەوتوو بوون. لێرەدا پێویستە ئاماژەش بەم جۆرە کارانە بدەین بەڕاستی جێگەی خۆشحاڵییە چونکە هەڵکشانێك دەردەخات لە ڕووی ئاستی بەرزوو هەم کاتێکی خۆش، لە ڕووی نواندن و دەق کە پێمان دەڵێن هونەر پیرۆزەو بە پێویست دەزانرێ جەماوەر تیایدا ئامادە بێت لە پێناو سوودبەخشین بۆمان، چونکە میللەتان هەردەم بە کاری هونەری ئاست بەرز هەنگاوی بەرزو پیرۆز دەهاوێژن، هونەر نیشاندەری ڕێگەی بەختیاری ژیانەو گرفت و کردارە باش و بەسوودەکان بەدەر دەخات، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە میللەت چۆن پێشدەکەوێت، بە تایبەت بۆ ئەمڕۆی سەردەمی ئێمە کە هێشتا ماومانە هەموو لایەکمان تەواو لە پیرۆزی هونەر بگەین و کاتی بۆ تەرخان بکەین لە گوێبیستی بۆیان، هەم هونەرمەندان لەوتەکان و ئاستەی کە هەیە بتوانن بەرەوپێشی بەرن و نزیك بەرەو وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەوسا وەك دەق بتوانرێت سوود لە ژیان و مێژووی میللەتەکەمان و کولتوورو دەقی بێگانە وەرگرین بۆ ئەنجامگەیاندن و ڕاستیش ئومێد گەشە بۆ بەرەو ئاستبەرزی بە هەنگاوی خێرا، چونکە کارەکانی نەمرو زۆرینەی ئاستیان بەرزەو لەگەڵ کاری پێشوو جیاکەرەوەیەك هەیە لە ئاستی پێشکەوتوویی ئەمەش دڵخۆشکارییە بۆ هەموو لایەکمان.

* لەڕۆژنامەی ئەزموون ژمارە ١٩ یەك شەممە ٣١- ١٠- ٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە.

## دەرچوانی گەنج لە هۆڵی گەل بوو

لەچوارچێوەی چالاکییەکانی گرۆپی شانۆڤانی کورد بەئامادەبوونی ژمارەیە لە هونەرمەندو هونەردۆستان کاتژمێر ٤.٣٠ ئێوارەی ڕێکەوتی ٩- ١١- ٢٠١٠ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ شانۆیی دەرچوانی گەنج لە نووسینی د. فەیسەڵ مقدادی، وەرگێڕانی و دەرهێنانی هونەرمەند سلێمان گەلاڵی، ئەکتەرەکان زیاد کەریم (د. بەختیار) ، ڕێژنە دلّدار (شارا)، مامۆستا پەروەر (باوکی شارا) ، دلّزار کافرۆش ( د.جوتیار) ئومێد قەرەنی ( د.باغەوان) لەسەر شانۆی هۆڵی گەل نمایش کرا، دەرهێنەر لە وتەیەکدا دەڵێ: من دەژیم و کارەکەم کە واتە هەم هەریەکێك چرایەك هەڵبگرێ پانتاییەك ڕۆشن دەکاتەوە لە هەر سوچێکی ئەم جیهانە جەنجاڵە بێت، گەر خوێندنەوەیەك بۆ لایەنە هونەرییەکان و دەقەکەو وەرگێڕانی وەك دەق بۆ ئەمڕۆی سەردەم زۆر گونجاوەو شیاوی کارکردنە لەسەر ئەم جۆرە دەقانە لەبەر ئەوەی دەرچوونی گەنج زۆر هەن و ئەوانەی لە دەزگا میرییەکان دامەزراوی لەدەرەوەی  پایتەخت هەردەم لە هەوڵی ئەوەن بگەڕێنەوە بۆ پایتەخت لەئەوەش دەرەوە تیایدا زەرەرمەند دەبن ئەگەرچی پێویستە زێتر گرنگی پێ بدرێت لەم شانۆگەرییەدا د. بەختیارو د. جوتیار لە شارۆچکەیەکدا دامەزراون، د. بەختیار دکتۆری نەخۆشی مرۆڤ و د. جوتیار دکتۆری کشتوکاڵ و شارا کچە گەنجی شارۆچکەو د. بەختیار تووشی داوی ئەوینی شارا دەبێت، سەرەتا نیگەرانەو لە دلّەڕاوکێیە پێی بلّێ تۆم خۆشدەوێ لەئەنجامدا لە هیکرا پێی دەگەیەنێت و بۆیەك دەبن.

د. جوتیار دەیەوێ بگەڕێتەوە پایتەخت، د. باغەوان دێتە جێگای د. جوتیار ئەنجام هەریەکەی لە حەزی ئەوە دەبێت خزمەت بە چیاو دەشتی کوردستان بکەین لێرەدا ئەوە دەگەیەنێت پێویستە خزمەت بەگوندو ناحیەو شارۆچکەکان بکەین چونکە ئەوە زەرورییەتەو پێویستە فەرمانبەران خزمەتی ئەو شوێنانە بکات تاوەکو ئەوانیش لە خزمەتگوزاری بێبەش نەبن، دەرچوانی گەنج دەقێکی خۆماڵی و ناوەڕۆکێکی ڕاستەوخۆی گەیاندن وەك هاندانێك بۆ

ئەوەی گەنج لە هەوڵی ئەوەبن بتوانن خزمەت بە گوندو ناحیەو شارۆچکەکان بکەن، لەلایەکی دیکە ئەشقی ئەوینی ئەوە دەگەیەنێت بە پلەو پایەو بڕوانامەی بەرزنییە وەك چۆن د. جوتیار ئەشقی داوی خۆشەویستی شارای خەڵکی شارۆچکەکە دەبێت و ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێت، د. باغەوان لە پایتەخت خۆی دەگوازێتەوە شارۆچکەکەو بۆ ئەوەی خزمەت بەو شارۆچکەیە بکات ئەمەش ئەرکێکی مرۆڤایەتی و بەیەك چاو سەیر کردنی هەموو شوێنەکی کوردستانە بەبێ جیاوازی بەتایبەت ئەوانەی وڵاتەکەی خۆیان خۆش دەوێ.

لەڕووی هونەرییەوە سەرەتا بەخاو دەبیندران بەڵام دواتر چوونە نێو کارەکتاریەکەی خۆیان و توانیان تاڕادەیەکی باش تیایدا سەرکەون.

* لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٦٢٦ دووشەممە ١٥- ١١- ٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە